# زمانی ستانداردی کوردی

د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* ناوی کتێب: زمانی ستانداردی کوردی

* نووسینی: د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو

* تایپیست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر

* چاپ:  یەکەم ٢٠١٣

* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ : ٧٠٠٠

*

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی دکتۆرایە، کە پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە و لە ڕێککەوتی ٦/١٦ / ٢٠١٢ تاووتوێکراوە و بە پلەی زۆرباشە وەرگیراوە .

# ناوەڕۆك

پێشەكی.................................................٩
بەشی یەكەم: زمان و دیالێكت.................................١٢
١ـ١: زمان..................................................١٢
١ـ١ـ١:پێناسەی زمان.........................................١٢
١ـ١ـ٢:جۆرەكانی زمان........................................١٨
١ـ١ـ٣: سیفەتی جۆرەكانی زمان.................................٣٣
١ ـ ٢:دیالێكت.................................................٣٧
١ـ ٢ـ ١: چەمك و پێناسەی دیالێكت..............................٣٧
١ ـ ٢ ـ ٢: جۆرەكانی دیالێكت..................................٤٢
١ ـ ٢ ـ ٣: جیاوازی نێوان دیالێكتەكان...........................٥٠
١ ـ ٢ ـ ٤: هۆكارەكانی پەیدابوونی دیالێكت.......................٥٢
١ ـ ٢ـ ٥: دابەشكردنی دیالێكتەكانی زمانی كوردی..................٥٥
١ـ ٣: جیاوازی نێوان زمان و دیالێكت.............................٦١
بەشی دووەم: زمانی ستاندارد.................................٦٤
٢ ـ ١: پێناسەی زمانی ستاندارد..................................٦٤
٢ ـ ٢: لایەنەكانی ستانداردكردن..................................٧٧
٢ ـ ٣: ئاستەكانی زمانی ستاندارد.................................٧٩

٢ـ٤: شێوەکانی زمانی ستاندارد........................................٨١
٢ ـ ٥: بابەتە تیۆرییە دیاریکراوەکانی ستانداردکردن..........................٩٣
٢ ـ ٦: شێوازەکانی ستانداردکردنی زمان..........................................٩٨
١ـ شێوازی هۆگن (Hougen).....................................................١٠٣
٢ـ شێوازی ڕای (Ray)..........................................................١٠٥
٣ـ شێوازی ڕۆبێرت هاڵ (Hall)...................................................١٠٦
٤ـ شێوازی هدسن (Hudson)....................................................١٠٦
٥ـ شێوازی میلرۆی (Milroy)....................................................١٠٧
٦ـ شێوازی بارچ (Bartsh).......................................................١٠٨
٧ـ شێوازی گارڤین (Garvin)....................................................١٠٩
٢ـ ٧: قۆناغەکانی ستانداردکردنی زمان...........................................١١١
١ـ هەڵبژاردنی پێوەرێك..........................................................١١١
٢ـ بە سیستەمکردنی پێوەرەکە.....................................................١١٣
٣ـ قۆناغی پەرەپێدان و فراوانبوونی لە ئەرکدا......................................١١٥
٤ـ پەسندکردنی لەلایەن کۆمەڵگاوە.................................................١١٨
٥ـ قۆناغی پاراستنی ستاندارد......................................................١١٩
بەشی سێیەم: زمانی ستاندارد لە هەندێ وڵاتدا......................................١٢١
١ـ ئێران.........................................................................١٢١
٢ـ تورکیا........................................................................١٤٠
٣ـ سوریا........................................................................١٥٥

٤ـ وڵاتە عەرەبییەکان.............................. ١٧٠
٥ـ پاکستان.............................................. ١٨٠
٦ـ هیندستان............................................. ١٨٤
٧ـ سویسرا............................................... ١٨٨
٨ـ کەنەدا................................................ ١٩٣
٩ـ بەلجیکا................................................ ٢٠٠
١٠ـ کاتالۆنیا.............................................. ٢٠٣
١١ـ نەرویج................................................ ٢٠٦
١٢ـ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا...................... ٢١٣
بەشی چوارەم: زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.............................................. ٢٢٥
٤ ـ ١: زمانی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دەستووری ساڵی (١٩٢٥)دا..................................................... ٢٢٥
٤ ـ ٢: زمانی کوردی لەنێو دەستووری ساڵی ١٩٥٨..................... ٢٤٢
٤ ـ ٣: یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی ١٩٦٣ — ١٩٦٤.................. ٢٤٧
یەکەم: زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣ ـ ژمارە (٢٥).............................................. ٢٤٧
دووەم: زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٦١).................................................. ٢٤٨
سێیەم: زمانی کوردی لە دەستووری کاتی (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤.......... ٢٤٩

٤ ـ ٤: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٦٨............................٢٥٢
٤ ـ ٥: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠............................٢٥٦
٤ ـ ٦: زمانی کوردی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق ساڵی٢٠٠٤...٢٧٧
٤ ـ ٧: دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی٢٠٠٥..............................٢٨٠
٤ ـ ٨: زمانی کوردی لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق ساڵی ٢٠٠٩...........................................................٢٨٥
بەشی پێنجەم: زمانی ستانداردی کوردی لە میرنشین و حکوومەتە کوردییەکاندا.....................................................٢٨٨
٥ ـ ١: زمانی ستانداردی کوردی لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا......٢٨٨
١ـ میرنشینی سۆران.......................................................٢٩٠
٢ـ میرنشینی بۆتان.......................................................٢٩٢
٣ـ میرنشینی بادینان.....................................................٢٩٩
٤ـ میرنشینی بابان.......................................................٣٠١
٥ـ میرنشینی ئەردەلان...................................................٣١٠
٥ ـ ٢: زمانی ستانداردی کوردی لە سەردەمی حکومەتە کوردییەکاندا.....٣١٥
١ـ کۆماری باشووری کوردستان.........................................٣١٥
٢ـ کۆماری کوردستان....................................................٣٢٤
٣ـ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.................................٣٣٧
١ـ شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستان.................................٣٣٧
٢ـ مێژووی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت..............................٣٣٨

٣ـ هەڵبژاردنی خووڵی یەکەمی پەرلەمان و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق........................................٣٤٢
٤ـ کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق..............٣٤٤
٥ـ کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق............٣٤٦
٦ـ کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق............٣٤٧
٧ـ هەڵبژاردنی خووڵی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥) و پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.........................٣٤٩
٨ـ هەڵبژاردنی خووڵی سێیەمی پەرلەمان (٢٠٠٩) و کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.........................٣٥١
٥ـ٣: هەوڵەکانی ستانداردکردنی زمانی کوردی...........................٣٨٧
یەکەم: هەوڵی گەلەکۆمە لەبارەی زمانی ستانداردەوە.....................٣٨٧
١ـ کۆنگرەی کوردناسی.................................................٣٨٧
٢ـ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد...............................٣٨٨
٣ـ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد...............................٣٩٠
٤ـ کۆنگرەی قوتابیان...................................................٣٩٢
٥ـ کۆنفرانسی زمان و ئەدەب..........................................٣٩٣
٦ـ کۆنفرانسی زمانی کوردی...........................................٣٩٤
٧ـ بانگەوازی نووسەر و ئەدیب و ئەکادیمیانی کورد......................٣٩٥
٨ـ کۆنفرانسی زمانی فەرمی...........................................٣٩٥
٩ـ کۆنگرەی زمان و پەروەردە..........................................٣٩٧

١٠ـ كۆنفرانسی كلتووریی كوردی.......................... ٣٩٧
١١ـ كۆنفرانسی زانستیی زمانی كوردی...................... ٣٩٨
١٢ـ كۆنفرانسی زانستیی بەكارهێنانەكانی زمان.............. ٤٠١
دووەم: هەوڵە تاكەكەسییەكان لە بارەی زمانی ستانداردەوە........... ٤٠٤
ڕەهەندی یەكەم.............................................. ٤٠٤
ڕەهەندی دووەم.............................................. ٤٠٨
ڕەهەندی سێیەم.............................................. ٤١٠
ڕەهەندی چوارەم............................................. ٤١١
ئەنجام...................................................... ٤٢١
پێشنیاز..................................................... ٤٢٤
سەرچاوەكان.................................................. ٤٢٦
پاشكۆكان.................................................... ٤٦٣
كورتەی نامەكە بە زمانی عەرەبی............................ ٥٢٥
كورتەی نامەكە بە زمانی ئینگلیزی.......................... ٥٢٧

# پێشەکی

## ١ـ ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی نامەکە (زمانی ستانداردی کوردی)یە، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کێشەی زمانی ستانداردی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان. تیایدا زیاتر جەختکراوەتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، چونکە تاکە هەرێمی کوردییە کە زەمینەی مێژوویی هەیە بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی ستانداردی کوردی .

## ٢ـ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

ئەمڕۆکە زمانی ستانداردی کوردی جێگەی مشتومڕ و باسکردنێکی زۆرە لەلایەن زمانناسان و شارەزایانی کوردەوە، بەجۆرێك زمانی ستانداردی کوردی بووە بە یەکێك لە پرسە هەرە گرنگەکانی کورد، کە ئەمە وایکرد ئێمە ئەم بابەتە هەڵبژێرین.

## ٣ـ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، تیایدا باسی مێژووی وڵاتان لە بارەی ستانداردکردنەوە دەکات. ئەو هۆکارە مێژووییانە دەست نیشان دەکات، کە بوونە هۆی ستانداردکردنی زمانەکانیان.

## ٤ـ گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

لەم سەردەمەی ئێستاماندا گیروگرفتی زمانی ستانداردی کوردی تەشەنەی کردووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، چەند ڕایەکی جیاواز هەن بۆ چارەسەرکردنی، ئەم نامەیە هەوڵدانە بۆ لێکدانەوەی ئەم گیروگرفتە و خستنە ڕووی لایەنەکانی و دەستنیشانکردنی چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە.

## ٥ـ ئەنجامدانی نامەکە :

نامەکە لە پێشەکییەك و پێنج بەش پێکهاتووە:ـ

**لە بەشی یەکەمدا،** باسی زمان و دیالێکت کراوە، سێ تەوەری سەرەکی و چەند تەوەرێکی لاوەکی دەگرێتەخۆ، تەوەری یەکەم لە بارەی زمانە بەگشتی. تیایدا پێناسەی زمان، جۆرەکانی زمان و سیفەتی جۆرەکانی زمان خراوەتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا پێناسەی دیالێکت و جۆرەکانی و جیاوازی نێوان دیالێکتەکان، هۆیەکانی پەیدابوون و دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە. لە تەوەری سێیەمدا جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت کراوە.

**بەشی دووەم،** تەرخانکراوە بۆ باسکردنی زمانی ستاندارد بەگشتی. حەوت تەوەر دەگرێتەخۆ، پێناسەی زمانی ستاندارد، لایەنەکانی ستانداردکردن، ئاستەکانی زمانی ستاندارد، شێوەکانی زمانی ستاندارد، بابەتە تیۆرییە دیاریکراوەکانی ستانداردکردن، شێوازەکانی زمانی ستاندارد و قۆناغەکانی ستانداردکردنی زمان.

**لە بەشی سێیەمدا،** باسی زمانی ستاندارد لە هەندێ وڵاتان کراوە، وەك:(ئێران، تورکیا، سوریا، وڵاتە عەرەبییەکان، پاکستان، هیندستان، سویسرا، کەنەدا، بەلجیکا، کاتالۆنیا، نەرویج، ئەمەریکا).

**لە بەشی چوارەمدا،** باسی زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە. هەشت تەوەر دەگرێتەوە: دەستووری ساڵی ١٩٢٥، دەستووری ساڵی ١٩٥٨، یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣ — ١٩٦٤، دەستووری ساڵی ١٩٦٨، دەستووری ساڵی ١٩٧٠، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤، دەستووری هەمیشەیی ٢٠٠٥، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**لە بەشی پێنجەمدا،** باسی زمانی ستانداردی کوردی کراوە. لە سێ تەوەرەدا، تەوەری یەکەم باسی ستانداردی زمانی کوردی لە میرنشینە کوردییەکان (سۆران، بۆتان، بادینان، بابان، ئەردەلان) کراوە. تەوەری دووەم باسی زمانی ستانداردی کوردی لە حکوومەتە کوردییەکانی (کۆماری باشووری کوردستان، کۆماری کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) کراوە، لە تەوەری سێیەم باسی هەوڵە گەلەکۆمە و تاکەکەسییەکان لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# زمان و دیالێکت

## ١ـ١ : زمان

### ١ـ١ـ١ : پێناسەی زمان

کۆزمانەوانەکان لە بەرانبەر پێناسەی زمان، دەستەوەستان دەوەستن، پێیان وایە کە زمان لە پێناسە نایەت و خۆیان زیاتر بە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان دەبەستنەوە، لەلای ئەمان کۆمەڵەی زمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە هەست دەکەن بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیاواز، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو لێکچوونە لە پێکهاتی دوو زمانەکەدا، هێشتا هۆڵەندییەکان وا هەست دەکەن، کە زمانەکەیان لە ئەڵمانی جیاوازە، هەروەها ئەڵمانەکانیش خۆیان بە جیاواز دەزانن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی (چین) بەبێ جیاوازی یەك زمانن، چونکە خەڵکی چین وا هەست دەکەن، کە بە یەك زمان دەدوێن، بەم پێیە هەموو دیالێکتەکانی کوردی بەبێ گوێدان بە جیاوازی لە پێکهاتەی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واژەدا، هەموویان کاتێ بە زمانی کوردی دادەنرێت، کە ئەو خەڵکەی قسەیان پێ دەکەن (هەست بکەن بە یەك زمان، ئەویش زمانی کوردییە قسە دەکەن[١]. بەمپێیە تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیا لەبارەی زمانەوە خراونەتەڕوو، بەجۆرێك هەریەك

---

[١] - محمد معروف فتاح(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٣ – ٤.

لەم پێناسانە لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

فردیناند دی سۆسێر دەڵێت:((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات))[1].

چۆمسکی دەڵێت:((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات))[2].

هۆڵ دەڵێت:((زمان فەرمانگەیەکە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لە دەست خۆیدایە، لەڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن و لە یەکتر دەگەن))[3].

بلۆك و تراگەر دەڵێن:((زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات))[4].

ساپیر دەڵێت:((زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە))[5].

---

1 - فردیناند دی سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، الموصل، ص ٢٧.

2 - محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمە)، بەغدا، ل ٥.

3 - محەمەد مەحوی (د)(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان ـ سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ل ١١.

4 - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

5 - هەمان سەرچاوە، ل ٥.

فوئاد مەرعی دەڵێت:((زمان سیستەمێکی هێمایی سەربەخۆیە، لەناو کۆمەڵدا لەخۆوە سەرهەڵدەدات و بۆ مەبەستی لەیەکترگەیشتن لە نێوان تاکەکانیدا بەکاردێت))[1].

محەمەد عەلی خولی ئەم پێناسانەی بۆ زمان کردووە[2]:ـ

((زمان سیستەمی پەیوەندیکردنە لە نێوان دوو لا)).

((زمان سیستەمێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەست و بیرەکان لە نێوان خەڵکدا بەکاردێت)).

((زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە پێویستیی و بۆچوون و ڕاستییەکان لەنێو خەڵکدا)).

((زمان سیستەمێکی لەخۆوەیە بۆ ڕەمزەکانی دەنگ و، بۆ ئالوگۆڕکردنی بیرو هەستەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانەوانی هاوچەشن بەکاردێت)).

مارتنێت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن))[3].

کارۆڵ دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بۆ گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر بەکاربێت))[4].

ئۆلمان دەڵێت:((سیستەمێکی هێمایی دەنگییە، لەبیری کەسی کۆمەڵ تۆمارکراوە))[5].

---

[1] - فؤاد مرعي (٢٠٠٢)، في اللغة و التفكير، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، ص ٧.

[2] - محمد على الخولي(د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان ـ اردن، ص ١٢.

[3] - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل ٥.

[5] - ستيفن اولمان (١٩٨٦)، دور الكلمة فى اللغة، ت. كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد، ص ٣٣.

هنری سویت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لەڕێگەی دەنگ، کە لە وشە پێکدێت))[1].

ئەحمەد مەتلوب دەڵێت:((زمان ئەو دەنگانەیە، کە هەموو نەتەوەیەك بۆ پێداویستییەکانی دەری دەبڕێت))[2].

ئەرستۆ دەڵێت:((زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی عەقڵە))[3].

محەمەد شەفیق غوربال دەڵێت:((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤەکان))[4].

محەمەد محەمەد یونس عەلی دەڵێت:((زمان سیستەمێکە لە نیشانە، لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین بەکاریدێنێت))[5].

لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە:((زمان کۆمەڵە شێوەزارێکی جیاوازە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات))[6].

ـ زمان ئاخاوتنی مرۆڤە، بە دەربڕین یان نووسین[1].

---

[1] - حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة، طبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بيت الحكمة، بغداد، ص ١٣٢.

[2] - احمد مطلوب (د)(١٩٨٩)، معجم النقد العربي القديم، بغداد، ص ٢١٦.

[3] - التهامي الراجي(د)(١٩٨٦)، توطئة لدراسة علم اللغة التعاريف، بغداد، ص ٤٥.

[4] - محمد شفيق غربال (١٩٨٠)، الموسوعة العربية الميسرة، الجزء ٢، دار النهضه، لبنان، ص ١٥٧.

[5] - محەمەد محەمەد یونس عەلی(د)(٢٠١٠)، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٢٨.

[6] - محمد معروف فتاح، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

دێڤید لویس دەڵێت:((زمان بریتییە لە تێکەڵاوکردنی ڕستە و واتا لە چوارچێوەیەکی بێکۆتایدا))[٢].

جومعە سەید یوسف دەڵێت:((زمان سیستەمێکی دەنگی درکێنراوە، ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئاستە جیاجیاکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بەڕێوە دەبات، بە شێوەیەکی یەکگرتوو و بەتین کاردەکات، بۆیە زمان سیستەمی سیستەمەکانە))[٣].

کەواتە زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازە، هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات، بۆ نموونە باری پێشوازی کردن و باری بەڕێوەبردن و باری بەرێکردنی میوان، لەلایەکی ترەوە زمان بە پێی ڕەگەز و چین و توێژی کۆمەڵایەتی و تەمەن و نێوەندەکان دەگۆڕێت، لێرەشدا بۆنە و گروپە کۆمەڵایەتییەکە و تەمەن، جۆری زمانەکە دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی گروپی کۆمەڵەکە جۆری یەکە فەرهەنگییەکان دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی کەلتوور و شوێنەوار و ژینگەی خەڵکەکە، جۆری زمانەکە دیاریدەکات[٤].

کەواتە زمان تەنها کەرەستەیەك نییە بۆ ناردن، وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان، بەڵکو دیسان زمان کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاك

---

[١] - الموسوعة العربية العالمية (١٩٩٩)، الطبعة الثانية، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، ص ١٢٢.

[٢] - نوم تشومسكى (١٩٩٣)، المعرفة اللغوية (طبيعتها وأصولها واستخدامها)، ترجمة: محمد فتيح، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهيرة، ص ٧٨.

[٣] - جمعة سيد يوسف (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ص ٥٧.

[٤] - محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، هێماکاری و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ(٢٨)، ل ١٠٧.

و کۆیە بۆ هەر شوێن و دەمێك، لە دەوروبەری ئێمەدا هەزاران زمان و دیالێکت هەیە، کە گوزارشت لە جۆرەها بۆچوونی هزریی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، ڕەگەزی، وێژەیی، شێوازی ژیان... دەکەن، زمان دیاردەیەکی کەلتوورییە، بۆیە گەلێك پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی سیستەمی کۆمەڵگا[1].

---

[1] - غازی عەلی خورشید (٢٠١١)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ.(١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.

## ١ـ١ـ٢ :جۆرەکانی زمان

زمان گەلێ جۆری هەیە، لێرەدا هەندێ لە گرنگترین جۆرەکانی زمان دەخەینەڕوو، کە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە[١]:

**١ـ زمانی سەرچاوە:**

ئەو زمانەیە، کە چەندەها زمانی دی لێکەوتۆتەوە، زمانەکانی پورتوگالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ئیتالی لە زمانی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە ، زمانی سانسکریتیش هەردوو زمانی ئۆردو و هیندی دروست کردووە.

**٢ـ لقە زمان:**

ئەو زمانەیە، کە لە زمانی سەرچاوەوە پەیدابووە، بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی کە لقە زمانی لاتینییە، زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانی ڕۆژئاواییەوە دەرکەوتووە، زمانی سویدیش لقە زمانی جەرمانی باکوور و، زمانی ڕووسیش لقە زمانی سلاڤی ڕۆژهەڵاتییە.

**٣ـ زمانی خوشك:**

ئەو زمانەیە، کە لە ڕەچەڵەکدا لەگەڵ زمانێکی دی یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە زمانی دانیمارکی لەگەڵ زمانی نەرویجیدا خوشکی یەکدین، چونکە هەردووکیان سەر بە ئەڵمانی باکوورن. زمانی ئیتالیش خوشکی زمانی فەڕەنسییە، چونکە هەردووکیان لە لاتینیەوە پەیدابوون، هەروەها زمانی

---

[١] - زۆربەی جۆرەکانی زمان لەم سەرچاوە وەرگیراوە: محمد علی الخولي (١٩٩٨)، دراسات لغوية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، ص٢٥ ـ ٣٤.

پۆڵەندی خوشکی بوهیمییە، چونکە هەردووکیان دەچنەوە سەر سلاڤی ڕۆژئاوا.

**٤ـ زمانی سروشتی:**

ئەو زمانەیە، کە بەبێ دەستێوەردانی مەرامداری مرۆڤ دروست بووە، واتە لەخۆڕا دروستبووە، ئەم وەسفەش لەسەر سەرجەم زمانەکانی جیهان پراکتیزە دەبێت، چ ئەو زمانانەی کە لەپێشوودا سەریان هەڵداوە و چ ئەو زمانانەی کە ئێستا بڵاوبوونەتەوە.

**٥ـ زمانی دەستکرد:**

ئەو زمانە ناسروشتیەیە بە مەبەستی ئاسانکردنی فێرکردنی زمانێك لەڕێگەی هەڵبژاردنی چەند وشە و چەند پێکهاتەیەکی گرنگەوە دروست دەبێت، لەوانەشە دروستکردنی ئەو زمانە لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکانی چەند زمانێك بەمەبەستی داهێنانی زمانێکی دی بەرهەمبهێنرێت، ئەویش بە مەبەستی دروستکردنی زمانێك، کە ببێتە زمانێکی جیهانی ئاسان، وەکو زمانی (ئیسپرانتۆ).

**٦ـ زمانی دەنگی:**

ئەو زمانەیە، کە ماناکان لەڕێگەی دەنگەکانی ئاخافتنەوە پەیدا دەبن، پاشان وشە و ڕستەکان دروست دەبن و بەشێوەی شەپۆلی دەنگی بۆ بیسەرەکان دەگوازرێنەوە و گوێگر گوێی لێ دەبێت و لێی تێدەگات، وەك ئەو زمانەی کە لە کاسێت و ڕادیۆ و تەلەفۆنەوە بەر گوێ دەکەوێت.

### ٧ـ زمانی نووسراو:

ئەو زمانەیە، کە ماناکان لەڕێگەی ئەو پیتانەوە دەگوازێتەوە، کە وشە و ڕستە دروست دەکات، کە دەیاننووسین، پاشان لەسەر شێوەی شەپۆلی ڕووناکی بۆ چاوەکان حەواڵە دەبن، ئیتر خوێنەر دەیبینێت و لێی تێدەگات، وەکو ئەو زمانەی کە لە پەرتووکەکان و ڕۆژنامەکاندا دەیانخوێنینەوە.

### ٨ـ زمانی هێما:

هەندێك زمان هەن کە نە گوێمان لێدەبێت و نەوەکو پیتیش لەسەر کاغەز دەیانبینین، چونکە وەکو هێما بەهۆی پەنجە یان هەر ئامرازێکی ترەوە بێت ئەنجام دەدرێت، وەکو ئەو هێمایانەی کە کەڕولاڵەکان ئەنجامی دەدەن، هەروەها هێماکانی ڕێگاوبان، کە هیچ درکاوێکیان نییە، تەنها هەر ئاماژەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکی تایبەت دەبەخشن، کە شوفێر و ڕێبوارەکان لێی تێدەگەن.

### ٩ـ زمانی جەستەیی:

ئەو زمانەیە کە لەگەڵ زمانە دەنگییەکەدایە، کاتێك قسە دەکەین، چاو و پەنجە و دەست و سەر و گەردنمان دەجووڵێنەوە، بێگومان هەموو پێکەوە ناجولێنەوە، بەڵام جارناجارێك دەستێك یان چاوێك یان پەنجەیەك یان سەرێك یان باسکێك دەجولێتەوە و هەر جووڵەیەك مانایەك دەبەخشێ یان قسەیەك هەڵدەوشێنێتەوە یان ڕەتی دەکاتەوە یان جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**١٠ـ زمانی منداڵان:**

زمانێکە ژمارەی وشەکانی و فرێزەکانی کەمن و ڕستەکانی زۆر کورتن، هەروەها زمانێکە فۆنەتیکی تایبەتی لە ئاخاوتندا هەیە. زۆرجار منداڵ دەنگەکان هەڵاوەگێڕ دەکات و، پیتی (س) بە (ش) و (ر) بە (ل) دەدرکێنێت، هەروەها زمانی منداڵ پێوانەی بەسەر زاڵە وەك لە زۆر حاڵەتدا دەردەکەوێت.

**١١ـ زمانی هەرزەکاران:**

ئەو زمانەیە، کە گەورەکان قسەی پێدەکەن و لەگەڵ زمانی منداڵان جیاوازی هەیە، چونکە زمانی هەرزەکاران وشەکانی چڕتر و ڕستەکانی درێژتر و پێکهاتەکانی فراوانترن و لە درکاندنیشدا ڕاستترن.

**١٢ـ زمانی شێوەزار:**

زمانی شێوەزار ئەو زمانەیە، کە شێوەزارێکی تایبەتی پێدەناسرێت، لە ڕێگەی قسەپێکەرانییەوە پێدەناسرێت، جاری واش هەیە زمانەوانێك دەتوانێت لە شێوەزاری کەسێکەوە ناونیشانی وڵاتەکەی و بگرە شەقام و باڵەخانەکەی، کە تیاشیدا دەژی بدۆزێتەوە، مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە زمانی کەسێك دەلالەت دەکاتە سەر شێوەزارە جوگرافییەکەی و ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی.

**١٣ـ زمانی ستاندار:**

زمانی ناشێوەزار ئەو زمانەیە، مرۆڤ بە شێوەیەك قسەی پێدەکات، دەلالەت ناکاتە سەر شێوەزارێکی تایبەت، بە بەکارهێنانی ئەم زمانە شوێنی جوگرافی ئەو کەسە نازانرێت، زۆرجاریش ئەم شێوازە لە بەرکارهێنانی زمانی پەتیدا بەرجەستە دەبێت.

**١٤- زمانی پەتی:**

زمانی ئەدەب و زانستە، کە زیاتر بۆ فێرکردن بەکاردەهێنرێت و، لە وتنەوەی وانەکانی زانکۆ و قوتابخانەکاندا قسەی پێ دەکرێت، زمانێکە ئەم زمانە وشەی سادە و بازاڕیی و نەشیاوی تیادا نییە، جگە لەمانەش ئەم زمانە سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیە لە درکاندن و، ڕەچاوی بنەما ڕێزمانییەکان دەکات و خۆی لە گوزارشتەکانی ڕەمەکی و درکاندنە بازاڕییەکان دەپارێزێت.

**١٥- زمانی ڕەمەکی:**

ئەو زمانە سادەیەیە لە مامەڵە نافەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم زمانە لەنێوان دۆست و برادەران و لەنێوان ئەندامانی خێزاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەی ئەم زمانە زمانی ڕستەی کورت و وشە کارتێکراوەکانە، هەروەها زمانی پێکهاتە سادە و ساکارەکانە و دەلالەت دەکاتە سەر شێوەزاری جوگرافی قسەکەرەکە و، لەیەك زمانیشدا چەند شێوەزارێکی ڕەمەکی بەکاردەهێنرێت.

**١٦- زمانی زیندوو:**

ئەو زمانەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، جا زمانێك بۆ ئەوەی زیندوو بێت، بەس نییە تەنیا لە بۆنە ئایینی و زانستییەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵکو پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەشدا خەڵکی بەکاری بهێنن.

**١٧- زمانی مردوو:**

ئەو زمانەیە، کە پێشتر بەکاردەهێنرا، بەڵام لەگەڵ نەمانی ئەوانەی کە قسەی پێدەکەن، ئەویش نەماوە و لەناوچووە، یان لەڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە ئەو زمانە هەر مابێ، بەبێ ئەوەی لە نووسین و خوێندندا بەکاربهێنرێ، وەکو

زمانی ساسانی و زمانی قوتی، زانایانیش ئەم زمانانەیان لەڕێگەی نەخش و نووسینە مێژووییەکان و شوێنەوار و پەرتووکە دێرینەکانەوە زانیوە.

**١٨ـ زمانی نیمچەزیندوو:**

ئەو زمانەیە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو تەنها لە بۆنە ئایینی و زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت، زمانی نیمچەزیندوو لەگەڵ زمانی زیندوو جیاوازی هەیە، چونکە لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت، لەگەڵ زمانی لەناوچووشدا لەو ڕووە جیاوازی هەیە، کە ئەم زمانە تاکو ئێستا هەر ماوە، واتە ئاستێکی ناوەندی وەرگرتووە، لەبەر ئەو هۆیە ناوی لێنراوە زمانی نیمچە زیندوو.

**١٩ـ زمانی ناوەکی:**

ئەو زمانەیە، کە بەبێ درکاندن و بەبێ شەپۆلی دەنگی بە کاری دەهێنێت، واتە لەناو دەروونی خۆی و لەکاتی بیرکردنەوەدا مامەڵە بە وشەکانی دەکات، زمانێکە کەس ناتوانێت گوێی لێ بگرێت و بەهیچ پێوەرێکی دەنگی بیپێوێت و، بە زمانی (گوێ لێ نەبوو)ش ناودەبرێت.

**٢٠ـ زمانی یەکەم:**

ئەو زمانەیە، کە منداڵ لەدایك و باوکییەوە وەریدەگرێت پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە.

**٢١ـ زمانی دووەم:**

ئەو زمانەیە، کە منداڵ پاش فێربوونی زمانی یەکەم فێری دەبێت، سەرچاوەی فێربوونی ئەم زمانەش یا ماڵ یاخود قوتابخانە یاخود کۆمەڵگایە،

ئەم زمانە منداڵ فێری دەبێت، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە لە دەرەوەش بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە مرۆڤێکی چینی، زمانەکەی لەسەرەتاوە هەر چینییە، بەڵام گەر کۆچ بکات بۆ ئەمەریکا و فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، ئەوە زمانی دووەمی بۆ پەیدا دەبێت کە ئینگلیزییەکەیە، چونکە ئەم زمانی دووەمە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردەهێنرێت.

**٢٢ـ زمانی بێگانە:**

ئەو زمانەیە کە مرۆڤ جگە لە زمانەکەی خۆی، ئەویش فێر دەبێت، واتە هەر زمانێك زمانی دایك نەبێت یان زمانی قسەکەری وڵاتەکە نەبێت.

**٢٣ـ زمانی فێربوون:**

ئەو زمانە لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات، کە لە وڵاتێکدا زمانی فێربوون لەگەڵ زمانی یەکەمی خەڵکەکە جیاوازبێ. ئەمەش زۆرجار لەژێر کاریگەریی داگیرکردندا دروست دەبێت، هەروەك لە جەزائیر لەسەردەمی ئیستیعماری فەڕەنسی ڕوویدا. ئەوکاتە زمانی فێربوون زمانی فەرەنسی بوو، کەچی جەزائیر وڵاتێکە زمانی یەکەمی خەڵکەکەی عەرەبی بوو، لەوانەشە ئەم حاڵەتە لەلای میللەتێك ڕووبدات، کە فرەزمان بێت، ئەوکاتە دەوڵەت پەنا دەباتە بەر یەکخستنی زمانی فێرکردن، بۆ ئەوەی لە وڵاتدا زمانێك بکاتە زمانی باڵادەست، هەروەك زمانی ڕووسی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وابوو.

**٢٤ـ زمانی هاوبەش:**

ئەو زمانەیە کە هەموو یان زۆربەی زۆری وڵاتێك دەیزانن، کە فرەگەل و فرەزمان بن، ئەم زمانەش بۆ لەیەکگەیشتنی نێوان گەلانی یەك وڵات

بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندەها کەمینە هەن، کە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی ئینگلیزییە، لە یەکێتی سۆڤیەتیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانی ڕووسی زمانی هاوبەشیانە، لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی عەرەبییە.

**٢٥ـ زمانی فەرمی:**

ئەو زمانەیە کە حکومەت لە نامە ناردن و بەڵگەنامە و تۆمارنامە و مامەڵەی نێو دامودەزگاکانی حکوومەت و بواری خوێندن کاری پێدەکات، ئەم زمانەش لەگەڵ زمانی باوی وڵاتەکە یەکدەگرێتەوە، بەڵام ئەو زمانە زمانی کەمینەیەك بێت کە خاوەن دەسەڵاتە، یان ئەو زمانە زۆر گرنگ بێت یان زمانەکە تەنیا تایبەت  بۆ بە مامەڵە فەرمییەکان و، پەیوەندی بە زمانی بەکارهێنراوی گەلەوە نەبێت.

**٢٦ـ زمانی بەرهەمهاتوو:**

ئەو زمانەیە کە لە دوو زمان یان زیاتر پێکدێت، هەندێك پێی دەڵێن زمانی (دوو ڕەگ). دەکرێ ئێستا زمانی ئینگلیزی تازە بە زمانێکی بەرهەمهاتوو هەژمار بکەین، چونکە زمانێکە لە ئینگلیزی ناوەند و لە زمانی فەڕەنسییەوە بەرهەمهاتووە. هەروەها زمانی (ئوردی) بەرهەمهاتووە، ئەویش لەبەر ئەو ڕێژە زۆرەی وشە هیندی و فارسی و عەرەبیانەی کە لەناویدا هەن.

**٢٧ـ زمانی ناوخۆیی:**

ئەو زمانەیە کە تایبەتە بە یەك میللەت، ئەو زمانە لە دەرەوەی وڵات زمانێکی نەناسراوە، وەکو زمانی ئەلبانی و زمانی ڕۆمانی.

**٢٨ـ زمانی جیهانی:**

ئەو زمانەیە کە لە جیهاندا زۆر بەربڵاوە، ئەم زمانە زۆر بەکاردەهێنرێت و لە چەند وڵاتێکدا وەکو زمانی یەکەم یان زمانی دووەم یان زمانی بێگانە بەکاردەهێنرێت، زمانێکە لە بوارە زانستییەکان و هەردوو بواری بازرگانی و سیاسەتدا زۆر بەکاردەهێنرێت. ئەم شتەش لەسەر چەند زمانێك پراکتیزە دەبێت، هەرچەندە لە ئاستەکانیاندا جۆرێك لە جیاوازی هەیە، وەکو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەلمانی و ڕووسی و عەرەبی.

**٢٩ـ زمانی جێگرەوە:**

ئەو زمانەیە کە جێگای زمانێکی دی دەگرێت و وردە وردە لە بازنەی بەکارهێنانی ئەو وڵاتە دەریدەکات، ئەم وەسفەش لەسەر زمانی ئینگلیزیدا پراکتیزە دەبێت، چونکە زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکای باکوور جێی زمانی هیندییە سوورەکانی گرتەوە.

**٣٠ـ زمانی ڕامالڕاو:**

ئەو زمانەیە کە بەرانبەر بە زمانی جێگرەوە هەرەسی هێناوە، کە زمانی ئەو میللەتەیە کە بەرانبەر میللەتێکی دی بەهێز لە ڕووەکانی ژیاریی یا سەربازیی یا ئابووریی یا ڕۆشنبیریی هەرەسی هێناوە، وەك زمانەکانی هیندییە

سوورەکانی ئەمەریکا، چونکە ئەم زمانانە ڕامالڕاوە و زمانی ئینگلیزی جێی گرتەوە .

**٣١ـ زمانی باڵادەست:**

ئەو زمانەیە کە لە زمانەکانی دی بەر بڵاوترە لە وڵاتێکی فرەزمانیدا، ئەم زمانە لەگەڵ زمانی جێگرەوە جیاوازە لەو ڕووەوە کە زمانی جێگرەوە زمانەکانی دی لادەبات و جێی زمانە لابراوەکە دەگرێتەوە، بەڵام زمانی باڵادەست لە وڵاتدا بەسەر ئەوانی تردا سەردەکەوێت، بەڵام زمانەکانی دی هەر دەمێنن، بۆ نموونە زمانی فارسی لە ئێران لەهەموویان باڵادەستترە، هەرچەندە لە ئێراندا زمانی تریش هەن کە زمانی کەمینەکانن، وەکو زمانەکانی عەرەبی، کوردی، تورکی،... هتد.

**٣٢ـ زمانی گشتی:**

ئەو زمانەیە هەموو خەڵك لە وڵاتدا بەکاری دەهێنن، تایبەت نییە بە خاوەن پیشەیەکی دیاریکراو یان بوارێك لە بوارەکانی مەعریفە.

**٣٣ـ زمانی تایبەتی:**

ئەو زمانەیە بۆ بوارێکی زانستیی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە زاراوەکانی زمانەوانی لە ئەندازیاری جیاوازە، زاراوەکانی زانستی پزیشکی لە زانستی پەروەردە جیاوازن، هەروەها زاراوەکانی دەروونزانی لە زانستی فیقه جیاوازی هەیە، زاراوەکانی زانستی کشتوکاڵ لە زانستەکانی بازرگانیدا جیاوازە، زاراوەکانی زانستی کیمیا لە ڕووەکزانی جودایە، ئیتر بەم شێوەیە هەر زانستێك زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە کەم و زۆر لەگەڵ زاراوەکانی

دیدا جیاوازی هەیە، ئەم زاراوانەش بە زمانێکی تایبەت هەژمار دەکرێن، کە کەسێك شارەزایی لەو بوارە یاخود ئەو زانستەدا نەبێت، ئەوا دەرکی واتاکەی ناکات، بۆ نموونە گەر پزیشکێك پەرتوکێکی لە زانستی ئەندازیاریدا بەرچاوکەوت، ئەوە لە زاراوەکانی ئەو زانستە تێناگات، هەروەها گەر ئەندازیارێك پەرتووکێك لە بوارەکانی زمانەوانی بخوێنێت، ئەوا تووشی حاڵەتێکی سەخت و دژوار دەبێ.

**٣٤ـ زمانی نموونەیی:**

ئەو زمانەیە، کە هەر بەو شێوەیەی کە دەخوێندرێت، ئاواش دەنووسرێت و هەر بەو شێوەیەش دەنووسرێتەوە کە دەخوێندرێت، زمانەکان لەم بوارەدا لە گەیشتن بە ترۆپکی نموونەیی جۆراوجۆرن، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی زمانێکی نموونەیی نییە، چونکە زۆرجار پیت بەپێچەوانەی نووسین دەخوێندرێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە گونجانێك لەنێوان دەنگ و پیتەکانیدا نییە، بۆ نموونە پیتی (S) دەنووسین، بەڵام وەکو پیتێکی دی دەخوێنرێتەوە، لەوانەشە پیتەکە (C) بە (S) یان (k) بخوێندرێتەوە، جاری واش هەیە کە پیتەکە دەنووسرێت، بەڵام ناخوێندرێتەوە، دەتوانین بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵێین زمانی نموونەیی، چونکە یەك پیت ئاماژە بۆ دەنگێك دەکات و وەکو خۆشی دەنووسرێتەوە و هەر دەنگێکیش بە پیتێك ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**٣٥ـ زمانی وەسفی:**

ئەو زمانەیە کە لە وەسفکردنی زمانێکی دیدا بەکاری دەهێنین، بۆ نموونە زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی بۆ وەسفکردنی زمانی ئینگلیزی

بەکاردێت، کاتێك دەمانەوێ ئینگلیزی فێربین، لەم حاڵەتەدا زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی دەبێتە زمانێکی وەسفکار و زمانی ئینگلیزیش دەبێتە زمانی خوێنراو. زمانناسان بەگشتی پەنا دەبەنە بەر ئەم حاڵەتە، ئەویش لەکاتێکدا کە دەیانەوێ زمانی پەرتوکەکە دوو زمان بێت، ئەوان زمانی خوێنەر بۆ وەسفکردنی زمانێکی دی بەکاردەهێنن، گەر زانایەکی ئەمەریکی خوێنەرێکی ئەمەریکی فێر بکات، ئەوا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی هەر زمانێك، بۆ نموونە زمانی عەرەبی یان زمانی کوردی.

### ٣٦ـ زمانی خوێنراو:

ئەو زمانەیە کە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە بەکاردەهێنرێت و دەرەنجامی خوێندنی زمانەکە بە زمانێکی دی بدرکێندرێت، بەنموونە زمانەکە زمانی عەرەبی یان کوردی بێت، بەڵام بە زمانی ئەڵمانی یان فەڕەنسی وەسف بکرێت، یان ئەم حاڵەتە بەپێچەوانەوە بێت.

### ٣٧ـ زمانی پسپۆریی:

ئاماژە بۆ جۆراوجۆری زمان دەکات، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی لە کێڵگەی تایبەتیدا، وەك پیشەیی یان تەکنۆلۆژی یان بازرگانی و زانست و پزیشکی و ئەندازە و کیمیا و فیزیا... هتد. بۆ نموونە ئەندازیارێك یان پزیشکێك ئەو دەربڕین و گوتنانە بەکاردەهێنێ، کە تایبەتە بە بوارەکەی یان کارەکەی[١].

---

[١] - یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، ل ٢٤٤.

**٣٨ـ زمانی گوتن، زمانی دەربڕاو:**

زمانی گوتن یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندی زمانی لەگەڵ زمانی نووسراو، بەوە لێك جیا دەبێتەوە، کە دووبارەکردنەوەی تێدا ڕوودەدات، بەتایبەتی بوونی هەندێ وشە و هەندێ دەربڕین و وەستان و دوودڵی و خلیسکان...هتد. هەروەها جیاوازیش لە وشە و ڕۆنان و ڕێزمانیدا هەیە، زمانەوانەکان بایەخێکی زۆریان بە زمانی گوتن داوە لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی زماندا[١].

**٣٩ـ زمانی خەڵکی (میللی):**

ئەو شێوەیە کە لە دەرەوەی بۆنە و شوێنە ڕەسمییەکاندا بەکاردێ، وەك (ماڵ و بازاڕ و ئاهەنگ)، بێ مێژووە و سەربەخۆش نییە، واتە ئاخێوەرەکانی بە زمانێکی سەربەخۆ و جیاوازی لە زمانی یەکگرتوو یان ستاندارد یان دێرینەکە دادەنێن، بەڵام زمانێکی زیندووە[٢].

**٤٠ـ زمانی دێرین یان کلاسیك:**

ئەو زمانەیە، کە مێژوویەکی پڕ لە شانازیانەی هەیە و داستان و ئەفسانە لەبارەی بنەچەیانەوە لە ئارادایە، بە پێچەوانەی هەندێ زمانی ترەوە، کە دەستکردن و بێ مێژوویەکی درێژن[٣].

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤.

[٢]-محمد معروف فتاح(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٤.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ٤.

لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە دابەشکردنێکی نوێ بۆ جۆرەکانی زمان هەیە، کە بەپێی پایە و پلەی کۆمەڵایەتی و ڕووکاری خەڵکی و میرییە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە[1]:-

**١- تاکە زمان:**

ئەو زمانەیە کە تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانییە لە وڵاتدا.

**٢- زمانی میری هاوبەش:**

بەو زمانە دەگوترێت کە شانبەشانی زمانی میری و نیشتمانی بەکاردێت.

**٣- زمانی میری ناوچەیی:**

ئەو زمانەیە کە لە ناوچەیەکدا پلەی زمانی میری و نیشتمانی هەبێ یان بە ئەرکی ئەو هەڵبستێ.

**٤- زمانی هاندراو:**

ئەو زمانەیە کە هەرچەندە پلەی زمانی میری و نیشتمانی ناوچەیی نییە، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەلکی لێوەردەگرن و لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیدا بەکاری دێنن.

**٥- زمانی چاولێپۆشراو:**

ئەو زمانەیە کە دەزگاکانی میری نەهانی بەکارهێنانی دەدەن و نە لە ڕێگەشیدا دەوەستن، بەڵکو چاوی لێدەپۆشن و هەقیان بەسەریەوە نەماوە.

---

[1] - محمد معروف فتاح (د)(١٩٨٦)، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٢)، ل ١٢٥.

### ٦ـ زمانی قەدەغەکراو:

ئەو زمانەیە کە میری دانی پێ دانەناوە، حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێ قسەی پێ بکرێ بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکاندا.

### ١ـ ١ ـ٣: سیفەتی جۆرەکانی زمان

(ستیوارت) و (هایمز) پێشنیازی (نۆ) سیفەت دەکەن بۆ (جۆرەکانی زمان)، کە بەهۆیانەوە زمانەکان لەیەکتر جیادەکرێنەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەن[1]:

١ـ **ستانداردکردن:** بەلای ستیوارتەوە تەنیا تۆمارکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت ڕەزامەندیی کۆمەڵگاش لەسەر ئەو زمانە هەبێت هەتا پێی بگوترێت زمانی ستاندارد، بەلای ئەوەوە پرۆسەی ستانداردکردن، سیمایەکە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنرێت، زیاتر لەوەی مۆرکێکی خۆرسك بێت لە خودی زمانەکە، بۆیە پرۆسەی ستانداردکردن لە هەموو کاتێکدا دەکرێت ڕوودات.

٢ـ **زیندوویەتی:** ئەمە سیفەتێکە بەهۆیەوە جۆرەکانی زمانی پێ لێك هاوێر بکرێت، بەتایبەتی زمانی یەکەم و دووەم، ئەم سیفەتە زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەیە، ئایا کۆمەڵگایەکی ئاخاوتنی زیندوو قسەکەری زگماکی هەیە، یان نا؟ هەر زمانێك زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات، کاتێك کۆمەڵگای ئاخاوتن قسەکەری نامێنێ.

٣ـ **مێژوویەتی:** ئەمە سیفەتێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زمان بۆ زمانی یەکەم و دووەم دابەش بکرێت، بە تایبەتی لە بارودۆخی زمانی پیجن ( Pidgin Language)، کە لە بنەڕەتدا بە واتایەك بە زمانی دروستکراو دادەنرێت، بەڵام دەتوانێت گەشە بستێنێ، هەر کاتێ کۆمەڵگای ئاخاوتنی بۆ پەیدابوو، بە

---

[1]- Ali Mahmood jukil (2004), The process of standardization with reference to Englishand Kurdish languages. P.H.D., University of Salahadin, Erbel, p. 8 – 9.

تایبەتی بۆ ئەوانەی کە زمانی یەکەمیان نییە، بەڵکو ئەرکی زمان لێك تێگەیشتن (Lingua Franca) دەبینێت.

**٤ـ هاوتوخمیەتی**: بەلای ستیوارتەوە ئایا ڕێزمانە بنەڕەتییەکە و وشەسازییەکەی زمانەکە لە هەمان قۆناغەکانی پێشتری خۆی هەڵێنجاوە، یان نا، بۆیەش دەبینین زۆربەی زمانەکانی جیهان خاوەنی هاوتوخمەیتین، چونکە بنەماکەیان قۆناغەکانی زمانی پێش خۆیانن، بەڵام هەندێك لە زمان هاوتوخمیەتییان نییە.

لە ساڵی ١٩٦٨، هەندێك کێشە و گیروگرفت دەربارەی جۆراوجۆری زمانەکان ڕوویدا، بە تایبەتی کە دەتوانرا "گۆڤەر" و (دیالێکت) لێك جیا بکرێتەوە، بۆیە ستیوارت سیفەتی (هاوتوخمیەتی) بەلاوە نا و سیفەتێکی نوێی بە ناوی (ئۆتۆنۆمی) دارِشت.

**٥ـ ئۆتۆنۆمی:** ئەم سیفەتە زیاتر پێوەندی بەوەوەیە ئایا ئەوانەی زمانەکە بەکاردەهێنن پێی ڕازین، یان نا؟ لەوەی کە زمانێکی جیاوازە و جیاوازی لەگەڵ زمان و شێوە ئاخاوتنەکانیدا هەیە، هیچ کێشەیەك لەسەر (ئۆتۆنۆمی) دوو زمان، یان دوو دیالێکت ڕوونادات، کە جیاوازییەکی دیار و بەرچاویان لە نێواندا هەبێت، بەڵام کێشە ڕوودەدات، کاتێك لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان زمانی ستاندارد و دیالێکتی هەرێمیی، یان کۆمەڵایەتیدا هەبێت، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی ئۆتۆنۆمییان بۆ گۆڤەرەکە دەوێت.

چەندین کێشە لە بارەی سیفەتەکانی ستیوارت ڕوویداوە، بە تایبەتی لەسەر سیفەتی (ئۆتۆنۆمی)، کە بەلای نیتشەوە ستانداردکردنە، واتە بوونی

تۆمارکردن، بەهۆی نەبوونی ڕەزامەندیی لەلایەن ئەوانەی بەکاری دەهێنن، هەر لەبەر ئەمە (هایمز) سێ سیفەتی نوێی زیاد کرد و بە سیفەتی (مێژوویەتی)شدا چۆوە.

لەم پێداچوونەوەیەدا (هایمز) پشتی بە بۆچوونەکانی (فیشمان) بەستووە، لەوەی کە ئایا کۆمەڵگا پەیوەستە، یان نا بەوەی مێژوویەك بۆ زمانەکە بدۆزێتەوە، بە بۆچوونی ئەو لە ڕابردوودا باو و باپیران هەوڵیان داوە ئەفسانە بخوڵقێنن، تا بنەچەکە و گەشەسەندن و مێژووی زمانە ستانداردەکە دیاری بکەن.

**٦ـ تێکەڵی:** ئەم زاراوەیە ئەوە دەگرێتەوە کە ئایا زمانەکە لە بنەڕەتدا یەکە و ڕۆنانی خوازراوی وای تێدایە، یان نا، کە لە دەرەوەی سەرچاوەکانی خۆی بێت، بە مانای ئەوەی ئایا زمانەکە وشە و زاراوە و ڕۆنانی بێگانەی تێکەڵ بووە، یان نا، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ زمانێك نییە، کە بە تەواوی پەتی بێت، چونکە زۆربەی زمانەکان لە گەشەسەندندا کەم، یان زۆر ئارەزوومەندی خواستنی یەکە و زاراوە دەبن، کە لە زمانەکانی تر دەیخوازن.

**٧ـ کەمبوونەوە و لەنێوچوون:** ئەم سیفەتە ئەمە دەگرێتەوە، ئایا زمانەکە کەمترین توخمەکانی دەنگسازی و ڕۆنانە پێوەندیدارەکان و کەمترین وشە و زاراوە بەکاردەهێنێت، یان لەوەی کە پەیوەستە بە شێوەی ئاخاوتنی زمانەکە، واتە دەنگەکان و ڕۆنانەکان تووشی سوانەوە و کەمبوونەوە بوونە، یان نا، هەروەها وشە و زاراوەکانی کەمبوونەتەوە لەوەی زمانەکە لە بنەڕەتدا هەیەتی.

٨ـ **دیفاکتۆی نموونەکان:** ئەم سیفەتە ئەوە دەگرێتەوە، کە نموونە بەکارهاتووەکان لە زمانەکە هەرچەندە تۆماریش نەکرابن، بەڵام کۆمەڵگای ئاخاوتن پێی ڕازین.

ئەم سیفەتانەی سەرەوە کە بە سیفەتی نموونەیی دادەنرێن، بۆ ئەوەی ڕۆنانەکانی زمان و شێوەکانی ناوەوە لێك هاوێر بکەن، بەڵام پێوەرە کۆزمانەوانییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەرکەکان و پێوەرەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

## ١ ـ ٢: دیالێکت

### ١ـ ٢ـ ١: چەمك و پێناسەی دیالێکت

زاراوەی دیالێکت بۆ یەکەمجار لەلایەن یۆنانییەکانەوە لە شێوەی (Dialektos) بەکارهاتووە، بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێنراوە، بە زمانی ڕەسمی و ئەدەبییان وتووە (Dialektos) و، زاراوەی (Patois)یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێناوە[1].

ئەم زاراوەیە لە سەدەی شازدەهەم لە سەردەمی ڕاپەڕین (ڕێنساس) بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە بەکارهاتووە، بەهۆیەوە لەم سەردەمەدا وشیاریی ناوچەیی گەشەی کرد و هەوڵدان بۆ جیاوازی کردن لە نێوان (زمان و دیالێکت) بە بڵاوی ئیشی لەسەر کرا[2].

لە زمانی کوردیشدا جگە لە زاراوەی دیالێکت، ئەوا زاراوەکانی (زار، شێوەزار، شێوە) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Dialect) و لە زمانی عەرەبیش زاراوەی (لەهجە) و لە زمانی فارسیش زاراوەی (گویش) بەکاردەهێنرێت.

---

[1]- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی ـ هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، ل ١٠، ئەویش وەریگرتووە لە: - Dialetology, J. K. Chambers and Peter Trudgill, p. 3.

[2]- بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٧.

زمانێکی جێگیر و لەقالبدراو و بێ گۆڕانکاری نییە، هەموو زمانەکانی جیهان دیالێکت و شێوەزاری جیاجیا دەگرنە خۆ . کاتێکیش زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر لە نێو چوارچێوەی هەمان زمان جیاوازیی ئاشکرای هەبێت، ئەوە ئەو جیاوازییە پێی دەوترێت دیالێکت.[(١)]

هەروەها بۆ دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانێك تەنیا پێوەرە زمانەوانییەکان بڕیاردەرنین لەسەر ناسنامەی ئەو دیالێکتە، بەڵکو پەیوەندییە ئەتنیکی و کلتووریی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن .[(٢)]

زمانناسان لە بارەی پێناسەکردنی دیالێکت، هەریەکەیان بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی تایبەتییەوە پێناسەیان کردووە، بەو واتایەی لە کۆمەڵێ ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە دیالێکت کۆڵدراوەتەوە و پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە (کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، سیاسی، مێژوویی، زمانەوانی،... هتد). بۆیە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لە پێناسەکانی دیالێکت بخەینەڕوو:

کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە، چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا

---

١ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٤.

[٢] - سوداد ڕەسولێ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ٢٨ .

بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە)) [1].

یوسف شەریف سەعید لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمجۆرە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەیەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە)) [2].

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین لە کتێبی (زار و شێوەزار)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتیان کردووە:((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتایەکی سنوورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن)) [3].

محەمەد مەعروف فەتتاح لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت بەو شێوە زمانە دەوترێ، کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن)) [4]، هەروەها (محەمەد مەعروف) لە شوێنێکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((شێوەیەکی زمانە، کە بەندە بە ناوچەیەکەوە، بەهۆی واژە و پێکهاتەی ڕێزمانی دەناسرێتەوە و گۆکردنێکی جیاوازیشی هەیە، هەر زمانێك

---

[1] - کامل حسن بصیر(د)(١٩٨٤)، زمانی نەتەوایەتیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،ل ١٥.

[2] - یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، ل ٢٤٧.

[3] - بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

[4] - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمە)، بەغدا، ل ١٠٥.

قسەپێکەرانی زۆربێت دیالێکت پەیدا دەبێت، بەتایبەتی کە هۆکاری جوگرافی بێتە بەردەم و خەڵکەکە لە یەکتر جیابکاتەوە))[1].

کەمال میراودەلی لە کتێبی (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت شێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە، لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە قسەکەرانی ناوچەیەك جیا دەکاتەوە، یاخود کاتێ چینێکی تایبەتی بەشێوەیەکی وا دەدوێن کە زۆر سیما و خاسێتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە))[2].

ڕەفیق شوانی لە کتێبی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر))[3].

ئەحمەد ئەسعەد نادری لە بارەی دیالێکتەوە دەڵێت:((دیالێکت کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی زمانییە، سەر بە ژینگەیەکی تایبەتە و هەموو تاکەکانی ئەو ژینگەیە لەو تایبەتمەندییانەدا بەشدارن))[4].

محەمەد حوسێن عەبدولعەزیز بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی خستۆتەڕوو:((دیالێکت شێوەیەکی زمانی تایبەتە، کە تاکەکەسێك بەکاری

---

[1]- محمد معروف فتاح (د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای ئەکادیمیای کوردی، ل ٤ – ٥.

[2]- کەمال میراودەلی(د)(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ل ٤٥.

[3]- ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٦٦.

[4]- احمد اسعد النادري (د) (٢٠٠٥)، فقه اللغة ـ مناهله و مسائله، المكتبة العربية، بيروت ـ لبنان، ص ١٤.

دێنێت، بەمەش تاکەکەسەکە لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا تایبەتمەندی خۆی دەبێت))[1].

ئینسکلۆپیدیای زمانناسی کامبریج بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:(( شێوە ئاخاوتنێکی سەر بە زمانێکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکەوە قسەی پێ دەکرێ، کۆمەڵێك ڕەفتاری زمانیی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەیە ))[2].

کەواتە لەم پێناسانەی پێشوودا دەردەکەوێت، کە: دیالێکت شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییەك و بەهۆیەوە ئاخێوەرەکانی ناوچە جیاوازوکانی تاکە زمانێك لە یەکتر جیادەکرێتەوە.

---

[1] - محمد حسين عبدالعزيز (د)(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة ـ مصر، ص ١٥٩.

[2] - سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ١٥ .

## ١ ـ ٢ ـ ٢: جۆرەکانی دیالێکت

دەکرێ جۆرەکانی دیالێکت بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا دابەش بکەین[١]:ـ

**١ـ دیالێکتی جوگرافی:**

بڵاوبوونەوەی خەڵکی لە چوارچێوەیەکی جوگرافی فراواندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی فراوان لەنێوان دیالێکتە جۆراوجۆرەکاندا، هەرچەند ماوەی نێوان قسەکەرانی یەك زمان زیاد بکات، ئەوا ژمارەی دیالێکتەکانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا جیاوازی نێوان ئەم دیالێکتانە پتر دەبێت، جا ئەو دیالێکتانەی کە لە مەودای شوێنەوە سەرهەڵدەدەن، دیالێکتی جوگرافیی یان هەرێمی ناودەبرێت. واتە هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر، شێوازی ئاخاوتنی جیایە، بەجۆرێك هەندێ وشە و زاراوە لەناوچەیەکی دیاریکراو بەکاردێ، بەبێ ئەوەی لە ناوچەکانی تر بەکاربێت[٢]. هەروەها ئەم دیالێکتە بە دیالێکتی (خۆجێیی)ش ناودەبرێت، وەکو کوکنی (Cockney) لە لەندەن[٣].

هەروەها کاریگەریی هەرێمێك لەسەر زماندا لە هاوسنووری ئەو هەرێمە لەگەڵ هەرێمێکی دیکە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە دانیشتوانی (عێراق) لەگەڵ زمانی فارسی و تورکیدا هاوسنوورن، ئەویش لەبەر هۆکاری جوگرافیی، بەرانبەر بەمەش دانیشتوانی وڵاتێکی وەك (مەغریب) لەگەڵ ئەم دوو زمانەدا

---

١- محمد علي الخولي (د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، اردن، ص ١٦٣ – ١٦٨.

٢- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٧٢.

٣- یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، ل ٢٤٨.

هاوسنور نین، بەڵام لەگەڵ زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی هاوسنوورن، لەبەرئەوە هاوسنووربوونی زمانەکان بۆ هەر هەرێمێك یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی جیاوازی دیالێکت لە زماندا.

ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دیالێکتی جوگرافی، ئەمانەن:

أ ـ فاکتەری گۆشەگیری جوگرافی: ئەگەر لەمپەرێکی جوگرافی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کە بە هەمان زمان قسە دەکەن، ئەوە ئەو لەمپەرە جوگرافییە گۆشەگیرییەکی ڕێژەیی دروست دەکات، کە پەیوەندییە مرۆییەکان کەمتر دەکاتەوە یان هەر نایهێڵێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی جوگرافی، وەکو دەریا و بیابان و چیاکان، کە لەمپەری جوگرافین.

ب ـ فاکتەری گۆشەگیری سیاسی: ئەگەر سنووری سیاسی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کە یەك زمانیان هەیە، یان جوڵەی دانیشتوانی ئەو هەرێمە سنووردار کرا و، ئەم حاڵەتەش ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەوە جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکان دروست دەبێت. ئەوەی ڕاستی بێت دیالێکتی جوگرافی لە زمانە جۆراوجۆرەکان دروست دەبێت، هەرچەندە ڕووبەری ئەو وڵاتەش بچووك بێت، بۆ نموونە هەر وڵاتێکی عەرەبی دیالێکتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، وەکو دیالێکتی عێراقی، سووری، میسری، فەلەستینی، تونسی، بگرە لە هەر شارێکی سەرەکی وڵاتێکدا یەك دیالێکت هەیە، کە لەوانی تر جیای دەکاتەوە، بەجۆرێك دەتوانرێت بەهۆی ئەو دیالێکتەوە وڵاتی یان شاری قسەکەرەکە بزانرێت.

**٢ـ دیالێکتی کۆمەڵایەتی:**

چەندەها جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە هەن، فاکتەری ئابووری و ئاستی ڕۆشنبیری تاك كاریگەری لەسەر دیالێکتەکەی هەیە، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانی قسەکەری خوێندەوار و فاکتەری نەخوێندەوار لەکاتی قسەکردندا لەیەکدی جیا بکەیتەوە، دیالێکتی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ لەگەڵ نەخوێندەواردا جیاوازی هەیە، دیالێکتی نوخبە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی زۆر جیایە، دیالێکتی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، خاوەنەکەی جیا دەکاتەوە. واتە ئەم جۆرە دیالێکتە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و لایەنی نەتەوەییەوە هەیە، کەواتە بەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت[١].

**٣ـ دیالێکتی تاکەکەسی:**

ئەگەر دوو کەس سەر بە هەرێمێکبن، بگرە لە گەڕەکێکدا بژین، یان دوو برا و لەیەك ماڵدا ژیان ببەنە سەر و یەك ئاستی خوێندەوارییان هەبێت، ئەوا چەندەها جیاوازی لە شێوەی قسەکردنیاندا هەیە، هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت قسە دەکەن، کە لەوی دی جودای دەکاتەوە، ئەم دیالێکتە تایبەتە، مرۆڤ لە برادەر و خزم و دراوسێ و برادەران جودا دەکاتەوە. کەواتە ژمارەی دیالێکتی تاکەکەسی بەقەد ژمارەی قسەکەرانە.

---

[١]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

### ٤ـ دیالێکتی ڕەچەڵەکی:

ئەگەر لە شوێنێکدا کەمینەیەك هەبێت، ئەوا ئەو کەمینەیە دیالێکتی باڵادەستەکە بەشێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنێت، ئەم دیالێکتە تایبەتەش لە تێکەڵکێشکردنی زمانی کەمینە و زمانی زۆرینەوە پەیدا بووە، ئەم تێکەڵکێش بوونە دیالێکتێکی تازە دروست دەکات. بە نموونە ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا دیالێکتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بە (دیالێکتی ڕەشپێستەکان) یان (ئینگلیزە ڕەشپێستەکان) ناودەبرێت، هیندییەکان لە ئەمەریکا بەشێوەیەك قسە دەکەن، کە دەکرێ ناوی بنێین (ئینگلیزی هیندی))، تورکەکان لە ئەڵمانیا بە زمانێکی ئەڵمانی تایبەت قسە دەکەن، کە لەگەڵ ئەڵمانی ئەڵمانییەکان جیاوازی هەیە و دەتوانین بە دیالێکتەکەیان بڵێین (ئەڵمانی تورکی).

### ٥ـ دیالێکتی پیشەیی:

هەر پیشەیەك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر پیشەیەك دیالێکتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەندازیارەکان زاراوەی وا بەکاردەهێنن، کە لە زاراوەکانی پزیشکیدا بەکارناهێنرێت، ئەو زاراوانە تایبەت بە زاراوەی ئەندازیارین و پەیوەندییان بە بواری تری وەك کشتوکاڵ و یاسا و ژمێریارییەوە نییە، چونکە لەوانەیە زۆرجار کەسێك نازانێ لە دەوروپشتیدا چی دەوترێت (تەنانەت بە زمانی زگماکی خۆیشی قسەکان دەوترێت)، ئەویش لەبەر دیالێکتی پیشەییە، وەك ئەوەی زۆرجار پزیشکەکان لە بەرانبەرت قسەیەك دەکەن، لەوانەیە قسەکە سەبارەت بە تۆش بێت، بەڵام نازانی ئەوان چ دەڵێن، کە زمانی پیشەیی پزیشکی بەکاردەهێنن. واتە هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی

خۆیەتی، کە بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی دی جیا دەکرێنەوە، بۆ نموونە:((پزیشك، فیتەر، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار،...هتد)). هەریەکەیان کۆمەڵێ وشە و زاراوە بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە، بۆ نموونە گەر ئاخاوتنی پیشەیی زێڕینگری وەرگرین، دەبینین وشەکانی (عەیار، مسقال، حەبە، سەنت،... هتد) بەکاردەهێنرێت، لەهەمان کاتیشدا گەر پیشەی مامۆستایی وەرگرین، دەبینین دەیەها وشەی تر بەرچاومان دەکەوێت و بەکاردێت، کە جیایە لەگەڵ پیشەکانی تر، وەکو (تەباشیر، ڕەحلە، ماجیك... هتد)[1].

**٦ـ دیالێکتی تەمەنی:**

ئایا منداڵی تەمەن سێ ساڵ لەڕووی ڕێزمان و سیستەمەکانی چۆن قسە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات؟ لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی منداڵ جیاوازە لەگەڵ گەوران، منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا بەو شێوەیەیە کە گەورە دەیانەوێ، منداڵ لە کێبرکێدایە لەگەڵ زماندا لەڕووی دەنگ و وشە و ڕێزمانەوە، ئەو لە هەوڵداندایە بۆ لاساییکردنەوەی جووڵە بە بیرکردنەوە، بەشێوەیەك کە دەرەنجام دیالێکتێکی تایبەتی بۆ دروست دەبێت، کە لەگەڵ دیالێکتی گەورەکاندا جیاوازییەکی بۆ دروست دەبێت.

**٧ـ دیالێکتی ڕەگەزیی(جێندەر):**

قسەکردنی پیاو لە قسەکردنی ئافرەت جیاوازە، دەربڕینی ئافرەتان لەگەڵ دەربڕینی پیاوان جیاوازی هەیە، چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی جووڵەکانی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

لکاو بە زمانەوە، هەروەها لە ڕووی پلەی دەنگی لە بەکارهێنانی هەندێك وشە، لە بەکارهێنانی دەنگی سەرسوڕمان یان گوزارشەکانی سەرسوڕمان، ئەم وردەکاریی و جیاوازیانە وا دەکەن کە دیالێکتێك بۆ پیاوان و دیالێکتێك بۆ ژنان لەسەرتاپای زمانەکاندا دروست ببێ، واتە پیاوان بە زمانێك قسە دەکەن جیاوازە لە هی ئافرەتان.

**٨ـ دیالێکتی کاتی:**

گەر بڕوانینە زمانێك و لە مێژووی هەزار ساڵەی ئەو زمانە بکۆڵینەوە، لەڕووی لۆجیکیەوە وا پێشبینی دەکرێت ئەو زمانە بە چەند دیالێکتێکی جۆراوجۆر قسەی پێکراوە، لەوانەشە هەندێك لەو دیالێکتانە ئێستا نەمابێ، کە هەندێك لەو دیالێکتانە تاکو ئێستا ماون و قسەیان پێ دەکرێت، ئەوانە دیالێکتی زیندوون، بەڵام سەبارەت بە دیالێکتە لەناوچووەکان سەختە کە باس بکرێن، چونکە دەنگەکانیان تۆمارنەکراون، کەچی زمانەوانی مێژوویی باس لەو مەسەلەیە دەکات و هەوڵدەدات ئەو دیالێکتانە دەست نیشان بکات.

**٩ـ دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شارستانی:**

لە هەر هەرێمێکدا چەندەها شار و لادێ هەن، لە زۆر حاڵەتیشدا دیالێکتی شار لە دیالێکتی لادێ جیاوازترە، هەر وڵاتێك لەو بوارەدا دەتوانێت دیالێکتی گوندان و شارنشین لە یەك ناوچەی جوگرافیدا جیا بکاتەوە، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان، ئەوەیە کە دانیشتوانی شار زیاتر لەگەڵ خەڵکی دی تێکەڵ دەبن و لە گوندەکان زیاتر تێکەڵییان هەیە، چونکە شار سەنتەری گوندەکانە، بەمشێوەیە شار دەبێتە کەناڵێکی گەیشتنی ژمارەیەکی زۆری

خەڵکی، کە خاوەن ڕۆشنبیریی و شێوەزارگەلێکی چڕن، دووەمیش، بەگشتی شارنشینەکان ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزترە، ئەم دوو هۆکارە دەبنە هۆی ڕوودانی جیاوازی لەنێوان دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شار.

**١٠- دیالێکتی ڕەمەکی:**

هەموو زمانێك دیالێکتی ڕەمەکی هەیە، ڕەمەکی دیالێکتێکی دیاریکراوە، کە خەڵك ڕۆژانە قسەی پێدەکەن، ئەم دیالێکتە زمانی ئاخافتنە لە بازاڕ و لە ماڵدا و، زمانێکی نافەرمییە و لە کورتە ڕستە و وشەی بەکارهێنراو و پێکهاتە سادەکان دروست بووە و بەرانبەرەکەشی زمانی پەتییە. واتە بەو قسە و ئاخاوتنانە دەوترێت، کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و گازینۆ و بازاڕ و چایەخانەکان بەکاردێت، ئەمجۆرەیان لە ئاخاوتندا شێوەیەکی ڕەمەکی پێوە دیارە ، بە واتایەکی تر ئەمجۆرەیان لەهەموو جۆرەکانی تری دیالێکت نزمترە.[١]

**١١- دیالێکتی پەتی:**

دیالێکتی پەتی زمانی ئەدەب و زانستە، زمانی فێرکردن و وانەوتنەوەی زانکۆکانە. ئەم جۆرە دیالێکتە قسە و ئاخافتنی ڕەمەکی و بازاڕیی و پڕوپووچی تێدا نییە و، وردەکارییەکی زۆری تیادایە لەڕووی هەڵبژاردنی وشە و ڕەسەنایەتی ڕێزمانی. لەزۆر زماندا کەلێنەکانی نێوان ڕەمەکی و پەتی زۆرن و لە هەندێ زمانی دیشدا کەلێنەکان کەمن. واتە بەو دیالێکتە دەوترێ کە دەبێتە

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

**شێوەیەکی فەرمی، بەهۆیەوە نووسین و خوێندن بەمجۆرە دیالێکتە دەبێت، هەر بۆیەشە هەندێ جار بەم دیالێکتە دەوترێ دیالێکتی فەرمی.[1]**

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

## ١ ـ ٢ ـ ٣: جیاوازی نێوان دیالێکتەکان

لەنێوان دیالێکتەکانی یەك زماندا چەندەها جیاوازی لەچەندەها بواری جۆراوجۆردا هەن، کە ئەمانەن[1]:

١ـ جیاوازی دەنگی: دیالێکتەکان جیاوازییان لە بواری دەنگدا هەیە، ئەوەی زانراوە کە دەنگەکان لە زماندا بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت: دەنگی چەسپاو کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ناگۆڕدرێن، وەکو (م، ب، س) لە زمانی عەرەبیدا. دەنگی گۆڕاو کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وەکو (ق، ث، ج، ذ) لە زمانی عەرەبیدا، بۆ نموونە (ق) لە زمانی عەرەبیدا لەوانەیە بە (ق) یان (گ) یان (ء) بدرکێنرێت. دەنگی (ث) بە(ث) یان(ت) یان(س) بدرکێندرێت، یان (ج) لەوانەیە وەك (ج) یان (گ) بەکاربهێنرێت، یان (د) لەوانەیە بە(ذ) یان وەکو (ز) بدرکێندرێت.

هەروەها هەموو (ك)ێکی پێش (ێ) بە دەنگی (چ) دەخوێندرێتەوە، هەروەها لە کرمانجی ژوورووش، لە زۆر حاڵەتدا (و) دەبێ بە (ڤ).وەکو: چاو← چاڤ

٢ـ جیاوازی ڕێزمانی: لەوانەیە دیالێکتەکانی سەر بە یەك زمان لە بواری ڕێزمانیشدا جیاوازبن، ئەم جیاوازییانە لەنێوان دیالێکتە ڕەمەکییەکانی یەك زماندا هەر لەزیادبووندان، هەروەك زۆر بە ڕوونی جیاوازی لەنێوان دیالێکتی ڕەمەکی و دیالێکتی پەتی لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت. تەنانەت جیاوازی ڕێزمانیش لە نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕستدا هەیە، وەکو جێناوە

---

[1] - محمد علی الخولي (د)، مدخل الی علم اللغة، ص ١٦٦ — ١٦٨.

کەسییەکان لە کرمانجی سەروو دوو کۆمەڵەیە، کەچی لـە کرمـانجی ناوەڕسـتدا یەك کۆمەڵەیە، و جێناوی لکاویش لە کرمانجی سەروو یەك کۆمەڵەیە، کەچی لە کرمانجی ناوەڕاستدا چوار کۆمەڵەیە[1].

٣ـ جیاوازی وشەیی: هەندێك دیالێکت هەن کە وشەگەلێك بەکاردەهێنن لە شێوەزارەکانی دیدا بەکارناهێنرێت، بۆ نموونە لە کوردی پەتیدا دەڵێین (ڕۆیشت)، بەڵام لە ڕەمەکیدا دوترێ (ڕۆیی)، لە کوردی پەتیدا دەڵێین (لەکوێ)، بەڵام لە ڕەمەکیدا دەڵێین (لەکێندەر). هەروەها لە پەتیدا دەڵێین (ئەوە)،بەڵام لە ڕەمەکیدا دەڵێین (ئەوێهێ) و لە پەتیدا دەڵێین (ئەوانە)، بەڵام لە ڕەمەکیدا دەڵێین (ئەوانێهێ)، بەمجۆرە هەزارەها نموونە هەن کە دەلالەت دەکەنە سەر جیاوازییەکانی وشە لەنێوان دیالێکتەکانی یەك زماندا.

---

[1] - نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٠)، ڕێزمانی کوردی ـ بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٣٦ – ٣٧.

## ١ ـ ٢ ـ ٤: هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت

بێگومان کۆمەڵێ هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی دیالێکت و پەرەسەندنی لە نێو زماندا، لێرەدا باسی هەندێ لەو هۆکارانە دەکەین[1]:

١ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی: ئەمە پەیوەندیی بە نەریت و خووڕەوشتی ناو کۆمەڵگە و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، لەبەرئەوەی دانیشتوانی ناوچەکان لە ڕووی نەریت و خووڕەوشت و دەستووره کۆمەڵایەتییەکان و ئەندازەی ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوە جیاوازن، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی دیالێکتەکە.

٢ـ هۆکاری سیاسی: دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ ـ میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو لە قۆناغێکی گواستنەوەدا بێت.

ب ـ حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەڵاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بسەپێنێت، بۆیە دەسەڵاتی ناوەند لاواز دەبێت، واتە فراوانبوونی دەوڵەت و زۆربوونی ناوچەکانی و جیاوازی گەلەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بەسەر ناوچەکانی تریەوە، ئەم هۆیەش دەبێتە پارچەبوونی، دابەشبوونی وڵات بەسەر هەرێم و ویلایەت و ئیمارات و وڵاتی

---

[1]- بۆ ئەم بابەتە بڕوانە:ـ أـ عەبدولواحد ئەلوافی(د)(٢٠٠٧)، زانستی زمان، و: د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ١٩٥ ـ ١٩٦ . ب ـ بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٨ — ٩.

بچووکتر دابەش دەبێت، ئەمەش بەهۆیەوە وا دەکات کە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت.

٣- هۆکاری جوگرافیایی و سروشتیی هەڵکەوتوویی ناوچەکە: ئەمەش لە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، کە لەژێر باری ئاو و هەوا و ڕووبار و دەریا و شاخ و چیا و لایەنی تری سروشتی وڵاتدایە، دواجار ئەم جیاوازی سروشتییە وا دەکات جیاوازی شێوازی زمانیش دروست ببێت.

٤- ڕادەی ڕۆشنبیریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە: وا دەبێت شوێنێ لەچاو شوێنێکی تری وڵاتەکە لە ڕووی لایەنی ڕۆشنبیریی و خوێندنەوە جیاوازبێ، کە ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازیی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی یەکتری.

٥- جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە: واتە لەڕووی فۆنیمەوە جیاوازییان دەبێ، ئەم جیاوازییەش لەڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە نییە، بەڵکو لەڕووی گۆڕینی فۆنیمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا وشەی (نووسی) بەکاردێ، بەڵام لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا (نڤیسی) بەکاردێ.

٦- هۆکاری ئابووریی: بەهۆی جیاوازی چالاکی و ئیش و کار و پیشەی جیاجیای خەڵك لەناو کۆمەڵدا، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە، دیالێکتێکی تایبەتییان بۆ دروست دەبێت، کە هەر پیشەیەك وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و دیالێکتی بچووك پەیدا دەکەن[1].

[1] - ڕەفیق شوانی (د)، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

٧ـ هۆکاری میللی، کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەك جیاوازی لە نێوان خەڵکەکە، لە ڕووی تیرە و تایەفە و هۆزەوە، کە هەریەکە سەر بە جۆرە تیرەیەکە و، جیاوازی نێوان خەڵکی ناوچەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیالێکت لەناو زماندا[١].

٨ـ هۆکاری کەسی و جیاوازی قسەکردن: تایبەتێتی و کەسایەتی مرۆڤ وا دەکات، کە هەڵسوکەوتی مرۆڤێك جیاواز دەبێت لە هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی تر، ئەم تایبەتییە لە قسەکردنیشدا دەردەکەوێت، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانە بۆمان دەرکەوتووە، کە دەنگ و شێواز و قسەکردنی کەسێك، لە دەنگ و دەربڕین و شێواز و ئاخاوتنی کەسێکی تر جیاوازە و ئەم جیاوازییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگرێت[٢].

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

## ١ ـ ٢ ـ ٥ : دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لای شارەزا و پسپۆڕانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، بە چەندین شێواز و جۆری جیاجیاوە دابەش کراوە، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو دابەشکردنانە دەخەینەڕوو:

شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرفنامە)[١]دا، بەمشێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١ـ کرمانج ٢ـ لوڕ ٣ـ کەلهوڕ ٤ـ گۆران**

محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)[٢]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ کرمانج ٢ـ گۆران ٣ـ لوڕ ٤ـ کەلهوڕ**

محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصه تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیه حتی الان)[٣]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ کرمانجی ڕۆژهەڵات**

**٢ـ کرمانجی ڕۆژئاوا**

[١] - میر شەرەفخانی بدلیسی (٢٠٠٦)، شەرەفنامە ـ مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و : مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٢١.

[٢] - محەمەد مەردۆخی (١٩٩١)، مێژووی کورد و کوردستان، عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا، ل ٨٤.

[٣] - محمد امین زکی (١٩٦١)، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیة حتی الان، محمد علی عونی، الجزء الاول الطبعة الثانیة، بغداد، ص ٣١٦.

**٣ـ کرمانجی باشووری ڕۆژئاوا**

شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)[1]دا، بەم شێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی دابەشکردووە:

**١ـ زازا**

**٢ـ کرمانجی دەستە چەپ (شمالیی): (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**٣ـ کرمانجی دەستە ڕاست: (سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران).**

**٤ـ لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی).**

تۆفیق وەهبی، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە[2]:

**١ـ کرمانجی**

**أ ـ کرمانجی ژووروو: (، بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی).**

**ب ـ کرمانجی حواروو: (موکری، مەهابادی، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).**

**٢ـ لووڕی: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی).**

**٣ـ گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).**

**٤ـ زازا.**

---

[1] - محمدی خاڵ (١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، کتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول، ل ٢٦.

[2] - زبیر بلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحریە للطباعة)، بەغدا، ل ١١٥ – ١١٦.

فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی)[1] بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١ـ کرمانجی باکوور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).**

**٢ـ کرمانجی ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).**

**٣ـ کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ).**

**٤ـ گۆران: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).**

زوبێر بیلال لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)[2]دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**١ـ کۆمەڵی ژووروو (کرمانجی) ٢ـ کۆمەڵی خواروو (سۆرانی)**

جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)[3]دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

**أ ـ دوو شێوە بنچینەییەکە:**

---

[1]- فوئاد حەمە خورشید (١٩٨٥)، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیة)، بەغدا، ل ٤٠.

[2]- زبیر بیلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، ل ١١٦ – ١١٧.

[3]- جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ل ٢٢ – ٢٣.

**١ـ کرمانجی ژووروو: (بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).**

**٢ـ کرمانجی نێوەڕاست: (سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، گەرمیانی، هەولێر، کەرکووکی، سۆرانی، موکری، شاربازێری، پشدەری).**

**ب ـ دوو شێوە لاتەنیشتەکە:**

**١ـ کرمانجی خواروو: (ژێروو): (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی).**

**٢ـ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی (گۆران، زازایی، هەورامانی).**

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبەکانی (سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی)[١] و (بۆ زمان)دا[٢]، زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١ـ لووڕ. ٢ـ کرمانجی ژوور: (بۆتانی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی، ئاشیتایی).**

**٣ـ گۆران: (هەورامی). ٤ـ کرمانجی خواروو: (سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی).**

تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی)[١]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

---

[١]- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٤ – ١٩.

[٢]- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٩٦ – ١٠١.

**١- زازا ٢- لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).**

**٣- کرمانجی:**

**أ - کرمانجی سەروو: (بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**ب - کرمانجی خواروو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆرانی).**

کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان)[٢]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

**١- کرمانجی سەروو. ٢- کرمانجی خواروو. ٣- کوردی باشوور.**

**٤- گۆران و زازا.**

محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا)[٣]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

**١- شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینانی، ماردین،... هتد).**

**٢- شێوەی کرمانجی ناوەڕاست: (سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی).**

**٣- شێوەی کرمانجی خواروو: (هەورامان، لوڕی، باجەلانی، زازای).**

---

[١]- طاهر صادق (١٩٦٩)، ڕێنووس - چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ل ٩٢.

[٢]- کەمال فوئاد (د) (١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا، ل ٢٢ — ٢٤.

[٣]- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، چاپی یەکەم، بەغدا، ل ٦٨ — ٧٠.

وەکو دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانەنراون، هەروەها لێکۆڵەران زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان بەکارهێناوە و بە تەواوەتی سنووری جوگرافیی دیالێکتەکانیان دیاری نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکرنەکانی تۆفیق وەهبی و فوئاد حەمە خورشید لە ڕووی زانستییەوە نزیکن و دەکرێت پشتییان پێببەسترێت .

## ١ـ ٣ : جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

کۆزمانەوانەکان تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی ڕەها و پێوەرێکی ڕاست و دروست لەبارەی سنووری جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت، بەجۆرێك هەندێ لە کۆزمانەوانەکان سێ بنەمایان بۆ جیاکردنەوەکە دەست نیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە (بنەمای لەیەکتر گەیشتن، بنەمای قەبارە، بنەمای ناودار)[١]، بەڵام هەر سێ بنەماکە لە کەموکووڕی بەدەر نییە. هەندێکی تر جیاوازییەکان لە چەند ڕوانگەیەکی ترەوە سەیر دەکەن، لەوانە (بەستاندەربوون، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، بەکارهێنان، مێژوویی، سیمانتیکی و لێکتێگەیشتن)[٢]، بەڵام ئەمەشیان سنوورێکی تەواوی جیاکردنەوەی نێوان زمان و دیالێکت ناکێشێت.

کەواتە جیاوازییەکانی نێوان زمان و دیالێکت ڕێژەیین، بە واتایەکی دی سنوورێکی ڕەها و سەداسەدی جیاکەرەوەی نێوان زمان و دیالێکت لە ئارادا نییە، بۆیە جیاوازییەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین[٣]:

١ـ زمان لایەنێکی گشتی و سنوورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، بەهۆیەوە بەهەموو لایەکی وڵاتدا پەلدەکێشێ، تاڕادەیەکیش هەموو

---

[١] - قەیس کاکل تۆفیق (د) (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٦٣ – ٦٤.

[٢] - عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی ـ هەرێمی کوردستان عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، ل ٣٠ – ٣٣.

[٣] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، ل ٧٤ – ٧٥.

دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە لایەنێکی تایبەتییە.

٢ـ زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان دیالێکتەکانی زمانەکەدا هەن، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە هەیە.

٣ـ زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر قسەکەرانی دوو دیالێکت لەیەکتر گەیشتن، ئەوا ئەو دوو دیالێکتە، زمانێك پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر قسەکەرانی دیالێکتەکان لەیەکتر نەگەیشتن، ئەوا هەریەك لەمانە بەرەو ئاراستەیەکی زمانی سەربەخۆ دەڕۆن.[(١)]

٤ـ بەشێوەیەکی گشتی زمان بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت: (زمانی نووسراو، زمانی بینراو، زمانی جەستە، زمانی ڕەنگ، زمانی ڕووخسار، زمانی دەق، زمانی شیعریی، زمانی ئاخاوتن، زمانی یەکەم، زمانی دووەم، زمانی سەرچاوە،...هتد)، بەڵام دیالێکت ئەم جۆرە دابەشکردنانەی نییە، بەڵکو دیالێکت ئەمجۆرانە دەگرێتەوە: ((دیالێکتی پەتی، دیالێکتی ستاندارد، دیالێکتی جوگرافی، دیالێکتی فەرمی، دیالێکتی ڕەمەکی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی، دیالێکتی پیشەیی،...هتد).

٥ـ زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێ.

---

[١] - وریا عومەر ئەمین(١٩٨٥)، چەن زمان، ڕ.(العراق)، ژ.(٢٧٣١)، ١٩٨٥/١/٢٣، ل٤ .

٦ـ زمان لەلایەن تێکڕای دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام دیالێکت لەلایەن بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت[١].

٧ـ زمان ڕێنووسی ستاندارد و ڕێزمانی هەیە و لە فێرگە و دامەزراوەکان و میدیاکان... هتد بەکاردێت، بەڵام دیالێکت مەرج نییە لە فێرگە و دامەزراوەکاندا بەکاربێت[٢].

٨ـ زمان بەرهەمێکی دەستکرد و پلان بۆ داڕێژراوە، بەڵام دیالێکت بەرهەمێکی سروشتی ناوچەیەکی دیاریکراوە[٣].

٩ـ هەندێکی دی پێکهاتی زمانیی وەك جیاوازی ڕێزمان دەکەن بە پێوەر، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکە لەیەك نزیك بوو یان وەك یەك بوو، ئەوە دوو دیالێکتی زمانێکە، ئەگەر لە یەك دوور بوون، ئەوە دوو زمانن.[٤]

---

[١] - غازی عەلی خورشید (٢٠١٠)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.

[٢] - غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٩.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

[٤] - سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل١٠ .

# بەشی دووەم
# زمانی ستاندارد

## ٢ ـ ١: پێناسەی زمانی ستاندارد

پێش ئەوەی پێناسەی زمانی ستاندارد بکەین، پێویستە چەند زاراوەیەکی وەك ( زمانی ئەدەبی، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی نیشتمانی، زمانی فەرمی (کارگێڕیی)، زمانی نەتەوە، زمانی هاوبەش،.... هتد) لە یەکتر جیابکەینەوە، چونکە زۆر جار تێکەڵی یەکتر دەکرێن یاخود بە هاوواتای یەکتر دادەنرێن، لەبەرئەوەی ئەمە هەموو کاتێك و لە هەموو شوێنێکدا ڕاست نییە.

زمانی ئەدەبی، ئەو شێوە زمانەیە، کە پێی دەنووسرێت یاخود ئەدەبی پێدەنووسرێتەوە، بەڵام لە یەکێك لە دیالێکتەکان یان یەکێك لە شێوەزارەکانی دیالێکتێك و لە ڕووبەرێکی دیاریکراوی جوگرافیای زمانەکەدا ڕەچاو دەکرێت و نەگەیشتۆتە ئاستێکی وەها، کە سەرجەم نەتەوەی خاوەن زمان بەکاری بهێنن[١]. بە نموونە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٥ — ١٠١٠)، کە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (لوڕی) نووسراون، لە ڕۆژگارێکدا ئەم دیالێکتە زمانی ئەدەبی بووە، بەڵام دوایی پەرەی نەسەندووە و بەرهەمیشی بە دوایدا نەبووە[٢].

---

[١] - هۆگر مەحموود فەرەج(٢٠٠٧)، زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، کۆنگرەی دووەمی زانستی زمان ـ لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، گۆڤاری ژمارە (٢)، ٢٠٠٧/٥/٢٠، ل ١٢٤ — ١٢٥.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل ٢١٥.

زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، ئەو زمانەیە، کە بناغەکەی لە یەکێك لە دیالێکتەکانەوە وەردەگیرێت و زۆرجار پوختەکراوێکی زمانی یەکگرتووەکەیە یا دیالێکتێکی پەتی یان بلێین پوختەکراوێکی زمانی قسەکردنە[1]. یان بەو شێوە زمانە دەوترێت کە پێی دەنووسرێت و زمانی فەرمی نەتەوەیەك یان وڵاتێکە، کە ئەگەرچی خۆی لە بنەچەدا لە گۆڤەرێکدا بەکاردێت، بەڵام پەرەی سەندووە و لە سنووری دیالێکتەکە پەڕیوەتەوە و چۆتە نێو دیالێکتەکانی تری زمانەکە و بووەتە زمانی قسەپێکەرانی ئەو گۆڤەر و دیالێکتانە[2]. بە نموونە شێوەزاری سلێمانی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە سنوورێکی فراواندا بڵاوبۆتەوە، کە جگە لە نووسەرانی گۆڤەرەکە خۆی، بەڵکو نووسەرانی سەر بە دیالێکتی گۆران و لوڕ و هەندێ لە نووسەرانی گۆڤەری بادینان، بەو شێوەزارە دەنووسن و بۆتە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی[3].

زمانی نیشتمانی، جۆرە زمانێکە کە لە وڵاتدا ڕێگە پێدراوە و بەکاردەهێنرێت، بە نموونە زمانی نیشتمانی هاووڵاتیانی وڵاتێك کە تەنیا زمانێك بەکاردەهێنن، وەکو زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا و زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکا و بەریتانیا و ئوستراليا[4].

---

[1] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٣.

[2] - هۆگر مەحموود فەرەج(د)(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ٢١٦.

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦ — ٢١٧.

[4] - طارق جامباز(٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ل ٣.

واتە لەم وڵاتانەدا (زمانی نیشتمانی، زمانی نەتەوە، زمانی فەرمی) هاوواتای یەکترن، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە فرەزمان و فرەنەتەوەن، وەك بەلجیکا و سویسرا هاوواتای یەکترنین، لە وڵاتانی وەك تورکیا، ئێران، سوریا (کە سەبارەت بە کورد وڵاتی داگیرکارن)، زمانی نەتەوەی باڵادەست لەو وڵاتانە بە زمانی فەرمی، نیشتمانی هەتا ستانداردیش دادەنرێت[1]، لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد نیشتمانیان دابەشکراوە و زمانەکەشیان لە ژێر کاریگەری زمانی نەتەوە باڵادەستەکاندا دەناڵێنێ[2].

زمانی فەرمی یان ڕەسمی، کە بە زمانی کارگێڕیی ناودەبرێت، ئەو زمانەیە، کە وێنە و ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتێك، یان حکومەتێکی هەرێمیی دەبەخشێ، ئەم جۆرە زمانە لە کۆمەڵگای تاکزمانیدا زمانی نەتەوەییە، و لە کۆمەڵگای جووتزمانی و فرەزمانیدا زمانێکی نیشتمانییە، و لە پەرلەمان و دادگا و خوێندندا بەکاردێ، و لە زۆربەی ڕووەکاندا لەگەڵ زمانی ستانداردا یەکدەگرێتەوە[3].

یاخود زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە لەلایەن زمانبەکارهێنەرانێك لەسەر سەکۆیەك دێتە بەکارهێنان، کە لەوێدا ئاڵوگۆڕی زانیاریی و خستنەڕووی

---

[1] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠) کوردۆلۆجی، ل ٨٣.

[2] - طارق جامباز(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ٤.

[3] - سەلام ناوخۆش(٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٢٤ — ٢٥.

بۆچوونی جیاوازی دەربارەی بابەتێك دەخرێتە بەرچاو، كە جێگەی بایەخی گشتە .[1]

بۆ نموونە لە سویسرا چوار زمانی فەرمی هەیە و لە بەلجیكا سێ زمانی فەرمی و لە كەنەدا دوو زمانی فەرمی، لەم وڵاتانەدا زمانی فەرمی و ستاندارد یەكن، بەڵام لە هیندستان (٢٢) زمانی فەرمی هەیە[2]، كەچی (٢) زمانی ستاندارد هەیە، ئەوانیش ئینگلیزی و ئۆردووە.

زمانی نەتەوە یا زمانی نەتەوەیی، ئەو زارە یان زمانەیە، كە لە سنووری وڵاتێكدا بەكاردێت، بۆ ئەنجامدانی سێ ئەركە گەورەكەی زمان لە هەموو بوارەكانی ژیاندا، مەبەست لە بوارەكانی قوتابخانە و دادگا و شەقام و ماڵ و مزگەوت و فەرمانگەكانە، سێ مەبەستە گەورەكەش بریتین لە:ـ

١ـ بەڕێوەبردنی كاروباری ئیداریی و پەروەردەیی و تەندروستی و كۆمەڵایەتی (ئامانجی ئیداریی).

٢ـ گەشەپێكردنی كەلتووری هاوبەش، كە خەڵكی كۆدەكاتەوە.

٣ـ پتەوكردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتییەتی بۆ گرێدانی خەڵك بە یەكترەوە[3]. بە نموونە زمانی نەتەوەیی كورد، زمانی كوردییە و، زمانی نەتەوەیی عەرەب، زمانی عەرەبییە و، زمانی نەتەوەیی فارس، زمانی فارسییە.

---

[1] - غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ كوردستان، ل ٣٣.

[2] - طارق جامباز(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ٤.

[3] - محمد معروف فتاح(د)(١٩٩٦)، زمانی نەتەوایەتی ـ چەند سەرنجێك، گ. مەتین، ژ. (٥٣)، ل ٢٢.

چەمکی زمانی نەتەوە لەگەڵ ڕێنسانسی ئەوروپی لە ئەوروپا بڵاوبۆوە، بەڵام لەناو کورددا ئەو زمانە بەر لە ڕێنسانسی ئەوروپی لەلای شاعیرێکی وەك (ئەحمەدی خانی) نەك هەر ئەدەبی پێ نووسرا، بەڵکو وەك چەمکێکی نەوەیی کاری لەسەر کراوە، ئەحمەدی خانی بە زمانی نەتەوەکەی داستانێکی نەتەوەیی نووسیوە، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە هەڕەشەی گەلانی هاوسێی کورد وشیار بکاتەوە، بە جۆرێك زمانی کوردی لەلای ئەحمەدی خانی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، ئەو ڕەوتە (داکۆکیکردن لەسەر زمانی نەتەوە) لەلای (حاجی قادری کۆیی) زیاتر پەرەی پێدرا، بەجۆرێ ئەو زمانە بە شەرەفی کۆمەڵایەتی سیاسی نەتەوەش دانرا[1].

زمانی هاوبەش، تێکەڵەیەکە لە زمانێکی چێکراو بۆ پێوەندی ئەو نەتەوە و کۆمەڵانە بەکاردەهێنرێت، کە زمانێکی ستانداردیان نییە، یان کۆمەڵێ دیالێکتی ئەوەندە دووریان هەیە، پێویستیان بە زمانێکی ستانداردە، کە کۆیان بکاتەوە، ئەمجۆرە زمانە لینگوا ـ فرانکا (Lingua – Franca)ی پێ دەوترێت[2].

وەك هیندستان بەبێ هەبوونی نەتەوەیەکی وەك ئینگلیز لە وڵاتەکەیاندا، زمانی ئینگلیزی هاوشانی زمانی هیندی، زمانی فەرمییە[3]، واتە لێرەدا زمانی ئینگلیزی وەك لینگوا فرانکا بۆتە زمانی هاوبەشی خەڵکی هیندستان. کەواتە لینگوا فرانکا یان زمانی هاوبەش زاراوەیەکە لە بواری زمانناسی کۆمەڵایەتی

[1] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، ل ٨٣.

[2] - کامیار سابیر(٢٠٠٩)، لینگوا فرانکای کوردیی ـ زمانی ستاندەرد و فەرمی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ل ٢٢.

[3] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٨٣.

بەکاردێ، بوونی زمانی هاوبەش لە کۆمەڵگایەکی فرەزمانی و باڵادەست بوونی ئەو زمانە لە هەندێ بواری کۆمەڵایەتیدا بۆ خودی زمانەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕازیبوونی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگا لەسەر زمانەکە، بە واتایەکی تر ئەدگار و شەنگستەکانی زمانەکە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بوونی خۆی بەسەر زمان و دیالێکتەکانی دەوروبەرەکە دەسەپێنێ، هەروەها فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیش ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە فراژووبوونی و نەشونماکردنی ئەو زمانە[1].

کەواتە زمانی ستاندارد واتایەکی سادەی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی جۆراوجۆری هەیە، هەر ئەو بەکارهێنانە جۆراوجۆرەی ستاندارد، بۆتە هۆی ئەوەی کە پێناسەی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت.

ڕای دەڵێت: ((زمانی ستاندارد هەر ئەو زمانەیە کە چەند بەشێك لە خەڵکی کۆمەڵگا، کە شایانی ئەوەن خەڵکانی تر لاسایی ئەوان بکەنەوە، بە کاری دەهێنن))[2].

هەروەها (گارڤین و ماتیۆ) لە بارەی زمانی ستانداردەوە دەڵێن: ((زمانی ستاندارد شێوەی تۆمارکراو و سەقامگیری زمانە، کە زۆربەی کۆمەڵگای زمانی ئەوەیان وەکو ڕێبەر و نموونەیەك پەسند کردووە و بە کاری دەهێنن))[3].

---

[1]- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٤)، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ل ١٠٠.

[2]- Ray, P. S.(1963), Language Standardization, The Hague, Muton, 1963, P. 133.

[3]- ناصر قلی سارلی ١٣٨٧ (٢٠٠٨)، زبان فارسی معیار، انتشارات هرمس، تهران، چاپ اول، ص ٣.

لێرەدا (گارڤین و ماتیۆ) زمانی ستاندارد بە بەشێکی سەرەکی زمانی ڕۆشنبیریی شار دادەنێن، هەروەها بۆ زمانی ستاندارد تایبەتمەندی دادەنێن، کە شێوەزاری ناوچەیی بەشداری ئەو تایبەتمەندییە ناکات[١].

لە ئینسکلۆپیدیای زمان و زماننانسیدا نووسراوە:((زمانی ستاندارد بە شێوەیەك پێناسە کراوە، کە خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و کەسانێك کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیەوە بەتوانان، بەکاری دەهێنن))[٢].

محەمەد مەعروف فەتتاح دەڵێت: ((ئەو شێوەیەیە کە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوە و خاوەنی دەستوور و فەرهەنگە و لە کارگێڕیدا بەکاردێ، بەڵام لە سەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتووە))[٣].

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە (محەمەد مەعروف) زمانی یەکگرتووی بە بەرزتر داناوە لەچاو زمانی ستاندارد، بەو واتایەی زمان لە دوای زمانی ستانداردەوە دەگات بە زمانی یەکگرتوو، چونکە بەلای ئەو زمانی یەکگرتوو ئەو زمانەیە، کە بە هاوردن یان تێکەڵکردنی چەند دیالێکتێك یان بە سەپاندنی زمانێکی ستاندارد لە ناوچەیەکی جوگرافیدا بە دەستێوەردان یان نەخشەدانان بۆ زمان دێتە کایەوە[٤].

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

[٣]- محەمەد مەعروف فەتاح(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، ل ٤.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٤.

پەروێز ناتل خانلری بەمجۆرە پێناسەی زمانی ستانداردی کردووە:((زمانی ستاندارد یەکێکە لە شێوەزارەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کە بە حوکمی پێویستی بۆ هۆکاری پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانەی، کە بە شێوەیەك لێکچوونیان لە نێوان دایە و بۆ کاروباری ڕۆژانە کە لەنێوانیاندا هاوبەشە، بەکاری دەهێنن))[1].

لە فەرهەنگی دەستەواژەی زمانناسیدا هاتووە: ((زمانی ستاندارد، شێوەیەك لە زمانەکە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەردەگیرێت (پەسند دەکرێت) و لەسەر بنەمای خوێندەواران جێگیربووە و لە بنکە سیاسی و فەرهەنگی بەکاربردرێت، ئەو شێوەیە وەکو زمانێکی یاریدەدەر و سەرەکی و زمانی نووسینی نێوان قسەپێکەرانی شێوەزارەکانی تر باوە و وەکو ئەوە وایە، کە زمانی بیانی فێری خەڵکی میللەتانی تر بکرێت))[2].

خەسرۆ فەرشیدورد دەڵێت: ((زمانی ڕۆشنبیری (فەرهەنگی) و ئەدەبی هاوبەشی خوێندەواران، پیاوە ئایینیەکان، سیاسەتمەداران، زانایان، ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی کتێبی مەنهەجی و زانستی و هونەرییە، کە بەکاری دەهێنن و پێی دەنووسن و مەبەستی خۆیانی پێ دەگەیەنن))[3].

یەحیا مودەڕیسی بەمجۆرە پێناسەی زمانی ستاندارد دەکات:((زمانی ستاندارد شێوەیەکی پێشکەوتووی زمانێکە، کە زۆرتر لەلایەن قسەپێکەرانی خوێندەوارەوە، کە لە شوێنی فەرهەنگی و سیاسی یەك وڵات دەژین، بەکار

---

[1]- پرویز ناتل خانلری ١٣٧٣(١٩٩٤)، زبان شناسی و زبان فارسی، چاپ ششم، تهران، توس، ص ٨٤.

[2]- خسرو فرشیدورد ١٣٦٣(١٩٨٤)، دربارة ادبيات ونقد ادبی، جلد٢، تهران، امیر کبیر، ص٦١٠.

[3]- خسرو فرشیدورد ١٣٨٠(٢٠٠١)، لغت سازی و وضع وترجمة اصطلاحات علمی وفنی، تهران، سازمان تبلیغات اسلامی، حوزة هنری،ص ٥٦٤.

دەهێنرێت. ئەو شێوە زمانە زۆرجار وەکو زمانی ڕەسمی لە پەروەردە، میدیاکان و ڕۆژنامەکان و... بەکاردەهێنرێت و، قسەپێکەرانی شێوە کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی جۆراوجۆر تێدەکۆشن، بۆ ئەوەی لەو زمانە نزیك ببنەوە و لە حاڵەتی جۆراوجۆردا بەکاری بهێنن))[1].

سەلام ناوخۆش دەڵێت : زمانی ستاندارد زمانی ئاخاوتن نییە، چونکە زمانی دایك نییە! زمانێکە لە دامودەزگای خوێندن و فێرکردن و ڕاگەیاندن و دامودەزگای دی دەوڵەت هەیە، زمانێکە ئەدەبی باڵاو دەستووری وڵات و یاساکانی و دەقی ئایینی پێ دەنووسرێت، ئەم شێوازەی زمان لە قوتابخانە وەریدەگرێ یان فێری دەبێ، مرۆڤ لە ڕێگەی دایکییەوە تەواو فێری نابێ، چونکە نووسین سیما و ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەیە و زمانی دایك زیاتر زمانی ئاخاوتنە نەوەك نووسین[2].

عەلی ئەشرەف سادقی دەڵێت: ((زمانی ستاندارد بە زمانێك دەزانێ، کە لەبەرانبەر شێوەزاری ناوچەیی و کۆمەڵایەتی باو لە یەك دەوڵەت هەیە و وسیلەیەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبی کەسانێکە، کە ڕەنگە لە شوێنی تر بە شێوەزاری ناوچەیی تایبەتی خۆیان قسە بکەن. ئەو زمانە هەمیشە هەر ئەو زمانەی خوێندەوارانە و زۆربەی جار لەگەڵ زمانی نووسین یەك شتە و، هەر ئەو زمانەیە کە لە ڕادیو و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بەکاردەهێنرێت و بۆ فێربوونی کەسانی بیانی سوودی لێ وەردەگیرێت. واتە

---

[1] - یحیی مدرسی ١٣٦٨(١٩٨٩)، در امدی بر جامعە شناسی زبان، تهران، مؤسسە مطالعات وتحقیقات فرهنگی، ص ٢٣٢ – ٢٣٣.

[2] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠) ستاندەربوونی زمانی کوردی...، ل ٩٣ – ٩٤.

زمانی ستاندارد، زمانێکی جێگیرە و خاوەنی چەند بنەچە و بنەمایەکە و ڕێزمانی تایبەتی خۆیەتی، کە لەلایەن بەکارهێنەرانی دەبێ گرنگی تایبەتی خۆی پێ بدرێت))[1] .

هەروەها عەلی ئەشرەف سادقی لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((شێوەیەکە لە زمان کە لە سەرەوەی زاراوەکانی ناوچەیی و کۆمەڵایەتی وڵاتێکدا جێی گرتووە و بووەتە ئامرازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، زانستی و ئەدەبی کەسانێك، کە لەوانەیە لە دۆخ و شوێنی تایبەتی خۆیاندا بە زاراوە و دیالێکتی خۆیان بدوێن، ئەم زمانە زمانی خوێندەوارانە و لەگەڵ زمانی نووسیندا یەکە))[2] .

ترادگیل دەڵێت:((زمانی ستاندارد شێوە زمانێکە، کە لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بەکاردێت و لە قوتابخانەکاندا پێی دەخوێنن، هەروەها زمانێکە خوێندەواران ئاخاوتنی پێدەکەن و لە میدیاکاندا بەکاردەهێنرێت))[3] .

ڕەفیق سابیر دەڵێت:((زمانی ستاندارد لە ناوەڕۆکدا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە لە فۆرمێکی سیاسیی ـ یاساییدا، کە لە سەردەمێکی مێژوویی ژیانی نەتەوەدا پێکدێت، لە پرۆسێسی بەرەوپێشچوون و بڵاوبوونەوەیدا، بنچینەی هاوبەشی پێکەوە هەڵکردن و هاوئاهەنگی نەتەوەیی دادەڕێژێت و ڕەوایی

---

[1]- علی اشرف صادقی ١٣٧٥ (١٩٩٦)، زبان معيار– دربارة زبان فارسی، زير نظر نصرالله پورجوادی، تهران، مركز نشر دانشگاهی، ص ٢٩.

[2]- علی اشرف صادقی ١٣٦٢ (١٩٨٣)، زبان معيار، نشر دانش، ص ١٦.

[3]- پيتر ترادیگل ١٣٧٦ (١٩٩٧)، در امدی بر زبان و جامعه، ترجمەی محمد طباطبایی، مؤسسته انتشارات اگاه، چاپ اول، تهران، ص ٢٣.

ستانداردبوونی خۆی دەسەلمێنێت، سەرەنجام بەرەو بە ستانداردبوون دەچێت))[1].

گارڤین دەڵێت:((زمانی ستاندارد شێوەیەکی چەسپاوە لە زماندا، کە لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا وەکو نموونە پەسندکراوە، زمانی ستانداردیش چەندین تایبەتمەندی هەیە، وەکو: نەگۆڕی هەڵسووڕان و وردبینی و کارامەیی))[2].

یۆل دەڵێت:((زمانی ستاندارد شێوەیەکە لە زمان، کە بە فەرمی لە وڵاتێکدا ناسراوە و لە ڕۆژنامە و قوتابخانە و کتێبدا پێی دەنووسرێت و وانەی پێ دەڵێنەوە))[3].

میر جەلالەدین کەزازی دەڵێت:((زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کە قوتابییان و دەرچووانی قوتابخانە و زانکۆکان چ لە نووسین و چ لە ئاخاوتن بە کاری دەبەن))[4].

ئەحمەد سەمیعی دەڵێت: ((ئەو شێوە زمانەیە کە پەیوەستە بە هەرێمی نەتەوەیی و گشتی وڵاتێکەوە و لە نێوان هەموو خوێندەوارانی ئەو وڵاتە هاوبەشە))[5].

---

[1] - ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

[2] - Garvin, (1976) "Some comments on language planning", Georgetown University press, Washington Dc. Pp. 24.

[3] - جورج یول ١٣٨٥ (٢٠٠٦)، بررسی زبان (ویراست سوم)، ترجمەی علی بهرامی، انتشارات رهنما، چاپ اول، ص ٢٧٠.

[4] - میر جلال الدین کزازی ١٣٧٦ (١٩٩٧)، پرنیان پندار، روزنە، تهران، ص 237 .

[5] - احمد سمیعی ١٣٧٨ (١٩٩٩)، نگارش و ویرایش، تهران، ص ٣٢.

ڕەهبەر مەحموود دەڵێت:((زمانی ستاندارد زمانێکە کە ڕێساکانی کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە و لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئەو ڕێسا کۆکراو و نووسراوانە لەلایەن کۆمەڵگەیەکی زمانییەوە وەرگیراوە و بەکارکراوە))[1].

واتــە پێوەربــوونی زمــان بەســتراوەتەوە بــە ڕێســا بەنــدبوونی شــێوەی بەکارهێنانی ئەو زمانە و ڕێژەی پێـوەر بـوونی زمـان، زیـاتر دەبەسـتێتەوە بـە ڕادەی گەڕانەوەی بەکارهێنەرانەی ئەو زمانە بۆ ڕێسا دیاریکراوەکانی زمـان بـە مەبەستی چارەسـەرکردنی گرفـت و کێشـە زمانییـەکان[2]. بـەو واتایـەی زمـانی پێوەر زمانێکە کە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێساکانی تەدوین کرابن و لـە هـەنگاوی دووەمیشدا ئەو ڕێسایانە چەسپابن[3].

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پێناسانە، دەگەینە چەند دەرەئەنجامێك، کە یارمەتیمان دەدات بۆ پێناسەیەکی تازەی زمانی ستاندارد[4]:

١ـ زمانی ستاندارد، لە بنەچەدا یەکێکە لە شێوە زمانییەکانی باوی نێو کۆمەڵگە.

٢ـ گۆڕانکارییەك لە دروستکردنی ئەو شێوە زمانە ڕوویداوە.

٣ـ زۆربەی کۆمەڵگای زمانی ئەو زمانە بە سەرچاوە دادەنێن و پەسندی دەکەن.

---

[1]- ڕەهبەر مەحموود زادە(٢٠١٠)، جووت ستانداردبوون بۆ زمانی پێوەر، دۆخی تێپەڕینە نەك مانەوە، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ(٤٣)،ئابی ٢٠١٠، ل ١٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل١٥.

[4]- ناصر قلی سارلی، هەمان سەرچاوە، ص ٤٢.

٤ـ زۆربەی کۆمەڵگای زمانی ئەو زمانە لە هەندێ کات و سات و شوێندا بەکاری دێنن.

بەشێوەیەکی تریش دەتوانین پێناسەی زمانی ستاندارد بکەین:ـ

زمانی ستاندارد یەکێکە لە شێوەکانی زمانی باو لە کۆمەڵگای زمانیدا، کە بە گۆڕانکارییەك لە شێوەو چۆنیەتی دروستکردنی، و ڕۆڵ و بەکارهێنانی دروست بووە، و لەلایەن زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگای زمانی بە سەرچاوەی زمانی دادەنرێت و لە نووسین و گوتندا بەکاردێت.

بەڵام لە ڕوانگەی گونجاندنەوە، زمانی ستاندارد زمانێکە کە کەمترین جۆراوجۆری لە ڕوخساریدا و زۆرترین جۆراوجۆری لەڕۆڵیدا هەیە، واتا زۆرترین پەیوەندی دروست بکات و بتوانێت لە جێگەی شێوەکانی تری زمان بەکاربێت.

لە هەندێ وڵاتدا سیاسەتی زمانی ئەوان لەسەر بنەمای زیادبوون و بڵاوبوونەوەی زمانییە، ڕەنگە دوو زمان یان چەند زمانێك لەگەڵ یەکتر ببنە ڕەسمی، بۆ نموونە لە کەنەدا زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی هەردووك بەیەکەوە ڕەسمین و هەردوو زمانەکە لەسەرتاسەری وڵات بەکاردێن. لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە زمانێك تەنها لە ناوچەیەکی تایبەت ڕەسمی بێت، بۆ نموونە زمانی (ڕۆمانشی) تەنیا لە ویلایەتی گیرسۆنی سویدی زمانی ڕەسمییە[1].

---

[1]- ناصر قلی سارلی، هەمان سەرچاوە، ص ٤٥.

## ٢ـ٢ : لایەنەکانی ستانداردکردن

لەبەر نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون و دیاری ستاندارد، ئەوا پێشنیازی ئەوە دەکرێ کە تێگەیشتن لە ستانداردکردن بەم تێبینیانەی خوارەوە ڕاڤە بکرێ و شیبکرێتەوە[١].

١ـ بوونی یاسا ڕێکخراو و پۆلێنکراوەکانی زمانێك مەرجێکی پێویستە، بەڵام مەرجێکی قایلکەر نییە، بۆ ئەوەی بە زمانێك بڵێین ستاندارد، ئەوا دوو مەرج پێویستن: بەکارهێنان و پەسندکردن[٢].

٢ـ بەرزبوونەوەی پلەی دیالێکتێك بۆ زمان بەشێوەیەکی گشتگیر پەیوەستە بە بەرەوپێشچوونی نووسین و سەرهەڵدانی ئامانجی نەتەوەیی، پرۆسەکە هەڵبژاردن و ڕێکخستن و پۆلێنکردنی ڕێسا زمانەوانییەکان لەخۆ دەگرێ[٣].

٣ـ پرۆسەی ستانداردکردن بریتییە لەوەی، کە زمانەکان ئەنجامی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و دەسەنقەستن لەلایەن کۆمەڵگاوە، ئەم دەستێوەردانە کە پێی دەوترێ (ستانداردکردن)، زمانێکی ستاندارد بەرهەم دێنێ، کە لەپێشدا تەنها دیالێکتێك بوون[٤].

٤ـ ستانداردکردن خودی خۆی چەند ئەرکێك ئەنجام دەدات، قسەکەرەکانی زمانێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەتر یەکدەخات، لەهەمان کاتدا

---

١- Ali Mahmood Jukil, p. 6 – 7.

٢- Bell, R. (1976), Socioliguistics: Goals, Approaches and Problems, London, Bats ford, p. 148.

٣- Haugen, Ener. (1972), Great Britain, Hazell watson viney Ltd, p. 97.

٤- Hudson (1980), p. 32.

جیابوونەوەی کۆمەڵگایەکی لێدەکەوێتەوە، ئەویش لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵگاکانی ترەوە دەبێت[(1)].

٥- پرۆسەی ستانداردکردن هێنانە کایەی شتێك نییە لە دژی دیالێکتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو شێوەیەکی ئاخاوتنە و وەك پێگەیەکی هاوبەش ڕەفتار دەکات و هەموو توخمە هاوبەشەکانی گشت دیالێکتەکان لەخۆ دەگرێ و توخمی تایبەت بە دیالێکتێك بەلاوە دەنێ[(2)].

٦- ستانداردکردن پەیوەندییەکی تایبەتە کە کۆمەڵگا و زمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەکرێ شێوەزارێك بە زمانێکی ستاندارد لەقەڵەم بدرێ، کاتێك لەتوانایدا بێت وەك هۆکارێکی گەیاندنی هاوبەش لە کۆمەڵگادا خزمەت بکات. ئەمەش بەو ڕێگایە ئەنجام دەدرێ کاتێك ئەم شێوەزارە بە ڕاگەیاندنی جەماوەریدا گوزەر دەکات و لە سیستمی ڕەسمی پەروەردەییەوە کاری پێبکرێ[(3)].

٧- ستانداردکردن ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا هەر زمانێك یان دیالێکتێکی بازاڕی، دەکرێ ستاندارد بکرێ و بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن قسەکەرەکانییەوە پەسند بکرێ، ئەویش بەهۆی بە بەرداکردنی بەرگێکی ڕەسمی و ڕێسا نەگۆڕەکانی دەبێت[(4)].

---

١- Wardhavgh (1986), p. 31.

٢- Janson, T. and Joseph Tsonope (1991), Birth of a National Language, England, Athenaeum Press, p. 106.

٣- Bussmann, H, (1996), Routledge Dicrionary of Language and Linguistics, London and New York , p. 45.

٤- Hangen, Ener, (1994), Standardi zation, the Encyclopedia. Of language and Linguistics Vol, Great Britain, p. 40.

## ٢ – ٣ : ئاستەکانی زمانی ستاندارد

کلۆس، پێنج ئاستی بۆ زمانی ستاندارد داناوە، کە هەر پێنج ئاستەکەش، یەك کۆمەڵە پێکدێنن[١]:

١ـ زمانی ستانداردی پوخت: هەموو زانستە نوێیەکانی ئاستی زانکۆ، دەکرێت بە هاوکاریی زمانی ستاندارد فێری خەڵك بکرێن، ئەم ئاستە بە بۆچوونی کلۆس، باڵاترین ئاستی ستانداردە. هەروەکو ئاشکرایە بەڵگەی کراوەیی ئاستی ئەم جۆرە زمانی ستانداردە، بەکارهێنانی لە ئاستە بەرز و زانکۆییەکاندایە. بەو پێیە کلۆس لە پۆلێنکردنی ئاستەکاندا، بایەخێکی تایبەتی بە ڕۆڵی زمانی ستاندارد وەکو زمانی زانست دەدات، کە زمانی ستاندارد زمانی ڕەسمی وڵاتە[٢].

٢ـ زمانی ستاندارد لە گرووپ (نەتەوە)یەکی کەمدا: بەربڵاوییەکانی زمانێکی ستانداردی ئاوا، سەردەمێك گونجاوبوون، بەڵام ئێستا کۆمەڵەی زمانیی ئەو جۆرە زمانانە ئەوەندە بچووکە، کە هەرگیز ناتوانرێت قەڵەمڕەوی فرەوانی شارستانیەتی نوێ، بەهۆی ئەوانەوە بناسرێت. واتە ئەگەرچی لەم قۆناغەدا زمانی ستاندارد لەمێژە هەیە، بەڵام وتاری هاوبەش زۆر کەمە و ناتوانێ زۆربەی بوارەکانی ژیان بگرێتەوە.[٣]

---

١- ناصر قلی سارلی ١٣٨٧ (٢٠٠٨)، ل ٩٠ – ٩١.

٢- غازی عەلی خورشید (٢٠٠٦)، پڕۆژەی ستانداردکردنی زمانی کوردی، گ. ئەکادیمی، ژ (٤)، کۆڕی زانیاری کوردستان، ل ٢٣٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٧.

٣ـ زمانی ستانداردی لاو: ئەو جۆرە زمانە ستانداردە بە هاوكاریی فەرهەنگەكانی زمان و كتێبەكانی ڕێزمان و ئامرازەكانی لەو بابەتە، تازە نووسراوە و جێگیركراوە. ئەم زمانە بۆ فێركردنی قۆناغی سەرەتایی گونجاوە و بەكاردەهێنرێت، بەڵام ئێستا بۆ ئاستەكانی زانكۆ و خوێندنی باڵا، توانا و لێوەشاوەیی پێویستی نییە، واتە بەكار ناهێنرێت.

٤ـ زمانی بە ستانداردنەبووی خاوەن ئەلفوبێ: ئەم جۆرە زمانە هاتۆتە بواری نووسین، بەڵام جارێ نەبۆتە زمانی ستاندارد، زمانێكی وا كتێبگەلی ڕێزمان و فەرهەنگی زمانیشی هەیە. ئەم جۆرە زمانە لە ماوەیەكی كورتدا یان تەنانەت لە ماوەیەكی مامناوەندیشدا دوورە بتوانێت لێوەشاوەیی و توانای ئەوە پەیدا بكات، كە وەكو زمانی ستاندەری پوخت، ببێتە ئامرازی فێركردنی تەواوی زانستەكانی زانكۆ.

٥ـ زمانی پێش نووسینی هونەریی: ئەو زمانە یان هەرگیز هیچی پێ نەنووسراوە، یان بە دەگمەن شتی پێ نووسراوە، واتە زمانێك كە هێشتا پرۆسەی پەرەسەندنی زمانی ستانداردی بە خۆوە نەدیوە[(١)].

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٧.

## ٢ـ٤: شێوەکانی زمانی ستاندارد

زمانی ستاندارد بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆی بە دروستی و تەواوی ئەنجام بدات، دەبێت شێوەی تایبەت بە خۆوەی هەبێ. خاوەنداریەتی ڕێکخستنی شێوە و جۆراوجۆرەکانی زمانی ستاندارد هەلومەرج و زەمینەی بەکارهێنانیەتی، هەلومەرج و تایبەتمەندی زمانی هەیە و جیاوازییەکانی ئەو جۆرە شێوازانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە شێوەکانی بۆ ستاندارد هەڵدەبژێردرێن، بەگشتی بنەما و ڕێسای نووسینیان هەیە و جۆرێك گوتاری دەدەنێ.

لە زۆر کۆمەڵگادا، هەوڵ دەدرێ زمانی ستاندارد لە هەموو شوێنێك بەکار ببرێ[(١)]، لەبەرانبەردا لە هەندێ کۆمەڵگای دیکەدا، بەکاربەری ئەو زمانانە بە دەسەڵاتی تایبەتی بەستۆتەوە، بەو جۆرە کەم تا زۆر لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا زمانی ستاندارد لە چوار شێوە پێکدێت: شێوەی زانستی یان زمانی زانستی، شێوەی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، چاپەمەنی غەیرە پیشەیی)، شێوەی کارگێڕیی و شێوەی ئەدەبی[(٢)].

### ١ـ شێوەی زانستی

زمانی زانستی لە زمانی ئاخاوتن جیایە و زیاتر پێویستی زۆری بە زاراوە زانستییەکان و زمانەوانییەکانە، وەك ناوەندێکی فێرکردن لە سیستمی قوتابخانە فەرمییەکان و زانکۆکاندا بەکاردێت، هەر زمانێکیش لە ئاستی

---

[١]- ناصر قلی سارلی، ل ١٣٩.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠.

خوێندنی باڵادا بەکاربێت، گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەگەر تەنیا لە قۆناغەکانی سەرەتایی بەکاربێت، ئەوە بە زمانێکی پاشکەوتوو دادەنرێت و بەرەو پێش ناچێت[١].

لە بارودۆخی زمانێك کە دەبێ بۆ بابەت و بەرەوپێش بردنی زانست بەکاربێت، لە زۆربەی کۆمەڵگادا دوو ڕێگای دژ بەیەك هەن: هەندێك پێیان وایە زمانێك کە لە زانست بەکاردێت، دەبێ یەکێك لە زمانە پێشەنگەکان بێ، تا بیرمەندان و قوتابیان بتوانن لەڕێگەی ئەو زمانە جیهانییەوە بە ئاسانی بە ئەنجامێك بگەن، کە تێکڕای فەیلەسوفان بەدەستیان هێناوە[٢]، بەراورد بە ڕاپۆرتی (ڕای) (١٩٦٨) لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا ئەو ڕێگا چارەسەرە لەوانی دیکە لەپێشترە. بۆنموونە دوای ماوەیەك کە زۆرێك لە بەرهەمی بەرچاو بە زمانەکانی هۆڵەندی و دانیمارکی بڵاوکرانەوە، ئەمڕۆکە ئەگەری کەمتر بەرچاو دەکەون کە فەیلەسوفانی هۆڵەندی و دانیمارکی، بەرهەمی زانستی پلە یەکیان بۆ یەکەمین جار بە زمانی زگماکی خۆیان بڵاوبکەنەوە[٣]. ڕێگاچارەیەکی دیکە ئەوەیە کە زمانی وڵات وا پەروەردە بکرێت و بەرەوپێش ببرێت، کە بتوانێ بە ناونیشانی زمانی زانست دەور و ڕۆڵی ببینێ، مەبەست لە شێوەی زانستی

---

[١] - عەلی مەحموود جوکل(د)(٢٠١١)، چەمکەکانی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، گ. ڕامان، ژ (١٧١)، ٢٠١١/٨/٥.

[٢] - ناصر قلی سارلی، ل ١٤٠.

[٣] - Ray, P. S(1968), Language Standardiziation, Readings in the Sociology of Language, Ed by J. A. fishman, The Hague, Mouton, pp 754 – 765.

زمانی ستاندارد، شێوەیەکە لە هەمان زمانی نەتەوەیی کە لە کایە جۆراوجۆرەکانی زانستیدا بەکاردەبرێت[1].

مەبەست لە زمانی زانست، ئەو شێوە بەکارهێنانەی زمانە کە لە زانستدا بەکاردەهێنرێ، بەڵام لق و پۆی جیا جیای هەیە و هەریەك لە لقەکان پەیوەستە بە زاراوەناسی و ڕێساکانی زمانی تایبەتی خۆی[2]. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زمانەوانیش دەتوانرێ هەندێك (شێوەی لاوەکی) لەبەر چاوبگرێت. هەر یەکێك لەو شێوە لاوەکیانە دەستەواژەی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەندێك دەستەواژەی گشتیش لەو شێوە لاوەکیانە مانای تایبەتیان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی زماندا هەیە، جیاوازی شێوەکان، تەنیا بە دەستەواژەکان پەیوەند نییە، بەڵکو هەر ڕێچکەیەکی زانستی کلتووری زمانی تایبەتی خۆی هەیە و شێوازێکی دەرخستنی بابەت و زانست لە وانەدا جیاوازە. هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی سەرمەشقی شێوە لاوەکییەکانیش پلەی جۆراوجۆریان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی شێوە لاوەکییەکان پەیوەست بە زانستی مرۆیی یەکپارچەیی و هاوئاهەنگی کەمتریان هەیە و وردبینی دەستەواژە لەوانەدا کەمترە، لە کاتێکدا زانستی سروشتی و بنەمای یەکپارچەیی و هاوئاهەنگی زیاتر لەخۆ دەگرن و تاڕادەیەك وردبینی واژە و دەستەواژەکانی ئەوانە لە زانستی مرۆیی زیاترە[3].

---

[1] - ناصر قلی سارلی، ص ١٤٠ – ١٤١.

[2] - علی محمد شناسی ١٣٧٢ (١٩٩٣)، در جستجوی زبان علم، مجموعه مقالات سمینار زبان فارسی و زبان علم، زیر نظر علی کافی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، ص ١٣ – ١٤.

[3] - ناصر قلی سارلی، ص ١٤١.

شێوەی زانستی یان زمانی زانستی، وردترین بەکاربەری زمانی ستانداره لە کۆمەڵگای زماندا، بچووکترین لادان لە ستاندارد دەبێتە هۆی ڕەخنەی فەیلەسوفان و پارێزەرانی زمان، نابێ پێمان وابێ کە زمانی زانستی تەنیا بە کتێب و وتارگەلی زانستی و هەندێك لە کۆڕی زانستی بەستراوەتە، بەڵکو کتێبە مەنهەجییەکان بە تایبەت کتێبی فێربوونی زانست، دەتوانرێ بەشێوەی کۆمەڵی زانست لە قەڵەم بدرێ[1] .

لە هەندێك وڵاتاندا تەنانەت لەو وڵاتانەی کە لەڕووی زانستییەوە پێشکەوتوون و زمانی پێشەنگیان هەیە، دەشێ بەشە زانستییە تایبەتەکان، یەکێك لە زمانە بێگانەکان بەناونیشانی زمانی زانستی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، بۆ نموونە تا جەنگی جیهانی دووەم زۆر لە کتێبە پرۆگرامییەکانی بەشی کیمیا لە زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە زمانی ئەڵمانی بوون، لە توێژەرانی بەشی کیمیا چاوەڕوان دەکرا توانایی بەرەوپێش بردنی توێژینەوەی زانستی خۆیان بە زمانی ئەڵمانی بێت[2]. ئەگەر زمانی ستاندارد بتوانێ بە باشی بەناونیشانی زمانی زانستی ڕۆڵی خۆی ببینێ، پلەی پێوانەیی باڵای ئەو دەکرێ قبوڵ بکرێ.

لەڕووی ستانداردەوە (کلۆس) و تاڕادەیەك (فێرگسۆن) لە دیاریکردنی پلەی ستانداردی زمان، توانینی بە ناونیشانی زمانی زانستی مایەی فێربوونی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

(پەروەردە)کردنی زانست و شێوەکان تا ڕادەی خوێندەواری زانکۆیی و خوێندنی بالایە[1].

زمانی زانستی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی زانستەوە هەیە. لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا زانست و تەکنەلۆژیا، تاڕادەیەك ڕۆلێکی باشیان بۆ پێشکەوتنی توانای زمانی زانستی هەیە و بەدەستی ئەوان دەستەواژە و واژە دروست بوون، کە لەگەڵ هێنانی کالای زانست و تەکنەلۆژیادا دێتە ولاتە پێشکەوتووەکان، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا لەزۆر ولاتدا، زمانی زانست ئینگلیزی و فەڕەنسی بووە، بەلام چالاکی ڕێکخراویی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەو ولاتانەدا لە ئارادایە تا زمانی خۆماڵی ڕۆڵ ببینێ، لەزۆر ولاتاندا وا لێك دەدرێتەوە، کە ئەگەر زمانی خۆماڵی بەناونیشانی زمانی زانست ڕۆل ببینێ، ئەوا ئەو ولاتە ولاتێکی دواکەوتووە و بە پێش نەکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت، بەهەرحاڵ، پلەبەندی ئاخاوتنی زمان، بەتایبەت پلەبەندی دراو توانای بە ناونیشانی زمانی زانست، بەوجۆرەی فرگسۆن پێشنیاری دەکات، بە یەکێك لە هۆکارەکانی زمانی پێشکەوتنی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێت[2].

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

[2]- Ferguson C. A.(1996) , Diglossia, Repr in Sociolinguistic Perspectives, Ed by Thom Heubner, Oxford, Oxford University Press, PP. 267 – 271.

## ٢- شێوەی ڕاگەیاندن

شێوەی ڕاگەیاندنی ستاندارد، زمانێکە کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و دواتر لە ئینتەرنێتدا بەکاردەبرێت، ئەو شێوە ئاخاوتنە، بە زۆر بەڵگەوە لە بەکارهێنە باڵاکانی ستاندارد ناژمێردرێت، دەربڕینی ئەو شێوە زمانە، خەڵکی ئاساین. بەهەمان هۆوە پلەبەندی پەروەردەیی و سەرنجدانی بەشێوەی زانستی بەهیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت[1]. ئەو شێوە ستانداردە تاڕادەیەك لە دەستەواژەی ورد و هونەریی خاڵییە و وشە و دەربڕینی بەکارهاتووی تێدایە و لە گوتار نزیکترە. لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆدا خێرایی لە بواری هەواڵ و زانیاری تازە بۆ بەکارهێنەرانیەتی، بەهەمان هۆوە هەڵە و غەڵەت لەسەرمەشقی زمانی ڕاگەیاندندا ڕێگا دەکاتەوە، بۆیە بەهەمان هۆوە ڕاگەیاندنەکان بەسەرچاوەی هەڵەی زمانی دەزانن.

لە ڕاگەیاندندا زمان دەخرێتە ئەرکەوە، بۆ ئەوەی ئامانج و سیاسەتی ڕاگەیاندن جێبەجێبکرێت، بۆیە پێویستی بە ڕۆنانی تایبەت و هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی کاریگەر دەبێت، بێگومان زمانەکەش بە پێی مەبەست و هەڵوێست دەگۆڕێت، بگرە هەر لە دووبارەنەکردنەوە و وشە گۆڕینی پێکهاتە و نەرمە هەواڵ و ئابووری کردن لە وشە و زاراوە و بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەت... تاد، ئەمانە هەمووی لە خانەی زمانی ڕاگەیاندندا دەبێت[2].

---

[1]- علی اشرف صادقی، زبان معیار، درباره زبان فارسی، ص ٢٩ — ٣٠.

[2]- عەلی مەحموود جوکل(د)(٢٠١١)، ل ١٢٠.

شێوەی ڕاگەیاندن چەند جۆری هەیە، شێوەی زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لەگەڵ شێوەی زمانی ڕۆژنامەکاندا جیاوازە، زۆر لە بەکارهێنەرەکانی زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گوتاری نووسراون، واتە بێژەرەکان و بەڕێوەبەران بابەتی جیاواز لە ڕووی نووسراوەوە بۆ گوێگران دەخوێننەوە، بەشێك لە گوتارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ڕاستیدا نووسراون، لەو گوتارانەدا پلەی ستاندارد لە خوارترە، یان بەشێك لە گوتارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەکو بەشی هەواڵ تاڕادەیەك لە پلەی ستاندارد پەسند دەکرێن[1].

گوتارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەندێك لە تایبەتمەندی نووسین و هەندێکیش لە تایبەتمەندی گوتارییان پێوەیە، هەندێ نووسەرانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن جیاوازی بابەتێك کە دەینووسن لەگەڵ نووسین و گوتار لە بیر دەکەن، بەهەمان هۆوە هەندێ جار دەبینرێ کە لە بەشی هەواڵدا ڕستەگەلێك بە ئامرازی ئاڵۆز و درێژ وەکو نووسین بەکاردەهێنرێ.

شێوەی زمانی ڕۆژنامەکان لەسەر یەك تاڕادەیەك سەرمەشقی زمانی پەروەردە نییە و بەو هۆیەوە لە بەکارهێنانەکانی ستانداردی باڵا ناژمێردرێ. لەسەرووی واژەکانەوە ئەو شێوە زمانە لە وردی و پەورەردەییەوە دوورە، بنچینە دەستورییەکانی ناو ستاندارد کەم و زۆر لە شێوەی زمانی ڕۆژنامەدا دەبینرێ، هۆکاری ئەوە یەك هەڵپەی ڕۆژنامەکانە لە نووسیندا و خستنەڕووی

---

[1]- ناصر قلی سارلی، ل ١٤٣.

بابەت و زانیاری و ئەویتریان ڕادەی نزمی خوێندەواری و ڕادەی زانیاری نووسەرانە[1].

شێوەی ڕاگەیاندنی ستاندارد، یان دەرخستنی سەرمەشقەکانی زمان لە کەم و کوڕییە جیاوازەکانی چاپ، بینین و بیستن بەرەبەرە هۆگری زیاتر پەیدا دەکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاگەیەنەری تازەدا وەك ئەنتەرنێت و سەرنجدان بە زمانی میدیایی و گرنگیدان بە نزیکبوونەوە لێی دەگاتە ئاستێکی باڵاتری ستاندارد و گرنگی بەدەست دەهێنێ[2].

## ٣ـ شێوەی کارگێڕیی

مەبەست لە شێوەی کارگێڕیی بەکاربەری زمانی باوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، بابەتی یاسا و ڕێسا دانپێدانراوی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەتوانرێ بە بەشێك لە شێوەی کارگێڕیی لەقەڵەم بدرێ، لە بەشی بابەتی یاسایی بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی ڕوون و ڕۆشنی گرنگییەکی فراوانی هەیە، پەروەردەکردن و سەرنجدانی واتای وشە پەیوەستە بەو شێوە زمانە. لە بەشێك لەو وڵاتانەدا ڕوون نەبوونی وشە و دەستەواژە دەبێتە هۆی فرەواتایی لە بابەتی یاساییدا، کە ئەمەش کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوان پەیدا دەکات. بۆیە بۆ خۆ لادان لەو جۆرە کێشانە پێویستی بە خاوەنداریەتی ستانداردی گرنگ هەیە، نامە کارگێڕییەکان بە بەشێك لە شێوەی کارگێڕی ستاندارد حیساب دەکرێن.

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

ئەو نامانە تاڕادەیەك بنەمای تایبەتییان هەیە و بەشێوەیەکی وێژەیی دەنەخشێنرێن، سادەیی و ڕوونی یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی نامەی ئیدارییە، کە کورت و پوخت دەنووسرێت[1]. بەخشنامەکان و دەستووری کاری دەوڵەتیش لەو بەراوردە شێوە کارگێڕییانەیە، چاوەڕوانی ئەوان لە بەخشنامە و دەستووری کاردا سادە و ڕوون و کورت و پووخت بن، چونکە لەو بەکاربەرە زمانیانەدا وردبینی وشە و بنەمای ڕوون و سادە زۆر گرنگن[2].

**٤ـ شێوەی ئەدەبی**

شێوەی ئەدەبی ستاندارد، شیعر و پەخشان دەگرێتەوە. زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ستاندارد بەو دەربڕینە وردەی، کە ئێمە لەو نووسینەدا مەبەستمانە جیاوازییەکی زۆری لەڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە هەیە، داڕشتنی سروشتی دانانی ڕستە لە شیعردا تێکدەدات.

شێوە ڕستەسازییەکان دیارە لەگەڵ شێوەکانی ستاندارد جیاوازن، مانای وشە و ڕستە لە شێوەدا هەندێ جار شاراوەیە، ڕەمزی هونەریی ئێستا ئەگەر مانای وشە و ڕستەی ستاندارد ڕوون و ڕەوان بن، لەگەڵ نووسینی ستاندارد جیاوازە، شیعر بۆ بەرجەستەبوونی لە وێنەی خەیاڵی و دەربڕینە ئەدەبییەکان کەڵك وەردەگرێ، بەڵام بوونی ئەو پێکهاتەیە لە زمانی ستاندارد بەهۆی نەبوونی پەیوەندی بە خەوش دەژمێردرێ[3].

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٥.

[3]- ناصر قلی سارلی، ل ١٤٦.

سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییانە لە نێوان زمانی شیعر و زمانی ستاندارد، زۆربەی زمانەوانان بەشێوەی زمانی ئاخاوتنی لەقەڵەم دەدەن، واژەی بەشێك لە شیعر لە زمانی بەشێك لە زمانی ستاندارد وەردەگرێ، شاعیر ڕەنگە هەندێ جار توخمی زارەکی یان وشەگەلی کۆن بەکاربێنێ. کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی شێوازی کۆن لە شیعردا ڕەوایە و بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعر هێندە جیاوازی لەگەڵ زمانی ستاندارد هەیە، کە دەبێ ئەوەیان بە شێوەی زمانی جودا بژمێردرێت[1].

زمانی شیعریی بە سەرچاوەی زمانی ستاندارد لەقەڵەم دەدرێت، زۆر لە وشەکان، پێکهاتە و دەربڕینیان ئێستا لە زمانی ستانداردا شاعیران دروستیان کردووە، ئەو سەرمەشقانە بەرەبەرە لە قاڵبی خۆیان هاتوونەتە ناو واژەکانی زمانی ستاندارد، توخمەکانی شیعر تاڕادەیەك زمانی ستاندارد لە جێگای وشە و تەعبیراتی عاتفی و هەستی هەندێك شێوەی ڕستەسازی شاعیران، پاشان لە زمانی ستاندارد دەچنە پاڵ ڕێسای واژە و تێکەڵ بە دەوڵەمەندی زمانی ستاندارد دەبن، هەتا هەندێك بنەمای وەکو دەربڕینی شاعیران دەتوانێ لە پێشکەوتنی بنەمای زمانی ئاخاوتندا یارمەتیدەربێت[2].

ئەوەی بەناونیشانی شێوەی ئەدەبی ستاندارد باس دەکرێ، تەنیا لە پەخشاندا دەبینرێ، هەندێك نووسراوی تەنز ئامێز کە تیایدا ڕێگای گەڕانەوەی ستاندارد نییە و لەوێدا سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ڕوون و ڕەوانی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

[2]- هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٧.

دەستەواژەکانی ستاندارد، کەڵك وەرگیراوە، لەزۆربەی چیرۆکەکاندا کەسایەتی جیاواز بوونیان هەیە، کە هەریەکەیان بە یەکێك لە چینی کۆمەڵایەتی یان بە یەکێك لە ناوچە جوگرافییەکان یان یەکێك لە دەورانی مێژوو دەبەسترێنەوە[1].

پێناسەی چیرۆك کە نووسەر تیایدا پەخشانی تایبەتی خۆی تیادا دەنووسێ، دەتوانێ لە ڕێڕەوی شێوەی ئەدەبی ستاندارد حیساب بکرێ، لێرەدا کێشەیەکی دیکە دێتە پێش ڕێچکە جیاوازەکانی پەخشان، زۆربەیان لە ڕێچکەی هاوچەرخی ستاندارد نزیکن، بەتایبەت لە بواری بنەمای دەستووری لە بەشی واژەوە لە ڕێچکەی جیاوازی هەندێ جار لادان لە ستاندارد دەبینرێ، بەهەرحاڵ پێدەچێ بەشێوەیەکی ورد لە بواری ستانداردبوون یان نەبوونی کاربەری زمانی ئەدەبیاتی چیرۆکی هەبێ[2].

دەستەواژەکانی ئەدەبیاتی چیرۆك نووسی دەبێ لەگەڵ فەرهەنگی گشتی زماندا ڕێکبخرێن و پلە و پێوانەی ستانداردی ئەو دەست نیشانی دەکات، ئەگەر لادانە ڕێچکەکانی پەخشان لە ستاندارد لە ڕادەیەکی دیاریکراو هەڵنەکشێ، دەتوانێ بە هەندێك ئاڵوگۆڕ ئەوانە لە بابەتی ستانداردی ئەدەبیدا جێ بکرێتەوە، بەو شێوەیە زۆربەی پەخشانەکانی چیرۆك لە ڕاستیدا بەشێوەی ئەدەبی ئاخاوتن حیساب دەکرێ، ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی وەرگێڕدراویش یەکێك لەو بابەتانەیە کە بەستاندارد هەژمار دەکرێن، لەو شێوە چیرۆکانەشدا، بەشی پێناسەی چیرۆك و بەشی وتوێژە کەسایەتییەکانیش لە یەکتری

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

جیادەکرێنەوە، زمانی ستاندارد ڕەنگە لە کۆمەڵی زمانی جۆراوجۆردا شێوەی ڕێچکەی تری هەبێ، کە ئێمە لێرەدا باسی ناکەین، شێوەکانی ئاخاوتن و پەیوەندییان بە یەکترەوە و شێواز و ڕەواج و بەکارهێنانیان پەیوەستە بە ناوەرۆکی ستاندارد و زیاتر هەڵدەگرێ و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر ڕەنگە جیاوازبێت[1].

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

## ٢ ـ ٥: بابەتە تیۆرییە دیاریکراوەکانی ستانداردکردن

١ـ بەجیهانی بوونی ئەزموونەکانی ڕۆژئاوا: یەکێك لە پێویستییەکانی تیۆرێکی گشتی بریتییە لە تواناکەی بۆ لێکدانەوەی بەستانداردکردنی زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان. ستانداردکردن، بەو شێوەیەی کەوا پێناسەکراوە، بریتییە لە دیاردەیەکی دوای ڕێنسانسی ئەورووپای ڕۆژئاوا، هەروەها بەکارهێنانییەتی بەشێوەیەکی فراوانی جیهانی، وەکو سیفەتەکانی تری گۆڕانە مێژووییەکانی رۆژئاوا. پرۆسەکانی گەشەکردنی زمان بریتین لە[1]: (أ) بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی لەناو هەموو بوارەکانی پەیوەندیکردن، تەنانەت زمانی خەڵکی ڕەمەکیش (ب) پێکهێنانی ڕێسایەکی یەکگرتووی لێکسیکی و ڕێزمانی (جـ) تێکۆشان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان شێوازی نووسین و نارەسمیدا هەیە (د) تێکەڵبوونی شێوازی شێوەزارەکان، پرۆسەی بەستانداردکردن لەولاتانی تازە پێگەیشتوودا (ئاسیا، ئەفریقیا) وەکو هی ولاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپایە، بەڵام ئەو پرۆسەیە لە ولاتانی ڕۆژئاوادا خێراتر و ئالۆزترە.

٢ـ بەمۆدێرنکردنی زمانەوانی و ئابووری ـ کۆمەڵایەتی: لێکۆڵینەوە کۆنەکانی بەستانداردکردن هەمیشە سەرنجیان داوەتە لایەنی زمانەوانی، لەکاتێکدا کە هۆکارە نازمانەوانییەکان وەکو (بازرگانی، پیشەسازی، شارستانیەت) زۆر باسیان لێوەکراوە، وەکو دوو لایەنی (زمانەوانی و کۆمەڵایەتی) هەرگیز

[1]- Guxmam m. m., Some general regularities in the formation and develop ment of national language, Mouton, pp. 768.

بەیەکەوە بیریان لێ نەکراوەتەوە، لەڕوانگەی تیۆرییەوە وەکو دوو دیوی یەك دراون[1].

لەڕووی مێژووییەوە، ئێمە سەیری ستانداردکردن دەکەین وەکو لایەنێکی زمانەوانی یان لایەنێکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، سیاسی، کە لە چاخەکانی ناوەڕاستەوە تاکو سەردەمی مۆدێرنیتە لە ڕۆژئاوادا گوازراوەتەوە، ئەو پرۆسەیەش پێی وتراوە بە (ئەورووپی کردن) یان (بە ڕۆژئاوایی کردن)، پاشان پێی وتراوە (بەمۆدێرنیتەکردن)، بەرچاوترین گۆڕانی سیاسی بریتی بوو لە بە دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی، و گۆڕانی کولتوریش بریتی بوو لە گەشەکردنی خوێندەواری، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردە، بە تایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی. گۆڕانی زمانیش بریتی بوو لە میکانیزمی نووسین و، زیادکردنی ناوەندەکانی پەیوەندیکردن بەهۆی چاپەوە، بێگومان داهێنانی چاپی کاغەز لە (چین) نەبووە هۆی پەیدابوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە شوێنی خۆیان، یان لە وڵاتانی دراوسێ[2]. دەرەبەگی کۆمەڵگای ئەورووپی دیار نەما کە بووە هۆی کەمی پەیوەندیکردن، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی زمان لە هۆکارەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی فراوان لە نووسین و چاپدا کە پەیوەندی بەستانداردکردنەوە هەیە[3].

---

١- Amir Hassan Pour (1992), Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985, P.H.D., Mellen Research University press, San Francisco, p. 33.

٢- Amir Hassan Pour, p. 33 – 34.

٣- Amir Hassan Pour, p. 34.

٣ـ ستانداردکردن و دروستبوونی نەتەوە: بە مۆدێرنبوونی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بووە هۆی گواستنەوەی کەمەنەتەوەکان بۆ نەتەوەی جیاواز، وەکو (ئینگلیز، فەڕەنسی، هۆڵەندی، ئەڵمانی، هتد.). گەشەکردنی زمانی خەڵکی ڕەمەکی یەك ناوچە بۆ ناو زمانی نەتەوەیی، نیشانەیەکی بەرچاوی ئەو پەرەسەندنەبوو. پەیوەندی نێوان ستانداردکردن و پێشکەوتنی نەتەوایەتی لەسەرەتای ڕێنیسانسەوە هەر هەبووە، بەیەکەوە بوونی زمانی ستاندارد و دروست بوونی نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا (بەڵقان و ئەسکەندەنافیا) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم شتێکی بەڵگە نەویستە، بەلایەنی کەمەوە چوار بنەمای سەرەکی هەیە، کە پەیوەندی نێوان زمان و بنیاتی کۆمەڵایەتی دەردەخات[1]:

أ ـ زمان لایەنێکی بنەڕەتییە.

ب ـ بنیادی کۆمەڵایەتی بڕیاری یەکلاییکەرەوە دەدات.

جـ ـ ئەو دوانەی پێشوو بەیەکەوەن و جیاناکرێنەوە.

د ـ ئەو دوو لایەنە بەیەکەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت.

ئەو تیۆرانە پەیوەندی نێوان لایەنە زمانەوانی و نازمانەوانییەکانی وەکو (کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایین، سیاسی، کولتوری) لێکدەداتەوە.

٤ـ بەستانداردکردن و پشتیوانی زمان: پڕۆسەی ستانداردکردن ڕووبەڕووی (هەڕەشە، لەناوچوون) دەبێتەوە، نەمانی زمانیش دیاردەیەکە لە سەرانسەری جیهاندا بەدی دەکرێت، هەندێك زمان بەهۆی پڕۆسەی ستانداركردن لەجیهاندا

---

١- Ibid, p. 34.

تووشی کۆمەڵێك گرفت بوونەتەوە، بەتایبەتی بەهۆی هەوڵەکانی حکومەت بۆ تێکەڵاوبوون و بەکارهێنان. زمانە ڕەسمییەکان هەڕەشە لە زمانە کەمە نەتەوایەتییەکان و زمانی خەڵکی ڕەمەکی دەکەن، ئەوەش بە پشتیوانی دەسەڵاتی دەوڵەت یان هێزی بازاڕ، کەواتە دەرفەتەکانی نەمانی زمان زۆرترن لە دەرفەتەکانی ستانداردکردن.

٥- پێوانەکردن: کلۆس (Kloss) دوو بنەمای بۆ پێوانەی گەشەکردنی زمان خستووەتەڕوو، کە بریتین لە پلەی بەکارهێنانی زمانی نووسراو و ماوەی ستانداردکردن. لەدواییدا فێرگسۆن سێ بنەمای بۆ پێوەری گەشەکردنی زمان پێشنیاز کردووە، کە بریتین لە:

١- نووسین (بە نووسین کردن)، کە بەکارهێنانێکی ڕێکوپێکی نووسین لە کۆمەڵگای ئاخاوتندا لەخۆ دەگرێت.

٢ـ ستانداردکردن، کە گەشەکردنی پێوەرێك لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی بەسەر دیالێکتە هەرێمیی و کۆمەڵایەتییەکان زاڵ بێت.

٣- بەمۆدێرنکردن، ئەوەش بەهۆی پەرەپێدانی تێکەڵاوبوون لەگەڵ زمانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە مۆدێرن و تێکەڵاوی بازرگانین. بەکارهێنانی داتای زمانە ئەفریقییەکان زۆر ئاسانە بۆ هەوڵدان بۆ تایپۆلۆجیکردنی ستانداردکردن، ئەوەش لەسەر بنچینەی ئەو سێ بنەمایەی سەرەوە کە سیفەتی سەرەکی زمانی ستانداردن، هەریەکە لەو قۆناغانەی کە هۆگن باسی کردوون، پێوانە دەکرێن و دیاری دەکرێن، بەهۆی گونجانیان بۆ ئاستی پەروەردە (سەرەتایی، ناوەندیی، کۆلێج)، هەردوو قۆناغی (پێش ستاندارد و ستاندارد) لە پەرەپێدانی

زمانــدا ئــەوە ڕووندەکرێتــەوە لەســەر بنــەمای (کۆمەڵایــەتی، زمانــەوانی، ئەدەبی)[1].

[1]- Amir Hassan Pour, p. 34 – 35.

## ٢ ـ ٦ : شێوازەکانی ستانداردکردنی زمان

ستانداردکردن شێوازی جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە، هەر زمانێك شێواز و جۆری ستانداردکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە ستانداردکردنی هەر زمانێك دیاردەیەکی تایبەتە، لەگەڵ ئەمەش داوا دەردەکەوێت جۆرایەتی ستانداردکردن لەسەر بنەمای ڕەوتی ستانداردکردنی ئەو زمانانەی کە لە پلەیەکی زۆر باڵادان پەسند بکرێت و، پێناسەیەکی سەرەتاییان بۆ دابنرێت کە هاوکاربێت لە شیکاری ستانداردکردنی زمانە میللییە نوێیەکاندا.

بەجۆرێك لێکۆڵینەوە لە ستانداردکردنی زمانانی ئەوروپایی لە ڕێنیسانسەوە بە دواوە، (فێرگسۆن)ی زمانەوان گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە[١]:ـ

١ـ بنیاتنانی ستاندارد لە ناوەڕاستی شاردا ئەنجامی گفتوگۆی چینێکی ئەکادیمی بووە.

٢ـ نووسەرێك یان چەند نووسەرێك بە ناونیشانی نموونەی جێی متمانەی بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی لە حاڵەتی ستانداردکردندا، لە ستانداردکردنەکەدا بەشداربوون.

٣ـ زمان لە حاڵەتی ستانداردکردندا، لە ژێر ناونیشانی ئایینی یان نەتەوەیی ڕۆڵی بینیوە.

---

١- Ferguson,C.A.(1988), Language and National Development, Oxford, Oxford University Press, P. 42 – 43.

٤- زمان لە حاڵەتی ستانداردکردنی زمانێکی تر، کە وەکو پێوەرێکی باوەڕپێکراوی نووسین و ڕاگەیاندن سەیردەکرا، لایداوە و خۆی جێگەی گرتووەتەوە.

هەروەها شوێنکەوتوانی (میلرۆی) زمانەوان کۆمەڵێك بۆچوونی سەپاندنیان لە بابەتی ناوەرۆکی زمان و دروستی و نادروستی دەخەنەڕوو و دەیسەپێننە سەر خەڵك، کە بە (ئایدۆلۆژی ستاندارد) ناودەبرێت، کە نموونەی جیاکارین لە ناوەرۆکی ستاندارد و ستانداردکردن و، بەمجۆرەی خوارەوەیە[1]:-

١- بارودۆخی بالآیی زمان، لێکچووی و یەکسانییە، هەموو کەسێك دەبێت بە یەکجۆر قسەبکەن و بنووسن، تەنها یەك جۆر زمان ڕێگەپێدراو و جێی متمانەیە، بەکارهێنان و گۆڕانکاری ناستاندارد هەمووکات تاڕادەیەك نەگونجاوە، گۆڕانکاری زمانی نەگونجاو گرفت دروست دەکات و لەبەر ئەم هۆیە دەبێت پێشی پێبگرین.

٢- بە بڕشتترین و جێ متمانەترین و خاوەن بالآترین پێگەی جۆری زمان لە نووسیندایە، لەڕاستیدا ئەو زمانانەی کە جۆری نووسینی خۆیان نییە، لە ڕاستیدا زمان نین، بەڵکو بە شێوەزار و دیالێکتێکی دیاریکراو هەژمار دەکرێن، ئەگەرچی پێوەری پێگەدیار و، لە گفتاردا بوونی نییە، بەلآم بەگشتی ئاخاوتن لە خوار پلەی نووسینی ڕێزمانی هەژمار دەکرێت، نایابترین شێوەی زمان لە

---

1- Lodge, R. A. (1993), From Dialect to Standard, Routedge, p. 156 – 157.

نووسینی باشترین نووسەرەکانی کۆمەڵگەیە، بەو جۆرەی کە بایەخە سەپێنراوەکان و جوانناسی و فەرهەنگی دیاریانکردووە، بەرچاودەکەوێت.

٣ـ شێوەی ستاندارد باشترە لە جۆرەکانی تری زمان، واتا بەرجەستەتر و ڕوونتر و گونجاوترە لە جۆرەکانی تری زمان. جۆری ستاندارد بەگشتی جۆری زمانی ئەو کەسانەیە کە زۆرترین دەسەڵات و بالاترین پێگەیان هەیە، جۆرەکانی تری زمانی بە لادانێکی بێ بنەما لە ستاندارد هەژمار دەکرێن، ئەوان کۆششی ناتەواون بۆ دەربڕین ، ئەو جۆرانە کەسانێك بەکاری دەهێنن کە لە پلەکانی خوارتردان.

بۆیە بە گشتی دەتوانرێت ستانداردکردن بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشبکرێت:

**١ـ ستانداردکردنی بێپلان:**

مەبەست لە ستانداردکردن بێپلان ئەو ڕەوتە مێژوویی و سروشتییە، کە تیایدا جۆرێك لە زمان لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وسیاسیی و ئایینی و ئابووریی کۆمەڵگای زمانی دەگاتە پێگەی ستاندارد. لەم ڕەوتەدا وا ڕێکدەکەوێت کە چالاکی ڕێکخراوەیی بۆ بەکارهێنانی ستاندارد لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەنجام نەدرێت، بەڵکو هۆکاری سیاسی و فەرهەنگی وادەکات خواست و ڕەوایەتی جۆرێك لە زمان گەشەسەندوتر دەکات، بە گرنگی پێدانی نووسەر و هۆزانڤانان و....هتد، ئەو جۆرە زمانە بە تێپەڕاندنی

ڕەوتێك پلەیەكی بەرچاو لە ستاندارد بەدەست دەهێنێت[1] بۆ نموونە زمانی عەرەبی بەهۆی فاكتەری ئایینی و زمانی توركی بەهۆی فاكتەری سیاسی بەجۆری ستانداردكردنی بێپلان هەژمار دەكرێن[2].

زۆرینەی زمانە ستانداردەكانی جیهان بەمجۆرە ستانداردكردن كراون. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، كە لە ستانداردكردنی پلان بۆ دانەڕێژراودا چالاكی مەبەستدار كە پێشتر بیری لێكراوەتەوە لەوانەیە ئەنجام بدرێت، ئەم چالاكییانە بەگشتی هی سەردەمی ئێستایە و زۆرتر بەستراوەتەوە بە قۆناغەكانی پێشتری ستانداردكردنە، لەوانە كۆكردنەوە و چەسپاندن، بەڵام قۆناغی زۆر سەختی هەڵبژاردنی پێوەرە باوەڕپێكراوەكان بەگشتی خۆنەویستانە ئەنجام دەدرێت، ئەم هەڵبژاردنەش بە هەلومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتیەوە بەستراوەتەوە[3].

## ٢ـ ستانداردكردنی بەپلان:

شێوازێكی تری ستانداردكردن كە هی سەردەمی نوێیە، ستانداردكردنی بەپلان، ئەمجۆرە ستانداردكردنە، بە جۆرێك لە پلانرێژی زمان هەژماردەكرێت، كە كۆمەڵێك چالاكی مەبەستدار و بە پلان دەگرێتەخۆ. لەمجۆرە ستانداردكردنەدا وڵاتەكان، حكومەتەكان یان دامەزراوەیەك جۆرێكی زمان بە زمانی ستاندارد هەڵدەبژێرێت، بە بەرنامە بۆ دارشتنێك ئەو زمانە یان

[1] - ناصر قلی سارلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٦١.

[2] - لە بەشی دووەمدا بە درێژی ئەم حاڵەتەمان خستۆتەڕوو.

[3] - ناصری قلی سارلی، ل ١٦١ – ١٦٢.

شێوەزارە دەگەیەنێتە پلەی ستاندارد. لەمجۆرە ستانداردکردنەدا هەندێك دامەزراوە وەکو کۆڕی زانیاری و ڕێکخراوی پەیوەندیدار بە زمان کاری لەسەر دەکەن، لەمجۆرەشدا هۆکار و بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری دەخەنە سەر ستانداردکردنی زمان، بەگشتی ئەو دامەزراوانە لە سیاسەتی کاری خۆیان ئەو هەلومەرجە لەبەر چاو دەگرن، لەمجۆرە ستانداردکردنەدا هەندێك جار بەرژەوەندی زمان و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی ستاندارد ناچاردەکات بڕیاری سەرسورهێنەر بدەن، بۆ نموونە هەڵبژاردنی زمانی عیبری کلاسیك بە ناونیشانی زمانی ستاندارد و بەرزکردنەوەی پلەی ئەو زمانە بۆ جۆرێکی زمانی کارا و گونجاو بۆ ژیانی ڕۆژانە، سەیر لەوەدایە کە لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم زمانە هیچ کەسێك بە عیبری کلاسیك قسەی نەدەکرد و ئەمجۆرە زمانە تەنها لە نووسراوە پیرۆزەکانی یەهودییەکان بوونی هەبوو[1].

پلانی زمانیش یاخود ئەندازەی زمان ، هەوڵێکی ورد و سیستیماتیکی و لەسەر تیۆر دامەزراوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگایەکی (فرەزمانی) یاخود (تاکزمانی)یە. ئەو سیاسەتەی زمان هەوڵدەدات لەناو هەموو دیالێکتەکانی زمانێك (کۆمەڵگای تاکزمانی) یان زمانەکانی کۆمەڵگایەکی فرەزمانی، دیالێکتێك بۆ تاکەکانی نەتەوەیەك بکاتە زمانی ستاندارد یان زمانی فەرمی وڵات، لە هەمان کاتیشدا لەناو کۆمەڵگای فرەنەتەوەش زمانێك هەڵدەبژێرێ، کە ببێتە زمانی فەرمی وڵات.[2] واتە زمانی

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

[2] - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، ل٨٧.

ستاندارد لە ئەنجامی پلاندانانی شارەزایانی نەتەوەیەك یان ئێتنیكێكی دیاریكراودا پەیدا دەبێت[1].

هەر جۆرە زمانێك بۆ تێپەڕبوون لە شێوەزار بۆ زمان و لە زمانی ناوچەییەوە بۆ زمانی ستاندادر، دەبێت چەند قۆناغێك ببڕێت، زماننناسان قۆناغی زۆر و هەندێك جار جیاوازیان باسكردووە، بۆ بەرەوپێش چوون و فراوانی زمان، هەندێك لە دابەشكردنی قۆناغەكانی ستانداردكردن بە قۆناغی جیاواز، دیدێكی گشتگیریان هەیە و هەندێكی تر ڕوانگەیەكی بەش بەشكردنیان هەیە. بۆیە لێرەدا هەندێ لە شێوازەكانی ستانداردكردنی پلاندارێژراو لای زمانەوانان دەخەینەڕوو:

### ١ـ شێوازی هۆگن (Hougen)

بایەخدارترین بیرۆكە سەبارەت بە قۆناغی ستانداردكردن لە لایەن (ئینار هۆگن)ی نەرویجی داڕێژراوە، بڕوای ئەو لەو ڕوانگەیەوە جێگەی گرنگی پێدانە، كە ئەو لێكۆڵینەوەی زۆری لەسەر ستانداردكردنی ولاّتانی ئەسكەندەنافیا ئەنجام داوە و نموونەكەی خۆی لەسەر بنەمای بینین و لێكۆڵینەوەی زانستی بنیات ناوە[2].

ئینار هۆگن لە وتارەكەیدا (دیالێكت، زمان، نەتەوە)، كە لەساڵی ١٩٦٦ بلاّوی كردەوە، شێوازی ستانداردكردنی زمانی باسكردووە، ئەمەش بەشێوەیەكی گشتی پەسندكراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ بە شێوازی پلانی

---

[1] - غازی عەلی (٢٠٠٦)، پڕۆژەی ستانداردكردنی زمانی كوردی، ل ٢٣٥.

[2] - ناصر قلی سارلی، ل ٢١١.

زماندا چووەتەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێك بدۆزێتەوە کە پێویست بەگۆڕینی لایەنە بنچینەییەکانی ئەو پلانە بکات[1]. واتە شێوازەکەی هەر وەك ساڵی ١٩٦٦ کە دایِنابوو، وەك خۆی ماوەتەوە و، تا ئێستاشی لەگەڵدابی هەر ئەکتیڤە و کاری پێ دەکرێت.

بەگوێرەی شێوازەکەی هۆگن، گۆڕانی دیالێکتێك بۆ زمان پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە پرۆسەی ڕێکخستنی ڕێساکان و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزم،[2] واتە زمانی ستاندارد دوای چەند هەنگاوێکی یەك لەدوای یەك دروست دەبێت.[3] بەجۆرێك (هۆگن) بۆ ستانداردکردنی زمان چوار هەنگاوی یەك لەدوای یەکی داناوە:ـ

١ـ قۆناغی هەڵبژاردنی پێوەر

٢ـ قۆناغی کۆکردنەوە و بەیاسایی کردنی.

٣ـ قۆناغی گەشەپێدانی ڕۆڵ و کارکردنەکانی

٤ـ پەسەند کردنی لەلایەن کۆمەڵگاوە[4]

بە بڕوای (ئینار هۆگن) دوو قۆناغی یەکەم، بەگشتی پەیوەندیدارە بە شێوەی زمان و دوو قۆناغی دووەم پەیوەندیدارە بە ڕۆڵ و کارکردنەکانی.

---

١- Amir Hassan Pour, p. 30.

٢- Ali Mahmood jukil, p. 12.

٣- غازی عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.

4- Haugen, E. (1966), Dialect, Language, Nation, American Anthropologist, Vol. 68 , No. 6, p. 933.

قۆناغی یەکەم و چوارەم پەیوەندیدارە بە کۆمەڵگەوە و دوو قۆناغی دووەم و سێیەم پەیوەندیدارە بەخودی زمانەوە[١].

## ٢ـ شێوازی ڕای (Ray)

بە بڕوای (ڕای) چالاکی ستانداردکردن لە دوو قۆناغ پێکهاتووە[٢]:

١ـ لە قۆناغی یەکەمدا نموونەیەك بۆ لاسایی کردنەوە دروست دەکرێت.

٢ـ لە قۆناغی دووەمدا ئەو نموونەیە لەبەرانبەر نموونە ڕکابەرەکاندا پەرەی پێدەدرێت و بڵاودەکرێتەوە.

مەبەست لە دروست کردنی نموونەیەك بۆ لاسایی کردنەوە کۆمەڵە پێوەرێکی زمانەوانییە، کە دەتوانێت حەزی بەکارهێنان لای خوێنەر و بیسەر دروست بکات، نموونەی مەبەست خۆی دوو شێوەی گوتن و نووسینی هەیە، سەبارەت بە نموونەکانی گوتن خەڵکی بەهۆی خوو پێوەگرتن و لەبەردەست بوونیان بەکاری دەهێنن، سەبارەت بە نموونەکانی نووسین، بوونی ئەدەبیاتێك پێویستە[٣].

1- Haugen, E. (1966), Dialect, p. 933.

٢- ناصری قلی سارلی، ل ٦٢.

٣- Ray, P. S. (1986), Language Standardization, Mouton, P. 759.

### ٣ـ شێوازی ڕۆبێرت هال (Hall)

ڕۆبێرت هال سێ قۆناغی بۆ ستانداردکردن داناوە[١]:

١ـ هەڵبژاردنی جۆرێك زمان کە لەوانی تر پەسەندتر بزانرێت.

٢ـ دیاریکردنی سنوری چالاکی مرۆڤ، کە ئەوجۆرە زمانەی ئەوان بەکاری بهێنن.

٣ـ ناساندنی ئەو جۆرە زمانە لەلایەن خەڵکەوە بە ناونیشانی زمانی ستانداردی نوێ.

قۆناغەکانی (هال) زیاتر پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و (هال) گرنگی نەداوە بە ڕەوتی ئەنجامەکانی گۆڕانکارییە پەیوەندیدارەکانی ستانداردکردن، کە هەڵبژاردنی ستاندارد و پەسندکردنی لەلایەن خەڵکەوە ڕەوت و بەدەستهاتووەیەکی تەواو کۆمەڵایەتییە، بەکاربردنی ستاندارد لە سنوری چالاکی مرۆڤانەدا لەگەڵ ئەوەدا کە بە جۆرێك لە گۆڕانکاری زمانەوانی هەژمار دەکرێت، بەروونی دیارە کە کارێکی کۆمەڵایەتییە[٢].

### ٤ـ شێوازی هدسن (Hudson)

هدسن بە هەمان شێوەی هۆگن، چوار قۆناغی بۆ ستانداردکردنی زمان دیاریکردووە، کە پێی وایە هەر زمانێك بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ستانداردبوون، دەبێ چوار قۆناغ تێپەڕ بکات، کە بەمشێوەیە:ـ

---

1-R. A. Hall (1972), pidgins and creoles as Standard Languages, Britain, p. 144.

٢- ناصر قلی سارلی، ل ٢١١.

قۆناغی یەکەم: ئەو شێوە زمانەی کە هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە ستاندارد بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار کە زۆرتر سیاسیی و کۆمەڵایەتین.

قۆناغی دووەم: لەم قۆناغەدا گەڵاڵەداڕێژانی زمانەکە بە کۆکردنەوەی وشە، نووسینی ڕێزمان، ڕێنووس و فۆنەتیکی ئەو شێوە زمانە، سەقامگیری دەکەن.

قۆناغی سێیەم: لەم قۆناغەدا زمانەکە دەبێتە زمانی فەرمانگە و قوتابخانە و دامودەزگای یاسایی و ڕۆشنبیری، واتە لەم قۆناغەدا زمان لە بواری پێکهاتە و شێواز و وشەوە بەرەو دەوڵەمەندبوونەوەی زۆرتر دەچێت و پەرەدەستێنێت.

قۆناغی چوارەم: لەم قۆناغەدا، قۆناغی پەسندکردنی ئەم شێوە زمانەیە لەلایەن خەڵکەوە، شێوە زمانێك ئەگەر لەلایەن زۆرینەی جەماوەرەوە وەکو پێوەر پەسند نەکرێت، ئەوا ناتوانێت ببێتە زمانی ستاندارد[١].

## ٥- شێوازی میلرۆی (Milroy)

میلرۆی دوو قۆناغ بۆ قۆناغەکانی ئینار هۆگن زیاد کردووە، بە بڕوای ئەو ستانداردکردن ئەو قۆناغانە دەبڕێت[٢]:

١- هەڵبژاردنی جۆرێك بۆ ستاندارد

٢- پەسندکردنی جۆری هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە

٣- گەشەپێدانی و بلاْوکردنەوەی جوگرافییانە و کۆمەڵایەتییانەی جۆرەکە

٤- کۆکردنەوە (بەیاسایی کردن) و جێگیرکردنی ستاندارد

---

[1]- Hudson, R. A. (1980), Sociolinguistics, Cambridge University press, Cambridge, p, 34.

[2]- Milroy, J. and Milroy(1985), Authority in Language, London, p. 27.

٥- پارێزگاری و چاککردنەوەی ستاندارد

٦- گەشەپێدانی ڕۆڵ و کارکردنی ستاندارد.

هاوبیرانی ملیروی بەشێك لەچالاکییەکانی پەسندکردنی ستاندارد و فراوانکردنی ڕۆڵ و کارکردنی بە بەشێکی جیاوازیان لەقەڵەمداوە، بەڵام گرنگترین خاڵی دابەشکردنەکەی ئەوان، ئاماژەکردنە بە قۆناغی پارێزگاری و نوێکردنەوەی ستاندارد، کە (ئینار هۆگن) ئاماژەی پێنەدابوو، چونکە ستانداردکردنی زمان ڕەوتێکی ئەنجامگیری مێژووییە، کە هیچکات تەواو نابێت، هەر کە هەڵبژاردنی پێوەرەکانی ستاندارد و پەسندکردنی لەلایەن خەڵکەوە دەست پێدەکات، ئیتر بۆ پاڕاستنی ستاندارد لە پێگەی باڵای خۆی کێشمەکێشمێکی بەردەوام دەست پێدەکات، لەهەر کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی، فشار و هێزێك بوونی هەیە کە هەوڵ بۆ پاڕاستنی ستاندارد دەدات، لەبەرانبەردا هێزێکی دژی بوونی هەیە، کە ڕێگری دەکات لە سەپانی ستاندارد بەسەر زمانی کۆمەڵگەدا[1].

## ٦- شێوازی بارچ (Bartsch)

بارچ لەو باوەڕەدایە کە ستانداردکردنی زمان بە دوو شێوە دەستەبەر دەبێت، کە بەمشێوەیە:-

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

قۆناغی یەکەم:ـ لەنێو شێوەزار و دیالێکتەکانی زماندا، یەکێکیان بەهۆی پاڵپشت و ژێرخانی فەرهەنگیی، مێژوویی، ئەدەبی و... وەکو پێوەر پەسند دەکرێت، ئەمجۆرە پەسندکردنە شێوەی سروشتی ستانداردبوونی زمانە.

قۆناغی دووەم:ـ هەڵبژاردنی شێوەزارێك و ستانداردکردنی لەلایەن دامودەزگای تایبەتی گەلاڵەدارِێژی زمان بۆ ماوەیەکی کورت دەبێت[1].

هەروەها (بارچ) داکۆکی لەسەر ئەوەش دەکات، کە ئەو شێوە زمانە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندارد، دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت:ـ

١ـ گرووپێکی سیاسیی، ئابووریی و خوێندەوار بەکاری بێنن.

٢ـ ئەو شێوە زمانە خاوەنی مێژوویێکی ئەدەبیی و خاوەن نووسەری گەورە بێت.

٣ـ لە هەرێمێکی جوگرافیدا باوی هەبێت[٢].

## ٧ـ شێوازی گارڤین (Garvin)

شێوازەکەی گارڤین لەسەر ستانداردکردن، لەسەر دوو جۆری پێکهاتەیی بنیات نراوە[٣]:

١ـ سەقامگیری نەرم

بەگوێرەی بۆچوونی گارڤین، زمانی ستاندارد دەبێت نموونە گونجاوەکانی نەرم و سەقامگیر بێ، تاوەکو ئەرکی خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی جێبەجێ

---

1- Bartsch, Renate(1987), Norms of Language, Longman, London, P. 250.

2- Bartsch, (1987), p 251.

٣- عەلی مەحموود جوکل(٢٠١١)، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢ – ١٢٣.

بکات و، ڕێگا بە پەیوەندییە نوێیەکان بدات و وەڵامدانەوەیەك بێت بۆ گۆڕانە کلتورییەکان کە لە ئاخاوتنی کۆمەڵگا ڕوودەدات، ئەو تایبەتمەندییە دەکرێ بەدەست بێ، کاتێك زمانەکە یاسا و توانای وای هەبێت کە بتوانێت جێگای ئەو یاسایانە بکاتەوە کە تازە پۆلێنکراوە و هاتوونەتە ناو ڕێسای زمانەکەوە، بەتایبەت کاتێك ڕووبەڕووی هەلومەرجی گۆڕانکاری دەبێتەوە، ئەم گۆڕانانە بە هەنگاوی خێرا ڕوونادەن، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدات.

٢- ڕووناکبیرییەتی:

دەکرێت ڕووناکبیریەتی زمانی ستاندارد وا لێك بدرێتەوە، کە پەیڕەوکردنی ئامانجێکە کەوا لە زمانەکە بکات، چڕو بەهێز بێت، ئەگەر پێویستیش بێت، دەستەواژە و دەربڕینەکانی پوخت بن، ئەم گۆڕانکارییە لە زماندا بەشێوەیەکی سەرەکی کاردەکاتە سەر پێکهاتەی وشەسازی و لایەنەکانی تری ڕێزمان.

## ٢ـ ٧ : قۆناغەکانی ستانداردکردنی زمان

### ١ـ هەڵبژاردنی پێوەرێك

هەمیشە شێوەزارێك بۆ ستانداردکردن هەڵدەبژێردرێ یان لەوانەیە ببێتە زمانی ناوەندێکی گرنگ یان ببێتە تێکەڵەی چەند شێوەزارێکی هەمەجۆر[١]. هەڵبژاردنی پێوەرێکیش ڕەنگە ئەستەم بێ، چونکە بەشێوەیەکی گشتیی ئەمە پشت بە هەڵوێستی ئاخاوتنی کۆمەڵگا دەبەستێ، ئاخۆ بەسەر ئەم زەحمەتییە زاڵ دەبن لە هەڵبژاردنی پێوەرێك یان تەنانەت لەبەرانبەر زەحمەتییەکی کەمیش ملکەچ دەبن (چۆك دادەدەن).[٢]

لێرەدا پایەی دیالێکتێك یان شێوەزارێك، چ لەلایەنی کۆمەڵایەتی، یان هەژمورنی ئایینی یاخود سیاسیی، زۆر گرنگە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی دیالێکتێك لەنێو دیالێکتەکانی زمانێك، بێگومان ئەم هەڵبژاردنە ڕەمەکی نابێ، بەڵکو دەبێت کەسانی زمانەوان و پسپۆڕ لەبواری زمانەوە ئەنجامی بدەن. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە زمانەوانییە، بەڵام زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە سەپاندنی دیالێکتێك بەسەر دیالێکتەکانی تردا[٣].

خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، دەبێ تەنها دیالێکتێك یان (شێوەزارێك) و تەنها (ئەلفوبێیەك) هەڵبژێردرێ، بۆ ئەوەی تووشی دابەشکردن

---

[1]- Hudson R. A.(1980), Sociolinguistics. Cambridge University press, 1980, P. 33.

[2]-Wardhaugh, R. (1986), An lntroduction to Sociolinguistics, Great Britain, p. 31.

[٣]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، کوردۆلۆجی، ل ٨٧ – ٨٨.

و پارچە پارچەکردن نەبێت.[1] واتە لە توخمی هەڵبژاردندا دیالێکتێك هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی ببێتە بنچینە بۆ زمانی ستاندارد[2].

کەواتە لێرەدا گەرەکە دیالێکتێك دەست نیشان بکەین و هەڵیبژێرین، ئەم هەڵبژاردنەش پەیوەستە بە کۆمەڵێ خاسیەت و تایبەتمەندی، لەوانە:-

١- دیالێکتەکە لە بواری نووسین و ئاخاوتندا خزمەتکرابێ.

٢- دیالێکتەکە لە ڕووی فەرهەنگی وشەوە دەوڵەمەندبێ.

٣- لەلایەن زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کۆمەڵگاکەوە ئاشنابێت.

پێگەی جۆرە شێوەزارە هەڵبژێردراوەکە گەشەدەکات و شێوەزارەکانی تر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە بچووك دەبنەوە، هەڵبژاردن و جێگیرکردنی پێوەری زمانەوانی ڕەوتێکی ئاڵۆزە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێکهاتەی زمان و کۆمەڵگەوە هەیە و کاتێك هەموو خەڵکی وەکو یەك قسە بکەن، ئەو گرفتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە، ئەگەر وانەبێت لەوانەیە ناچاربین بڕیاری ئازاردەر دەربکەین، هەڵبژاردنی هەر زمانێکی ڕەسەن بە زمانی ستاندارد، بەمانای پشتگیری کردن لەو خەڵکە دێت، کە بەو زمانە قسەدەکەن، ئەمەش بەها دەدات بەوان، لەبەرئەوەی پێوەرەکە هی ئەوانە، لە پێشبرکێی بەدەست هێنانی دەسەلأت ئەو بابەتە وەکو خاڵێکی بەهێز بۆ ئەوان بەکاردێت[3].

دەبێ لێرەدا باسی خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە پاڵنەرە سیاسیی و ئایینی و مەزهەبییەکان هەندێك جار ستانداردسازان ناچاردەکەن،

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ٨٨.

[2] - غازی عەلی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٥.

[3] - ناصر قلی سارلی، ل ٢٢٠.

بڕیاری سەیر دەربکەن، تەنانەت لەوانەیە زمانێکی لەنێوچوو بهیننەوە گۆڕێ، ستانداردکردنی زمانی عیبری باشترین نموونەیە، کاتێك كۆچی بە کۆمەڵی یەهودیەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ فەلەستین دەستی پێکرد، هیچ کەسێك بە زمانی عیبری کلاسیك قسەی نەدەکرد، ئەو جۆرە زمانە تەنها لە کتێبە یەهودییەکان بەرچاو دەکەوت، پاڵنەرە ئایینی و سیاسییەکان بوونە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنێکی زمانەوانی لەساڵی ١٨٩٠ دروست ببێت و بە چالاکییەکی بەرنامەبۆداڕێژراو زمانی عیبری کلاسیکیان گۆڕییەوە بۆ زمانێکی زیندوو، لە ئێستادا ئەو زمانە ئاخێوەری رەسەنی هەیە، هەرچەند لە سەرەتای سەدەی بیستەم و تەنانەت ناوەڕاستی ئەو سەدەیە هیچ کەسێك بڕوای نەبوو ئەو چالاكییە بەرنامە بۆداڕێژراوە بۆ ستانداردکردن تا ئەو ڕێژەیە سەرکەوتوو بێت[١].

## ٢ـ بەسیستەمکردنی پێوەرەکە

لێرەدا یەکخستنی ڕێزمان و فەرهەنگی نەتەوە و ڕێنووس هۆکاری گرنگن، بۆ دامەزراندنی دیالێکتی ستاندارد، بێگومان ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێنووسێکی یەکگرتوو، کۆکردنەوەیەکی ڕۆحی قوتابی و خوێنەواری لێدەکەوێتەوە، بەمەش تاکەکانی نەتەوە هەست بە یەکێتییەکی نەتەوەیی بەهێز دەکەن. دروستبوونی ئەو یەکێتییەش ناوەندێکی ستراتیژی دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی زمان[٢].

١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥ – ٢٢٦.

٢- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٨٨.

بۆ چەسپاندنی شێوەزارێك دەبێ هەندێ فەرهەنگ و كتێبی ڕێزمانی بنووسرێن، كەوا لە ئەندامانی كۆمەڵگا بكات ڕازی بن لەسەر ئەوەی كەچی ڕاستە، ڕێكخستنی یاسا پێویستی بەوەیە كە كەمترین ڕادەی جیاوازی لە فۆڕم و واتادا هەبێت، ئەوەش پێویستە كە ئەو ئەندامانە فێری فۆڕمە ڕاستەكانی بن و ئەو فۆڕمە نادروستانەش لە نووسین بەكارنەهێنن، كە ڕەنگە لە شێوەزاری خۆیان هەبووبێت، بۆیە لەوانەیە ئەمە یەكێك لە هۆكارەكان بێت كە ئەكادیمیای نەتەوەییەكان لە كارەكانیاندا ڕووبەڕووی كێشە بووبنەوە. ناوەندی كاری ئەو ئەكادیمیانە زۆر ئەرێنی نییە، چونكە هەمیشە ڕووبەڕووی گۆڕانی بەردەوام دەبنەوە و دەبێ لێكۆڵینەوە لەسەر مەسەلە زمانەوانییە تازەكان ئەنجامبدەن، بۆ خستنەڕووی جیاوازی لەنێوان ستانداردكردن و ڕێكخستنی یاساكان لەڕووی بیردۆزییەوە گرنگە، چونكە پۆلێنكردن و ڕێكخستنی ڕێساكانی زمان لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئابووری، كۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە دەبێت، هەروەها جۆر و مەودا و پلەی ڕێكخستنی ڕێساكان پشت بەوە دەبەستێ، كە ئاخۆ تا چەند لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە ئەم زمانە ڕێكخراوە بەكاردێ، هەر كاتێك ئەو زمانە لە بەكارهێنان لە ناوەندی فێركردن و ئەدەب و خوێندنەوەدا فراوان بوو و هەر كاتێك وەكو هۆكاری مانەوە و پاراستنی دەسەڵات بەكارهات، ئەوا ئەوكات دەكرێ بە زمانێكی ستاندارد لەقەڵەم بدرێ[1].

كەواتە لەم قۆناغەدا كۆددانان دەگرێتەوە، كە چۆنیەتی قاڵب وەرگرتنی فۆرمی نووسین لە زمانی ستانداردا (ڕێزمان، وشە و ڕێنووس)، دوای ماوەیەك

---

[1]- Hudson, R. A. Sociolinguistics, p 33.

زمانی ستاندارد دەبێت بە فۆڕمێکی ئاسایی نووسین و قسەکردن، هەڵبەتە نووسینی ستاندارد دەبێت بە پارێزراو بە بەراورد لەگەڵ قسەکردنی ستاندارد، چونکە قسەکردن زیاتر لە نووسین ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، گۆڕانکاری لە نووسینی ستانداردا بە پێی گۆڕانکارییەکانی قسەکردن بگۆڕێن[١].

بەزۆری نووسەری فەرهەنگی زاراوەکان لەم بابەتەدا هاوڕان، کە کاری فەرهەنگنووسین لەسەر چالاکییەکی وەسفکەرانەیە، هەرچەند ئەوان ڕاستوڕەوان نانووسن، فلان واژە چۆن دەبێت بەکاربێت، یان خۆمان بەدوور بگرین لە بەرکارهێنانی کام واژە، بەهەرحاڵ فەرهەنگنووسان خۆیان لە پێگەیەك دەبیننەوە، کە دەبێت بڕیار بدەن کە کام واژەیە بڵاوە یان نا، ڕاستە یان نا، ئاساییە یان نائاساییە، زیاتر فەرهەنگە گشتییەکان کە بۆ چەند زمانێکی دنیا بڵاوکراونەتەوە، بەگشتی یان بە تایبەتی دەپرژێنە سەر پێوەرەکانی بەکاربردنی ستاندارد[٢].

### ٣ـ قۆناغی پەرەپێدان و فراوانبوونی لە ئەرکدا:

ئەو شێوازەی کە بە سیستەمکراوە، پێویستی بە گۆڕانێکی زۆر هەیە لە بەکارهێناندا، پێویستە لە بواری زانست، ئەدەبیات، ڕۆژنامەوانی، ... هتد بەکاربهێنرێت[٣]. پاش ئەوەی دیالێکتێك لە دیالێکتەکان هەڵبژێردرا و بنەماکانی بەستاندەرکردنی بۆ داڕێژراو لەهەموو لایەکەوە بەرەو زمانێکی باڵا

---

[١]- غازی عەلی، پرۆژەی زمانی ستانداردی کوردی، ل ٢٣٥ – ٢٣٦.

[٢]- ناصر قلی سارلی، ل ٢٣٣ – ٢٣٤.

[3]- Amir Hassan pour, p. 30.

بردرا، کە نوێنەری هەموو نەتەوە بێت نەك ناوچەیەك، ڕۆڵی حکومەت دەست پێدەکات لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییە، دەبێت حکومەت لە دامودەزگای خۆی بەتایبەتی هەر سێ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن خەڵك هانبدات ئەو شێوە زمانە بەکاربێنن و بە زمانی خۆیان بزانن[1].

کەواتە لێرەدا ئەو شێوەزارەی ڕێسای بۆ پۆلێنکراوە بەرزترین ئاست لە گۆڕان لە ئەرکی خۆی بەدەست دێنێ، ئەو فۆڕمە دەبێ توانای ئەوەی هەبێت لە هەموو ئەو ئەرکانەی پەیوەستن بە حکومەتی ناوەندی و، نووسین وەکو زمانێکی ڕەسمی بەکاربێت، بۆ نموونە لە پەرلەمان، لە کاروباری حکومەت و بەڵگەنامەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و بەڵگەنامە دادوەرییەکان و زانستییەکان و سیستمە جۆراوجۆرە پەروەردەییەکان وەکو زمانی فێرکردن، واتە لە ناوەندی فێرکردنی سەرەتایی و ناوەندی و باڵادا، وەکو زمانی فێرکردن لە یاسای وەزارەتی پەروەردە تۆمار دەکرێ، هەروەها ئەم زمانە لە دەستووری وڵاتیشدا دەچەسپێ و، دەبێ شیاو بێ بۆ بەکارهێنانی لە شێوە جیاوازەکانی ئەدەب وەکو زمانێکی نەتەوەیی، کە زمانی کیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییە لە بەکارهێنانی بۆ ئەو هەموو ئەرکانە، لەوانەیە ئەم فۆڕمە پێویستی بە یەکەی زمانەوانی زیاتر هەبێ، بەتایبەتی وشە تەکنیکییەکان، بەڵام ئەمە پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو نەریتانەی کەوا دەکات ئەو فۆڕمە بەدەستهاتووە بەکاربهێنین[2].

---

[1]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، کوردۆلۆجی، ل ٨٩.

[2]- Hudson, R. A. Sociolinguistics, p. 33.

لەم قۆناغەدا، زمانی ستاندارد دەبێت هەموو تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی پەیوەندیدار بە زمانی بالأبەدەست بهێنێت، هەروەك فێرگسۆن ئاماژەی پێدەکات، سیٚ تایبەتمەندی زمانی بالاٚ ئەمانەن:

١ـ بەکارهێنانی لە دامودەزگاکانی حکومەت، نووسین و بیرۆکەی بالاٚ.

٢ـ بوونی ڕوویەکی زۆر بالاٚ.

٣ـ بەکاربردنی لە ئەدەبیات و گەنجینەی ئەدەبیدا[١].

وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، کە شێوەزارە هەڵبژێردراوەکە لەم قۆناغەدا لە دامودەزگاکانی حکومەت، دادگاکان، دەقەکانی یاسایی، بەلگەنامە ئیدارییەکان، نامەگۆڕینەوە ئیدارییەکان، بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەم هۆیە حکومەتەکان گرنگی زۆر بە زمانی ستاندارد دەدەن و هەوڵدەدەن بۆ گەشەپێدانی، لە دوو ڕوانگەوە زمان بۆ حکومەتەکان گرنگە، یەکێکییان لە کارەکانی حکومەت دووەمیان لە پەروەدە و فێرکردندا، چینی دەسەلاٚتدار و پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵکی پێویستی بە یەك جۆر زمان و شێوەزار هەیە، پەروەدە و فێرکردنیش پێویستی بەو زمانە هەیە، کە بەکاردەهێنرێت[٢].

یەکێك لە بەکارهێنانە تازەکانی زمانی ستانداردی تازە دروست بوو ئەوەیە، کە ببێتە زمانی زانستە جیاوازە مرۆییەکان و بیرۆکە هزرییە ئالۆزەکان (بالاٚکان)، لە هەندێك لەو زمانانەی کە ڕەوتی ستانداردکردنیان لە رابردوویەکی زۆر دوورەوە دەستی پێکردووە، زۆربەیان لە دەستپێکیانەوە نووسینە

---

[1]- Ferguson, C. A. (1996), Diglossia, Oxford, Oxford University Press, p. 326.

[٢]- ناصر قلی سارلی، ل ٢٢٧.

زانستییەکان و فەلسەفە دەرکەوتووە، بەڵام ئەو زمانانەی تازە ڕەوتی ستانداردکردنیان دەستپێکردووە، بەهۆی ئاڵۆزی زانستی نوێ، توانا و شایستەی ئەو زانستە نین[١].

## ٤ـ پەسندکردنی لەلایەن کۆمەڵگاوە

دەبێ شێوەزارەکە وەکو زمانی نەتەوەیی لەلایەن قسەکەرانی کۆمەڵگاوە پەسند بکرێ، هەر کاتێك ئەمە ڕوویدا، زمانە ستانداردەکە بەگەڕ دەخرێ، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری هێز و یەکگرتن لەپێناو دەوڵەتی نەتەوەیی، وەکو هێمای سەربەخۆبوون لەدەست نەتەوەکانی تر و وەکو هێمایەك بۆ حاڵەتی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بۆ ئەو نەتەوانەی خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نین، ئەمە ڕێك ئەو ئەرکەیە کەوا لە نەتەوەیەك دەکات زیاتر بەرەوپێش بچێت[٢].

شێوازەکەی هۆگن تاڕادەیەکی زۆر سوود بەخشە لەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان پرۆسە گەورەکانی ستانداردکردن و تێگەیشتن لێیان، بەڵام مەودایەکی فراوان لە مشتومڕ هەڵدەگرێ سەبارەت بە هەندێ لایەنی ستانداردکردن، بۆ نموونە ئەوە گرنگ نییە کە ستانداردکردن دەبێ مەسەلەکەی گۆکردن و نووسینی تێدابێ یان کە زمانی ستاندارد دەبێ وەکو تاکە شێوەزاری ڕاست و دروست دەستی پێوە بگیرێ[٣].

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٧ – ٢٢٨.

[2]- Wardhaugh, R. An introoduction to Sociolinguistics, p. 30.

[3]- Ali Mahmood Jukil, p. 14.

ئەگەر وا بڕیاربێت زمانی ستاندارد زمانێکی زیندووی قسەی پێبکرێت و ڕۆڵ و کارکردنی بە باشی ئەنجام بدات، پێویستە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە پەسندی بکەن و ئەو جۆرە زمانە لە کۆمەڵگەدا بلاّوبکرێتەوە، بلاّوکردنەوەی زمانی ستاندارد ڕەوتێکی چەند لایەنییە و سێ جۆری جیاوازی هەیە : بلاّوکردنەوەی لە شوێنی (سنورێکی جوگرافی)، بلاّوکردنەوەی ڕۆڵ وکارکردنی، بلاّوکردنەوەی کۆمەلاّیەتی. مەبەست لە بلاّوکردنەوەی شوێنی فراوانکردنی سنوری جوگرافی زمان و ستانداردە و لەنێوبردنی سنورەکان و بەربەستە سروشتییەکانە، لە حاڵەتی بەئەنجام گەیاندنی ئەو جۆرە بلاّوکردنەوەیە، ئاخێوەرانی شێوەزارە جوگرافییەکان لەگەڵ شێوەزاری خۆیان زمانی ستاندارد یان لە شێوەی زمانێکی بالاّ بەکاری دەهێنن و لە پەیوەندییە زمانەوانییەکانی خۆیان سوودی لێدەبینن، ڕاگەیاندنەکان بەتایبەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە بلاّوکردنەوەی ئەو جۆرە زمانە ستانداردە[1].

## ٥ـ قۆناغی پاراستنی ستاندارد

لەم قۆناغەدا وا پیویست دەکات هەموو لایەك زمانە هەڵبژێردراوەکە بپارێزین، ئەم پارێزگاری لێکردنەش پێویستی بە کات و بەردەوامی هەیە، چونکە زمانی ستاندارد بەردەوام لەلایەن پێوەرەکانی بەربەرەکانی و هەڕەشەی لێدەکرێت و هەمووکات دەکەوێتە بەر شالاّوی دزەکردنە ناوی و

[1]- ناصر قلی سارلی، ل ٢٤١ — ٢٤٢.

ناڕەحەت کردنی شێوەزارە جۆراوجۆرەکان. لەوانەیە هەندێك ستاندارد بە تێپەڕینی چەند وەچەیەك گۆڕان بەسەر پێوەرەکانیدا بێت و پێگەی ستانداردی خۆی لەدەست بدات و ستانداردێکی تر جێگەی بگرێتەوە، لەوانەیە خودی زمانی ستانداردیش لە دوای ماوەیەك بەهۆی جۆراوجۆری کارکردنی دابەشببێت بۆ چەند شێوەزارێك، بەمجۆرەش خولی ستانداردکردن بکەوێتەوەگەڕ، بەڵام بەهێزترین پێکهاتەی پاراستنی ستاندارد بەئەگەری زۆرەوە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنە، مامۆستایانی فێرگەکان بەزۆری هۆگریەتێکی زۆریان بۆ سەپاندنخوازی و بیرۆکەی نەگۆڕانی زمان هەیە لە سیستەمی فێرکردندا، زمانی نووسین لە پێشترە، زمانی ئاخاوتنی پلان بۆداڕێژراو لە پێشترە لە بیٚ پلاَن، پەسندنەکردنی شێوەزاری ناستاندارد ئایدۆلۆژی ستاندارد پێداگیری لەسەر دەکرێت[1].

نووسەرە گەورەکان و دەوڵەمەندی بەرهەمی ئەدەبی هۆکاری ترە بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی ستاندارد، نووسەرەکان بەو بەرهەمە ئەدەبییە شکۆدارەی کە لەپاش خۆیان بەجێیان هێشتووە، ڕوویەکی بالاَ دەبەخشنە زمانی ستاندارد، لەو ڕووەوە وا نیشان دەدرێت هەر کەسێك بیەوێت ببێتە کەسێکی پێگەیشتوو، دەبێت، فێری بەرهەمە ئەدەبییەکان و ستاندارد ببێت، ئەم هۆکارە بەتایبەت کاتێك کاریگەرە، کە توخمی ئەدەبی ڕۆڵ و ئامادەبوونێکی زیاتریان لە زمانی ستاندارد هەبێت[2].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٧.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.

# بەشی سێیەم

# زمانی ستاندارد لە هەندێ وڵاتان (*)

## ١ـ ئێران

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لە ١٩٧٩/٢/١١، کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزرا، پایتەختەکەی (تاران)ە و، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە [١].

لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ دەستووری کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەندرا، ئەو دەستوورە بڕیاری سێ دەسەڵاتەکەی دیکە دەدات: جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی [٢]. دەستووری ئێران، کە بە (یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران) ناودەبرێت، لە ٢٤ی ئابانی ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی بەرانبەر (١٥)ی ئەیلوولی ١٩٧٩ نووسراوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١ ڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەر دراوە و، لە ڕاپرسییەکی جەماوەریدا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار لە ساڵی ١٩٨٩ پەسند کرا[٣].

---

*- سەرەتا باسی ئێران و تورکیا و سوریا دەکەین، لەبەر ئەوەی سێ پارچەکەی تری کوردستان دەکەوێتە ئەم سێ وڵاتەوە، بۆیە هەر لەوێ باسی ڕەوشی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی ڕەسمی ئەم سێ وڵاتە دەکەین.

[١]- کەریم ئەحمەد محەمەد داودی (٢٠١٠)، کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای جیهان، بەرگی یەکەم ، ل ١٢٧ — ١٢٩.

[٢]- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، چاپی دووەم، هەولێر، ل ٩٧.

[٣]- یان یەرپە (٢٠٠٤)، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ئێران، و: فایەق سەعید، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٣١.

لەم دەستوورەدا لە ماددەی (١٥)دا ئاماژە بە زمان دەکات، تیایدا بە ڕاشکاوی دەڵێت زمانی فەرمی وڵات فارسییە.

**ماددەی (١٥): زمان و نووسینی فەرمی و هاوبەشیی خەڵکی ئێران فارسییە، پێویستە بەڵگەنامە و نووسراوە فەرمییەکان و کتێبەکانی قوتابخانە بەم زمانە و نووسینە بێت، بەڵام کەڵك وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکان[١] لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە گروپییەکان و وانەوتنەوەی ئەدەبیاتی خۆیان لە قوتابخانەکان لەتەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە[٢].**

واتە زمانی فارسی بە تەنیا زمانی فەرمی و گشتییە لە وڵاتدا، بۆیە پێویستە لەسەر گەلانی ئێران بە هەموو نەتەوە و چینەکانی، ئەم زمانە لە هەموو دامەزراوەکانی وڵات بەکاربهێنن، هەروەها زمانی فێرکردنە لە قوتابخانەکان. دەربارەی زمانی کوردی، کە زمانی چەندین ملیۆن کوردە لە ئێران، کەچی تەنیا دەشێ لە بواری ڕۆژنامەگەریی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە گشی بەکاربهێنرێت، واتە ئەم زمانە لە ئێران زمانی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنی حکومییە و هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی وڵات، هەروەها دەشێ ئەم زمانە لەپاڵ زمانی فارسی ئەدەبەکەی بخوێندرێت، بەو واتایەی ئەم زمانە و زمانانی تر هیچ سەربەخۆییەکیان نییە و، هیچ لایەنێکی یاسایی و دەستووریی نییە بۆ فێربوونیان، بەڵکو ئەگەر بەکاربهێنرێت، ئەوا پێویستە لە خزمەتی

---

[١]- لێرەدا وشەی (قەومی) لە ئێران نەتەوە ناگرێتەوە، چونکە لە ئێران تەنیا فارس نەتەوەیە و، لە نەتەوە بچووکتر، (قەوم) دەگرێتەوە و، بە بڕوای فارسەکان کورد و عەرەب و تورك.... قەومن نەك نەتەوە!

[٢]- دستور جمهورية ايران الاسلامية، ط ١، طهران، ١٤٠٣ كۆچی.

سیاسەتی وڵاتدا بێت و، ئەگەر ئەم زمانە بۆ خوێندنیش بەکارهات و بووە زمانی فێرکردن، ئەوا پێویستە لەپاڵ زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت.

لە ماددەی (١٦)ی دەستووری ئێراندا هاتووە **((لەبەر ئەوەی زمانی قورئان و زانست و پەروەردەکانی ئیسلامیی عەرەبییە و، ئەدەبی فارسیش بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵیدا هاوکۆکە، بۆیە پێویستە ئەم زمانە لەدوای قۆناغی سەرەتایی تاکو کۆتایی قۆناغی ناوەندی بخوێندرێت))**[١]. واتە زمانی فارسی زمانی ڕەسمییە لە وڵاتدا، کەچی زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانی پیرۆزە، ئەوا تەنیا بۆ ماوەی سێ ساڵ زمانی فێرکردنە.

کەواتە وەکو دەردەکەوێ لە وڵاتی ئێران زمانی کوردی و زمانانی تر جگە لە فارسی بە زمانی ناوچەیی سەیر دەکرێت، ئەم کارەش دیارە بەرنامەداڕێژراوە، تاکو کوردەکانی کوردستانی ئێران لایەنی هەستی نەتەوەیی و بەهای ڕوحییەتی نەتەوەییان لاواز بێت و زمانی خۆیان لەبیر بکەن، هەروەکو (هاشمی ڕەفسنجانی) سەرۆکی پێشووی ئێران دەڵێت:((لاوازی زمان دەبێتە هۆی لاوازی بەهای ڕوحانی گەل))[٢]، کە ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە لاوازکردنی زمانی کوردی لە ئێران، دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەهای ڕوحییەتی گەلی کورد.

---

[١]- دستور جمهورية ايران الاسلامية، ط ١، طهران، ١٤٠٣ کۆچی.

[٢]- بڕوانە: محمد هماوندى (د)(٢٠٠٣)، تهديد الارض و اللغة في كوردستان ـ من هو المسؤول؟، دار هماوند للنشر والطبع، مطبعة رامان، سليمانية، ص ٩٦. جريدة الحياة اللندنية، عدد (١٠٧٢٩)، ١٩٩٢/٦/٢٥، صحيفة (صوت الكويت اللندنية)، ١٩٩٢/٦/٢٣.

دیارە ئەم ماددەیەی دەستووری ئێرانیش لە واقیعدا بوونی نییە، چونکە ڕێگا نادرێت وانەی زمان و ئەدەبی کوردی یان زمانەکانی تر جگە لە زمان و ئەدەبی فارسی لە قوتابخانەکان بخوێنرێت، تەنیا بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بۆ ناوەند و گروپی ئەهلی (ناحکومی)یە، دەشێ بەشێوەیەکی زۆر سنووردار وانەی زمانی کوردی بخوێنرێت، ئەویش تەنیا لەپاڵ زمانی فارسی، واتە بە بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی فارسی یان وەرگێڕانی لە فارسی بۆ کوردی یاخود لە کوردی بۆ فارسی.

ئەگەر بێینە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران، بەتایبەتی سەیری پەیڕەو پرۆگرامی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بکەین، دەبینین لە ماددەی دووەم لە بڕگەکانی (١٢، ١٣) ئاماژە بە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی فارسی دەکات وەکو زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستانی ئێران. ئەم بە فەرمی کردنەش بۆ هەموو ناوەندەکانی خوێندن و یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی ئێرانە، بەمشێوەیەی خوارەوە[1]:

**ماددەی دووەم: بنچینەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**١٢ـ زمانی کوردی، زمانی فەرمیی هەموو ئاستەکانی خوێندن و پێوەندییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە، زمانی فارسی لە هەرێمی کوردستانیش لەپاڵ زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت.**

---

[1]- بەرنامە و پێڕەوی نێوەخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی چواردەهەم (کۆنگرەی گەشەکردن و بە جەماوەریترکردنی خەبات)، ١٠ – ١٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل ٦ – ٧.

**١٣- پێوەندییە فەرمییە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئۆرگانەکانی سەر بە دەوڵەتی فیدڕاڵ لە کوردستان و هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا بە زمانی فارسی دەبێ.**

دیارە لە داهاتوودا ئەگەر هەرێمی کوردستانی ئێران دابمەزرێت، ئەوە لەپاڵ زمانی کوردی، زمانی فارسیش زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانی ئێران دەبێت. کەچی ئەوەی جێگەی داخە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نووسراو و گۆڕینەوە لەنێوان یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە و حکوومەتی ناوەندی ئێران بە زمانی فارسی دەبێ، هەروەك لە پەیڕەو پرۆگرامەکە هاتووە، کە بەداخەوە دەبوایە ئاماژە بە زمانی کوردیش بکات، تاکو لە داهاتوودا ئەگەر کورد شتێکی لە ئێران بەدەست بهێنێت، ئەوا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی فارسی ببێتە زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی وڵات.

سیستەمی نوێی خوێندن و پەروەردە لە ئێران، سەرەڕای ئەوەی لە ماددەی (١٥)ی یاسا بنەڕەتییەکەی ئەو وڵاتەدا ڕێگەی خوێندن بە زمانی کەمینە نەتەوەکان داوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کەچی پەراوێزیان خستن و منداڵانی کورد و ئازەری و بەلووچ و تورك لە خوێندنی زمانە زگماکییەکەیان بێبەشکران، تەنانەت سیستەمی دەسەڵات بەگشتی و بەشی هەرە زۆری بەناو ڕووناکبیرە فارسەکانیش زۆر بە توندی دژی خوێندنی هەر چەشنە زمانێکی غەیرە فارسین و پێیان وایە خوێندن بە زمانەکانی کوردی و ئازەری و تورك و بەلووچ دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی وڵاتەکەیان[١].

[١]- ڕەسوول سوڵتانی، زمانی زگماك لە ئێراندا، ڕ. هەولێر، ژ (٩٨٩)، ٢٠١١/٣/٩، ل ١٧.

لێرەدا گەرەکە باکگراوندێکی خێرا بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێراندا بکرێت، بەو واتایەی بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ڕژێمە جیاجیاکانی ئێران.

لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا لە ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٥) کاتێ ڕەزا شا بوو بە شای ئێران، کەوتە دژایەتیکردنی زمان و کلتووریی نەتەوە نافارسەکانی ئێران[١]، ئەوەبوو ڕەزا شا زمانی فارسیی بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاند، کە فارس نین، واتە لەم مێژووەوە زمانی فارسی بوو بە تاکە زمانی فەرمیی ئێران و تاکە زمانێك بووە، کە لە پەروەردە و فێرکردن و کاروباری دەوڵەتدا بەکارهێنراوە[٢]. بەمجۆرە زمانی فارسی نە تەنیا بوو بە زمانی (نەتەوەیی) نەتەوەی ئێران، بەڵکو هەموو زمانەکانی دیکەی وڵات قەدەغەکران و ڕێگەی چاپکردنی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەش تەنیا بۆ زمانی فارسی بوو، زمانەکانی ئازەری و کوردی و عەرەبی و بەلووچی و تورکی وەك دیالێکتی زمانی فارسی دانران[٣].

---

١- قادر فەتاح ئەحمەد (٢٠١٠)، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی ـ کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین، ل ١٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٣ – ١٤، ئەویش وەریگرتووە لە: فاخته زمانی، سخنرانی در نشست کمیسیون عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد در خصوصی مسائل اقلیتهای ملی، اتنیکی مذهبی و زبانی، سایت (اخبار روز)، ١٩ دیسامبەر، ٢٠٠٨.

٣- ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزمی ئێران (١٩٠٦ – ١٩٤١)، نامەی ماستەر، ل ١١٦.

(*) لە بەشەکانی دواتر زۆر بەدرێژی باسی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەین.

لە سەردەمی پەهلەوی دووەمیش کاتێ محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی هاتە سەر تەخت، کە هاوکات بوو لەگەڵ پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[*]، دواتر محەمەد ڕەزا شا بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیز، کۆماری کوردستانیان ڕووخاند و کۆتایی بەو سەردەمە زێڕینەیان هێنا، کە بۆ زمانی کوردی هاتبووە کایەوە، بەهۆیەوە محەمەد ڕەزاشاش وەك باوکی، سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەك تاکە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژەی پێدا[١].

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، کەمینەنەتەوە بندەستەکانی ئێران هیوایەکیان لە دڵدا گەڕابووەوە، کە مافە سەرەتایی و مرۆییەکانیان بۆ دابین بکرێ، بەڵام زۆر زوو ئەو خەونە شیرینەیان لێ کرایە تراویلکەیەکی سامناك[٢]، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕێگەی نەدا خوێندن جگە لە زمانی فارسی بە زمانەکانی تر بکرێت، ئەگەرچی لە دەستووریش ڕێگەی بە خوێندن بە زمانەکانی کەمینە نەتەوەکان دابوو، بەڵام جێبەجێی نەکرد. کەواتە خوێندن بە زمانی دایك و زگماکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەك ئاواتێك مایەوە و دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئاوەڕیان لەم ماددەیەی دەستووری وڵات نەداوەتەوە و هیچ هەنگاوێکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە نەداوە[٣]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

---

١- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

٢- ڕەسووڵ سوڵتانی، زمانی زگماك لە ئێراندا، ل ١٧.

٣- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

خەمخۆرانی زمانی کوردی چەندین هەوڵیان داوە بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، لەوانە لە سەردەمی بزووتنەوەکەی سمکۆی شکاکدا قوتابخانەیەك بە زمانی کوردی کراوەتەوە، بەجۆرێك بەر لە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، سمکۆی شکاك لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەگ هاوکار و هاوبیر بوون، عەبدولڕەزاق بەگ پڕۆژەیەکی گەورەی بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە مێشکدا هەبوو و بە پشتیوانی سمکۆ دڵگەرم بوو، هەر بە هاوکاری ئەویش بوو یەکەمین قوتابخانەی کوردی لە شاری (خویّ) کردەوە، کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣، ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویی بوو، یەکەمجار بوو کە منداڵانی کورد دەیانتوانی بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، هەر بۆیە بەم بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێك پێکهات، لەو ڕێوڕەسمەدا عەبدولڕەزاق و سمکۆ وتاریان پێشکەش کرد و بەگەرمی سوپاسی هاوکاری ڕووسەکانیان کرد[1]. هەروەها (حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران) چەندین دەزگا و دامەزراوی تایبەتییان بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە پێکهێنا و خوێندن بە زمانی کوردی دەستی پێکرد، واتە بۆ ماوەی (٣ ـ ٤) ساڵ لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکاندا هەبوو، بەجۆرێك لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ – ١٣٦١ (١٩٨١ – ١٩٨٢) کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان سەر بە حیزبی دیموکراتی ئێران سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکە و گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی ئێران کردەوە و،

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

سیاسەتی داخستنی قوتابخانە و نەخوێندەواری هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پووچەڵ کردەوە[١]، بەڵام بەداخەوە لەساڵەکانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ هەتاوی (١٩٨٤ و ١٩٨٥ی زایینی)دا، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەیان داگیرکردەوە، کە بە دەست هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون[٢].

لە ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی (١٩٨٤ زایینی) قەرارگای ڕەمەزان سەر بە سوپای پاسداران، دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی بە ناوی (ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی) لە شاری ورمێ دامەزراند، ئەم دەزگایە لە بەهاری ١٣٦٤ (١٩٨٥)ەوە گۆڤارێکی کوردیی بە ناوی (سروە) بڵاوکردەوە، کە لە سەرەتادا ئەم گۆڤارە هەر سێ مانگ جارێك دەردەچوو، دواتر بەشێوەی مانگانە دەردەچوو و، ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) (یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی) لە شاری مەهاباد پێکهێنا[٣].

لە زانکۆی (ئازادی) لە شاری سنە، لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی ١٣٧٨ – ١٣٧٩ (١٩٩٩ – ٢٠٠٠)دا ڕاگەیەندرا، کە کۆماری ئیسلامی ڕێگایداوە لە زانکۆی ئازادی شاری سنە، یەکەی خوێندنی زمانی کوردی دابنرێت و لە کورد و غەیری کورد ئەو قوتابیانەی پێیان خۆشبێت، دەتوانن ئەو وانەیە بخوێنن. دیارە ئەم هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەنەبێ شتێکی تازە و داهێنراو و نوێ بێت، بەڵکو لە سەردەمی شادا، هەم لە زانکۆی

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

تاران و هەم لە زانکۆی تەورێز، چەند یەکەیەکی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەخوێندرا، تەنانەت زانکۆی تەورێز، کۆمەڵێك نامیلکە و پەرتووکی کوردیی، کە کۆکراوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بوون بە چاپ گەیاند[1].

لە ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠) لە شاری مەهاباد ناوەندی (سۆما) دامەزرا، دواتر ئەم ناوەندە لقی لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردەوە، وەکو شارەکانی (سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار، سنە، سەقز، شنۆ، بۆکان.... هتد)، ئەم ناوەندە چەندین جار داوای خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خستۆتە بەردەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران[2]، بەجۆرێك ئەم ناوەندە لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئێستا زیاتر لە (١٠) نامەی بۆ سەرکۆمار، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئیرشاد و شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی ڕەوانە کردووە، کە لە پاش دانپێدانانی ئەم ناوەندانە، گەڕاونەتەوە بەر دەستی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و دوایی بێ وەڵام ماونەتەوە[3].

زۆر لە زمانەوانانی ڕەگەزپەرستی فارس پێیانوایە لە ئێران لە یەك زمان زیاتر نییە و ئەویش زمانی فارسییە، لەوانە (سادق کیا)، کە مامۆستای زمانی پەهلەوییە، لە وتوێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (کیهان)ی چاپی ئێران، کە لەژێر سەردێری (در ایران فقط یك زبان وجود دارد) (لە ئێران تەنیا یەك زمان بوونی

---

[1]- بڕوانە: أ ـ قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٩ — ٢٠. ب ـ بەدرەدین ساڵح (٢٠٠٠)، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران، مێزگرد، گ. ڕامان، ژ (٥١)، (ە)ی ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل ١٦٠.

[2]- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢ — ٢٣.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

هەیە) بڵاوبۆوە، دەڵێت: لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵدراوە هێندێك دیالێكتی ئێرانی وەكو زمانی كوردی پێیان بنووسرێت و ئەدەبیاتیان بۆ پێكبێنن، لەو تێكۆشانەدا، كە مەبەستەكەی سەرنخوونكردنی دەسەڵاتی زمانی فارسییە، دەركەوتووە كە ئەو دیالێكتانە توانای دانانی وشەی زانستیی و ئایینی و كولتوورییان نییە و دەبێ ئەو وشانە لە فارسی یان زمانی دیكە وەربگرن[1].

(سادق كیا) لە درێژەی قسەكانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە كوردی و بلووچی زمان نین، بەڵكو دیالێكتی فارسین، هەروەها عەرەبی و توركی و ئەرمەنیش زمان نین و دەبێ وەكو دیالێكتی فارسی دابندرێن، لەبەر ئەوەی زۆربەی وشەكانیان لە فارسی وەرگرتووە. كەواتە سادق كیا لێرەدا بانگەشە بۆ پڕۆژە و سیاسەتی بە دیالێكتكردنی زمانی غەیری فارسی دەكات، ئەو سیاسەتە ژیانی ڕۆشنبیریی و ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژی بەگوێرەی زمان دابەش دەكات و لە یەكتریان دادەبڕێت و، زمانی فارسی دەكاتە زمانی (كلتووری بەرز)، واتە زمانی ڕۆشنبیری بۆ خوێندن و نووسین، زانست، هونەر، ئەدەبیات، پەروەردە و ڕاگەیاندن. زمانی كوردی و زمانەكانی دیش دەكاتە دیالێكتێك كە تەنیا شیاوی بەكارهێنانن لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەویش هەر بە شێوەی زارەكی[2].
كەواتە ڕژێمی فارسیی لە ئێران ئینكاری بوونی فرەزمانی خەڵكی ئێران دەكات

---

[1]- ئەمیری حەسەنپوور(د)(٢٠١٠)، شۆفینیسمی سۆرانی و ئەفسانەكەی، بەشی یەك: سەرەتاكان، هەفتەنامەی فەرهەنگ ، ژ(٢٢)، چوارشەممە ٣ی مارسی ٢٠١٠، ل ١٠، ئەویش چاوپێكەوتنەكەی سادقی كیا لەم سەرچاوە وەرگرتووە: صادق كیا، در ایران فقط یك زبان وجود دارد، روزنامه كیهان، دوشنبه ١٨ی بەمن، ١٣٣٨ (١٩٥٩).

[2]- ئەمیری حەسەنپوور(د)، هەمان سەرچاوە، ل ١١.

و دەیەوێ بە زۆرەملێ بیسەلمێنێت، کە لە وڵاتی ئێراندا هەر یەك زمان هەیە و ئەویش زمانی فارسییە و زمانەکانی دی دیالێکتی فارسین!، کە ئەمە بەداخەوە دوورە لە ڕاستی و بۆچوونێکی نازمانەوانی و ناڕۆشنبیریی و نازانستییە دەرهەق بە زمانەکانی گەلانی ئێران دەیکات، بەجۆرێ ئەم بۆچوونانە تەنیا خزمەت بە بیری ناسیۆنالیزمی ڕژێمی فارسی دەکات، کە بیرێکی توندڕەوی نازانستیی و نازمانەوانییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ستانداردکردنی زمانی فارسی، ئەوە دەبینین بە چەندین هەوراز و نشێودا ڕۆیشتووە. لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا، زمانی عەرەبی وردە وردە زمانی پەهلەویی لادا و بۆ خۆی ئەرکی ئەوەی گرتە ئەستۆ، بەڵام لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆیی تاهیریان و دەوڵەتە سەربەخۆکانی سەفاریان و سامانیان، ئەو زمانەی پێی دەگوترا دەری، یان فارسی دەری، کەم کەم ئەرکەکانی زمانی عەرەبی گرتە ئەستۆ، زمانی پەهلەوی کە بەدرێژایی دەوڵەتی ساسانی زمانی ڕەسمیی ئێران بوو، بوو بە دوو شێوە: یەکیان ئەو شێوەیەی لە کتێبەکانی زەردەشتی و پەندنامە و دەقە ئەدەبییەکانی کۆتایی ساسانی و سەرەتای ئیسلامدا دەبینرا، ئەوەی تریش زمانی دەرییە، کە بریتی بوو لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی پایتەخت و چەند شارێکی دیکە لە کۆتایی سەردەمی ساسانیدا(١).

---

١ - ناصر قلی سارلی، زبان فارسی معیار، ل ٢٧٠.

زمانی پەهلەوی لە کۆتایی دەوڵەتی ساسانیدا، زمانێکی زیندوو نەمابوو و تەنها لە نووسیندا بەکاردەهات و، لە بەرانبەردا زمانی دەری بوو بە زمانی قسەکردن و لە نووسیندا بەکار نەدەهات، دەربارەی سەرهەڵدانی (دەری)، ڕای جیاواز هەیە، هەندێك دەڵێن: لە (مەڕو) پەیدابووە و، هەندێکیش وەکو (ئەشپولەر) پێیان وایە لە سەردەمی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، (بەهار) پێی وایە لە خوراسان سەری هەڵداوە و لەگەڵ زمانی خەڵکی بەڵخ و بوخارا و زمانی سەغدی یەکێکە، (زیعەللا سەفا) لەو باوەڕەدایە زمانی دەری پاشماوەی زمانی پارسییە. عەلی ئەشرەف سادقی هەموو ئەو بیروڕایانە ڕەتدەکاتەوە و بۆچوونی ((یان ڕیپکا))ی پێ لە هەمووان ڕاسترە، کە پێی وایە بناغەی زمانی (دەری) لە دیالێکتەکانی ناوچەکانی باشووری ئێرانن، کە هەر لە سەردەمی ساسانییەوە لەژێر کاریگەریی دیالێکتە جیاوازەکانی ئێران، بەتایبەتی دیالێکتەکانی ناوچەی ماد لە ڕۆژئاوای ئێران بوون، کە ئەوانیش بۆ خۆیان لە سەدەی دووەمی پێش زایینییەوە بەتوندی لەژێر کاریگەریی زمانی پارسیدا بوون. گەلێك هۆکار بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو زمانە لە خوراسان، وەکو پاشەکشەی زمانی پارسی لە خوراسان و دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ساسانییەکان بەسەر ئەو پلانەدا، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی هەیتەلی لە سەردەمی ئەنەوشیرواندا لە سەدەی شەشەمی زایینییدا و هاتنی کۆچەرانی مانی لە ترسی ساسانیان و کۆچکردنی زەردەشتیان لە ژێر فشاری عەرەباندا[١] .

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

بەهەر حاڵ ئەو زمانەی کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتەکانی ئیسلامی لە خوڕاسان و وڵاتی ئەودیوی ڕووبار و سیتان، شتی پێ نووسرا، (دەری) بوو، هەرچەندە هەندێك نیشانە هەن دەریدەخەن کە (دەری) هاوشێوەکانی لە خوڕاسان و وڵاتی ئەودیوی ڕووبار پێیان گوتراوە (دەری) و لە ئەهواز و بەسرە و لە سەرانسەری باشووری ئێران برەوی هەبووە و، چەندین وشە و فرێزی ئەو زمانە لەسەر زاری کەسانی وەکو موعاویە، ئیبن مەرفرەغ، حەجاجی کوڕی یوسف، قوتەیبەی کوڕی موسلیمی عومانی شاعیر بەکارهاتوون، کە نیشانەی بەکارهێنانیەتی لە زۆر ناوچەی ئێراندا. یەکەم دەرکەوتنی نووسینی ئەو زمانە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ئەودیوی ڕووبار سەری هەڵداوە، لەو سەردەمەدا هەر زمانێك ویستبای بگاتە پایەی ستانداردیی، دەبوو نەیارێکی بەهێز لە مەیدان وەدەرنێت، کە زمانی عەرەبی بوو، کە لەو کاتەدا هەموو نووسینێکی ئیداریی و ئایینی و زانستی و ئەدەبی پێ ئەنجام دەدرا، هەڵبەت زمانی عەرەبی بۆ خۆشی نەیارێکی گەورەی وەکو زمانی پەهلەوی لەسەر ڕێگەی دیالێکتەکانی ئێران وەلانابوو و زەمینەی گەشەکردنی ئەوانی خۆش کردبوو. زمانی عەرەبی، زمانی پەهلەوی سەرەڕای هەبوونی نەریتی دوور و درێژی نووسین و سووربوونی زەردەشتیان لەسەر پاراستنی پایەکەی، لە مەیدان وەدەرنابوو و بۆ خۆی جێگای گرتبۆوە[1].

زمانی (فارسی دەری) ئەوکاتە بوو بە زمانی ستاندارد، کە یەکەم شیعری ڕەسمی بەو زمانە گوترا و یەکەم پەخشانی پێ نووسرا، هەروەها شێوەی

---

[1] - هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٢.

(دەری) لە ڕێگەی شیعری ڕوودەکی و فیردەوسییەوە وەك زمانی ئەدەبی بەکارهات، کە لە ناوچەی ژووری ڕۆژهەلاتی ئێران بووە و بەتایبەتیش شانامەی فیردەوسی ڕۆڵێکی کارای لەوەدا گێڕا، کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەدەبیات بەو شێوەیە ببووژێنێتەوە و شێوەکەش ببێتە زمانی ئەدەبی سنوورێکی فراوان[1]. بێگومان شاری (شیراز)یش کە مەڵبەندی شیعری حافز و پەخشانی سەعدی بوو، هەروەها یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی ئەمڕۆی فارسی، کە تێکەڵەیەکە لە شێوەی شیراز و تاران، دیارە بە بوونە پایەختی تاران، دەسەلاتی ڕامیاریش تێکەڵ بە زمانە ئەدەبییەکەی شیراز بووە و ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی لێکەوتۆتەوە، کە ئێستا فارسەکان پێی دەنووسن و دەخوێنن[2]. دوای دامەزراندنی (خانەی هونەر)، وردە وردە چەند قوتابخانەیەکی دیکەش پەیدابوون و لەو سەردەمەدا نووسینی کتێبی دیکەش پەیدابوون و لەو سەردەمەدا نووسینی کتێبی خوێندن لە بەشە جیاجیاکاندا وەکو پێویستییەك هاتە پێش و ئەوەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی چەندین وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی فارسیدا. ئەو قوتابخانانە بوونە هۆی پەرەگرتنی خوێندەواریی گشتی لە نێو خەڵکدا و زۆربەی خەڵك دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە و لەسەر مەسەلەکان بۆچوونیان هەبێت. بەکارهێنانی زمانی خوێندەوارانیش کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر زمانی فارسی، خوێنەری نووسین لەچاو پێشوو گۆڕانی بەسەرداهات. بەشێکی کەمی خەڵکی

[1] - جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ل ٨.

[2] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، ل ١٦.

دەربار و چینی سەرێ بوون، کە خوێنەری بەرهەمی جاران نووسەران بوون، بەڵام ئەمجارە ژمارەی خوێنەران زۆر زیادی کرد و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی نووسەرانیش گۆڕان لە زمانی نووسینیاندا بکەن و نووسەران بۆ کۆمەڵە خەڵکێکیان دەنووسی، یان بۆ خۆیان دەیانخوێندەوە یان خەڵك بۆی دەخوێندنەوە، لەبەر ئەوە مەجبووربوون بە زمانێك بنووسن کە بەشی زۆری خەڵك تێی بگات. پەرەسەندنی چاپیش گۆڕانی گەورەی لە زماندا بەدەستهێنا، بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێران سەرەتا لە قەڵەمڕەوی عوسمانی و هیندستان چاپ کران، پاشان وردە وردە چەندین چاپخانە لە ئێران دامەزران کە سەرباری چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی کۆن، لە دوای (مەشروتە) بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاریش. یەکێك لە نیشانەکانی دیاری شارستانی ئەورووپا زانکۆکان بوون، لە ئێرانیش دامەزراندنی زانکۆ بوو بە زەمینەخۆشکەری نووسین و وەرگێڕانی کتێبی زانستی بە فارسی و سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر زاراوەی زانستی هاتە نێو زمانی فارسی[1].

لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا لە سەردەمی (مەشروتە) و دوای ئەودا ڕوویاندا، زمانی ستاندارد لەو سەردەمەدا چەندین کار و ئەرکی دیکەی بە ئەستۆ دەگرت و، زۆر لە نوێخواز و پەرەپێدەرانی زمان و کۆمەڵناسان، بە وەلانانی سەرمەشقەکانی زمانی ئەدەبی، هەوڵیاندا بە پەرەپێدانی زمانێکی سادە و بەهێز، پەرەگرتنی کۆمەڵایەتی ئەو زمانە بێننەدی. گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مەشروتە لە ڕووی بەهێزیی و قووڵیی

[1]- هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٣.

گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ فەرهەنگی و چ کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك لە شۆڕش حیساب دەکرێن، ئەو شۆڕشە چەندین ئەنجامی زمانەوانی گەورەشی لێکەوتەوە، کە نیشانە و بەرهەمی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون.

لە دوای سەفەویان، ماوەیەك ئێران لە ژێر دەستی ئەفغانەکان بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو (نادر شا) لەناوی بردن و حکوومەتەکەیان ڕووخاند، پاشان زەندییەکان لە ئێران بوونە فەرمانڕەوا و، سەرەنجام قاجارییەکان بەسەر زەندییەکاندا زاڵ بوون و کۆتاییان بە بێسەرەو بەرەیی هێنا و تارانیان کردە پایتەخت، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیران لە هەموو لایەکی ئێرانەوە ڕوو بکەنە تاران و، تاران بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی بژاردەکانی وڵات، کە لە شار و ناوچە جیاوازەکانی ئێران ڕادەهاتن و زمانی زگماکیان لێکجیابوو و زۆربەیان کاربەدەستی گەورەی دەوڵەت بوون، ئەوانە وردە وردە بوونە چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی لە تاران، لەبەر ئەوەی زمانی زگماکیان جیاوازبوو، لەبەر ئەوە لە گفتوگۆی خۆیاندا جۆرە زمانێکیان بەکاردەهێنا، کە لە زمانی ستاندارد و سەرمەشقە ئەدەبییەکانی پێشووی زمانی فارسی پێکهاتبوو، ئەو زمانە نوێیە پێی دەگوترا ((لەفزی قەڵەم))[1]. هەروەها هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری وایان کرد، خەڵك زۆر ڕوو لە شارەکان بکات و لە ئەنجامدا شارەکان گەورە بن، ئەو خەڵکە کۆچەرە وردە وردە لە شارەکاندا چینێکی کۆمەڵایەتی تازەیان پێکهێنا. ئەو چینە مامناوەندییە بە فێربوونی خوێندەواری و زانست دەیانەویست چینە کۆمەڵایەتییەکەیان پێش

[1] - ناصر قلی سارلی، زبان فارسی معیار، ل ٣١٠.

بخەن. پەیوەندی سیاسی و فەرهەنگی و بازرگانی کە لە سەردەمی سەفەویەکانەوە دەستی پێکردبوو، لە سەردەمی قاجاریاندا زیادی کرد، زۆربەی ئێرانییەکان سەفەریان بۆ ئەورووپا کرد و شارەزای ژیاری ئەورووپا بوون، زانست و شارستانی نوێی ئەورووپا سەرنجی ئێرانیانی ڕادەکێشا، زۆر بیرمەندی ئێرانی کە تامەزرۆی ئەو شارستانییەتە بوون، فێری زمانەکانی ئەورووپا بوون و دەستیان کرد بە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فیکری و ئەدەبییەکانی ئەورووپا. ئەو بابەتە لە دوو ڕووەوە بۆ زمان بە بایەخ بوون، یەکێکیان ئەوەبوو کە ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە کاریگەرییەکی قووڵیان کردە سەر وشە و پێکهاتەکانی زمانی فارسی، ئەویتریشیان ئەوە بوو کە لە زۆر بواری فەرهەنگیدا، لەوانەش زمان، شێوازی بیرکردنەوەی ئێرانییەکان بەو هۆیەوە گۆڕانی بەسەردا هات[1].

وەرگرتنی ئەو شارستانییەتەی ئەورووپا و گۆڕینی سیستەمی فێربوونیان بە پێویست دەزانی، لەبەرئەوە (خانەی هونەر) بە هەوڵ و کۆششی (ئەمیر کەبیر) دامەزرا، ئەو بەش و زانستانەی کە لەو (قوتابخانە)دا دەخوێنران و شێوازی وانە گوتنەوەشی بۆ ئێران تەواو تازە بوو، زۆربەی مامۆستاکانی (خانەی هونەر) لە ئەورووپاوە هاتبوون و چەندین وشە و زاراوەی نوێیان خستە نێو زمانی فارسی و ئەوانەی لەوێ خوێندنیان تەواو دەکرد، وردە وردە بوونە

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١١ – ٣١٢.

چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵ و بە وەرگێڕان و نووسینی کتێبی زانستی و فیکری، بوونە هاریکاری گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران[1].

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٣ – ٣١٤.

## ٢ـ توركیا

کۆماری تورکیا دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەنێکی خاکی کیشوەری ئەوروپای گرتۆتەوە، پایتەختەکەی شاری (ئەنقەرە)یە[1]، ئەم وڵاتە وڵاتێکی فرەئایین و فرەنەتەوە و فرەزمانە[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا دەوڵەتێکی عیلمانییە و ئایینێکی ڕەسمی نییە بۆ وڵات، ئەگەرچی دەستووری تورکیا باوەڕی بە ئازادی ئایین و بۆچوونەکان هەیە، بەهۆیەوە لەم وڵاتەدا زۆرینەی خەڵك لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و، ڕێژەیەکی کەمیش لە ئایینەکانی (مەسیحی ـ ئەرسەدۆکسی) جوولەکە لەخۆ دەگرێت[3].

دەربارەی زمانیش، ئەوە زمانی ڕەسمی لەم وڵاتەدا تەنها زمانی تورکییە و، هەموو زمانەکانی تر لە وڵاتەکەدا بە قەدەغەکراو دانراون، زمانی تورکیش کە ٧٧٪ خەڵك قسەی پێدەکەن و، زمانی کوردی ٢٠٪ و زمانی عەرەبیش ٢٪ قسەی پێدەکەن، جگە لەم زمانانەش، هەندێ زمانی تریش لەم وڵاتەدا هەیە، ئارامی، ئەرمەنی، ئەلبانی، جۆرجی، یۆنانی، ئازی، شەرکەسی[4].

لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەوڵەتی تورکیا دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی دروستبوو و، کاری بە دەستووریی عوسمانی ڕاگرت و تورکیا دەستوورێکی مەدەنی نوێی بۆ خۆی دانا، کە سوودی لە دەستووری سویسرا

---

[1]- مصطفى فاخوري، ص ١٤٩.

[2]- عەلی کەندی، ل ١١١ — ١١٢.

[3]- www.wikipedia.org. wiki - Turkia.

[4]- www.wikipedia.org. wiki - Turkia.

وەرگرت و، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا ڕاگەیێندرا و (مستەفا کەمال ئەتاتورك) بووە سەرۆکی وڵات و، ئایینی لە وڵات جیاکردەوە و سیستمی عیلمانی لە تورکیا چەسپاند[١].

ئەگەر بێینە سەر ستانداردکردنی زمانی تورکی، ئەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ناسیۆنالیزمی تورك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەك هێزێکی نوێی سیاسی لە ئەستەمبۆڵ و هەندێك ناوچەی تری تورکیادا دەرکەوت، ناسیۆنالیزمی تورکی دەیویست لەپاڵ ڕیفۆرمی سیاسی و دەستووریدا، ئایدۆلۆژیای ئایینی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕێت بە ئایدۆلۆژیای تورك، بۆیە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێکشکێندرا و لەسەر کەلاوە و پاشماوەکەی، دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورك دامەزرێندرا، لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەشدا ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورك لە ئایینییەوە گۆڕدرا بە ناسیۆنالیزم، یان تورکیزم کرا بە ئایینی نوێی دەوڵەتی تورکیا، بۆیە تورکبوون، لە جیاتی موسڵمانبوون لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا، کرایە بنچینەی هاووڵاتیبوون، زمانی تورکیش کە لە بنچینەدا دیالێکتی ئەستەمبۆڵ بوو، کرایە زمانی ستانداردی دەوڵەتی تورکی و جێگای زمانی تورکی عوسمانی گرتەوە[٢]، سەپاندنی زمانی نوێی تورکی شانبەشانی پرۆسێسی دروستکردنی نەتەوەی تورك دەستی پێکرد، دەوڵەت لە

---

[١]- جهاد صالح (١٩٨٧)، الطورانية التركية بين الاصولية و الفاشية، دار الصداقة للطباعة والنشر، بيروت، ص ١٣٦.

[٢]- ڕەفیق سابیر (د)(٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٥ — ٢٦.

پرۆسێسی ستانداردکردنی دیالێکتی ئەستەمبۆڵیدا، ئەلفوبێی لاتینی لەجێی ئەلفوبێی عوسمانی (عەرەبی) سەپاند و زمانی هەموو گەلانی تری تورکیای قەدەغەکرد، گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەلفوبێی لاتینی بە پڕۆسێسێکی دوورودرێژ و ورد و هەمەلایەنە تێپەڕیوە، تورکەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣ — ١٩٢٨دا کارێکی وایان کرد، کە هەر نووسینێك لەبارەی زمانەوە نووسرابا، زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفوبێ دەدوا، ئیدی بە هەموو شێوەیەك لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا لە مارتی ١٩٢٦ لە (باکۆ) کۆنگرەی تورکناسی بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەی پەسندکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی خرایەڕوو، پاش مشتومڕێکی زۆر ئەلفوبێی لاتینی پەسندکرا، پاش ئەو پەسندکردنە بە دوو ساڵ و لە ٩ی ئابی ١٩٢٨ کەمال ئەتاتورك وتارێکی خوێندەوە و وتی: زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەودوا بە پیتی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ، پێویستە خۆمان لە پیت و پێوار و نیشانەبەندی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگاربکەین، دواتریش هەر هەمان ساڵ ئەنجوومەنی میللەتی تورکیا ئەلفوبێی لاتینی پەسندکرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش وەك (کۆڕی زمان)، (کۆمەڵەی وردکردنەوەی زمانی تورکی) دانران بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن لەسەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی[1]. بۆیە دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورك، لەڕێی زمانی نوێی تورکییەوە، کەوتە بە تورككردنی خەڵكانێك كە بە تەواوی لە ڕابردووی کلتووری و ڕووناکبیری و

---

[1] - ئەمجەد شاکەلی(٢٠١١)، زمانی کوردی ناسنامە و نیشتمانی کوردە، ل ١٠٦.

تەنانەت لە زمانی خۆیان دابڕابوون، لەم دۆخەشدا ئەلفوبێی لاتینی ـ تورکی، لە پرۆسێسی کوشتنی زمانی کوردیدا بەسەر کوردی باکووری کوردستانیشدا سەپێنرا و پیرۆز کرا[1].

لەبەرانبەردا گەلی کورد لە تورکیا لە خەباتکردنی بەردەوام بوو، بەسەرکردایەتی (شێخ سەعیدی پیران) و لە ١٩٢٥/٣/٢١ سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند و (دیاربەکر)ی کردە پایتەختی خۆی، لە ١٩٢٥/٥/٧ شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران زۆربەی زۆری ناوچە و شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، لەوانە (وان، قارس، بەتلیس، باینجان، ڤاژێ، مەلاتییە، دەرسیم... هتد)، بەڵام دوایی تۆرانییەکان بە هاوکاری هەندێ لە کوردە خۆفرۆشەکان توانیان (شێخ سەعیدی پیران) لە باکووری شاری (ڤاژێ) دەستگیر بکەن و لەگەڵ (٢٧) هەڤاڵی لە ١٩٢٦/٦/٢٩ لەسێدارە دران[2].

پێشتریش خەباتکردنی گەلی کورد لە تورکیا هەر بەردەوامبوو، دەرکەوتنی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٧٩ لە دژی عوسمانییەکان و دواتر لە ١٨٨٠ لە دژی قاجارییەکان لە وڵاتی فارس سەرکردایەتی کردن، بە سەرەتایەکی ڕاستەقینەی هۆشیاری بیری نەتەوەیی کورد لەقەڵەم دەدرێت[3]. هەرچەندە چارەنووسی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵڵا هەرەسیهێنا، بەڵام

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

[2] - عەلی کەندی، ل ١١٨.

[3] - بیار مصطفی سیف الدین(٢٠٠٩)، کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا ـ تورکیا، و: سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل ١٢٤.

دەستپێکی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بە مانا نوێیەکەی لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینە کوردییەکانی سەدەی هاوچەرخدا تۆمار کرد[١].

دوای لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) بڕیاریدا پەیڕەوی لە سیاسەتێکی جیاواز لە بەرانبەر کورد بکات، تاکو زامنی زاڵبوون بەسەر کوردستان بکات، ئاغا و سەرکردە کوردەکانی لەخۆی نزیککردەوە و دروشمی (کۆمکاری ئیسلامی) بۆ خۆڕاکێشانی کورد و تەواوی نەتەوە ئیسلامییە ناتورکەکان بەرزکردەوە[٢].

کورد لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، ڕۆڵێکی گەورەی لە جوڵاندنی ڕووداوە سیاسییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، دوو لە چواری ئەوانەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقییان لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراند، کوردبوون، ئەوانیش عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی بوون، بەشداریکردنی ئەم دوو کەسایەتییە لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، بەشداری کورد لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی چاکسازی و گۆڕانکاری لەپاڵ نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی پیشان دەدات، وەك تورك و عەرەب و ئەلبانی و ئەرمەنی[٣]. ئەم پرۆسەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم

---

[١]- لقمان محو(٢٠٠٧)، الكرد و كردستان: بيبلوغرافيا مختارة و معرفة، ترجمة هڤال، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، اربيل، ص ٢١.

[٢]- بيار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٩)، ل ١٢٥.

[٣]- هوگر طاهر توفيق (٢٠٠٤)، دور الصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكردي ١٨٩٨ ـ ١٩١٨، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ص ٣٣ — ٣٤.

خێراتربوو، میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەرەوەی وڵات لە (قاهیرە) بە ناوی (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ دەرکرد و تا ساڵی ١٩٢٠ بەردەوام بوو[١]، ئەم ڕۆژنامەیە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی عوسمانی دەردەچوو و، لە نووسیندا ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردەهێنرا و (٣١) ژمارەی لێ دەرچوو[٢]. هەریەکە لە فیکری ئەفەندی دیاربەکری و کوردی ئەحمەد ڕامز یەکەم کۆمەڵەی کوردی ـ ڕۆشنبیرییان لە ساڵی ١٩٠٠ بە ناوی (عەزمی قەومی کوردی) دامەزراند[٣].

لە (٢٣)ی تەمموزی ١٩٠٨ ئیتیحادییەکان کودەتایەکیان ئەنجامدا و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هێنا و بەڵێنی چاکسازی دەستووریی و ژیانی پەرلەمانی ڕاستەقینەی دا، کورد وەکو تەواوی نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی سوودی لە ڕەوشی کرانەوەی سیاسی (بەهاری تورکیای گەنجەکان) وەرگرت[٤].

هەرچەندە ئەم کرانەوەیە تەمەنی کورت بوو، بەڵام ناوەندە کوردییە جیاوازەکان هەوڵی دامەزراندنی ئەو پارت و ڕێکخراوانەیان دەدا، کە هەریەکە لەلای خۆیەوە ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بەخۆی دەردەکرد و کلتوور هۆشیاری

1- Martin StrohMeier (2003), Crucial image in the Presentation of Kurdish National identity, Bril, Leiden – Boston, p. 21 – 26.

٢- هۆگر تاهیر تۆفیق(٢٠٠٩)، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ل ٢٢ – ٢٣.

٣- زنار سلوبی(١٩٩٧)، مسالة كردستان ـ ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، تنقيح وتقديم د. عزالدين مصطفى رسول، رابطة كاوه للثقافة الكردية، ط ٢، بيروت، ص ٣٦.

٤- كندال (١٩٨٢)، الاكراد في ظل الامبراطورية العثمانية، ص ٥٣.

نەتەوەیی لەنێو کورددا بڵاودەکردەوە، لەم بارەوە (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی) یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردیی ئاشکرا بوو[١]، کە لە ئەستەمبۆل دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە گۆڤاری (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) دەرکرد و لە ویلایەتەکانی بەتلیس و مووسڵ و دیاربەکر و ئەرزەڕۆم لقیان کردەوە[٢]، ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی و تورکی بڵاودەکرایەوە، ژمارە (١)ی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ دەرچوو و دوا ژمارەشی کە ژمارە (٩) بوو، لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ دەرچوو[٣].

هەروەها خەلیل خەیالی و کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی، کە سەر بە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی بووە، ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی، کە قوتابیان زمانی کوردی تێیدا بخوێنن، ئەم قوتابخانەیەش لەساڵی ١٩١٠ لە گەڕەکی (جەمبەرلی تاش) لە شاری ئەستەمبۆڵ بە ناوی (قوتابخانەی نموونەیی کوردی مەشروتی) دامەزرا، ئەم گەڕەکەش لەمێژوودا خوێندنی لەناو کورد بەخۆیەوە نەبینیبوو[٤].

هەروەها کۆمەڵە قوتابییەکی کورد لە پەیمانگای کشتوکاڵی (خەڵق ئالی) لە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمبۆل کۆمەڵەیەکیان دامەزراند و ناویان نا (کۆمەڵەی

---

١- بیار مصطفی سیف الدین، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

٢- هەمان سەرچاوە،، ل ١٢٧.

٣- محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور(د)(٢٠٠٤)، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا ١٩٢١ — ١٩٥٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٢٦.

٤- هۆگر تاهیر تۆفیق (٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و بە پیتی لاتینی ـ دروستبوون و پەرەسەندنی ١٨٩٨ ـ ١٩٣٢، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ل ٣١.

هێڤی)، کە لەنێوان ساڵانی ١٩١٢ — ١٩١٤ دوو گۆڤاریان بە زمانی کوردی بە ناوەکانی (ڕۆژی کورد ، هەتاوی کورد) دەرکرد و، لە چەندین وتاردا باسی گرنگی زمانیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕوون کردۆتەوە[١].

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە کورد هەر زوو کاردانەوەی هەبوو لەبەرانبەر هاتنە سەر تەختی ئیتیحادییەکان و چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان لە دژی هەڵگیرساند، لەوانە ساڵی ١٩٠٩ عەشیرەتەکانی میللی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا[٢]، کوردانی دەرسیم، ڕاپەڕینی کوردانی ئاگری لە عەشیرەتەکانی حەیدەر ئانلی[٣]، بزووتنەوی بەدلیس لە ساڵی ١٩١٣ بە سەرۆکایەکی مەلا سەلیم بەدلیسی[٤].

ئەگەر بێینە سەر دەستووری تورکیا، ئەوە ئەم دەستوورە چەندین جار هەموار کراوە، دواجار ساڵی ١٩٨٢ بوو، کە تاکو ئێستا بەکارە و تیایدا باسی زمانی ڕسمی وڵات دەکات، لە مادەی (٣)ی دەستوورەکەدا هاتووە:**((دەوڵەتی تورکیا بە خاك و گەلەکەیەوە، یەکەیەکی تەواوە و ناکرێت پارچە بکرێت و زمانە فەرمییەکەشی زمانی تورکییە))**[٥].

---

[١]- هۆگر تاهیر تۆفیق، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

[٢]- م. س. لازاریف (١٩٩٨)، المسأله الكرديه ١٩١٧ ـ ١٩٢٣، ترجمه عبدى حاجى، دار الرازى، بيروت، ص ٢٢٠ ـ ٢٢١.

[٣]- بیار مصطفى سيف الدين، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩.

[٤]- كمال مظهر احمد (١٩٨٤)، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد ملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، ط ٢، بغداد، ص ١١٠ ـ ١١٢.

[٥]- دستور الجمهورية التركية، موقع الجمهورية التركية www.Turkia.com.

هەروەکو لەم مادەیەدا دەردەکەوێت، ئەوا تەنیا زمانی تورکی زمانی ستاندارد و ڕەسمی وڵاتە، زمانەکانی تر هەر هەموو بە قەدەغەکراو دادەنرێت. دیارە ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە لە نەتەوەی کورد لەم وڵاتەدا دەکرێت. هەروەها لە پێشەکی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ هاتووە:**((چەمکی سەروەریی بەشێوەیەکی ڕەها و بەبێ هیچ مەرجێك بۆ نەتەوەی تورکە))**، هەروەها نووسراوە:**((هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە ڕەگەزنامەی دەوڵەتەوە هەیە تورکن))**[1]، واتە لێرەدا هەموو تاکێکی وڵاتەکە بە تورك دادەنێت و ئاماژە بە بوونی هیچ نەتەوەیەك جگە لە تورك لەسەر خاکی تورکیا دانانێت. لە مادەی (٢٤)ی دەستووریشدا هاتووە:**((جگە لە زمانی تورکی هیچ جۆرە زمانێکی تر بۆی نییە لە قوتابخانەکان بخوێندرێن و وانەی پێ بوترێتەوە وەك زمانی دایك))**[2]، بە واتایەکی تر منداڵانی کەمە نەتەوەکانی تر مافی خوێندنیان نییە بە زمانی دایك و نەتەوەکەی خۆیان، ئەوان تەنیا بۆیان هەیە بە زمانی تورکی بخوێنن.

دیارە وەکو دەردەکەوێت لەم دەستوورەدا برگە و ماددەکانی زۆر ڕوون و ئاشکران و زۆر ڕەگەزپەرستانەن، کە تەنها تورك خاوەنی مافی نەتەوەییە، بەو واتایەی هەموو ماف و جیاوکەکان تەنها بۆ نەتەوەی تورکە و ئەوان نەتەوەی یەکەم و دواهەمینن لە وڵاتی تورکیا.

---

١- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥ – ٢٦.

٢- م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، ل ١١٠.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەرانی تورک لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا بیروبۆچوونیان لەبارەی زمانی کوردییەوە زۆر توندبوو، بەجۆرێك فێربوونی زمانی کوردییان بە تیرۆر و دابەشکردنی وڵات لەقەڵەم دەدا، هەروەکو (سلێمان دیمیرێل) سەرۆك کۆماری پێشووی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٣ لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: ((کورد مافی کەم نییە، ئەوەی ئەوان داوای دەکەن ئیمتیازە، ئێمەش ئیمتیاز بە کەس نادەین، من تورکیا دابەش ناکەم، ئێمە کێشەی کوردمان نییە، بەڵکو کێشەی تیرۆرمان هەیە، فێربوونی زمانی کوردی دەبێتە هۆی دابەشکردن، تا کێشەی تیرۆر چارەسەر نەکەین، ناتوانین کێشە ڕۆشنبیرییەکان چارەسەر بکەین))[١].

هەروەها لە هەموو دەستوورەکانی تورکیا هیچ دەقێك نییە ئاماژە بە بوونی گەلی کورد و زمانەکەی لە دەوڵەتی تورکیا بکات.

بەجۆرێك وەکو پێشتر لە ماددەی (٣)ی دەستوور خستمانەڕوو، کە تەنیا ئاماژە بە زمانی تورکی دەکات، بەمەشەوە دەردەکەوێت کە تورکیا ئینکاری لە بوونی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر دەکات. کەواتە وەکو دەردەکەوێت، ناسیۆنالیزمی تورك هەر لەسەرەتاوە پڕۆژەی دەوڵەتێکی دارشتبوو، کە لە سایەیدا جگە لە تورکی هیچ ڕەگەز و زمان و کولتوورێکی تر مافی بوون و ژیانی نەبێت، تورکبوون تەنیا بناغەی ئایدۆلۆجیای ناسیۆنالیزمی تورك نەبوو،

---

[١]- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

بەڵکو دواتر کرایە پێوەری هاووڵاتیبوون و تورکیزمیش گۆڕدرا بە تاکە کولتووری سیاسی زاڵ و ئایینی نوێی دەوڵەت[1].

کورد لەناو تورکیا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، چەندین ڕێگای جۆراوجۆری گرتووەتەبەر، بەتایبەتی لە ڕێگەی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان، کە هەندێکیان لە ناوەوەی تورکیا کاردەکەن و لەلایەن حکومەتی تورکیا مۆڵەت پێدراوە و، هەندێکی تریان لە دەرەوەی تورکیا کاردەکەن و لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە قەدەغەکراو لەقەڵەم دراوە، لەوانە:ـ

- پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ـ ١٩٦٥ .
- پارتی ڕزگاری ـ ١٩٧٤.
- کۆمەڵەی فەرهەنگی و دیموکراتی شۆڕشگێڕ ـ ١٩٧٤.
- ڕێکخراوی مائویستی کاوە ـ ١٩٧٦.
- لایەنگرانی ئازادی نەتەوەیی کورد ـ ١٩٧٧.
- پارتی کرێکارانی کوردستان پ. ك. ك. ـ ١٩٧٨.
- پارتی ئیسلامی کوردستان ـ ١٩٩٢.
- پارتی کاری خەڵك HED ـ ١٩٩٠.
- پارتی دیموکراتی DP ـ ١٩٩٣.
- پارتی کاری دیموکراتی خەڵك HEDP ـ ١٩٩٤[2].

---

[1]- م. ئە. حەسرەتیان (٢٠٠٧)، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لەسەردەمی نوێدا، و: د. دلێر ئەحمەد حەمەد، ل ٧.

[2]- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٢٦ — ٢٧.

هەروەها چەندین کۆمەڵە و گروپی کوردی بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی پەیدابوون، لەوانە:

١ـ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ١٩٠٨.

٢ـ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی ١٩٠٨.

٣ـ کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٠.

٤ـ کۆمەڵەی کوردستان ١٩١٣.

٥ـ کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ١٩١٨.

٦ـ کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد ١٩١٩.

٧ـ کۆمەڵەی خۆیبوون ١٩٢٥[١].

بەشداریکردنی کوردیش لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەرچوونیان بە رێژەیەکی دیاریکراو لە هەڵبژاردنە یەك لەدوای یەکەکان، لەم نێوەندەشدا پەرلەمانتارە کوردەکان لەهەر خولێکی پەرلەمان چەندین داواکارییان پێشکەش بە لایەنە سەرکەوتووەکانی پەرلەمانی تورکیا کردووە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١، کاتێ نوێنەرە کوردەکان (٢٢) کورسی پەرلەمانییان بەدەستهێنا، پێش چوونە نێو پەرلەمان و سوێند خواردنیان چاویان بە (ئینۆنۆ و سلێمان دێمێرێل)ی براوەی ئەم خولەی پەرلەمان کەوت و نامەیەکی (٢٠) خاڵییان دایێ، لەوانە:

---

١- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(٢٠١١)، رووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەب دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل. ٧٦ — ٨١.

**١ـ داننان بە بوونی نەتەوەی کورد لە دەستوور و یاساکاندا بەپێی واقیعی سۆسیۆلۆجیای تورکیا.**

**٢ـ ڕەتکردنەوە و کێشانەوەی ئەو دۆخانەی کە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا کراوە، لەسەر حیسابی هەبوونی نەتەوەی کورد بۆ پشتگیریکردنی تورکیا.**

**٣ـ بۆ ئەوەی چەمکی هاوچەرخانەی نەتەوەی کورد دەستنیشان بکەین، پێویستە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بە نووسین و قسەکردن زمانی کوردی ئازاد بکرێت و ڕێگە بە کولتووری کوردی بدرێت و قوتابخانە بە زمانی کوردی بکرێتەوە، هەروەها ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیشیان بۆ دابین بکرێت[١].**

دیارە ئەم خاڵانە لەسەرەتا جێبەجێ نەکران، بەڵکو زۆر بە توندی ڕەتکرانەوە، بەڵام ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ تورکیا بە قۆناغێکی دیکەدا تێپەڕدەبێت، کە خەریکی چارەسەرکردنی پرسی کوردە لە تورکیا، لەم پێناوەشدا چەندین مافی سەرەتایی پێداون، لەوانە لە ٢٠٠٤/٦/٩ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستانی تورکیا، حکومەتی تورکیا ماوەی بە بڵاوکردنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردیدا، هەرچەندە سەرەتا چەند کاتژمێرێك بوو[٢]، بەڵام دواتر کەناڵی (TRT6) بووە کەناڵێکی (٢٤) کاتژمێری بە زمانی کوردی، دیارە ئەمەش دەسکەوتێکی باشبوو بۆ کورد، لەبەرئەوەی دەوڵەتی تورکیا خاوەن میدیای تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیەتی، کە بە گروپی (TRT)

---

[١]- م. ئە. حەسرەتیان، هەمان سەرچاوە، ل ١٤١ ـ ١٤٢.

[٢]- عەلی کەندی (٢٠٠٧)، مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٧٨٥.

ناسراوە، بڕیاری پەخش و بڵاوکردنەوەی (TRT6) بە زمانی کوردی دەنگدانەوەیەکی باشی لەناو تورکیا و ئەورووپا دروستکرد[1]. بەرنامەکانی ئەم تەلەفزیۆنە بە زمانی کوردی کرمانجی سەروو و بە شێوەزاری بۆتانییە، چونکە زیاتر بەرنامەکانیان ئاڕاستەی کوردەکانی تورکیایە. لەبەرانبەر کردنەوەی ئەم کەناڵە، هەندێ حیزبی تورکیا ڕەخنەیەکی توندیان ئاڕاستەی حکومەت کرد، لەوانە (جیهان پاچەچی) سکرتێری گشتی (مەهەبە) لە ٢٠٠٩/١/٤ ڕەخنەی لە کردنەوەی تەلەفزیۆنەکە گرت و گوتی: ((ئەم کارە دەبێتە هۆی پارچەبوونی تورکیا و هەوڵێکە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك لەناو نەتەوەی تورکیا، کە خاوەنی زمان و ئەلفوبێیکی جیاواز دەبێت))[2].

بەر لەمەش حکومەتی تورکیا لە ١٩٩٤/٣/١٩ بۆ یەکەمجار لە مێژووی باکووری کوردستان، حکومەتی تورکیا دانی نا بە جەژنی نەورۆز[3]، کە ئەمەش کاردانەوەیەکی باشی لە شارە کوردییەکانی تورکیا نایەوە، چونکە پێشتر یادی جەژنی نەورۆز دەکرایەوە، بەڵام هەمیشە بە شەڕ و کوشتن و گرتن و ئازاردان کۆتایی پێ دەهات.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەنگاوێکی شایستەدا حکومەتی تورکیا (زانکۆی دیجلە)ی لە شاری ماردین کردەوە، لەم زانکۆیەدا بەشی زمانی کوردی کرایەوە و لە یەکەمین تاقیکردنەوەی خۆیدا مامۆستایانی ئەم بەشە بڕیاریاندا

[1]- حەسەن ئەحمەد مستەفا (٢٠٠٩)، گرفتە بنچینەیەکانی تورکیا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٨٤.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

[3]- عەلی کەندی، مێژوونامە، ل ٧٢٥ – ٧٢٦.

بە کردنەوەی خوێندنی باڵا (ماستەر) لەم بەشە، کە (٢٥) قوتابی وەکو دەستەی یەکەم وەرگیران بۆ وەرگرتنی پلەی ماستەر لە بابەتی کوردۆلۆجیا، دیارە ئەم دەستپێکە شتێکی باشە، چونکە دواجار ئەم قوتابیانە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە مامۆستا و دواتر دەکرێت قوتابیان لە قۆناغی یەکەم وەرگرن.

## ٣ـ سوریا

سوریا دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا و پایتەختەکەشی (دیمەشق)ە، وڵاتێکی کۆماری نەتەوەییە، یەك ئەنجوومەنی هەیە، ئەویش ئەنجوومەنی گەلە، سەرۆك کۆمار، خۆی و جێگرەکەی دیاری دەکات، هەروەها سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانیش دیاری دەکات[١]. ئەم وڵاتە بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە ژێر داگیرکارییەوە، دواهەمین داگیرکاری، فەڕەنسییەکان بوو، بۆیە سورییەکان لە ١٧ی نیسانی ١٩٤٦ توانیان داگیرکاری لە وڵاتەکەیان دەربکەن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن[٢]. بەجۆرێك بەر لەم مێژووە کاتێك ئینگلیز و فەڕەنسییەکان گەیشتنە دوا بەشینەوەی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەوە فەڕەنسییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، فەڕەنسا مافی فەرمانداریێتی کردنی کوردستانی ڕۆژئاوا و ویلایەتی مووسڵی بەرکەوت، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکرد و بەشێکی زۆری کوردستانی باشووریان داگیرکرد، بەتایبەتی ویلایەتی مووسڵ، ئیتر ئینگلیزەکان پلانێکیان دانا بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسڵ لەژێر دەستی فەڕەنسییەکان دەربهێنێت[٣].

---

[١] - عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، ل ٨٦ – ٨٧.

[٢] - مصطفى فاخوری (٢٠٠٧)، ل ٢٤٦.

[٣] - دێرك کینان (٢٠٠٧)، کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چاپی سێیەم، هەولێر، ل ٤٩ – ٥٣.

بۆیە بەپێی پەیماننامەکانی (سایکس بیکۆ، سان ڕیمۆ، لۆزان)، دەبوو سوریا تا نیسانی ١٩٦٤ لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکان بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە تاساڵی ١٩٤٦ی خایاند[١].

ئەگەر بێینە سەر زمانی کوردی لە سوریا، ئەوە دەبینین ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، دانیان بە کورد و زمانەکەی و مافەکانی نەناوە، بەڵکو لەبەرانبەردا بە عەرەبیش کراون، بەجۆرێك ئەو ڕێبازە بەعەرەبکردنەی کە لە سوریا کاری پێکراوە، ئاوێنەی ڕێبازی بەعەرەبکردن لە عێراق و ڕێبازی بە تورککردن لە تورکیایە، لەم پێناوەشدا حکومەتی سوری دەستی کرد بە دەرکردنی کوردەکان و بە عەرەبکردنیان و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکەیان[٢].

دیارە کردەکانی حکوومەت بەرانبەر بە کورد بەرنامەداڕێژراو بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ (محەمەد تەلەب هیلال) بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆی پارێزگای حەسەکە، دوانزدە خاڵ پێشنیاز دەکات، وەك پیلانێك دژی کورد، ئەم دوانزدە خاڵەش لە ڕاپۆرتێکی نهێنی بەناوی (خوێندنەوەی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیشتمانی پارێزگای جەزیرە) ئاڕاستەی حکوومەت دەکات، کە ئەم خاڵانە لەخۆوە دەگرێت:ـ

**١ـ دەرکردنی کورد لە خاکی خۆیان.**

**٢ـ ڕێگە نەدان بە خوێندن بۆ کوردان.**

**٣ـ گەڕاندنەوەی کوردە داواکراوەکان بۆ تورکیا.**

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

[٢]- کەریم یەڵدز (٢٠٠٩)، کورد لە سوریا، و: شاهۆ قادر خانزاد، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ١٩٤.

**٤- ڕێگە نەدان بە دەرفەتی دامەزراندن بۆ کوردان.**

**٥- شاڵاوی پڕوپاگەندە دژی کورد.**

**٦- جێگۆڕکێکردن بە مەلایانی ئایینی کوردزمان بە مەلایانی عەرەبی.**

**٧- ڕێبازی (لێکیان کەرەوە و تێکیان بەرەوە) لە ناو کۆمەڵگەی کوردی جێبەجێ بکرێت.**

**٨- نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا.**

**٩- دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربازی عەرەبی بە درێژایی سنووری تورکیا.**

**١٠- دامەزراندنی کێڵگەگەلی پەروەری بۆ نیشتەجێبوونی عەرەب.**

**١١- نکۆڵیکردن لە مافی دەنگدان و گرتنە دەستی پلە و پایەی حکومی هەر کەسێك کە عەرەبی نەزانێت.**

**١٢- نکۆڵیکردن لە مافی هاوڵاتی سووری بوون لەو ناعەرەبانەی، کە دەخوازن لە ناوچەکەدا بژین[١].**

دیارە ڕژێمی سوریا ئەم دوانزدە خاڵە و چەندین خاڵی تری، بەدرێژایی مێژوو دژی کورد پەیڕەو کردووە. کوردیش لە سوریا لەبەرانبەر ئەم کارانە بێدەنگ نەبووە چ لەسەردەمی دەسەڵاتی فەڕەنسی یاخود لە سەردەمی ڕژێمی سوریا، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ماندیداتی فەڕەنسیدا، کورد خەباتی دەکرد لە پێناوی مافی نەتەوەیی و ڕۆشبیریی، لە کۆنترین بەڵگەنامەدا هەندێ لە ڕۆشنبیر و سەرۆك هۆزی کورد، گەلاڵەنامەیەك پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسی دەکەن، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەرانی سووریا، لە

١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨ – ٧٩.

١٩٢٨/٦/٢٣ کە واژۆکەران داوایان کردووە بە دابینکردنی هۆیەکانی بەدیهێنانی ڕزگارییان، ئەم بەڵگەنامەیەش ئەم داواکارییانەی بەخۆوە گرتووە[1]:ـ

**١ـ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکان.**

**٢ـ ڕێگادانی خوێندنی زمانی کوردی لەم قوتابخانانەی دەکەوێتە ناوچە کوردییەکان.**

**٣ـ گۆڕینی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان بە فەرمانبەرانی کورد[2].**

هەروەها کورد لەلایەن خۆیانەوە سوودیان بینی بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە گوندەکانیان، لەسەر حیسابی تایبەتی خۆیان ئەنجامیاندابوو، چونکە لە قوتابخانە حکوومییەکان جگە لە زمانی عەرەبی ناخوێندرێت[3]، لەم قوتابخانانەدا قورئان و ئایین و زمانی کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەخوێندرێت[4] و لە هەندێ ناوچەی گەورەی وەکو دیمەشق و بەیروت وانەی ئێواران بۆ کرێکار و پیشەگەران هەیە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی.

هەروەها کاتێك فەڕەنسییەکان لەنێو سوریا چوار دەوڵەتیان بۆ کەمایەتییەکانی سوریا دروستکرد: دەوڵەتی حەلەب (لەگەڵ سیستمێکی تایبەتی بۆ سەنجاق و ئەسکەندەروونە)، دەوڵەتی شام، دەوڵەتی دروز،

---

[1]- صلاح بدرالدين (١٩٩٨)، غرب كردستان ـ دراسة تاريخية سياسية و ثقافية موجزة، رابطة كاوا للثقافة الكردية، برلين، ص ٤٢.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٤٢ — ٤٣.

[3]- لوسيان رامبو (١٩٩٨)، الكرد و الحق، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتى، اربيل، ص ١٤٣.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

دەوڵەتی عەلەوییەکان، بەڵام هیچ کیانێکی کوردی لە کوردستانی بندەستی سوریا دروست نەکرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٧ کوردەکانی جەزیرە داوای بنیاتنانی سیستمێکی وەك سەنجاق و ئەسکەندەروونەیان دەکرد، کەچی لەبەرانبەردا دەسەڵاتی دیمەشق بە زەبری هێز وەڵامی داواکەی کوردیان دایەوە[١].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری سووری، ئەوە دەبینین ئەم دەستوورە سەرەتاکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی بەیاننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، لەم ساڵەدا یەکەمین دەستووری سوریا لەدایکبوو، بەڵام ڕووناکی بەخۆیەوە نەبینی، بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٢٤ دەستوورێکی تر دانرا، ئەویش کاری پێنەکرا و، لەساڵی ١٩٣٠ دەستوورێکی تر بە هەموارکردنی دەستووری پێشووتر دانرا، پاشان لە ساڵانی ١٩٤٩ و ١٩٥٨ و ١٩٦٤ و ١٩٦٦ و ١٩٦٩ چەندین دەستووری کاتی تر لە وڵات دانرا، کە هەریەکەیان بە هۆی داگیرکارییی و کودەتای سەربازی ئەویتری ڕەتدەکردەوە، تا دواجار لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێ (حافیز ئەسەد) بە کودەتای سەربازیی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی گرتە دەست، بەهۆیەوە لە ساڵی ١٩٧١ دەستووری کاتی وڵاتی دەرکرد و لە ١٩٧٣/٣/١٢ کردی بە دەستووری هەمیشەیی و هەر لەو ساڵە خستییە ڕاپرسیی جەماوەرییەوە، بۆیە ئەم دەستوورە تاکو ئێستا بەکارە[٢].

---

[١]- دێرك کینان (٢٠٠٧)، ل ٥٣ — ٥٤.

[٢]- لیلاف حمدامین عزیز (٢٠٠٧)، الحقوق السیاسیة للکرد في الدول التی تضم کردستان، من مطبوعات مکتب الفکر و التوعیة في الاتحاد الوطني الکردستانی، مطبعة مؤسسة حمدی للطباعة و النشر، السلیمانیة، ص ٢٢٠ — ٢٢١.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، لە دەستووری سوریا بەهیچ شێوەیەك باسی کورد و زمانەکەی و مافەکانی نەکراون، بۆیە لێرەدا هەندێ لە ماددەکانی دەستوور و ڕاڤەکانی خۆمان دەخەینەڕوو:

لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت: (( **١ـ کۆماری عەرەبی سووری وڵاتێکی دیموکراتی میللی و سۆشیالیستییە، خاوەنی کیانێکە ناکرێت سازش لە هیچ بەشێکی بکرێت، کە ئەندامە لە وڵاتانی یەکێتی کۆمارییەکانی عەرەب. ٢ـ هەرێمی عەرەبی سووری بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی. ٣ـ گەل لە هەرێمی عەرەبی سووری بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، کاردەکات و خەبات دەکات بۆ بەدەستهێنانی یەکێتییەکی تەواو))**[١].

ئەگەر سەیری ئەم ماددەیە بکەین، ئەوە دەبینین زاراوەی (کۆماری عەرەبی سووری) تەنها ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە گەلی سووری لە یەك نەتەوە پێکدێت، ئەویش نەتەوەی عەرەبە!، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لەم وڵاتەدا بکات، لەبەرئەوەی ((سووریا وڵاتێکە لە کەمایەتی جۆراوجۆر پێکهاتووە و هەرگیز یەکێتییەکی نەتەوەیی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، ئەم کەمایەتیانەش یان مەزهەبین: (درۆز، عەلەوی، چەرکەس، مەسیحی)، یاخود ئەتنیکین: کورد، ئەرمەن، عەرەب))[٢].

هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوەش دەکات، کە ناکرێت خاکی سوریا پارچە پارچە بکرێت، ئەم دەقە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵدانێك

---

[١]- دستور الجمهورية العربية السورية. www.syria.people.couneel.org.

[٢]- دێرك کینان (٢٠٠٧)، ل ٥٣.

بە مەبەستی جیابوونەوە لە وڵات، بەتایبەتی نەتەوەی کورد کە لە داهاتوودا هەر ڕووناکییەکی لەم وڵاتەدا بۆ دەرکەوێت، ئەوە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆی دەدات.

ماددەی چوارەمی دەستوور دەربارەی زمانی ستاندارد و ڕەسمی وڵاتە، کە تەنها ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات وەك زمانی ستانداردی وڵات، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە **((زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمییە))**[١]. ئەم ماددەیەش لایەنی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینی عەرەبی پێوە دیارە، چونکە تەنها ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات، بەبێ ئەوەی باسی زمانی کەمایەتییەکانی وڵات بکات.

ماددەی (٢١) پەیوەستە بە سیستمی پەروەردە و ڕۆشنبیریی لە وڵاتدا، لەم ماددەیەشدا پەروەردە و لایەنی ڕۆشنبیریی تەنیا پەیوەست دەکات بە نەتەوەی عەرەب، هەروەك لە ماددەکەدا هاتووە: **((ئامانجی سیستەمی فێرکردن و ڕۆشنبیری، دروستکردنی نەوەیەکی عەرەبی نەتەوەیی شۆشیالیستیی زانستییە، بە مێژوو و خاکەکەی بەستراوەتەوە))**[٢].

ماددەی (٨٣) پەیوەستە بە خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، لێرەدا ئەوپەڕی شۆڤینی و نەتەوەپەرستی پێوە دیارە، چونکە مەرج دەدانێ بۆ ئەو کەسەی خۆی بۆ ئەم پۆستە کاندید دەکات، دەبێ تەنها لە نەتەوەی عەرەب بێت، بەو واتایەی نەتەوەکانی تر مافی خۆپاڵاوتن و کاندیدکردنیان

---

[١]- دستور الجمهورية العربية السورية.

[٢]- هەمان سەرچاوە.

نییە، هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە **((مەرجە ئەو کەسەی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید دەکات، دەبێت عەرەب بێت بە تەواوی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و تەمەنی (٣٥) ساڵی تەواوکردبێت))**[1].

هەروەکو لە دەستووردا دەردەکەوێت، کە گەلی کورد لە سوریا لە هەموو مافەکانیان بێبەش کراون، دەبێ ئەوەش بوترێت، کە لە پێش هاتنە سەر تەختی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم، کورد لە سوریا چەندین بزاڤی ڕۆشنبیرییان هەبوو، چ ئەو کوردانەی کە لە دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ تورکیایان جێهێشتبوو و هاتبوونە سوریا، یان کوردەکانی سوریا[2]. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەم پارچەیەدا لەسەرەتا بەشێك بوو لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردستانی باکوور و لەدوایشدا بوو بە بنکە بۆ ئەم مەبەستە، ئەویش دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە دینامۆی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی باکوورەوە کۆچیان بۆ ئەم بەشەی کوردستان کرد، بەهۆی زوڵم و زۆرداری حکومەتی تورکیای کەمالی[3]. بۆیە دەتوانین هەندێ لایەنی بواری ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) بخەینەڕوو:-

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو.

[2]- عبدالرحمن قاسملو(١٩٧٣)، کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکە پێشەوا، ل ٩٨ — ٩٩.

[3]- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل(٢٠٠٩)، کورد لە سوریا ١٩٢٠ — ١٩٤٦، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل ١٣٣.

١ـ گۆڤاری هاوار کە گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوو، لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە دەردەچوو، ژمارە (١)ی لە (١٥)ی نیسانی ١٩٣٢ و ژمارەی کۆتایی لە (١٥)ی ئایاری ١٩٤٣ لە شاری دیمەشق دەرچوو، واتە (٥٧) ژمارەی لێ دەرچووە، ئەم گۆڤارە سەرەتا بە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە، دواتر بە ئەلفوبێی لاتینی دەردەچوو، چونکە جەلادەت بەدرخان لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٣٢ توانی ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردیدا جێگیر بکات. ئەم گۆڤارە بەشێکی بۆ فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی کوردی تەرخانکردبوو[١]، هەروەها هەندێ بەشی تری بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی و نووسینی منداڵان و باسکردنی مێژووی کوردایەتی بوو[٢].

لەبارەی قوتابخانە و کردنەوەی قوتابخانەوە، گۆڤاری (هاوار) لە ژمارە (١٧)یدا و لەژێر سەردێری (دەرسخانە)دا دەنووسێ: ((لە بەیروت (٢٠٠) کوردی ئۆمەری و ماردینی هەیە، دکتۆر کامەران بەدرخان هەرچی منداڵی ئەوانە هەیە گەیاندوویەتییە خوێندنی، دوای گەیشتنیان بە (٥) ساڵی، دکتۆر بەدرخان داوای لە حکوومەت کردووە کە قوتابخانەی بۆ چاك بکەن، و کردی، ئەمڕۆ لە بەیروت بەشێوەی ڕەسمی و داننانی حکوومەت دەرسخانەی کوردی هەیە، کە زیاتر لە سی قوتابی تێدا دەخوێنن، مامۆستای وان (مصطفی احمد بوطی)یە))[٣]. دواتر بەم شێوەیە بەراورد لەگەڵ کوردانی سووریا دەکات ((لە عەندیوەرێ تا جەرابلس بەم شێوەیە چەند قوتابیمان هەیە، دەبا دەرسخانەی

[١]- بدرخان سندی(د)(١٩٩٤)، میللینی یا گۆڤارا (هاوار)، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٣٣)، ل ٣٤.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦ — ٢٩.

[٣]- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل (٢٠٠٩)، ل ١٤٠ — ١٤١.

وەك دەرسخانەی بەیروتێ بكەنەوە، ئەم میللەتە بەختڕەش و هەژارە، لە نەزانی ڕزگاركەن و پێیان بخوێنن و پێیان بگەیەنن، ئەگەر دەشیانەوێ ڕوخسەت وەربگرن، بێگومان ئەمڕۆ لاو هاتە بەر ئەم كارە، ئەوا سبەش دەرسخانە دەكەنەوە))[1]، هەروەها لەم گۆڤارەدا چەندین جار بانگەوازی یەكخستنی زمانی كوردی تێیدا كراوە، بەجۆرێ كە زمانێكی یەكگرتوو (ستاندارد) دابمەزرێ و شێوەزارەكان یەكبخرێن و زمانی كوردیش لە وشەی بێگانە پاك بكرێنەوە و بەرەو پێشەوەش ببرێ[2].

٢ـ گۆڤاری ڕۆناهی، گۆڤارێكی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە لە شاری دیمەشق بە ئەلفوبێی لاتینی لەلایەن جەلادەت بەدرخان دەردەچوو، ئەم گۆڤارە ژمارە یەكی لە (١ی نیسانی ١٩٤٢) دەرچوو و دوا ژمارەشی كە ژمارە (٢٨)ە، لە ئاداری ١٩٤٥ دەرچوو، ئەم گۆڤارە بە كرمانجی سەروو و ئەلفوبێی لاتینی بڵاودەكرایەوە[3].

٣ـ دامەزراندنی كتێبخانەیەكی كوردی لەلایەن جەلادەت بەدرخان بە ناوی (كتێبخانەی هاوار)، ئەم كتێبخانەیە توانی (٢٠) كتێب لە بوارەكانی ڕێزمانی كوردی، فەرهەنگی، ئایین، چیرۆكی كوردی دەربكات.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

[2]- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل (٢٠٠٩)، ل ١٤١.

[3]- كەمال مەزهەر ئەحمەد(د)(١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی كوردیدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ل ٢٣٦ — ٢٣٧.

٤ـ گۆڤارەکانی (ڕۆژانوو) و (ستێر) لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن کامیران بەدرخان بە ئەلفوبێی لاتینی دەرچوو، کە هەردووکیان گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بوون[١].

لەم قۆناغەدا چەندین تایبەتمەندیی دەردەکەون، لەوانە:ـ

١ـ بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستان.

٢ـ بۆ یەکەمجار سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان.

٣ـ لەدایکبوونی ئەلفوبێی کوردی (ئەلفوبێی لاتینی).

٤ـ پێکهێنانی یەکەمین کتێبخانەی کوردی لەم بەشەی کوردستان، بەناوی کتێبخانەی هاوار.

٥ـ دەرکەوتنی هەندێ ڕۆشنبیر و ڕۆناکبیری کورد، لەوانە: نورەددین زازا، عوسمان سەبری، قەدری جان، جگەرخوێن، ڕەشید کوردی... هتد.

میر جەلادەت بەدرخان لە سالآنی (١٩١٩ – ١٩٣٢)دا توانی ئەلفوبێیەکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دابنێ، کە لە ساڵی ١٩١٩ دا دەستی بە هەوڵەکەی کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٣٢ دا تەواوی کرد، دوای ئەوە بیری لە یەکگرتنی زمانی کوردی کردەوە و هەر بۆیەش دەیوت ((لە یەکێتی زماندا هەنگاوی یەکەم یەکخستنی پیتەکانە، چونکە گەر یەکێتی لە پیتدا نەبێت، لە زمانیشدا نابێت))[٢]. ئەم ئەلفوبێیە دواتر بووە بنچینەیەکی نووسینی کوردی،

---

[١]- عبدالقادر بدرالدين(٢٠٠٠)، موجز عن مسيرة الصحافة الكردية فى الجزء الغربي – سوريا، من مطبوعات رابطة كاوا للثقافة الكردية، ص ٦٠ – ٦٢.

[٢]- ئیسماعیل ئیبراهیم بادی (١٩٨٩)، جەلادەت بەدرخان، گ. (دەنگێ مە)، ژ (٤)، دهۆك، ل ٦١.

هەروەها لە ساڵی ١٩٣٢ لە دیمەشق دوو پەرتووکیشی لەسەری دەرکرد، کە هی یەکەم (ڕێزمانا ئەلفابێ یا کوردی) بە زمانی کوردی و عەرەبی و فەڕەنسی و فارسی دەرکرد، دووەمیش فێربوون بوو بۆ ئەم ڕێنووسە لاتینییە بە ناوی (ڕوپەلنەن ئەلفا بێ، ژ بۆ فێربوونا زمان و نڤیسینا کوردی)[1].

هەروەها لە هاوینی ١٩٥٧ (پارتی دیموکراتی کوردستان) دامەزرا، لەم نێوەندەش کۆمەڵێ ڕۆژنامە لەلایەن ئەم پارتەوە دەرچوون، لەوانە لەدایکبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی، کە زمانحاڵی پارتی بوو بەناوی (دەنگی کورد)، ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا بە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی دەردەچوو، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ بە زمانی عەرەبی دەرچوو[2].

ئەوەی لەم قۆناغەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوە جیابوونەوە و دووبەرەکی لەنێو پارتی لە ساڵی ١٩٦٥ ڕوویدا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دوو باڵی (چەپڕەو و ڕاستڕەو) لەخۆوە بگرێ و دوو ڕۆژنامەی جیا دەربکەن، بەم شێوەیە:ـ

أ ـ ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) کە بە پرۆگرامی چەپڕەویی و پێشکەوتنخواز ناسرابوو، لەلایەن (ئوسمان سەبری) و (سەلام بەدرەددین) دەردەچوون.

ب ـ ڕۆژنامەی (دیموکراتی)، ئەم ڕۆژنامەیە دوای جیابوونەوە لە ساڵی ١٩٦٦ دەرچوو، کە بە پرۆگرامی ڕاستڕەو ناسرابوو و لەلایەن (حەمید دەروێش) و (ڕەشید حمۆ) دەردەچوون.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

[2]- عبدالقادر بدرالدین (٢٠٠٠)، ل ٦٣ – ٦٤.

ئەم قۆناغە بە سەردەمی نوێکردنەوە و نوێبوونەوە دەناسرێت[1]، کە تیایدا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:

١ـ گۆڤاری گوڵستان، ئەم گۆڤارە لەسەر دەستی جگەرخوێن لە ساڵی ١٩٦٨ بە زمانی کوردی دەرچوو تا ساڵی ١٩٩٦ی خایاند و (٢٠) ژمارەی لێ دەرچوو.

٢ـ گۆڤاری گەلاوێژ، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٧٩ — ١٩٩٦ بەردەوامبوو و (٢٨) ژمارەی لێدەرچوو.

٣ـ گۆڤاری ستێر، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٨٣ — ١٩٩٤ بەردەوامبوو، (٢٤) ژمارەی لێدەرچوو، خاڵە گرنگەکانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە وروژاندنی مەسەلەی نووسین و فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی و، دۆزینەوەی زاراوەی جێگیر بۆ خستنە نێو فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی بوو.

٤ـ گۆڤاری خوناف، ئەم گۆڤارە بۆ خزمەت و زیندووکردنەوەی زمانی کوردی بڵاوکرایەوە، ژمارە یەکی لە ئابی ١٩٨٦ دەرچوو و تا پایزی (١٩٩٥) بەردەوامبوو، لەم ماوەیەدا (١٨) ژمارەی لێدەرچوو، ئەم گۆڤارە بابەتەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر بڵاودەکردەوە.

٥ـ گۆڤاری گورزك گوڵ، ئەم گۆڤارە ژمارە (١)ی لە ئاداری ١٩٨٩ دەرچوو تا بەهاری ١٩٩٢ بەردەوامبوو، و (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە .

٦ـ گۆڤاری زانین، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩١ ـ ١٩٩٧ بەردەوامبوو، (١٢) ژمارەی لێدەرچوو.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٥ — ٧٠.

٧ـ گۆڤاری ڕۆژ، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩١ ـ ١٩٩٦ بەردەوامبوو، (٩) ژمارەی لێدەرچوو.

٨ـ گۆڤاری ئاسۆ، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٢ — ١٩٩٣ بەردەوامبوو، (٤) ژمارەی لێدەرچوو.

٩ـ گۆڤاری پێرس، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٣ەوە دەردەچێت تاکو ئێستاش بەردەوامە، ژمارەکانی تا ئێستا گەیشتۆتە (١٢) ژمارە.

١٠ـ گۆڤاری ڕۆژهەڵات، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٧٨ ـ ١٩٨٢ بەردەوامبوو، (٦٥) ژمارەی لێدەرچوو، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی و سیاسی و ئەدەبی بوو لە لوبنان لەلایەن یەکێتی میللی کوردی دەردەچوو.

١١ـ گۆڤاری بەهار، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٧ بەردەوامبوو، تەنها (٤) ژمارەی لێدەرچوو.

١٢ـ ڕۆژنامەی نەورۆز، ئەم ڕۆژنامەیە هەر لە ساڵی (١٩٩٠) دەردەچێت و تاکو ئێستا بەردەوامە و (١٥) ژمارەی لێدەرچووە.

١٣ـ ڕۆژنامەی (دەنگ)، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٥ — ١٩٩٨ بەردەوامبوو، (١٧) ژمارەی لێدەرچوو.

١٤ـ ڕۆژنامەی دەلاڤ، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٠ ـ ١٩٩٦ بەردەوامبوو و تەنها (٣) ژمارەی لێدەرچوو.

١٥ـ ڕۆژنامەی هێڤی، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچوو و تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

١٦ـ ڕۆژنامەی خوێندڤان، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە بڵاوکراوەتەوە و تا ئێستاش هەر دەردەچێت و، تا ئێستا (٣) ژمارەی لێ دەرکردووە.

کەواتە لە سەردەمێکی دیاریکراو و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێگە بە زمانی کوردی لە کوردستانی سوریا دراوە، کە ئەویش خۆی لە کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی و دەرکردنی کتێبی ڕێزمانی[1] و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردیدا دەبینییەوە، بەجۆرێك لەم بەشەی کوردستان زمانی کوردی کرمانجی سەروو بووە و زیاتر خۆیان بە ئەلفوبێی لاتینی دەبەستنەوە، ئەویش بەهۆی کاریگەریی کوردەکانی تورکیا کە هاتوونەتە ئەم بەشەی کوردستان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بە ئەلفوبێی عەرەبی شت نەنووسراوە، بەڵکو کۆمەڵێ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار لەپاڵ ئەلفوبێی لاتینی، ئەلفوبێی عەرەبیشیان بەکارهێناوە.

---

[1]- لە کوردستانی سوریا کۆمەڵێ کتێب لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:

ـ جەلادەت بەدرخان ئەم کتێبانەی نووسیوە:

١ـ ڕێزمانا ئەلفا بێ یا کوردی ـ شام ـ ١٩٣٢.

٢ـ ڕوپەڵنەن ئەلفابێ، شام، ١٩٣٢، ... هتد.

ـ کامەران بەدرخان ئەم کتێبانەی نووسیوە:

١ـ ئەلف و بێ یا من ـ دیمەشق ـ ١٩٣٨.

٢ـ ئەلفبایا کوردی ـ ١٩٣٩،

٣ـ ڕێزمانا زمانێ کوردی ـ ١٩٥٦.

ـ قەدری جان: ئەم کتێبەی نووسیوە، ئەلف و بای کوردی.

ـ جگەرخوێن: ئەم کتێبەی نووسیوە، اوائو دەستورا زمانی کوردی، ١٩٦١.

## ٤ـ وڵاتە عەرەبییەكان

زمانی ستانداردی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆزە، كە بە دیالێكتی قورەیش و هۆزی عەدنان دابەزیوە، بەهۆیەوە قورئانی پیرۆز توانی پارێزگاریی لە زمانی عەرەبی پەتی بكات و ئەم زمانە ئەمڕۆكە بۆتە بنچینەیەك بۆ هەموو دیالێكتەكانی تری زمانی عەرەبی[1]. بەو واتایەی ئەمڕۆكە زمانی عەرەبی پەتی، زمانی قورئانە، ئەم زمانە بەهۆی هۆكاری ئایینییەوە پارێزگاری لەخۆی كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا كۆمەڵێ هۆكاری تر هەبوون، بۆ ئەوەی دیالێكتی قورەیش بەرەو ئاڕاستەی ستانداردبوون بڕوات، لەوانە هۆكاری ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و ئایینی، بەجۆرێك سەردەمانێك شاری (مەككە) وشكەساڵی و بێدەرامەتی بەخۆیەوە بینی بوو، لەم نێوەندەشدا كوڕانی (عەبد شەمس) لە هۆزی قورەیش كەوتنەخۆ بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە، بۆیە (ئومەیە) بە كاری بازرگانی خەریك بوو و، (هاشم)یش بە كاری زێوانی (كەعبە)وە خەریك بوو[2]، واتە لە شاری مەككەی پیرۆز هۆزی قورەیش باڵادەست بوو و، لە ڕووی ئابووری و بازرگانییەوە كۆنترۆڵی ناوچەكەیان كردبوو[3]، كەواتە بازاڕی كەعبە بازاڕێكی ئابووری و بازرگانی بوو و هۆزی قورەیش و دیالێكتی قورەیش خۆیان بەسەریدا زاڵكردبوو. بازاڕی (عوكان)یش

---

1- www.wikipedia.org/wiki/Lingustic.

٢- عیزەدین مستەفا ڕەسوول (د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی، ل ١٥.

٣- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: هەژموون و دەسەڵاتی كرمانجی ناوەڕاست خۆی سەپاندووە و ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، سازدانی چاوپێكەوتن هەرێم عوسمان، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٨/٩، پاشكۆی ئەدەب، ژمارە (١٨)، ل ٥.

کە بازاڕێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوو، تایبەت بوو بە شیعر خوێندنەوە[1]، ئەو هۆزانەی کە دەهاتنە شاری مەککە و بازاڕی عوکاز بۆ پێشبڕکێی شیعریی، زیاتر هۆنراوەکانیان لەسەر شێوازی دیالێکتی قوڕەیش دەنووسی و دەخوێندەوە، واتە شێوەی ئاخاوتن و نووسینی قوڕەیش لە شاری مەککە بالأدەست بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دواتر خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بەم شێوەزارە بۆ پێغەمبەری خوا محەمەد (د. خ) دابەزێنێت و، بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە ئەم شێوەزارە لە شێوەزارێکی ناوچەییەوە بوو بە زمانی ستاندارد و، لە زمانی شاری مەککە بوو بە زمانی ستانداردی دەوڵەتیعەرەبی ـ ئیسلامی و دواتر هەموو وڵاتە عەرەبییەکان[2]. دیالێکتەکانی زمانی عەرەبیش ئەمڕۆکە دوای پتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ هێشتا لەو وڵاتانە درێژە بە خۆیان دەدەن، ساڵانە بە سەدان فیلم، گۆرانی، کۆمەڵە شیعر و شانۆنامە بەو دیالێکتانەی زمانی عەرەبی (بەتایبەتی دیالێکتی میسری، لوبنانی، عێراقی،... هتد) دەهێندرێتە بەرهەم، ئەم دیالێکتانەش زۆر لە زمانی ستانداردی عەرەبی جیاوازن، شانبەشانی زمانی ستانداردی عەرەبی لە پێشبڕکێدان، لە پەیڤین و نووسینی ئەدەبی و هونەریدا بەردەوامن، بەو بەرهەمانەش ژیانی ئەدەبی و هونەری ئەو وڵاتانە دەوڵەمەند دەکەن، تەنانەت هەندێك لەو دیالێکتانە (بەتایبەتی دیالێکتی میسری و تاڕادەیەك دیالێکتی لوبنانی) بەهۆی گرنگی ئەو بابەتە هونەریی و ئەدەبییانەی پێیان دەهێندرێتە بەرهەم، هێندە لە نێو

[1]- عیزەدین مستەفا ڕەسوول، هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

[2]- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

گەلانی عەرەبدا زانراون، کە وەك زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی عەرەبی خەڵك تێیان دەگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو دیالێکتە نەیانتوانیوە تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشیاندا جێگەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی عەرەبی بگرنەوە و ببن بە زمانی ستانداردی عەرەبی، لە هەمان کاتیشدا بە بیری هیچ کام لە گەلی میسر و لوبنانی یان گەلانی تری وڵاتانی عەرەبیدا نەهاتووە، کە داوا بکەن دیالێکتەکانیان، لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکانیاندا زانراوە، جێگەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو و زمانی ستاندارد بگرنەوە، یان بکرێن بە زمانی خوێندن لەو وڵاتانەدا، بەو بیانووەی کە منداڵان لە زمانی ستاندارد ناگەن و لەماڵەوە لەگەڵ دایك و باوکیاندا بە دیالێکتی وڵاتەکانیان دەدوێن، چونکە کارێکی لەم جۆرە دەتوانێت زمانی عەرەبی بکاتە چەندین زمان[1].

زمانی عەرەبی چەندین دیالێکتی جۆراوجۆر لەخۆوە دەگرێت، کە بەمشێوەیە[2]:ـ

**یەکەم: دیالێکتەکانی ڕۆژهەڵات:ـ**

**١ـ دیالێکتی میسری (شێوەزاری سعێدی، شێوەزاری ئەسکەندەرییە).**

**٢ـ دیالێکتی نیلی (شێوەزاری سودانی، شێوەزاری چادی، شێوەزاری بەقارە).**

**٣ـ دیالێکتی ڕۆژهەڵاتی (شامی).**

---

١- ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، ل ٢٧ – ٢٨.

٢- www.wikipedia.org/wiki/Lingustic.

أ ـ دیالێکتی لوبنانی (شێوەزاری بەیروتی، شێوەزاری باکوور، شێوەزاری تەڕابلووس، شێوەزاری زەعزتاویە، شێوەزاری بەشراوی، شێوەزاری کورە، شێوەزاری عەکاری).

ب ـ دیالێکتی سووری: شێوەزارەکانی دیمەشقی، شامی، حەمسی، حەلبی، ساحلی، دیری، مارۆنی دەگرێتەوە.

ج ـ دیالێکتی فەلەستینی: شێوەزارەکانی نابلس، خەلیل، قودس، حەیفا، غەزاوی، فەلاحی، بەدەوی دەگرێتەوە.

د ـ دیالێکتی ئوردەنی: شێوەزارەکانی ئیربداوییە، کەرکەرییە، بەدەوی، مەعانی دەگرێتەوە.

٤ـ دیالێکتی عێراقی:

أ ـ شێوەزاری بەغدادی.

ب ـ شێوەزاری بەسراوی.

ج ـ شێوەزاری ئەنباری.

د ـ شێوەزاری موسلاوی.

٥ـ دیالێکتی دوورگەی عەرەب:

أ ـ دیالێکتی کەنداو: شێوەزاری ئیماراتی، بەحرێنی، قەتەڕی، کوێتی دەگرێتەوە.

ب ـ دیالێکتی سعوودی: شێوەزاری نەجدی و حیجاز دەگرێتەوە.

ج ـ دیالێکتی یەمەنی

د ـ دیالێکتی بەحرانی

هـ ـ دیالێکتی عومانی

و ـ دیالێکتی شەحیە

دووەم: دیالێکتەکانی ڕۆژئاوا

١ـ دیالێکتە سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا

أ ـ دیالێکتی مەغریبی

ب ـ دیالێکتی جەزائیری

ج ـ دیالێکتی تونس

د ـ دیالێکتی حەسانییە

هـ ـ دیالێکتی ئەندەلوسی

٢ـ دیالێکتی پێش هیلالی

أ ـ دیالێکتی جەبەلی

ب ـ دیالێکتی جیجلی

ج ـ دیالێکتی سەقلی

د ـ دیالێکتیماڵتی

٣ـ دیالێکتە سەرەکییە بەدەوییەکان:

أ ـ دیالێکتی لیبی

ب ـ دیالێکتی حەسنی

ج ـ دیالێکتی کەنداوی

د ـ دیالێکتی نەجدی

هـ ـ دیالێکتی بیابانی

لەپاڵ ئەو هەموو دیالێکت و شێوەزارە عەرەبییانە، کەچی تەنیا جەخت لەسەر شێوەزاری عەرەبی پەتی دەکەنەوە. هەروەها لە زۆرینەی وڵاتانی عەرەبیدا تەنیا جەخت لەسەر بوونی یەك زمان دەکەن، ئەویش زمانی عەرەبییە، سەرباری بوونی چەندین زمانی تر لەم وڵاتانەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ وڵاتاندا ئاماژە بە زمانی تر وەکو زمانی نیشتمانی دەکەن، بۆیە لێرەدا هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی بە نموونە دەهێنینەوە.

- **لوبنان**، لەم وڵاتەدا تەنیا ئاماژە بە بوونی زمانی عەرەبی دەکرێت وەك زمانێکی ڕەسمی، وەك لە مادده (١١)ی دەستووری لوبنانی ساڵی (١٩٧١)ی بەکار، بەمجۆرە باسی زمانی ڕەسمی وڵات دەکات: **((عەرەبی زمانی نیشتمانی ڕەسمییە))**[1].

- **جەزائیر**، سەرەتا لە جەزائیر تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکرا، هەروەك لە مادده (٣)ی دەستووری جەزائیری ساڵی (١٩٩٦) هاتووە: **((زمانی عەرەبی زمانی نیشتمانی و ڕەسمییە))**[2]، بەڵام جەزائیر لە (١٠)ی ئیبریلی ٢٠٠٢ دەستووری وڵاتەکەی هەموارکرد، بەهۆیەوە ماددەی (٣)ی دەستکاری تێدا کرد و زمانی ئەمازیقی وەك زمانێکی نیشتمانی خستە نێو ماددەکەوە، کە تێیدا هاتووە: **((زمانی عەرەبی زمانی نیشتمانی و ڕەسمییە، ئەمازیقی ئەویش زمانی نیشتمانییە، دەوڵەت کاردەکات بۆ بەرزکردنەوە و پێشکەوتنی بە هەموو جۆراوجۆرییە زمانییەکەیەوە، کە لە خاکی نیشتمان بەکاردێت))**[3].

---

١- طارق جمباز و كريم صوفى (٢٠٠٥)، نصوص الدساتير فى الدول العربية اربيل، ص ٩.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٢.

٣- www.Dastur.com/Dastur-Arabice.

ـ **کوێت**، لەم وڵاتەشدا تەنیا زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی وڵاتە، هەروەك لە مادده (٣)ی دەستووری ساڵی (١٩٦٢)ی وڵاتی کوێتدا هاتووە: **((زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمیی وڵاتە))**[١].

ـ **قەتەڕ**، لەم وڵاتەشدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی وەك زمانێکی ڕەسمی کراوە، هەروەك لە مادده (١)ی دەستووری (١٩٨٦)ی قەتەڕدا هاتووە: **((قەتەڕ وڵاتێکی عەرەبی خاوەن کیانێکی سەربەخۆیە، ئایینەکەی ئیسلامە، شەریعەتی ئیسلامیش سەرچاوەی سەرەکی یاساکانییەتی، و سیستەمەکەشی دیموکراتییە و، زمانی عەرەبیش زمانی ڕەسمییە))**[٢].

ـ **سوودان**، لە ماددەی (٨)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی سووداندا هاتووە[٣]:

**١ـ هەموو زمانە بنچینیەکانی سوودان زمانی نەتەوەییە، پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و پێشبخرێت و بەرزبکرێتەوە.**

**٢ـ عەرەبی فراوانترین زمانی نەتەوەییە، کە لە سوودان بڵاوە.**

**٣ـ زمانی عەرەبی لە ئاستی نەتەوەدا دەبێ بە تەنها زمانی سەرەکی بێت و، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دوو زمانی ڕەسمین بۆ کاروباری حکوومەتی نەتەوەیی و زمانی خوێندنن لە فێرکردنی باڵادا.**

**٤ـ دەشێ بۆ هەر دەستەیەکی یاسادانان، لەپاڵ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هەر زمانێکی نەتەوەیی تر بکاتە زمانی ڕەسمی کارکردنی.**

---

[١]- هەمان سەرچاوە.

[٢]- هەمان سەرچاوە.

[٣]- کریم محمد صوفی (٢٠٠٥)، دستور جمهوریه السودان الفیدرالی الانتقالی لعام ٢٠٠٥، اربیل، ص ٦.

**٥- نابێ جیاکاری دژی بەکارهێنانی هەریەك لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بکرێت لەهەر ئاستێکی فەرمانڕەوایی یان لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن.**

واتە لە سوودان لەپاڵ زمانی عەرەبی، زمانی بیانی هاوردەکراوە و کراوەتە زمانی ڕەسمی وڵات.

- **مۆریتانیا**، لەم وڵاتەدا زمانی ڕەسمی وڵات زمانی عەرەبییە، بەڵام زمانی نیشتمانی لەم وڵاتەدا بریتیین لە زمانەکانی (عەرەبی، بولاریە، سونکیە، ولفیە)، بەو واتایەی لەم وڵاتەدا ئاماژە بە چەندین زمانی تر دەکات، کە بوونیان لە وڵاتدا هەیە، هەروەکو لە ماددە (٦)ی دەستووری ساڵی (١٩٩١)ی بەکاری وڵاتی مۆڕیتانیا هاتووە: **((زمانە نیشتمانییەکان: عەرەبی و بولاری و سونکی و ولفییە و، عەرەبیش زمانی ڕەسمییە))**[١].

**مەغریب**، وڵاتی مەغریب یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ساڵی (٢٠١١) گۆڕانکاری بەسەردا هات، چونکە پێشتر لەم وڵاتەدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب دەکرا، بەڵام لە ٢٠١١/٧/٢ دەستووری ئەم وڵاتە هەموارکرا و لەم ڕۆژەدا دەنگدان لەسەر دەستووری نوێی مەغریب کرا و زۆربەی دەنگی دەنگدەرانی وەرگرت، لەم بارەوە (تەیب شەرقاوی) وەزیری ناوخۆیی مەغریب ڕۆژی ٢٠١١/٧/٤ ئەنجامی دەنگدانەکەی ڕاگەیاند و وتی: ((ڕێژەی دەنگدەران بە (بەڵێ) گەیشتە ٩٨.٤٩٪، لە کاتێکدا ڕێژەی دەنگدەران بە (نەخێر) گەیشتە ١.٥١٪، کە ئەو دەنگدانەش لەسەر ئاستی ٩٤٪ لە نووسینگەکانی دەنگداندا

---

[١]- طارق جمباز و کریم صوفی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

هاتەدی و ڕێژەی بەشداربووانی دەنگدان بەپێی خەمڵاندنی کۆتایی گەیشتە ٪٧٢.٦٥))[1].

پێشتر لەم دەستوورەدا لە بەشی (٥) تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکرا، وەك زمانی ڕەسمی وڵات، بەڵام ئەم بەشە هەموارکرا و بەمشێوەیەی لێهات:ـ

**بەشی (٥):ـ**

**ـ زمانی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت دەمێنێتەوە.**

**ـ دەوڵەت بۆ پاراستن و پەرەپێدان و گەشەپێدانی کار دەکات.**

**ـ زمانی ئەمازیقیش بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت دادەنرێت، چونکە زمانی ئەمازیقی گەنجینەیەکی هاوبەشی هەموو مەغریبییەکانە بەبێ هەڵاوێرکردن، بە یاسا قۆناغەکانی کارکردنی سروشتی زمانی ئەمازیقی دیاریدەکرێت و، چۆنیەتی تێکەڵکردنی لە بوارەکانی خوێندن و بوارەکانی پێویستی ژیانی گشتیدا هەر بەو یاسایە دیاری دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لە ئایندەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت، چونکە زمانی ئەمازیقی سیفەتی ڕەسمی هەیە و، دەوڵەت بۆ پاراستنی حەسانیەت کاردەکات، چونکە بەشێکە لە ناسنامەی ڕۆشبیری یەککگرتووی مەغریب و لێی جیا نابێتەوە، هەروەها دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ پاراستنی دیالێکت و بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕۆشنبیری لە مەغریبیدا. دەوڵەت بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی سیاسەتی زمانەوانی و ڕۆشنبیری نیشتمانی کاردەکات، هەروەها هەوڵیش دەدات بۆ فێربوون و زانینی ئەو زمانە**

---

[1]- www.Dastur.com/Dastur.Arabice.

بیانیانەی کە زۆرتر لە جیهاندا بەکاردەهێنرێن، چونکە ئەو زمانانە ئامرازی بەردەوامی و کارلێکی ناو کۆمەڵگای زانست و مەعریفەتە و، بەسەر ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێنەوە و، دەرگا بۆ شارستانیەتی هاوچەرخ والا دەکەن.

ـ ئەنجوومەنێکی نیشتمانی بۆ زمانەکان و ڕۆشنبیری مەغریب دەکرێتەوە، بەتایبەتی کاردەکات بۆ پاراستن و پێشکەوتنی زمانی عەرەبی و زمانی ئەمازیقی و دەستەواژە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیری مەغریبی، ئەمە میراتەکەی ئەسڵ و داهێنانێکی تازە بابەت و هاوچەرخە و، هەموو دەزگاکانی ئەم بوارانە دەگرێتەوە و، بە یاسایەکی ڕێکخەری گشت دەسەڵات و پێکهاتە و چۆنێتی ڕەوشی دیاریدەکرێت[1].

---

1- www.Dastur.com/Dastur.Arabice.

## ٥ـ پاکستان

پاکستان، دەکەوێتە باشووری کەرتی ئاسیا، پایتەختەکەشی (ئیسلام ئاباد)ە، ئەم وڵاتە لە ١٩٤٨/٨/١٤ لەژێر ئیستعماری بەریتانی ڕزگاری بوو و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند[١].

سیستمی دەسەڵات لەم وڵاتەدا، کۆمارییە، دەسەڵاتی لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە، یەکەمیان ئەنجوومەنی یاسادانان، کە بەناوی (ئەنجوومەنی ئوممە)یە و، دووەمیان (ئەنجوومەنی پیران)ە[٢].

پاکستان وڵاتێکی فرەئایین و فرەزمان و فرەنەتەوەیە، بەهۆیەوە ئایینەکانی (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، زەردەشت) لەخۆ دەگرێت و، زمانەکانی (ئۆردو، ئینگلیزی، بینجابی، سندی، پەشتوو، بالوش،... هتد) لەخۆ دەگرێت و، نەتەوەکانی (بینجابی، سندی، باشتۆن، بالوش) لەخۆدەگرێت. دەستووری پاکستان کە لە (١٠)ی نیسانی (١٩٧١)ەوە بڕیاری لێدراوە و بەکاربووە[٣]. لەم وڵاتەدا دوو زمان، زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتن، کە ئەوانیش ئۆردو و ئینگلیزییە لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئۆردو بە تەنیا لەلایەن ٨٪ دانیشتوانەوە قسەی پێدەکرێت، کەچی ئینگلیزی زمانی هاوبەشی توێژی هەڵبژاردەی پاکستان و زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی حکوومەتیشە[٤].

---

[١] - کەریم ئەحمەد محەمەد، ل ١٣٤.

[٢] - عەلی کەندی، ل ١٢٧.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.

[٤] - طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لەچەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، ل ١٩٠ – ١٩٢.

لەم وڵاتەدا نزیکەی (٢٠) زمان قسەیان پێدەکرێت، ئەگەرچی (ئۆردو) زمانی فەرمییە، بەڵام زمانی نەتەوەیی زۆرینەی دانیشتوانیان نییە، بۆیە دەستووری ساڵی ١٩٥٦ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بۆ کاروبارە فەرمییەکان بۆ ماوەی (٢٠) ساڵان چەسپاند و دواتریش دەستووری ساڵی (١٩٦٢) ماوەکەی بۆ کاتێکی دیارینەکراو درێژکردەوە، وێڕای ئەمەش دەستووری ساڵی (١٩٧٣) ماوەیەکی گواستنەوەیی (١٥) ساڵانی بۆ زمانی ئۆردو دیاریکرد، کە لە پاش ئەو ماوەیەدا ناشێ چیتر زمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری فەرمیی بەکاربېرێت[1]، بەڵام هەر چۆنێك بێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەستەی بژاردە و ڕۆشنبیران زمانی ئینگلیزی بە ڕەوانی دەزانن، بۆیە ئەم زمانە (ئینگلیزی) بە پێی ئەمری واقیع بووەتە زمانی نیشتمانی و ناکرێت دەستبەرداری بن.

ئەوەی پەیوەستیش بێت بە زمانی کەمینەکان، ئەوە بریتین لە:ـ بینجابی، سیندی، سیراکی، پەشتوو، بەلووجی، هیندکۆ، براهویی، بور، شاسکی، ... هتد[2].

لەم بارەوە دەستووری پاکستان بە ڕاشکاوانە لە چەند ماددەیەکدا ئاماژە بە زمان دەکات، لەوانە:ـ

**ماددەی (٢٨)**

**بە پشتبەستن بە ماددە (٢٥١)، هەر بەشێکی هاوڵاتیان کە زمان و ڕێنووس و کەلتووری جیاواز و چەسپاویان هەیە، دەبێ ئەو مافەیان پێ بدرێت، کە بە**

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ١٧٧ — ١٧٩.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ١٧٥.

**پێی یاسا بپارێزرێن و پەرەیان پێ بدەن و بۆ ئەو مەبەستانەش پەیمانگاگەلی هاوشێوە دابمەزرێنن.**

**ماددەی (٢٥١)**

**١ـ زمانی نەتەوەیی (نیشتمانی) پاکستان ئۆردووە، پێویستە هەموو ئامادەکارییەك بکرێت، تا ئەو زمانە لە فەرمانگەکان و بۆ هەموو کاروبارێکی دیکەش لە ماوەی پانزە ساڵدا لەڕۆژی بەکاربوونییەوە بەکاربهێنرێت.**

**٢ـ بە پشتبەستن بە بەندی (١)، دەکرێ زمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری فەرمیی هەتا ئامادەکارییەکان تەواو دەکرێت بۆ ئەوەی (ئۆردو) جێگەی بگرێتەوە، بەکاربهێنرێت.**

**٣ـ بەبێ زیانگەیاندن بە دۆخی زمانی نەتەوەیی، بۆ ئەنجومەنێکی ناوچەیی هەیە بەپێی یاسا پێوەرگەلێك پیادە بکات (دابهێنێ)، بە مەبەستی خوێندن و پێشخستن و بەکارهێنانی زمانێکی ناوچەیی لەتەك زمانە نەتەوەییەکاندا.**

**ماددەی (٢٥٥)**

**سوێندێك کە بە پێی دەستوور پێویستە کەسێك بیخوات، دەبێ بە زمانێك بێت، کە ئەو کەسە تێیدەگات.**

کەواتە وەکو دەردەکەوێت بە پێی دەستوور (ئۆردو) زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتە، بەڵام دەشکرێت زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی ستاندارد لە وڵاتدا بەکاربهێنرێت، تاکو زمانی (ئۆردو) دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا دەسەپێنێ. هەروەها مافێکی ڕەواشی بە زمانە خۆجێیەکان داوە، بەجۆرێك هەموو ئەنجوومەنەکان سەرپشکن لە بەکارهێنانی زمانە خۆجێیەکەی خۆیان

لەپاڵ زمانی ستانداردی پاکستانی کە (ئۆردو)ە، بۆ سوێندخواردنیش ئەوە هەموو کەسێك ئازادە بە شێوەزاری خۆی سوێند بخوات، کە ئەمەش ماف دانە بە دیالێکتەکان، بەو واتایەی دیالێکتەکانیش لە هەندێ شوێندا بەکاردێن، لەوانە وەکو ئاماژەمان بۆی کرد ئەنجوومەنی شار و ناوچەکان و لەکاتی سوێندخواردندا..

## ٦ـ هیندستان

کۆماری هیندستان یەکێکە لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و پایتەختەکەی نیودەلهییە، وڵاتێکی کۆماری فیدرالییە، سەرۆك کۆمار سەرۆکی وڵاتە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ڕێگەی هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێت، ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە بە پێی وەرگرتنی زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان، کە لە دوو ئەنجوومەن پێکهاتووە، ئەنجوومەنی ویلایەتەکان (داجیا سەریما)، ئەمەش نوێنەرایەتی دابەشی کارگێڕییە گشتییەکان دەکەن، کە وڵاتی هیندستان لێی پێکهاتووە، بەڵام ئەنجوومەنی گەل (لوك سەیما) ئەمە لەڕێگەی هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێت[1].

هیندستان وڵاتێکی فرەزمان و فرەئایین و فرەنەژادە، بەجۆرێك هەندێکیان زمانی ڕەسمین و هەندێکی تریان زمانی نیشتمانین، هەندێکی تریشیان لە بواری جیاجیادا ڕێگەی پێدراوە، بە نموونە دراوی کاغەزی هیندستان بە (٢٢) زمان لەسەری نووسراوە، زمانەکانیش بریتین لە: (ئەسامی، بەنگالی، بۆردۆی، دوگری، کۆجاراتی، هیندی، کانندا، کەشمیری، کۆنکانی، مایسیلی، مالایالامی، مانیبوری، ماراسی، نیبالی، ئۆریا، پەینجابی، سەنسکریتی، سانسالی، سەندی، تامیلی، تیلۆکوی، ئۆردو)[2]. هیندستان لە (٢٩) ویلایەت پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٤٧ سەربەخۆیی خۆی بەدەست دەهێنێت، بۆیە هەر لەوکاتەوە خەریکی دانانی دەستورێك بوون بۆ

---

[1]- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، ل ٢٠٦ – ٢٠٨.

[2]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان، ل ٦ – ٧.

ولاتەکەیان،[1] دەستووری ولاتەکەش بۆ یەکەمجار لە (٢٦)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٩ دانراوە، پاشان (٧٨) جار هەموارکراوە و دواجاریش ساڵی ١٩٩٥ بوو[2]. لەم دەستوورەدا لە ماددەکانی (٣٤٣ – ٣٥١) باسی زمان دەکات، بەجۆرێك لە زۆربەی ماددەکاندا ئاماژە بە زمانەکانی (هیندی و ئینگلیزی) وەك زمانی ستانداردی ولات دەکات، بە نموونە لە ماددەی (٣٤٣)دا هاتووە:

**١ـ زمانی ڕەسمی ولات زمانی هیندییە بە ئەلفوبێی دیڤانەگاری.**

**٢ـ زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی پازدە ساڵدا لە کاتی دەست پێکردنی ئەم دەستوورە بەردەوام دەبێت و لە هەموو پێویستییە ڕەسمییەکانی ولات بەکاردێت[3].**

سەرباری تێپەڕبوونی ماوەی پازدە سالآن بەسەر ڕۆژی دەستپێکردنی کار بە دەستوورەکەدا، کەچی زمانی ئینگلیزی بۆی هەیە شانبەشانی زمانی هیندی بەکاربرێت:ـ

**أ ـ بۆ گشت مەبەستێکی ڕەسمی ولات کە ڕاستەوخۆ لە پێش ئەو ڕۆژەدا بۆیان بەکارهێنراوە.**

**ب ـ بۆ هەڵسوڕانی کاروبار لە پەرلەماندا[4].**

---

[1]- كارزان طارق جامباز (٢٠٠٨)، التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفدرالية، رسالة ماجستير ـ كلية القانون، جامعة كوية، ص ٦٠.

[2]- طارق جمباز (٢٠٠٦)، دستور الهند، ترجمة عبدالكريم ابوبكر هموند، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق، ص ١.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

[4]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، ل ١٨.

هەروەها لە ماددەی (٣٥٠ أ) ئاماژە بە ئاسانکاری دەکات بۆ فێربوونی زمانی دایك لە قۆناغی یەکەمی خوێندن، بەجۆرێك حکوومەت هاریکارە لە فێرکردنی دانیشتوان، ئەم فێرکردنەش بە زمانی دایك دەبێت، بەڵام تەنها لە قۆناغی سەرەتاییدا، هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە: **((لەسەر هەموو ویلایەتێك یان دەسەڵاتێکی ناوخۆیی پێویستە ئاسانکاری پێویست بکات بۆ فێرکردنی زمانی دایك لە قۆناغی یەکەمی پەروەردەکردنی منداڵی پەیوەست بە کۆمەڵەیەکی کەمینەی زمانەوانی و، سەرۆکی کۆماریش پێویستە ڕاسپاردەیەك بۆ ویلایەتەکان بەگوێرەی پێویست یان گونجاو دەربکات، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئاسانکارییانە))**[1].

ئەگەر بێینە سەر یاسای زمانە فەرمییەکان لە وڵاتی هیندستان، ئەوە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە توانرا ئەم یاسایە بۆ وڵات دابنرێت[2]، لە زۆر بەند و بڕگەدا ئاماژە بە کاری زمانەکان لە نێو وڵاتی هیندستاندا دەکات، بە جۆرێك ڕێگە بە زمانی ئینگلیزی لە زۆر بواردا دەدات هاوشانی زمانی هیندی بەکاربهێنرێت، بە نموونە لە خاڵی (حەوتەم)دا دادگاکان سەرپشك دەکات لە بەکارهێنانی زمانی هیندی یان هەر زمانێکی تری ڕەسمی لە وڵاتدا، هەروەکو لەم خاڵەدا هاتووە: **((سەرپشکبوون لە بەکارهێنانی (هیندی) یان هەر زمانێکی فەرمی دیکە لە دادگاییکردن... هتد، لە دادگا باڵاکاندا وەك لە ڕۆژی دیاریکراو یان هەر ڕۆژێکی دواترەوە، حاکمی ویلایەتێك بۆی هەیە، بە ڕازیبوونی پێشوەختەی سەرۆك**

---

[1]- طارق محمد جمباز (٢٠٠٦)، دستور الهند، ص ١٦٨.

[2]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

**کۆمار دەسەڵاتی بەکارهێنانی هیندی یان زمانی ڕەسمی ویلایەتەکە، سەرباری زمانی ئینگلیزی ڕێگە پێدراوە بۆ مەبەستی هەر دادگایکردنێك، فەرمانێك یان هەر کارێك لە دادگای باڵای ئەو ویلایەتەوە دەرچووێنرابێت و، کاتێك هەر دادگاییکردنێك، فەرمان یان هەر کارێك بە هەر یەك لەو زمانانە (بێجگە لە زمانی ئینگلیزی) دەرچوێنرابێت، ئەوا پێویستە وەرگێڕانێکی هەمان بابەتی بە زمانی ئینگلیزی لەگەڵدابێت، کە بە گوێرەی دەسەڵاتی (دادگای باڵا)وە دەرچووبێت))**[1]، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جگە لە سەرۆك کۆمار، حاکمی ویلایەتەکانیش بۆیان هەیە لە ویلایەتەکانی خۆیاندا لە بواری دادگا زمانێکی تر بەکاربهێنن، بەجۆرێك ئەو زمانە لە وڵاتدا زانراو و دیاربێت، بەو واتایەی لە وڵاتدا زمانێکی ڕێگەپێدراو و ڕەسمی بێت.

---

[1]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، ل ٢١ – ٢٢.

### ٧ـ سویسرا

وڵاتی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا، کە پایتەختەکەی ناوی (بێرن)ە، وڵاتێکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەوروپاوە[١]، وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، کە نەتەوەکانی (سویسری، ئیتاڵی، ئەڵمانی، ئیسپانی، فەڕەنسی) لەخۆوە دەگرێ، ئەنجوومەنی یاسادانان لەم وڵاتەدا لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، یەکەمیان ئەنجوومەنی دەوڵەت، دووەمیان ئەنجوومەنی نەتەوەیی، کە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت[٢].

دراوی سویسری بە چوار زمان لەسەری نووسراوە، ئەو زمانانەش بریتین لە زمانەکانی (ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕۆمانشی)، ئەم زمانانەش لە وڵاتدا زمانی فەرمین ، لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی هاوڵاتیانی سویسری بە زمانەکانی (ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ڕۆمانشی، ئینگلیزی)یە[٣].

سویسرا لە ساڵی ١٨١٤ لەژێر داگیرکاری فەڕەنسی ڕزگاری بوو و بەیەکجاری سەربەخۆیی خۆی وەرگرت[٤]. وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، وڵاتێکی کۆنفیدراڵییە، کە هەر (٢٦) کانتۆن[*] و نیوە کانتۆنەکان خاوەنی

---

[١]- کەریم ئەحمەد محەمەد داودی (٢٠١٠)، کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان، بەرگی یەکەم، ل ٣٨٦.

[٢]- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٢٨٢.

[٣]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرە زماندا، و: مەجید ئاسنگەر، ل ٩.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٣.

*- کانتۆن ناوی هەرێمە لە سویسرا.

سەربەخۆییەکی بەرفراوانن، حەڤدەیان بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن، چوار بە زمانی فەڕەنسی (جورا، نیچاتیل، ڤاود، جنینڤا)، یەکێکی بە زمانی ئیتاڵی (تیسینۆ / تێسین) و چواریشیان هەریەکەو پتر لە زمانێکیمان هەیە (بێرن، فریبووگ، ڤالێ، گراوبۆندن)، سێیانیان جووتزمانین (فەڕەنسی و جەرمانی)، کەچی چوارەمەکەیان (گراوبۆندن) بە سێ زمان دەدوێن (جەرمانی، ڕۆمانشی و ئیتاڵی)، لەبەر ئەوەی هەر کانتۆنێ (هەرێمێك) یاسای تایبەت بەخۆی لە بواری پەروەردەدا هەیە[١].

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە زمانی ڕۆمانشی یەکێکە لەو سێ زمانە ڕۆمانیانەی، کە تاکو ئێستا ماون، شانبەشانی (لادین) و (فرِولیان)، کە هەتا ئیمڕۆش لە هەرێمی (نالپی باشوور)دا لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەبرێن، لە ئێستادا بە گشتی زمانەکە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی شێوە دۆڵەکانی (گریسچوون) وەك زمانێکی بە فەرمی ناسراو بەکاردێت، ئەمەو بەهۆی دووریی شوێنی نیشتەنی ڕۆمانشیەکان و لەیەکتر دابڕانیانەوە، شێوەزارەکانیان زۆر جیاوازن[٢].

وڵاتی سویسرا هەر لەساڵی (١٢٩١)ەوە دەستووری هەیە، لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٠)ی بەکار، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە باس لە چوار زمانی ستاندارد لە وڵاتدا دەکات، ئەم باسکردنەش لە مادەی (٤)ە، کە

---

[١] - طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، لە چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ل ١٠٦ – ١٠٧.

[٢] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

تایبەتە بە زمانەکانی وڵات و، ماددەی (١٨) کە پەیوەستە بە ئازادی زمان و، ماددەی (٧٠) کە تایبەتە بە زمانەکان، کە تێیدا هاتووە[١]:

**ماددەی (٤) زمانەکانی وڵات**

**زمانەکانی وڵات ئەمانەن: ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی و ڕیتۆ ڕۆمانشی.**

**ماددەی (١٨) ئازادی زمان**

**دەستوور دەستەبەری ئازادی زمان دەکات.**

**ماددەی (٧٠) زمانەکان**

**١ـ زمانەکانی فەرمی (ڕەسمی) لە سویسرا ئەمانەن (ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتالی)، هەروەها (ڕیتۆ ڕۆمانشی) بە زمانی ڕەسمی دادەنرێت بۆ ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن.**

**٢ـ هەرێمەکان زمانە ڕەسمییەکانیان دەست نیشان دەکەن و بۆ پاراستن و گونجانی کۆمەڵە زمانەکان، ئەوا هەرێمەکان پارێزی دابەشکردنی جوگرافیای زمانە ئاساییەکان دەکەن و ڕەچاوی زمانی خۆجێیی و کەمە نەتەوایەتییەکانیش دەکرێت.**

**٣ـ پاڵپشتی فیدڕاڵ و هەرێمەکان بۆ لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان کۆمەڵە زمانەکانی جیاواز دەکرێت.**

**٤ـ فیدڕاڵ یارمەتی هەرێمەکانی دەدات، کە چەندین زمانی تێدایە، تاکو بە ڕێکی بە ئەرکی خۆی لەم بارەوە ڕابێ.**

---

[١] - طارق جامباز (٢٠٠٣)، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکادا، گ. پارێزەر، ژ (٥ – ٦)، ٢٠٠٣، ل ١١٤ – ١١٥.

**٥- پاڵپشتی فیدڕاڵ بۆ ڕێککارییەکانی لە هەردوو هەرێمی (جرا) و (بۆندن) و (شین)، بۆ پاراستنی زمانی (ڕیتو ڕۆمانشی و ئیتاڵی) و گرنگی پێدانیان لەو دوو هەرێمەدا.**

ئەگەر بێینە سەر بواری پەروەردە بە زمانی بیانی لە سویسرا، ئەوا هەر لە کۆنەوە بە دوو زمانە سەرەکییەکان: ئەڵمانی و فەڕەنسی بووە، بەجۆرێك لەو بەشەی سویسرا، کە بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن، زمانی فەڕەنسی وەکو یەکەم زمانی بیانی فێری خەڵك کراوە و بە پێچەوانەشەوە، وێڕای ئەمەش کانتۆنی (زیۆریخ) بڕیارێکی تازەی داوە، کە گرنگی سەرەکی بە زمانی ئینگلیزی بدات لەسەر ئاستی خوێندنی سەرەتاییدا، بەڵام ئەم بزاڤە زۆر بە توندی لەسەرانسەری وڵات خرایە بەر هێرشی ڕەخنەوە، بۆیە لەم بارەوە توێژینەوەکەی (CNF) چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت هێمای ڕێنمایی کردن بێت بۆ دارشتنی پەیڕەو و بەرنامە بۆ ئایندەی خوێندنی زمان لە سویسرا، لەم بارەوە (د.کریستین مۆتاس) کە یەکێکە لە ڕێکخەرانی پرۆژەکە، ئاماژەی بەوەداوە، کە هەندێ زمانی بیانی دیاریکراوی وەك ئیسپانی، ئێستا لەلایەن ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی سویسراوە، زیاتر لەو زمانە فەرمییانەی وەکو (ڕۆمانشی)، کە مەترسی نەمانیان لێدەکرێت، قسەی پێدەکرێت، بە ڕای ئەو دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە هەر تەنها بە سوودی داڕێژەرانی سیاسەت و سیاسەتوانانی سویسرا ناگرێتەوە، بگرە دەشێت بە هەمان شێوە و بە

یەکسانی ڕێنیشاندەر بێت بۆ پرۆژەیەکی زۆر مەزنتری فرەزمانی، کە پێیدەوترێت (ئەوروپا)[1].

کەواتە لە وڵاتی سویسرا بەشێوەیەکی فەرمی دان بەوە دادەنێت، کە چوار زمان نەوەك چوار دیالێکت، زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتن، لەگەڵ ئەوەشدا مافی تەواویش دەدات بە زمانی کەمینە نەتەوایەتییەکانی وڵات، تاکو بەهۆیەوە کار بە زمانی خۆیان بکەن. لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەم وڵاتەدا یاسای زمانیش دانراوە، بۆ بەڕێوەچوونی کاری هەرێمەکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی زمانیدا.

هەروەها لە ٢٥٪ی دانیشتوانی سویسرا بیانین و زمانگەلی وەك (ئیسپانی، سربۆکرواتی، تورکی و ئەلبانی) بە بەربڵاوی لە وڵاتدا قسەیان پێدەکرێت و خەڵك لێیان تێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامێکیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا پێگەیەکی ڕەسمییان نییە، سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی پێوەندی بازرگانی لەنێوان ئەو سویسریانەی ئەڵمانی زمان و فەڕەنسی زمانن ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە[2].

---

[1]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩ — ١٠٠.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

## ٨ـ کەنەدا

ولاَتی کەنەدا ولاَتێکە دەکەوێتە کیشوەری ئەمەریکای باکوور، پایتەختەکەی (ئۆتاوە)یە، ولاَتێکی فیدراڵییە و (١٠) هەرێم لەخۆوە دەگرێت، پەرلەمانی ئەو ولاَتە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، ئەویش ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی گشتی[١]. کەنەدا بە درێژایی مێژوو لەژێر داگیرکاری فەڕەنسی و بەریتانیادابوو، تا ١٨٦٧/٧/١ ئیتر سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و لەژێر داگیرکاری بەریتانیا ڕزگاربوو[٢]. لە ساڵی (١٨٧٦)ەوە دەستووری هەیە. لە دەستووردا هەر بۆ زمان هەشت ماددە (لە ١٦ ـ ٢٣) تەرخانکراوە و هەر ماددەیەکیش چەندین بڕگەی لەخۆگرتووە و تیایاندا دان بە دوو زمان دەنێت، کە لەسەرانسەری کەنەدا وەکو یەك بەکاربهێنرێن و یەکسانن و هاوڵاتیانی فەڕەنسی یا ئینگلیزی سەرپشکن لە هەر شوێنێکی ولاَتەکەدا، زمانەکە بەکاربێنن[٣]، ماددەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

**ماددەی (١٦)**

**١ـ زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی دوو زمانی فەرمین لە کەنەدا، لە بەکارهێنانیاندا لە دەزگاکانی پەرلەمان و دەزگا حکومییەکان، هەمان ماف و سەرپشکیان هەیە.**

---

[١]- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ل ٦٢٠.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٢٨.

[٣]- تاریق جامباز، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکا، ل ١١٥ — ١١٦.

**٢ـ زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی دوو زمانی فەرمین لە نێو بڕەنزویکدا[١]، هەردوو زمان هەمان ئاستی کۆمەڵایەتی و ماف و سەرپشکیان لە بەکارهێنانیاندا هەیە لە دەزگاکانی دەستەی یاسادانان و دەزگاکانی حکومی لە نێو بڕەنزویکدا.**

**٣ـ هیچ بەندێك لەم دەستوورەدا دەسەڵاتی پەرلەمان یاخود دەسەڵاتی یاسادانان دیاری ناکات، سەبارەت بە یەکسان کردنی ئاستی ئینگلیزی و فەڕەنسی و بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە.**

**ماددەی (١٦ـ١)**

**١ـ کۆمەڵەی زمانەوانی ئینگلیزی و کۆمەڵەی زمانەوانی فەڕەنسی لە بڕەنزویکدا، هەمان ئاست و ماف و سەرپشکیان هەیە، هەروەها جیاکردنەوەی دەزگاکانی فێرکردنیان هەیە و، ئەوانیش جیاکردنەوەی دەزگا ڕۆشنبیرەکانیان هەیە، ئەم دەزگایانەش بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی ئەم جۆرە کۆمەڵانە زۆر گرنگن.**

**٢ـ ڕۆڵی حکومەت و دەستەی یاسادانان لەنێو بڕەنزویکدا سەبارەت بە پاراستن و بەرەوپێشبردنی پایە و ماف و ئەو سەرپشکییانەی کە لە بڕگەی (١) دیاری کراوە، بڕیاری لەسەر دراوە و چەسپێنراوە.**

**ماددەی (١٧)**

**١ـ هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە، زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە هەر گفتوگۆیەك یان کۆنووسێکی دانیشتەکانی پەرلەماندا بەکاربێنێت.**

---

[١] - بڕەنزویك ناوی هەرێمە لە وڵاتی کەنەدا.

٢ـ هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە، زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە هەر گفتوگۆیەك یان لە هەر کۆنووسێکی دەستەی یاسادانانی نێو بڕەنزویکدا بەکاربێنێت .

ماددەی (١٨)

١ـ یاسا و تۆمار و ڕۆژنامەکانی پەرلەمان دەبێت بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی چاپ بکرێن و بڵاوبکرێنەوە و، کۆپی هەردوو زمانەکەش باوەڕپێکراو دەبێت و پشتی پێدەبەسترێت.

٢ـ یاسا و تۆمار و ڕۆژنامەکانی نێو بڕەنزویك دەبێت بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی چاپ بکرێن و بڵاوبکرێنەوە، کۆپی هەردوو زمانەکەش باوەڕپێکراو دەبێت و پشتی پێدەبەسترێت.

ماددەی (١٩)

١ـ لە هەر دادگایەکی دامەزراو لەلایەن پەرلەمانەوە، دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە کاتی دادبینی و داکۆکیکردندا بەکاربهێنرێت، هەروەها لە کاتی دەرکردنی فەرمانە دادوەرییەکاندا.

٢ـ لە هەر دادگایەکی نێو بڕەنزویکدا دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە کاتی دادبینی و داکۆکیکردندا بەکاربهێنرێت، هەروەها لەکاتی دەرکردنی فەرمانە دادوەرییەکاندا.

ماددەی (٢٠)

١ـ هەر هاوڵاتییەکی کۆمەڵگای کەنەدی مافی ئەوەی هەیە، کە خزمەتگوزاری پێویست لە سەرۆکایەتی یا لە نووسینگە ناوەندییەکانی هەر

دەزگایەکی تایبەت بە پەرلەمان و حکومەتی کەنەدی وەربگرێت و دەتوانێت پەیوەندیشیان پێبکات، جا چ بە زمانی ئینگلیزی بێت یان بە زمانی فەرەنسی، هەروەها هەمان مافیشی لە هەموو نووسینگەکانی دیکەی ئەم دەزگایانە دەبێت، کاتێك:

أ ـ هاوڵاتی داوا بکات بە یەکێك لەم زمانانە خزمەتگوزاری لەم دەزگایانە پێشکەشی بکرێت، یا کاتێك داوا دەکات پەیوەندییان پێوە بکات.

ب ـ بە گوێرەی سروشتی نووسینگەکە وا باش دەبێت، کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیانەوە لەلایەن نووسینگەکان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بێت.

ت ـ هەر هاوڵاتییەکی کۆمەڵگای نێو برەنزویك مافی ئەوەی هەیە کە خزمەتگوزاری بەردەست وەربگرێت لەهەر نووسینگەیەکی دەسەڵاتی یاسادانان یا لەهەر دەزگایەکی حکومی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و پەیوەندیشیان پێوە بکات بە هەمان زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی.

ماددەی (٢١)

هیچ ماددەیەك لەم بەشەدا لە (١٦ – ٢٠) ماف و سەرپشکی پەیرەوکردنی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی کە چەسپێنراون و پەیرەو دەکرێن بەگوێرەی بەندەکانی دیکەی دەستووری کەنەدی، هەڵناوەشێنرێتەوە و نرخیشیان کەم ناکاتەوە.

**ماددەی (٢٢)**

**هیچ ماددەیەك لەم بەشەدا لە (١٦ – ٢٠) نرخی ماف و سەرپشكی و یاسا چەسپپیوەكانی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی كە وەدەست هێنراون و كاریان پێ دەكرێت، تاكو ئێستا و دوای بەكارهێنان و دەست بە كاربوونی ئەم دەستوورەش كەم ناكاتەوە و پووچەڵ ناكاتەوە.**

**ماددەی (٢٣) زمانە كەمینەییەكان و مافە پەروەردەییەكان**

**١ـ هاوڵاتیانی كەنەدا**

**أ ـ ئەوانەی زمانی سەرەكییان (واتە زگماكییان) ئینگلیزی یا فەڕەنسییە و زمانە سەرەكییەكەشی لەو هەرێمەی تێدا ژیان بەسەر دەبات دەخوێندرێت و خەڵكیش لێی تێدەگەن، جگە لەمەش زمانەكە لە هەرێمەكە كەمینە بێت یان نا.**

**ب ـ ئەوانەی خوێندی سەرەتاییان لە كەنەدا بە زمانی ئینگلیزی یا فەڕەنسی تەواوكردووە و لە شوێنێك نیشتەجێ بوون، كە زمانی ئینگلیزی یا فەڕەنسی تیایدا زمانی كەمینەیە، ئەوا ئەو هاوڵاتیانە مافی ئەوەیان پێدەدرێت، كە منداڵەكانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی بە زمانی سەرەكی ئەو ناوچەیە تەواوبكەن.**

**جـ ـ ئەو هاوڵاتییە كەنەدییانەی كە یەكێك لە منداڵەكانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندییان بە زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی لە كەنەدا تەواوكردووە، یان خەریكە تەواوی بكات، ئەو هاوڵاتییانە دەتوانن**

**هەموو منداڵەکانی دیکەیان بە هەمان زمانی منداڵەکەی تریان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی تەواو بکەن.**

**٣ـ مافی هاوڵاتیانی کەنەدی بەپێی لقی (١) و (٢) سەبارەت بە تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لە هەرێمێکدا کە ئەو دوو زمانە زمانی کەمینەن، ئەوا:**

**أ ـ دەتوانرێت پەیڕەوبکرێت لەکاتێك لە هەرێمەکەدا ژمارەی منداڵانی ئەو هاوڵاتیانە ئەوەندە بێت، کە بتوانرێت کەلوپەلی خوێندنیان لە ڕێکخراوی حکومی تایبەت بە فێرکردنی کەمینە زمانەکانەوە بۆ دابین بکرێت.**

**ب ـ هەروەها ئەو هاوڵاتیانە مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ منداڵەکانیان ئاسانکاری بکرێت سەبارەت بە خوێندنی زمانی کەمینە لە ڕێکخراوی حکومی تایبەت بە فێرکردنی کەمینە زمانەکان.**

دەبێ ئەوە بوترێت، کە لە پەرلەمانی کەنەدا لە ساڵی ١٨٦٧ەوە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بەکاردەهێنرێت، لە هەمان کاتیشدا لە ساڵی ١٩١٠ یاسای زمانە فەرمییەکان لەم وڵاتەدا دەرچووە و لە ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراوە، و لە ساڵی ١٩٧٤ەوە تاکو ئێستا هەموو هەناردەیەکی بازرگانی وڵاتەکە بە هەردوو زمانەکە نووسراوە[1].

هەروەکو لەم مادانەدا دەردەکەوێت، کە لە کەنەدا گرنگییەکی زۆر بە زمان دراوە، بەهۆیەوە زۆر ڕێوشوێنی یاساییان سەبارەت بە زمان دەست

[1]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، ترجمة عبدالكريم ابوبكر هموندی، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق، مطبعة شهاب، اربيل، ص ١٦.

نیشانکردووە، چ لەڕووی زمانی فەرمی و ستانداردی وڵات، یان لە ڕووی هاوسەنگی لە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکەدا، بەو واتایەی لە کەنەدا هەردوو زمانی (فەڕەنسی و ئینگلیزی) لە یەك پلەدان و بەکارهێنەرانیشیان سەرپشکن لە کاتی بەکارهێنانی یەکێك لەم دوو زمانەدا، کاتێ پێویستیان پێ دەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەم وڵاتەدا هیچ یەك لەم دوو زمانە لە ئەویتر بەرزتر و باڵاتر نییە، بەڵکو لە یەك پلەدان.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە پارەی کەنەدی بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لەسەری نووسراوە، بە هەمان شێوە پاسپۆرتیش بەهەردوو زمانە نووسراوە[1].

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

## ٩ـ بەلجیکا

ولاتی بەلجیکا دەکەوێتە کیشوەری ئەوروپاوە، پایتەختەکەی (برۆکسل)ە، سیستمی حوکم لە ولاتەکە دیموکراتی پەرلەمانییە[١]، ئەم ولاتە بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٨٩ کە بڕیاری بۆ دراوە بە دابەشکردنی بۆ سێ هەرێم، کە هەریەکەیان مافی ئۆتۆنۆمی هەیە، ئەوانیش: فلەمیش لە باکوور، والۆن لە باشوور، پایتەختەکەشی برۆکسل، دەسەلاتی یاسادانانیش لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە، ئەوانیش ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران[٢]. بەلجیکەکان لە ساڵی ١٨٣٠ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و داگیرکەری هۆڵەندییان لە ولات وەدەرنا و، لە ساڵی ١٨٣١ەوە دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە[٣].

دەستووری بەلجیکا کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە و بەکارە، لەم ولاتەدا سێ زمان، زمانی ڕەسمی و ستانداردی ولاتن، کە لە شوێن و هەرێمی جیاجیادا بەکاردێن، زمانەکانیش بریتین لە (فەڕەنسی، هۆڵەندی، ئەڵمانی)، لەم بارەشەوە چەند ماددەیەکی بۆ زمانە ستانداردەکان داناوە[٤]:ـ

---

[١]- مصطفى فاخوري (٢٠٠٧)، الاقطار والبلدان ـ موسوعة جغرافية و تاريخية واقتصادية، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ص ١٠٦.

[٢]- عەلی کەندی، ل ٣٢٩.

[٣]- مصطفى فاخوري (٢٠٠٧)، ص ١٠٧.

[٤]- طارق جامباز، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکادا، ل ١٢٠ — ١٢١.

**ماددەی (٤) زمانی هەرێمەکان**

**١ـ هەرێمەکانی بەلجیکا بەگوێرەی زمانی هاوڵاتیانی بەسەر چوار هەرێم دابەشکراوە، ئەو هەرێمەی کە هاوڵاتیانی بە زمانی فەڕەنسی دەدوێن و، ئەو هەرێمەی کە هاوڵاتیانی بە زمانی هۆڵەندی دەدوێن و، هەرێمی برۆکسلی پایتەخت کە هاوڵاتیانی بە دوو زمان دەدوێن و ئەو هەرێمەی کە هاوڵاتیانی بە زمانی ئەڵمانی دەدوێن.**

**٢ـ هەر کۆمیونێکی (شانشین) مەلەکی دەبێت سەر بە یەك لەو هەرێمانە بێت، کە بەپێی زمانی هاوڵاتیان دابەشکراون.**

**٣ـ ئاست یاخود سنووری ئەو چوار هەرێمەی، کە بە گوێرەی زمانی هاوڵاتیان دابەشکراون، دەتوانرێت (بگۆڕدرێت) جیابکرێتەوە، بەڵام تەنیا لەڕێگەی یاساییێك، کە بۆ ئەم مەبەستە دابنرێت و بڕیاری لەسەر درابێت، ئەمەش بە هەڵبژاردنێکی (دەستەی زمانەوانی) لە هەر ئەنجوومەنێکی یاسادانانەوە بێت، کە تیایدا زۆرینەی دەنگی دەستەی زمانەوانی بڕیاری لەسەر بدات، بەمەرجێك زۆرینەی ئەندامانی هەر دەستەیەك کە کۆی دەنگەکان دوو دەستەی زمانەوانی دوو هەرێم بێت، ئەوانەی بڕیارەکەیان لا پەسندە ٣/٢ دەنگەکان بێت.**

**ماددەی (١٨٩)**

**١ـ دەقەکانی سەپێنراو، واتە پابەندبوون بە دەقەکانی دەستوور بە زمانی (فەڕەنسی و هۆڵەندی و ئەڵمانی) بڵاودەکرێنەوە.**

وەکو دەردەکەوێت لەم وڵاتەدا سێ زمان، زمانی ڕەسمی و ستانداردە، بەڵام هەریەکەیان لە هەرێم و شوێنی تایبەتی خۆیان، بەو واتایەی هەر سێ زمانەکە لە تاکە شوێنێکدا لەبەرانبەر یەکتردا بەکارنایێن، بەڵکو هەریەکەیان بەگوێرەی زۆری ڕێژەی ئاخێوەرانیان، دابەشکراون، هەر بەو هۆیەشەوە دابەشکردنی هەرێمەکان لەم وڵاتەدا لەسەر بنچینەی زمانی دابەشکراون.

ئەگەر بێینە سەر یاساکانی زمانیش لەو وڵاتەدا، ئەوا لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچوونە، بەهۆیەوە بناغە و زەمینەی یاسایی بۆ سیستەمی پەروەردەیی ئێستا ڕەخساندووە، ڕەوشی ئەم وڵاتە لەگەڵ زۆرینەی وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپا جیاوازە، سێ کۆمەڵگەی زمانەوانی تێدایە: فەڕەنسی، هۆڵەندی و ئەڵمانی و، سێ هەرێمیش: بڕۆکسلی پایتەخت، هەرێمی فلەمیش و هەرێمی والۆن، وێڕای ئەمەش وڵاتەکە بەسەر (١٠) ناوچە و (٥٨٩) شارەوانیدا دابەشبووە، سنووری هەرێمی برۆکسلی پایتەخت جووتزمانە (فەڕەنسی، هۆڵەندی)، هەرێمی فلەمیش بە فەرمی هۆڵەندی زمانە، هەرێمی والۆن هەردوو ناوچەی فەڕەنسی زمانەکە و کانتۆنە ئەڵمانیی زمانەکان دەگرێتەوە، لە هەرێمی برۆکسلی پایتەختدا کۆمەڵگە فەڕەنسی و فلەمیشەکە هەردووکیان بۆیان هەیە بە لەبەرچاوگرتنی خەڵکەکە و دامەزراوەکانیان لەبارەی پرسی زمانەوە بەپێی ویست و دەستەڵاتەکانی خۆیان ڕەفتار بکەن.

## ١٠ـ کاتالۆنیا

کاتالۆنیا هەرێمێکە سەر بە وڵاتی ئیسپانیا، کە دەکەوێتە کیشوەری ئەوروپا، دەستووری هەرێمی کاتالۆنیا بە یاسای (بنەڕەتی کاتالۆنیا) ناسراوە، چونکە (یاسای بنەڕەتی) وەکو دەستووری کاتالۆنیا و دۆڵی ئاران دەناسرێت، کە هاوڵاتیانی کاتالۆنیا و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان دان بە (دۆڵی ئاران)، وەکو واقعێکی نەتەوەیی و کیانێکی تایبەتمەند دەنێن[١].

دەستووری هەرێمی کاتالۆنیای ئیسپانی، لە (٢٢٧) مادده پێکهاتووە، گەرچی دەستووری ئیسپانیا لە (١٦٩) مادده پێکدێت[٢]. یاسای بنەڕەتی لە کاتالۆنیا دەستپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠، پاشان یاسای بنەڕەتی ١٩٧٩، دواجاریش یاسای بنەڕەتی ٢٠٠٦، لەم دەستورەدا (یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا ٢٠٠٦)، لە مادده (٦) ئاماژە بە زمانی تایبەت و زمانە فەرمییەکان کراوە، بەمشێوەیە:

**مادده (٦) زمانی تایبەت و زمانە فەرمییەکان**

**١ـ کاتالان زمانی تایبەتی کاتالۆنیایە، بەم شێوەیە کاتالان زمانی بەکارهێنانە لە سەرجەم ئیدارە گشتییەکان و هۆکارەکانی پەیوەندی گشتی لە کاتالۆنیا، زمانێکە کە بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت، وەکو هۆکارێکی پەیوەندی و فێرکاریی لە خوێندندا.**

---

[١]- طارق جامباز (٢٠٠٧)، یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا ٢٠٠٦، و: محمد کاکەیی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

**٢ـ کاتالان زمانی فەرمییە لە کاتالۆنیا، زمانی ئیسپانیش کە زمانی فەرمی دەوڵەتی ئیسپانیایە، فەرمییە، هەموو کەسەکان لە کاتالۆنیا مافی خۆیانە بەکاری بهێنن، هەروەها ماف و ئەرکی خۆیانە هەردوو زمانە فەرمییەکە بزانن، پێویستە دەسەڵاتە گشتییەکانی کاتالۆنیا ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئاسانکاری لە پیادەکردنی ئەم ماف و ئەرکانە و جێ بەجێ کردنیان.**

**٣ـ پێویستە ئەنجوومەنی گشتی و دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستە چەند کارێکی پێویست ئەنجام بدەن، سەبارەت بە داننان بە فەرمییەتی زمانی کاتالان لە یەکێتی ئەورووپا و ئامادەبوون و بەکارهێنانی ئەو زمانە لە ئۆرگانیزمە نێودەوڵەتییەکان و لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە بوارەکانی کەلتوریی یان زمانەوانییەوە هەیە.**

**٤ـ پێویستە ئەنجوومەنی گشتی پشتیوانی لەو پەیوەندی و هاوکاریانە بکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا و هەرێمانەی، کە کەلتوری زمانەوانی هاوبەشیان لەگەڵ کاتالۆنیا هەیە، لەم بارەیەوە ئەنجوومەنی گشتی و دەوڵەت بەگوێرەی پسپۆرەتییان ڕێککەوتنامە و پەیماننامە و میکانیزمەکانی دی سازدەدەن، بۆ هاندان و بڵاوبوونەوەی زمانی کاتالان لە دەرەوە.**

**٥ـ زمانی ئۆکسیتانا، کە لە دۆڵی ئاران پێی دەوترێت ئارانێس، زمانی تایبەتمەندی ئەو ناوچەیە و بەگوێرەی دەقەکانی ئەم (یاسای بنەڕەتییە) فەرمییە.**

کەواتە لە هەرێمی کاتالۆنیا زمانی (کاتالان) زمانی ستانداردی هەرێمەکەیە، بەڵام لەپاڵ زمانی (کاتالان)، کە دەکرێ تەنیا لە (دۆڵی ئاران)

زمانی (ئۆکسیتانا) بەکاربهێنرێت، هەروەها لە سەرانسەری هەرێمەکە لەپاڵ زمانی کاتالان، زمانی (ئیسپانی) بەکاربهێنرێت، چونکە زمانی فەرمی و ستانداردی وڵاتی ئیسپانیایە، کاتالۆنیاش هەرێمێکە سەر بە وڵاتی ئیسپانیا.

## ١١ـ نەرویج

شانشینی نەرویج پایتەختەکەی ئۆسلۆیە، وڵاتێکە دەکەوێتە نیمچە دوورگەی ئەسکەندەنافیا لە کیشوەری ئەوروپا، سیستمی حوکم لە وڵاتەکەدا پاشایی دەستوورییە[١]، پەرلەمانی نەرویج لە ساڵی ١٩٠٥ یاسایەکی دەرکرد بە پێکهێنانی وەزارەتی دەرەوە، بەڵام پاشای سوید لەمەدا بەرەنگاری وەستا، دواجار گرژی لەنێوان هەردوولا پەیدا بوو، لە ئەنجامدا لەهەمان ساڵ نەرویج سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و لە سوید جیابۆوە[٢].

زمانەکەیان سەر بە زمانە جەرمەنییەکانی باکوورە، کە لەگەڵ زمانە دراوسێیەکانی دەوروبەری وەك سویدی و دانیمارکی بەشێوەیەك لەیەك نزیکن، دەتوانن هەتا ڕادەیەك لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن[٣].

لە نەرویج دوو زمان پێگەی ستانداردیان هەیە، ئەگەرچی هەوڵدانێکی بەرنامە بۆدارێژراو لە ئارادایە بۆ ئەوەی ئەو دوو زمانە ئاوێتەی یەکتر بکەن و، زمانێکی ستانداردی یەکگرتوویان هەبێت. لە ساڵی ١٨١٤ نەرویج دوای چوار سەدە لەژێر دەستی دانیمارك هاتە دەرەوە، لەو کاتەدا نەرویجییەکان بەدوای ڕەگوڕیشەی فەرهەنگی خۆیاندا دەگەڕان، ئەوان لەنێو دروشمە جیاوازەکانی ناسنامەی نەتەوەیی نوێی خۆیان، گرنگی زۆریان بە زمان دەدا، کۆشش بۆ زیندووکردنەوەی زمانی نەرویجی هەرچەند لەسەردەمی ژێردەستەیی

---

١- مصطفى فاخوری، هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٤٢٤.

٣- سوداد ڕەسووڵ (٢٠١٠)، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپور و ئەفسانەکەی، هەفتانەمەی هەولێر، ژ (٤١)، تەمموزی ٢٠١٠، ل ٥.

دانیمارکیش بەردەوامبوو، بەڵام نەرویجییەکان فێرببوون بە زمانی دانیمارکی بنووسن[1].

ستانداردی یەکەم (بۆکمۆل)ی پێدەوترێ، کە نزیکەی لە ٨٣٪ قوتابخانەکانی نەرویج پێی دەخوێنن، تەنانەت بۆ خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا) زمانی بۆکمۆل ڕێژەکەی لە ئەویتر زیاترە و، ئەو زمانە لە ڕۆژهەڵاتی وڵات و لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی بەکاردێت، ستانداردی دووەم زمانی (نینۆرشك)ی پێدەوترێت، کە تەنها لە ١٧٪ قوتابیان بەو زمانە وانە دەخوێنن، زۆربەی ئەو قوتابیانەش، کە دەگەن بە خوێندنی باڵا، ئەوا زمانەکەیان بۆ (بۆکمۆل) دەگۆڕن، بۆیە دەکرێ بگوترێت زمانی بۆکمۆل زمانێکی ستانداردی باڵادەستی ژیانی گشتی ئەو وڵاتەیە، هەرچی نینۆرشکە، ئەوا بە شێوەیەکی ڕێژەیی و لە بواری ئەدەب و لە ڕۆژئاوای وڵات و لە دەرەوەی شارە گەورەکان بەکاردێت[2].

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەرویج زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە بە نەرویجی کۆن ناو دەبرێت، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی مەملەکەتی نەرویج لە سەدەی چواردەهەم، زمانەکەشی چیتر لە بواری نووسیندا بەکار نەهات، لەکاتی حوکمڕانی کردنی دانیمارکی - نەرویجی (١٣٨٠ — ١٨١٤) زمانی دانیمارکی دەبێتە زمانی نووسین لە نەرویج، لە ساڵی ١٨١٤ نەرویج لە دانیمارك جیا دەبێتەوە، پاشان لەگەڵ سوێد یەکێتییەك پێکدەهێنن تا ساڵی ١٩٠٥

---

[1]- ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥.

[2]- سوداد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

بەردەوام دەبێت، ئیتر لەو ساڵە بەدواوە نەرویج دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ و دەبێتە وڵاتێکی خاوەن دەستوور و پەرلەمانی خۆی، کە ئەمەش پێویستی بە زمانێکی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی لە زمانی دانیمارکی دووربکەوێتەوە[1].

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دوو مامۆستای قوتابخانە، کە لە بواری زمانناسیدا شارەزابوون، دوو ڕێگا چارەیان بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتە پێشنیاز کرد، ئەم دوو زمانناسەش بە ناوەکانی کنود کنودسێن (١٨١٢ – ١٨٩٥) و ئیڤار ئاسێن (١٨١٣ – ١٨٩٦)[2] بوون. کنود کنودسێن مامۆستای گوندێك بوو، قۆناغ بە قۆناغ بە نووسینی دانیمارکیدا هاتەوە، تا گەیشتە ئەوەی ستانداردێکی بەهێزی نووسین و ئاخاوتنی دروستکرد، بەو واتایەی زمانی دانیمارکی لە ڕێگەی دەستکاری کردنەوە، زمانێکی تازەی نەرویجی لێ سازکرد، بۆیە لە ساڵی ١٨٥٦ کتێبی ڕێزمانی ئەو زمانەی نووسی، چەند ساڵێك دواتر فەرهەنگێکی وشەی پەتی نەرویجی بۆ جێگرتنەوەی زمانی بێگانە بڵاوکردەوە، بۆیە ئەم زمانە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم زیاتر پەرەدەسێنێ و زیاتر ڕەنگی نەرویجی وەردەگرێ و لە زمانی دانیمارکی دوور دەکەوێتەوە، لە ساڵی ١٩٠٧ ناوی زمانی ڕیکسمالی (زمانی وڵات)ی لێ دەنرێت، دوای ئەوە زمانەکە زیاتر چاکسازی تێدا دەکرێ و لە ساڵی ١٩٢٩ ئەم زمانە بە ڕەسمی دەبێتە (بۆکمۆل)، واتە (زمانی کتێب)[3].

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

[2]- ناصرقلی سارلی، ل ١٦٥.

[3]- بڕوانە: سوداد ڕەسووڵ، ل ٥. ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥.

ئیڤار ئاسێن چاکسازێکی تری بواری زمانناسی نەرویجی بوو، ئەمیش مامۆستای گوندێکی نەرویج بوو، ئەو پێی وابوو زمانی ڕەسەنی نەرویجی لە نێو شێوەزاری گوندنشینەکانی ڕۆژئاوای نەرویجە، ئەو زمانەی کە ئەو پەرەی پێدا، ئەدگار و پێکهاتەی کۆمەڵێك شێوەزاری گوندەکانی نەرویجی لەخۆوەگرتبوو، بۆیە لە ساڵی ١٨٦٤ کتێبی ڕێزمانی دەرکرد و لە ساڵی ١٨٧٣ فەرهەنگێکی وشەیی بڵاوکردەوە[١]، بۆیە ئیڤار ئاسێن ئەو زمانەی بە لاندسمال یان زمانی نەتەوەیی ناوبرد، دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ ناوەکەی بە ڕەسمی دەبێتە زمانی نینۆرشك[٢].

ئەم دوو زمانە ستانداردە لە وڵات بێ کێشە و گیروگرفت نەبوون، بۆ نموونە لە هەندێك قوتابخانە کە بە زمانی نینۆرشك دەخوێنن، کەچی سەرچاوە و کتێبی گرنگ بەو زمانە لە کتێبخانەکان نادۆزنەوە، بۆیە ناچار دەبن لەپاڵ زمانەکەی خۆیان، زمانی بۆکمۆل فێربن، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە ٨٣٪ی کتێب بەو زمانە نووسراوە، لە هەمان کاتیشدا زۆربەی قوتابیان بۆ خوێندنی زانکۆ واز لە نینۆرشك دێنن و بۆکمۆل فێردەبن[٣]. بۆیە لایەنگرانی زمانی نینۆرشك لە نەرویج خۆیان بە کەمینەیەك دەزانن، لەبەرانبەردا دەیانەوێ زمانەکەیان زیاتر بایەخی پێبدرێ و لە هەموو بوارێك بەکاربێت[٤].

---

[١]- ناصر قلی سارلی، ١٦٦.

[٢]- سوداد ڕەسووڵ، ل ٦.

[3]- Larson Karen A. (1985), Learning without lessons. Socialization and Language change in Norway, University press of America, p. 40.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە لە وڵاتی نەرویج هەردوو زمانەکە بە ستاندارد ناسراوە، هەر بۆیەشە پەرلەمانی نەرویجی لە ساڵی ١٩٠٧ بڕیاریدا بۆ هەموو ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانەکانی ئامادەیی خوێندن تەواو دەکەن و دەیانەوێ بچنە زانکۆ، دەبێ لە تاقیکردنەوە بە هەردوو زمان دەربچن[1].

کنودسێن و ئاسێن هەردووکیان لەم کارەیاندا مەبەستیان بوو وڵاتەکەیان زمانی نەتەوەیی هەبێت و لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆریاندا، کنودسێن بڕوای بە چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو بوو، بەڵام ئەو ڕێبازەی کە (ئاسێن) گرتییەبەر بە ئاشکرا ڕاپەڕینی پێوە دیاربوو، بۆیە لە ساڵی ١٨٨٦ خوولی تایبەت بۆ مامۆستایان کرایەوە، پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە، حکومەتی نەرویج ڕۆڵێکی کاریگەری لە بواری زماندا بینیوە، چونکە لەم وڵاتەدا زمانەوانی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بابەتی سیاسی و فەرهەنگی هەیە، حکومەتی نەرویج بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر ڕۆڵێکی زیاتری گێڕاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بۆکمۆل و نینۆرشك، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت هەر لەسەرەتاوە هەردوو زمانی پەسندکردووە و پشتگیریان لێدەکات[2].

لە ساڵی ١٩٠٧ مۆلتکە مۆ (١٨٥٩ — ١٩١٤) دەستی بە چاکسازی زمان کرد، بۆ ئەوەی یەکێتی بۆ زمانی نەرویجی بگێڕێتەوە، بۆیە پێشنیازی کرد هەردوو زمان ڕەچاو بکرێت، بەجۆرێك هەردوو ستانداردەکە پێویستە وردە

---

1- سوداد ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوە، ل ٦ — ٧.

2- ناصر قلی سارلی، ل ١٦٥ — ١٦٦.

وردە لە یەك نزیك بكرێنەوە و زمانێكی هاوبەشی نووسین دروست بكرێت بەناوی (سامنۆرشك)، واتە زمانی نەرویجی هاوبەش[1]، ئەم پرۆژەی زمانی هاوبەشی نەرویج بۆ ماوەی سەدەیەك لەلایەن شارەزایانی زمان و چینی رۆشنبیران و حكومەتی نەرویجی زۆر بە گەرمی مشتومڕی لەسەر دەكرا، بۆ ئەوەی هەر چۆنێك بێت رێگا چارەیەك بۆ ئەم جووتستانداردییە بدۆزنەوە و نەتەوەی نەرویجی لەم كێشەیە رزگار بكەن، نەرویجیش وەك هەموو نەتەوەكانی دیكەی ئەوروپا ببێ بە خاوەن یەك زمانی ستانداردی نووسین. بۆیە لەپێشدا ئەم پلانە لەنێو خەڵكی نەرویج لایەنگیری زۆری هەبوو، بەڵام دواتر نارەزایی زۆر دەبێت، تا لە ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی نەرویجی بە رەسمی رایدەگەیەنێت كە پرۆژەی (سامنۆرشك) سەركەوتوو نەبوو، بەشێوەیەكی سیاسی واز لەو پرۆژەیە دەهێنرێت و چیدی نابێتە جێگەی باس، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ پێشنیازی چاكسازی كردنی بۆكمۆل دەكرێت، بۆیە ئەو زمانە رۆژ دوای رۆژ لە نەرویج بایەخی لە زیادبووندایە[2].

كەواتە وەكو دەردەكەوێت لە نەرویج دوو زمانی ستاندارد هەیە، نەوەك دوو دیالێكتی جیاواز بن، بەو واتایەی زمانی بۆكمۆل لە بنەرەتدا زمانی دانیماركییە، كە پێشتر زمانی فەرمانرەوا و دەسەڵاتدارانی وڵات بووە، كە لە سەردەمێكدا نەرویجیان داگیركردبوو، لەبەرانبەریشدا خەڵك نەیانتوانیوە ئەم

---

[1]- سوداد رەسووڵ، ل ٧.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

زمانە پشتگوێ بخەن. زمانەکەی تریش زمانی نینۆرشکە، کە زمانێکی بە ڕەچەلەك نەرویجییە و هی خەڵکی گوند و خەڵکی ڕەشوڕووتە.

## ١٢ـ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەوێتە نێوەندی کیشوەری ئەمەریکای باکوور، کە بەشێکە لەسەر زەمینی جیهانی نوێ، ئەم وڵاتە لە باکوورەوە کەنەدا دراوسێیەتی و، وڵاتی مەکسیك و کەنداوی مەکسیکۆ دەکەونە دیوی باشوورییەوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە زەریای ئەتڵەسی و لە ڕۆژئاواشەوە زەریای ئارام، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٩.٦٣١.٤٢٠کم٢) چوارگۆشەیە و پایتەختەکەشی (واشنتۆن)ە[1]. ئەمەریکا بەسەر (٥١) ویلایەت دابەشکراوە، هەر ویلایەتێکیش دەستووری تایبەت بە حکومەتەکەی خۆی هەیە، بەڵام حکومەتی فیدراڵی بەرپرسیارە لە کاروباری ناوخۆیی[2].

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٤٩٢ لەلایەن دەریاوانی ئیتاڵی (کریستۆڤەر کۆلۆمبس) دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لە ١٤٩٢/٨/٣ ڕووەو ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ و لە ١٤٩٢/١٠/١٢ ئەم شوێنەی دۆزییەوە[3]. بەم دۆزینەوەیەش (کۆلۆمبس) شۆڕشێکی گەورەی لەو سەردەمە لە جیهاندا بەرپاکرد، چونکە دواتر ئەم کیشوەرە نوێیە بووە نیشتمانی گەلێکی زیندوو و چالاك[4]. لە (١٧٧٦/٧/٤) سەربەخۆیی خۆیان لە بەریتانیا ڕاگەیاند و پاش (٨) ساڵ شەڕ لەگەڵ بەریتانییەکان، لە ١٧٨٣/٨/٣ توانیان بە تەواوی

---

[1]- ئاراس فەریق زەینەڵ(د)(٢٠١٠)، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ل ٦.

[2]- عەلی کەندی(٢٠٠٨)، ل ٦٤٢.

[3]ـ وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٧)، نەژادی ناوی ئەمەریکا، ڕ. بەدرخان، ژ. (٧٩)، ٢٠٠٧/٣/٢٢، ل ١٤.

[4]- ئاراس فەریق زەینەڵ(د)(٢٠١٠)، ل ١٢.

سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن، پاش ئەم سەربەخۆییەش توانییان یەکەم دەستوور بۆ ئەم وڵاتە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٧٨٨ دابنێن و لە (٣٠)ی نیسانی ١٧٨٩ یەکەم حکومەتی فیدراڵی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی (جۆرج واشنتۆن) دامەزرا، سەرەتاش شاری (نیۆیورك) کرایە پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاشان لە ساڵی ١٨٠١ شاری واشنتۆنیان دروستکرد و پایتەختیان گواستەوە ئەو شارە، کە تایبەتە بە فەرمانڕەوایی ئەمەریکا[١].

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وڵاتێکی فرەزمان و فرەئایین و فرەنەژادە، زمانەکانی ئینگلیزی، ئیسپانی، عیبری، فەڕەنسی، چینی، عەرەبی، ڕووسی،... لەخۆدەگرێت، هەروەها ئایینەکانی مەسیحی پرۆتستانت و کاسۆلیك، ئیسلام، یەهودی... لەخۆدەگرێت، هەروەها نەژادەکانی بەریتانی، ئیرلەندی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، هیندی، ئەفریقی، عەرەب... لەخۆ دەگرێت[٢].

ئەگەر بێینە سەر دەستوور، ئەوا هەندێك لە ویلایەتەکان لە ساڵی ١٧٧٦دا توانیان دەستووری خۆیان دابنێن، وەك ویلایەتەکانی (نیوهامشەر، کارۆلینای باشوور، فێرجینیا، نیوجەرسی، دیلاوەر، پەنسلڤانیا، ماریلاند، کارولینای باکوور)، هەروەها هەردوو ویلایەتی (جۆرجیا و نیویۆرك)یش لە ساڵی ١٧٧٧ دا دەستووری خۆیان دانا، دەستووری ویلایەتەکانی تریش لە ساڵەکانی دواتر نووسرانەوە[٣].

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل ٦ – ٧.

٢- بڕوانە: مصطفى فاخوری، ل ٤٥٢. عەلی کەندی، ل ٦٤١.

٣- ئاراس فەریق زەینەڵ، ل ١٠٦.

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕەزامەندی زۆربەی ویلایەتەکان لە (١٧)ی ئەیلوولی ١٧٨٧ دانرا، ئەم دەستوورەش لە پێشەکییەك و حەوت بەند پێکهاتووە و (٢٧) جار هەموارکراوە و لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی نێوان حکومەتی نەتەوەیی و حکومەتی ویلایەتەکانەوە سیستمێکی فیدڕاڵی دامەزراند، بەهۆی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سێ لقی سەربەخۆدا (دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەریی) حکومەتی نەتەوەیی هاوسەنگیی دامەزراند[١].

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە بیری سیاسیی هەندێك لە فەیلەسوفەکانی وەك (تۆماس هۆبز)، (جۆن لۆك)، (جان جاك ڕۆسۆ)، (دێڤید هیۆم)، (مۆتیسکۆ)، گرنگییان هەبوو لە دانانی دەستووردا و سوودیان لە بیرە سیاسییەکانیان وەرگرتووە[٢].

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمان لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەوە جێگەی سەرسوڕمانە، کە لە هیچ مادده و بڕگەیەکدا ئاماژە بە زمان و زمانی ستاندار لە وڵاتدا ناکات، بەڵکو هەژموون و دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزی بەسەر هەموو زمانەکانی تر زاڵ بووە و باڵادەستە، دەبێ ئەوەش بوترێت کە زمانی ئینگلیزی دوو لقی سەرەکی هەیە، ئەوانیش ئینگلیزی ئەمەریکی و ئینگلیزی بەریتانی، هەریەك لە دوو زمانەش چەندین شێوە و

---

[١]- کۆمەڵێك، نووسەر(٢٠١٠)، دەربارەی ئەمەریکا ـ دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەرنج و ڕاڤەکاری، و: حەسەن حوسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ١٣.

[٢]- ئاراس فەریق زەینەڵ، ل ١١٠.

شێوەزاری ناوخۆیی زمانی ئینگلیزییان هەیە[1]. بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی لێوە دەکەین ئینگلیزی ئەمەریکییە، کە لە ئەمەریکا بەبێ ئەوەی لە دەستوور ئاماژەی بۆ بکرێت، بۆتە زمانی هاوبەش و ستانداردی نەتەوە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەجۆرێك (( زۆرکەس پێیان وایە، کە لەبەر ئەوەی ئینگلیزی ئەمەریکی لە وڵاتدا باڵادەست و زاڵە، ئیدی ئەوە بە کردەوە زمانی ڕەسمییە))[2].

کەواتە زمانی ئینگلیزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زمانی نەتەوەییە، بەڵام بە زمانی ستاندارد و فەرمی ڕانەگەیندراوە، هەرچەندە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نوسخەی ئەسلی بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، کە ئەمەش خاڵێکی ترە لە باڵادەستی زمانی ئینگلیزی[3].

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە بەدرێژایی هەوڵدانێکی زۆر کراوە بۆ بە ڕەسمیکردنی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٣ یەکەم یاسا سەبارەت بە زمانی ڕەسمی لە ئاستی فیدراڵیدا خرایەڕوو، بەڵام ئەمە بە مەسەلەیەکی جیدی وەرنەگیرا و، لە ساڵی ١٩٨١ دیسان پێشنیازێکی لەو جۆرە پەیدابوو، ئەمجارەیان لەلایەن سیناتۆر (سی. ئی. هایا کاوا) ئەوەی پێنشیازی کۆنگرێس کرد، بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەسەرانسەری وڵاتدا وەك زمانی

---

١- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٤٠٨.

٢- جەیمس کراوفۆرد، بۆچی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زمانی ئینگلیزی ڕەسمی نییە، و: حەسەنی قازی، بڕوانە: ـ www.ruwange.blogspot.2008

3- www.Answers.com/National Language.

ڕەسمی و ستاندارد ڕابگەیێندرێت، بەڵام دەنگی لەسەر نەدرا، بەڵام لەساڵی (١٩٩٦) کۆنگرێس بۆ جاری یەکەم لەسەر ستانداردی ئینگلیزی دەنگی دا. کۆنگرێس بە (٢٥٩) دەنگ بەرانبەر (١٦٩) دەنگ (یاسای دەستەڵاتی زمانی ئینگلیزی) پەسندکرد[١] و، ساڵی ٢٠٠٦ سیناتۆر (جەیمس ئینهایف) ماددەیەکی لە یاساکەی زمانی ئینگلیزی ڕەسمی زیادکرد، کە تیایدا هاتبوو: ((زمانی ئینگلیزی وەك زمانی نەتەوەیی ناوزەد بکرێ و، ئینگلیزی زمانی هاوبەش و یەکخەری ویلایەتە یەکگرتووەکانە))، دیارە ئەمە ئەگەرچی لەلایەن حکومەتەوە پەسندکرا، بەڵام ئەمە هیچ بەرهەڵستییەك و بەرتەسکییەکی بۆ بەکارهێنانی زمانی دیکە دانەدەنا[٢].

بە واتایەی تر حکومەت ڕاستەوخۆ تا هەنووکە دژی زمانەکانی تر کاری نەکردووە، ئەگەرچی (یاسای زمانی ئینگلیزی) پەسند کردووە، بەڵام نەیخستۆتە بواری دەستوور و یاساکانی تری جێبەجێکردنی زۆرەملێی دەوڵەت، چونکە ڕەنگە بەرهەڵستی لە بەرانبەریدا پەیدابێت، بەهۆی ئەوەی ئەمەریکا وڵاتێکی نموونەی دیموکراسییە و خەڵکی بیانی و بێگانە و کۆچبەر لە دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتەکە زیاترن، واتە لە بنەڕەتدا قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی لەچاو هاوزمانەکانی تر زۆر کەمترن، بەڵام ئەمڕۆکە زمانی ئینگلیزی بەگشتی و ئینگلیزی ئەمەریکی بەتایبەتی وەکو زمانێکی نێودەوڵەتی لە دیبلۆماسییەت و بازرگانی نێودەوڵەتی و گەشتوگوزاردا بەکاردەهێنرێت،

---

١- جەیمس کراوفۆرد، هەمان سەرچاوە www.ruwange.blogspot.2008

٢- هەمان سەرچاوە.

بەجۆرێك (سمیت)ی زمانەوان زۆر لە جیاوازییە فێرخوازییەکان پوخت و کورت دەکاتەوە لەنێو زمانی ئینگلیزی بۆ قسەپێکەرانی زمانانی دی، یان ئەوەی کە لەڕووی تەقلیدییەوە بە زمانی ئینگلیزی ناوزەد دەکرێت، بەو واتایەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی بیانییە یان بەو حیسابەی کە زمانێکی دووەمە، بەڵکو زمانی ئینگلیزی بەو وەسفە کە زمانێکی نێودەوڵەتی و هاریکارە بۆ قسەپێکەران[1].

ئەگەر بێینە سەر ڕەچەڵەکی زمانی ئینگلیزی بەگشتی، ئەوە دەبینین لە بنەڕەتدا زمانی ئینگلیزی زمانی عەشیرەتێکی داگیرکەری ئەڵمانییە، لە سەدەی پێنجەمی زایینی سێ عەشیرەتی ئەڵمانی، کە پێکهاتبوون لە (جوتێس، سەکسۆن، ئەنگلس) لە دەریای باکوور پەڕینەوە و بەریتانیایان داگیرکرد، ئەوکاتیش لە بەریتانیا هیچ زمانێك نەبووە ناوی زمانی ئینگلیزی بووبێ، بەڵکو خەڵکە ناوخۆییەکە بە زمانی کەڵتی قسەیان دەکرد، عەشیرەتی (ئەنگلس) لە هەرێمی ئینگلاندی ئەڵمانی دەژیان و زمانەکەیان پێی دەوترا (Englisc) و زمانی عەشیرەتی داگیرکاری ئەڵمانی بەرەبەرە بوونە بەشێك لە ناوی (نیشتمان) و (زمانی (نەتەوە)یی بەشێك لە خەڵکی بەریتانیا و زمانی ئینگلیزی و نیشتمانی ئینگلیز لەناو نیشتمان و زمانی عەشیرەتی ئەنگلس دروستبوون[2].

لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئینگلیزی دواتر سەرچاوەکەی لە (دیالێکتی لەندن) وەرگرت، لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەندە،

---

[1]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٠.

[2]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی هەشتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل ١٢٨ – ١٢٩.

دیاردەی فرەدیالێکتی تێدایە، بۆیە زمانی پایتەخت بووە زمانی هاوبەش، ئەدەب و دراما و تیپی نواندن، وایانکرد ئەم زمانەی پایتەخت (لەندەن ـ ئیست میدلاند) ببێ بە زمانی وڵات و زمانی دەوڵەت، لەبەرانبەریشدا هەر یەك لە (چۆسەر، کاکستۆن، مالۆری، شکسپیر، میلتۆن، جۆنسۆن، دیکنز، ئیلێیت)، ئەم زمانەیان هەڵبژارد بۆ نووسین، کە زمانی زگماکی کەسیان نەبوو[1]. کەواتە دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئینگلیزی بەهۆی تێکەڵبوونی شیعری (چۆسەر) و (شکسپیر) و شاعیرانی دیکە لەگەڵ شێوەزاری لەندەن ڕۆڵی خۆی هەبووە لە بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی[2].

هەروەها بەپشت بەستن بە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئینگلیزی، لەلایەن (هایمز) دە جۆری زمان دیاریکراون، کە بەمشێوەیەی خوارەوەن[3]:ـ

**١ـ ئینگلیزی ستاندارد:**

وەك یەکێك لە شێوەزارەکانی زمانی ئینگلیزی پێناسە کراوە، کە بە پرۆسەی ستانداردکردندا ڕۆیشتووە، بە پێی پێوەرەکان سیمای زمانی ستانداردی هەیە، لەوانە ئۆتۆنۆمی، زیادبوون و کەمبوونەوە و لەنێوچوونی نییە، تێکەڵەی چەند شێوەزارێکی ترە و خاوەنی سیفاتی دیفاکتۆیە.

---

[1]- ئیسماعیل فەهمی قەرەداغی(د)(٢٠١٠)، وێژەی ئینگلیزی و زمانی ستاندەردی ئینگلیزی، سمیناری ئەکادیمیای کوردی، هۆڵی مەلا مەحموودی بایەزیدی، چوارشەممە ٢٠١١/١/١٢.

[2]- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٦.

[3]- Ali Mahamood jukil, p. 10 – 12.

پێوەرەکانی زمانی ئینگلیزی ستاندارد لەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینە قسەی پێدەکات، وەك ئەمەریکای باکوور، بەریتانیا و باشوور و ناوەڕاستی ئەفریقا و (ناوچەکانی ئوسترالیا و نیوزلەندا و دورگەکانی باشوری خۆرئاوای ئۆقیانووسی هێمن)، ئەوەیە کە یاسای نووسراو (داڕێژراو)ی ڕێزمانی و لێکسیکی هاوکۆکە لەگەڵ یاسا رێزمانی و لێکسیکالیەکانی ئەو گروپانەی کە لە ژووری ئابوری و کۆمەڵایەتی باڵادەستن و لە بنچینەدا ڕێزمان و وشە و ڕەوانبێژییەکی هاوبەش پێك دێن، سەرەڕای هەبوونی جیاوازیی بەرچاو لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە.

**٢ـ زمانی ئینگلیزی کلاسیکی:**

دەکرێ ئەوە پەسەند بکەین کە جۆرێکی زمانی ئەدەبی کۆنی ئینگلیزی بێ، بناغەی زمانی پەرستن بووە لە کەنیسەکانی دەوڵەت (ئاینی ڕەسمی دەوڵەت) و کەنیسە سەربەخۆکان. شێوەزارێکی ئینگلیزییە کە بەوە لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی ئەو سەردەمە جیادەکرێتەوە، کە نازیندەگییە (زیندوو نییە).

**٣ـ ئینگلیزی خۆماڵی:**

پێناسەی زاراوەی زمانی خۆماڵی (vernacular) لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ پێشنیاز کراوە بەوەی، کە ((زمانی زگماکی گروپێکە کە لەڕووی سیاسییەوە لەژێر هەژموونی گروپێکی تردان، کە بە زمانێکی تر دەدوێن)). ئەم پێناسەیەی زاراوەی (vernacular) لەڕووی یاساییەوە بەوە لە دیالێکت جیا دەکرێتەوە کە سیفەتی (سەربەخۆیی) هەیە و دیالێکت نییەتی.

### ٤ـ دیالێکتی ئینگلیزی:

(تراسك) دیالێکت بەوە پێناسە دەکات کە شێوەزارێکی دیاری زمانێکە، کە لە هەرێمێکی جوگرافی، یان لەلایەن گروپێکی کۆمەڵگا قسەی پێدەکەن. زۆربەی دیالێکتناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دیالێکتەکان جۆراوجۆرن، لێکتێگەیشتن دەیانخاتە چوارچێوەی یەك زمانەوە، بەڵام چەمك و پێناسەی لەیەکتر تێگەیشتن زۆر ورد و ڕوون نییە. بە پێچەوانەوە دەکرێت زمانێك بەوە پێناسە بکرێ کە فۆرمێکی ئاخاوتنە، کە قسەکەرێکی زمانێکی تر بە تەواوەتی لێی تێناگات.

### ٥ـ ئینگلیزی کریۆل:

زمانەکانی (Creole) بەوە لە زمانی خۆماڵی و (دیالێکت) جیادەکرێنەوە، کە لەڕووی ڕۆنان و وشە و زاراوەوە تێکەڵەن، پێوەری تێکەڵی و کەمبوونەوە و لەنێوچوونی پێوەدیارە. کریۆل لەسەر زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکی خۆرئاوای ئەفریقا بنیادنراوە، بەڵام یەکەی ڕێزمان و فۆنۆلۆجی و وشەکانیان لە ژمارەیەکی کەمتر پێك هاتوون لەچاو زمانی سروشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پێکهاتەیاندا زوو گەشە دەکات، هەمان حاڵەتی دیالێکتیان بەدەستهێناوە و دەیانەوێ بگەن بە هەمان بارودۆخی زمانی خۆماڵی، ئەویش بەدەستهێنانی سەربەخۆییە.

### ٦ـ زمانی ئینگلیزی بازرگانی (پیجن):

ئەو جۆرە زمانە زیاتر لە ئەنجامی پێوەندییەکانی بازرگانی و کار و کاسبییەوە پەیدا دەبێت و زمانی ئینگلیزی بازرگانی بەوە جیادەکرێتەوە کە

سیفەتی زیندەگی نییە، چونکە زمانی ئینگلیزی بازرگانی پێچەوانەی (کریۆل) و زمانە سروشتییەکان نییە، کە کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی یەکەمیان هەبێت، بەڵام سیفەتی دیفاکتۆ و بەکارهێنانیان هەیە. ئەو جۆرە زمانە ئەگەر گەشە بکات، دەبێتە زمانی (کریۆل) و لەوانەشە بەخێرایی گەشە بکات و ببێتە زمانی ستاندارد.

**٧ـ ئینگلیزی دەستکرد:**

دیالێکتێکی دەستکرد (دروستکراو)ە، کە سەر بە هەر زمانێك بێت دوو سیفەتی نییە، کۆمەڵگایەك کە زمانی یەکەمیان ئەو شێوەزارە بێ، لەگەڵ سیفەتی مێژوویی، واتە زمانێك دابەش دەبێت بۆ دوو زمان، زمانی یەکەم و زمانی دووەم هەروەك لە حاڵەتی پیجن کە لە بنەچەدا زمانێکی دەستکردە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دێنن، کە بۆ ئەوان زمانی یەکەم نییە، بەڵکو وەك زمانی بازرگانی هاوبەش بەکاری دێنن.

ئەم دیالێکتە پێچەوانەی دیالێکتی پیجنە لە پێوەرەکانی تێکەڵی و ئۆتۆنۆمی، واتە زیاتر پەتی دەبێت، زیاتر جەخت دەکاتە سەر ئەو گرێ فرمانیانە کە لە بنەچەدا هی زمانی ئینگلیزی کۆنن و ئەمەش لەسەر حیسابی ئەو فرمانانەیە کە درێژترن و لێکدراون و لە بنەچەدا ڕۆمانین، بەمەش ئینگلیزییەکی بنەڕەتی دروست دەکات کە کەمتر تێکەڵاوی تێدایە، وەك لە زمانی ئینگلیزی ستاندارد.

**٨ـ ئینگلیزی ئێکسایزد:**

ئەم دیالێکتەی زمانی ئینگلیزی جۆرێکی تێکەڵە، بەڵام کەمبوونەوە و لەنێوچوونی کەمە، نموونەی ئەم جۆرەیان زمانی ئینگلیزی هیندییە یان بە پێچەوانەکەی هیندی بە ئینگلیزی کراو، کە ڤێرژنێکی تەواوی زمانی ئینگلیزییە و کەرەسەکانی سیستمی زمانی هیندی تێدایە. شێوەزارەکانی ئێکسایزدی ئینگلیزی، بانگەشەی ئۆتۆنۆمییان بۆ کرابێ یان نا، سیفەتێکی هاوبەشی زمانی ئینگلیزین بۆ ئەوانەی زمانی دووەمیان ئینگلیزییە.

**٩ـ ئینگلیزی ژێر کاریگەریی زمانی بێگانە:**

پەیوەندی بە دیالێکتی ئێکسایزدی ئینگلیزی هەیە، بەوەی کە هەردووکیان ستاندارد نین، هەردووکیان سیفەتی زیندوویی و مێژووییان کەمە. هەردووکیان بەوە جیا دەکرێنەوە کە سیفەتی (تێکەڵە)یان هەیە، (واتە تێکەڵەی چەند زمانێکی ترن).

قسەکەری ئەو زمانانە زوو زوو شێوەی ئاخاوتنیان لە زمانی بێگانە بۆ زمانی ئینگلیزی یان بە پێچەوانەوە دەگۆڕن، ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت (دیالێکت گۆڕین)، ئەمەش بە پێی هەڵوێست ڕوودەدات.

**١٠ـ زمانی ئینگلیزی قسەکەری بێگانە:**

ئەو جۆرە زمانەیە، کە بێگانەکان لە ڕێگەی خوێندنی ڕێزمان و خوێندنەوە و نووسینەوە فێری دەبن، سیمای تایبەتی ئەم زمانە خاوەنی شەش پێوەرە، لەوانەیە پێوەری حەوتەمیشی هەبێت، ئەویش لەژێر کاریگەری زمانی زگماکی خۆیان لەڕووی دەنگسازی و ڕۆنانەوە تێکەڵە، زۆرجاریش

بیرکردنەوەی زمانی زگماکی خۆیانی تێدا زاڵە، نموونەیەکی بیردۆزیانە لەلایەن (هاڵ) هێنراوەتەوە (زمانی ئیتاڵی کەسێکی بیانی قسەی پێبکات)، وەك نموونەیەکە بۆ پرۆسەی بە پیجن بوون.

# بەشی چوارەم
# زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا

## ٤ ـ ١: زمانی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دەستووری ساڵی (١٩٢٥)دا

دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکهاتبوو، هۆکارە ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو لە پێکهاتنی دەوڵەتی عێراق[١]، بەڵکو ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە بوو، کە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی هاتە ئاراوە، بە واتایەکی دیکە هۆکارە دەرەکییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەم بارەوە گێڕا، لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا بوو[٢]. نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، ساڵی (١٩٢٥) بەبێ خواست و ویستی خەڵکەکەی و بەزۆر بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە لکێنرا[٣].

دەبێ ئەوەش بوترێ کە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیا و، ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانان لە ڕێککەوتی ١٩٢٠/٤/٢٥ ئینتیدابی

---

١- عامر حسن فياض (د)(٢٠٠٣)، جذور الفكر الديمقراطي في العراق الحديث، سلسلة رسائل جامعة بغداد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، بغداد، ص ١٩٢ – ١٩٣.

٢- ڕێبین محەمەد سۆفی (٢٠٠٧)، مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە – کۆلێجی یاسا، ل ٣٣.

٣- فؤاد حمه خورشيد (١٩٧١)، الاكراد – دراسة علمية موجزة في اصل شعب الكردي، بغداد، ص ١٠.

بەریتانی بەسەر عێراقدا سەپاند، بەریتانیاش دوای هەفتەیەك، واتە لە ١٩٢٠/٥/٣ ئەو ئینتیدابەی پەسند کرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی سەربازی خۆی هێنا[١].

لە ١٩٢١/٨/٢٣ میر فەیسەل لەلایەن بەریتانییەکانەوە بە پاشای عێراق دانرا، چونکە پێشتر لە ١٩٢١/٧/١١ لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیراندا کە نووسراوی سکرتێری موعتەمەدی سامی خوێندرایەوە و گفتوگۆی لەسەرکرا، لەو پەیوەندییەدا (عەبدولڕەحمان گەیلانی) پێشنیازی کرد میر فەیسەل بە پاشای عێراق ناوزەد بکرێت[٢]، یەکەمین کاریشی زەمینەخۆشکردنە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێك و، لەوێشڕا بۆ دانانی دەستوورێك بۆ عێراق، واتە دەبێ حکومەتی عێراق حکومەتێکی دەستووری و نوێنەرایەتی دیموکراتی بێ[٣]. لە کۆتایی بەهاری ساڵی(١٩٢١) پرۆسەی دانانی پڕۆژەی دەستوور، سەرەتا لەلایەن بەریتانییەکانەوە دەستی پێکردووە تا ساڵی (١٩٢٥)ی خایاند[٤].

لە ١٩٢٤/١/١٤ پاش (١٦) دانیشتنی لێژنەی وردبوونەوە لە پەرلەمانی عێراق لە پرۆژەی دەستوور ئینجا ئەنجوومەنی دامەزرێنەر لە ١٩٢٤/٧/١٠ ئەم پرۆژەیان پەسند کرد[٥]. دواتر لە ١٩٢٥/٣/١٤ ئەنجوومەنی وەزیران پەسندی

---

[١]- حامد محمود عیسى على (د)(١٩٩٢)، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، مكتبه متبولى، مصر، ص ٤٨.

[٢]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

[٣]- ماجد عبدالرضا (د)(١٩٦٩)، المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، بغداد، منشورات مكتبة بغداد، بغداد، ص ١٣٥.

[٤]- رعد حاجى الجدة (د)(١٩٩٠)، النظرية العامة في القانون الدستوري، جامعة بغداد، ص ٣٩٩ — ٤٠٠.

[٥]- عامر حسن فياض، نفس المصدر، ص ٢٠٣ ـ ٢٠٦.

کرد، پاشان لە ١٩٢٥/٣/٢١ مەلیك فەیسەل پەسندی کرد و ئەو ڕۆژەش بڵاوکرایەوە[١].

لەم دەستوورەدا ئینگلیزەکان و عێراقییەکان چاویان لە دەستوورەکانی ئوسترالیا و نیوزلەندا کردبوو و سوودیان لێ بینی بوو[٢].

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمانی کوردی لەنێو ئەم دەستوورەدا، ئەوا بەداخەوە لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ١٩٢٥ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهیچ شێوەیەك ناوی نەتەوەی کورد و زمانەکەی ناهێنێت و هیچ ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکردووە[٣]. بەڵکو لەم دەستوورەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی خەڵکی عێراقی کردووە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە نەتەوە جیاجیاکانی عێراق داوە، بۆ نموونە لە ماددەی (٦)دا دەڵێت:**((جیاوازی لەنێوان عێراقییەکان نییە لە مافیان بەرامبەر بە یاسا، بەڵام جیاوازیان لە نەتەوە و ئایین و زماندا هەیە))**[٤]. لەم ماددەیەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە هەبوونی فرەزمان دادەنێت، بەڵام بەبێ ئەوەی باسی زمانی کوردی یان زمانەکانی تر بکات.

---

١- عبدالرزاق الحسني (١٩٦٥)، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، مطبعة العرفان، صيدا – لبنان، ص ٢٣٩.

٢- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

٣- طارق جامباز (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری ویلایەتە فیدراڵییەکاندا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی، ل ١٠.

٤- القانون الاساسي العراقي لعام ١٩٢٥.

هەروەها لە ماددەی (١٦)دا هاتووە:((**تائیفە جیاوازەکان مافی کردنەوەی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی تاکەکانیان بە زمانە تایبەتییەکانی خۆیان و پارێزگاریکردنیان، بەجۆرێ لەگەڵ پرۆگرامی گشتی بگونجێ کە بە یاسا ڕێکدەخرێت))**[١].

لەم ماددەیەشدا بەڕاشکاوانە باسی زمان دەکات، بەڵام دیسان ناوی هیچیان ناهێنێ، بەڵکو ئاماژە بە ئازادی و سەربەستی بەکارهێنانی زمان و جۆراوجۆری زمان دەکات.

بەڵام لە ماددەی (١٧)دا بەڕاشکاوانە دان بەوە دادەنێت کە زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی وڵاتە، هەروەکو لەم ماددەکەدا هاتووە ((**عەرەبی زمانی فەرمییە، جگە لەوەی بە یاسایەکی تایبەت دەقەکەی لەسەر هاتووە))**[٢]. وەکو دەردەکەوێ لە دەستووری (١٩٢٥) بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە نەتەوەی کورد و زمانەکەی نەکراوە.

ئەگەرچی کۆمیتەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ یەکلاییکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان عێراق و تورکیادا دەڵێت: ((ویلایەتی مووسڵ دەخرێتە سەر عێراق، ئەگەر عێراق ئەو دوو مەرجە پەسند بکات، یەکەمیان وەڵامدانەوەی هەبێ بۆ داخوازییەکانی زمانی کوردی، دووەمیان کارمەندانی کورد بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارگێڕیی و دادوەریی و

---

١- هەمان سەرچاوە.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

پەروەردەیی دابمەزرێنێ))[1]. واتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عێراق پابەند دەكات دان بە زمانی كوردی دابنێت و ئیدارەیەكی تایبەت بە كورد دابنرێت، بەڵام لە هەموو مافە سیاسیی و یاسایی و كارگێڕیی و ڕۆشنبیرییەكاندا بێبەش كرا[2].

لە ١٩٢٦/٢/٢دا، یازدە ئەندام پەرلەمانی كورد لە ماڵی (محەمەد حەبیب تاڵەبانی)، كە ئەندامێكی كوردی شاری كەركووك بوو، لە شاری بەغدا كۆبوونەوە و لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان كرد دەربارەی ئەوەی ڕاگەیاندراوێك لەلایەن حكومەتی عێراقەوە دەربچێت كە بریتی بێت لەمانەی خوارەوە[3]:-

**١- داننان بە زمانی كوردی وەكو زمانێكی ڕەسمی لە پەرلەماندا و ئەندام پەرلەمانی كورد بۆی هەبێ لە كۆبوونەوەكانی پەرلەمان بە زمانی كوردی بیروڕا و بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.**

**٢- پێویستە هەموو یاسا و بڕیارە ڕەسمییەكانی حكومەت شانبەشانی زمانی عەرەبی بە زمانی كوردیش بڵاوبكرێتەوە.**

**٣- ئەم داخوازییە بخرێتە بەرچاوی دەزگاكانی ناوچە كوردییەكان.**

**٤- داوا بكرێ سێ یەكی فەرمانبەران و ئەنجوومەنی وەزیران كورد بن.**

بەڵام ئەم داخوازییانەی كورد لەلایەن حكوومەتەوە پەسند نەكران.

---

[1]- فريد اسسرد(٢٠٠٤)، المسالة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان لدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ص ٣٩.

[2]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

[3]- م. ر. هاوار(١٩٩١)، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، بەرگی دووەم، ل ٦٠٦ – ٦٠٧.

لە شوباتی ۱۹۳۰ پەرلەمانتارانی کورد ڕاپۆرتێکیان دایە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و داوایان کرد ئەو مافانەی دانی پێدانراوە بۆ گەلی کورد جێبەجێ بکرێ، کە بریتی بوون لە: **((بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و ئیدارەیەکی فراوانی کوردی و مانەوەی کوردستان لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا بۆ ماوەی (۱٥) ساڵ و، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك لە عێراق ڕوویدا، پێویستە ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردەکان))**[١].

وەکو دەردەکەوێت دەوڵەتی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی (۱۹۲۱ — ۱۹۳۰) لەلایەن سێکوچکەی حکومەت و عەرشی مەلیك و مەندوبی سامی بەریتانییەوە بەڕێوە دەبرا[٢]، لەماوەی هەموو ساڵانی ئینتیدابدا لە چەندین گفتوگۆدا بەڵێنی چەواشەکارانە بە گەلی کورد لە عێراق درا[٣]، بەڵام جگە لە زمانی کوردی ((بە بڕیارێکی تایبەت نەك لەناو دەستوور، ئەویش بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان و دادگاکان، کە ئەویش هەموو ناوچە کوردییەکانی نەگرتبۆوە، **هیچ مافێکی تر بە گەلی کورد نەدرا))**[٤].

وەکو ڕوون و ئاشکرایە کە زۆربەی ئەو یاداشت و نامە و بروسکانەی کە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی و حکومەتی عێراق و کۆمەڵەی گەلان نێردراوە،

---

[١]- عبدالفتاح علی یحیی البوتانی (۲۰۰۱)، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، الطبعة الاولى، وزارة تربية، اربيل، ص ٥٥.

[٢]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

[٣]- سەردار عەزیز خۆشناو (۱۹۹۸)، هەرێمی کوردستان بڕیاری فیدڕاڵی و نەبوونی دەستوور، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ل ۱۳.

[٤]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

لەهەموویاندا داواکراوە زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی لە ناوچە کوردنشینەکان بناسرێت و لە قوتابخانە و دادگا و دامودەزگا فەرمییەکان بەکاربهێنرێت و، ئەم لایەنە لە هەموو یاداشتەکاندا گرنگی پێدراوە[(١)].

دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٢ داوای کرد ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە دەوڵەتی عێراقی کرا بەیاننامەیەك پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان بکات سەبارەت بە دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناو عێراق[(٢)]، لە ئەنجامدا حکوومەتی عێراقیش چەند مسۆگەرکردنێکی پێشکەش کرد، کە یەکێك لەوانە بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی و تورکی بوو لەپاڵ زمانی عەرەبی و ڕێگەدان بە خوێندن بەو زمانانەی لە ناوچەکانی کوردنشین و تورکنشینەکان هەبوو[(٣)].

لە دانیشتنی نێوان مەندوبی سامی بەریتانی و شا فەیسەل لە ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠، مەندوبی سامی هانی فەیسەلیدا بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بەرانبەر بە کورد وەربگرێ، بەتایبەتیش لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە کوردستان و بەکارهێنانی زمانی کوردی[(٤)]. بەم شێوەیە بەرژەوەندی بەریتانیا و عێراق لەوەدابوو هەندێ ماف بە کورد بدەن، بۆیە

---

[١]- هاوکار جەعفەر حوسێن، یاسای زمانە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٩٣٠، گ. ڕۆشنبیری کوردستان، ژ (٥)ی ئایاری ٢٠٠١، ل ٨٣.

[٢]- چنار سەعد عەبدوڵڵا(٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ١١٣ ــ ١١٤.

[٣]- محسن محمد المتولي(٢٠٠١)، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات، بيروت ـ لبنان، ص ١١٨.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

حکومەتی نوری سەعید هەندێ کاری بە قازانجی کورد ئەنجامدا، کە یەکێك لەوانە بڕیاری دەرکردنی یاسای زمانە ناوچەییەکان بوو[١].

لەم یاسایەدا لەجیاتی ناساندنی زمانی کوردی وەك زمانێکی نەتەوەیی و سەربەخۆ، کەچی بەداخەوە زمانی کوردی بە زمانێکی ناوچەیی لەقەلەمداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایە تاکە دەسکەوتە لە بواری بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد[٢].

کەواتە لە ساڵی ١٩٣١ دەوڵەتی عێراق لە یاسای زمانە ناوچەییەکاندا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و دادگاکاندا سەلماند، بەڵام ئەو دەسکەوتە لەخۆڕا نەهاتە ئاراوە، بەڵکو پێشینەی هەبوو، لەوانە تۆفیق وەهبی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا هەوڵی پێشخستنی زمانی کوردی داوە، ساڵی ١٩٢٣ لەسەر داوای وەزارەتی مەعارف (پەروەردە) کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان ئامادە کردووە، هەروەها داوای کردووە دەستکاری چەند پیتێکی عەرەبی بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردی بگونجێت، بەڵام ئەم داوایەی ڕەتکرایەوە، چونکە بەشێوەیەکی دیکە لێکدرایەوە[٣].

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە (شێخ مەحموود) یەکەم کەس بوو زمانی کوردی کردە ڕەسمی لە هەردوو حکومەتی یەکەم و دووەم (١٩١٨ – ١٩٢٢)[٤]،

---

١- هاوکار جەعفەر حوسێن، هەمان سەرچاوە، ل ٨٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.

٣- نوری تاڵەبانی(د)، لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگ، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژ.(١٥)، ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/١٨، ل ١٠.

**١٩٢٢)**[1]**، هەروەها ئەوکاتە عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەلی پێشکەوتنی زمانی کوردی هەبووە.**

**هەروەها ((بەپێی ئەم یاسایە کورد مافی ئەوەی پێدرا کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە زمانی کوردی بخوێنێت و فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان دەبێ زمانی کوردی بزانن، بەڵام ئەو یاسایە تەنیا لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر کاریکرد و لە موسڵ و کەرکوك و خانەقین ڕێگەنەدرا لە قوتابخانەکان بە کوردی بخوێنن))**[2]**.**

**ئەم یاسایە بە یاسای ژمارە (٧٤) ناسراوە و لە ژمارە (٩٨٩)ی ساڵی نۆیەمی ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) ڕۆژی ١٩٣١/١/٦ بڵاوکراوەتەوە، ئەم یاسایە لە (نۆ) مادە پێکهاتووە، هەریەکە لەمانە واژۆیان لەسەر کردووە (نوری سەعید ـ سەرۆکی وەزیران، عەبدوڵلا دەمەلۆجی ـ وەزیری دەرەوە، مەزاحم باچەچی ـ وەزیری ناوخۆ، عەبد حوسێن ـ وەزیری مەعارف (پەروەردە)، جەمیل ڕاوی ـ وەزیری بەرگری، جەمال بابان ـ وەزیری داد، ڕۆستەم حەیدەر ـ وەزیری دارایی).**

دەقی یاساکەش بەمشێوەیەی خوارەوەیە:ـ

**یاسای زمانە ناوچەییەکان**

---

[1]- سعد بشیر اسکندر (د)(٢٠٠٥)، عن الدولة الحدیثة و الامة و النزعة القومیة في العراق العربي و کردستان، السلیمانیة، ص ٧٨.

[2]- جەمال نەبەز (د)(١٩٨٥)، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ عەلی، ستۆکهۆڵم، ل ١٥٧.

**ژ (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١[١]**

**ماددەی یەکەم**: فەرمانەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو قەزایانەی کە لە ماددەی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایەدان، جێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی دووەم**: زمانی دادگاکان لەم قەزایانەی خوارەوە بە زمانی کوردی دەبێت:

قەزاکانی لیوای مووسڵ:

أ ـ ئامێدی

ب ـ زاخۆ

جـ ـ زێبار

د ـ ئاکرێ

قەزاکانی لیوای هەولێر:

أ ـ کۆیە

ب ـ ڕانیە

جـ ـ رواندز

قەزاکانی لیوای کەرکووك:

أ ـ گێل

ب ـ چەمچەماڵ

قەزاکانی لیوای سلێمانی:

أ ـ سلێمانی

---

١- جريدة (الوقائع العراقيه)، عدد (٩٨٩) حزيران ١٩٣١.

ب ـ هەڵەبجە

جـ ـ شارباژێر

**ماددەی سێیەم**: دەشێ زمانی دادگاکان لەم قەزایانەی خوارەوە بە عەرەبی یان کوردی یان تورکی (تورکمانی) بێت:

لیوای مووسڵ:

أ ـ دهۆك

ب ـ شێخان

لیوای هەولێر:

أ ـ هەولێر

ب ـ مەخموور

لیوای کەرکووك:

أ ـ کەرکووك

ب ـ کفری

لێرەدا دادگاکان لە هەموو حاڵەتەکاندا بڕیار لەسەر زمانەکە دەدەن.

**ماددەی چوارەم**: تۆمەتبار لە هەموو ئەو قەزایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد مافی ئەوەی هەیە، کە:ـ

١ـ دادگایی بکرێت و بە زمانی عەرەبی ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر ئەو زمانە لەماڵەوەی ناسراو بێ.

٢ـ هەموو ئیجرائاتەکان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی یان کوردی یان تورکی و، داوای نوسخەی بڕیارەکە بکات بە وەرگێڕانی بۆ یەکێ لەو زمانە

ئاماژەپێکراوانە و، دەشێ هەر کەسێك کە داوایەك، سکاڵایەك بە زمانەکانی عەرەبی یان تورکی یان کوردی ئاراستەی هەر دادگایەکی ئەو قەزایانەی سەرەوە بکات یان ئاڕاستەی دادگای باڵاتری بکات.

**ماددەی پێنجەم**: زمانی کوردی لەم قەزایانەی خوارەوەدا زمانی فەرمییە، جگە لە فەرمانگە هونەرییەکان و پەیوەندیکردن لەنێوان مەڵبەندە سەرەتاییەکان و وەزارەتەکان و لەنێوان مەرکەزی لیوای مووسڵ و قەزاکانی بە زمانی عەرەبی دەبێت:

١ـ بەشە هونەرییەکان.

٢ـ لە پەیوەندیکردنی (نووسراوی فەرمی) نێوان سەرکردایەتی لیواکان (دامودەزگای پارێزگا) لەگەڵ وەزیرەکان.

٣ـ (پارێزگای مووسڵ) و قەزاکانی:ـ

قەزاکانی لیوای مووسڵ:

أ ـ ئامێدی

ب ـ ئاکرێ

جـ ـ دهۆك

د ـ زاخۆ

هـ ـ زێبار

قەزاکانی لیوای هەولێر:

أ ـ هەولێر

ب ـ مەخموور

جـ ـ کۆیە

د ـ ڕانیە

هـ ـ ڕواندز

قەزاکانی لیوای کەرکووك:

أ ـ چەمچەماڵ

ب ـ گێل

قەزاکانی لیوای سلێمانی:

أ ـ سلێمانی

ب ـ هەڵەبجە

جـ ـ شارباژێر

بەڵام لە قەزاکانی کەرکووك و کفری، کوردی یان تورکی بەکاردەهێنرێت.

**ماددەی شەشەم:** لە هەموو قوتابخانە بەرایی و سەرەتاییەکانی ئەو قەزایانەی لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، زمانی خوێندنیان ئەو زمانە دەبێ کە زۆربەی قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە لەماڵەوە بەکاری دەهێنن، ئینجا ئەم زمانە عەرەبی بێ یان تورکی یان کوردی.

**ماددەی حەفتەم:** دەشێ بۆ هەموو کەسێك بە زمانی عەرەبی داوایەك پێشکەش بە دەزگاکانی ڕەسمی بکات و بەهەمان زمانیش وەڵام بدرێتەوە، هەر پەیوەندیکردنێك دەبێت بەو زمانە بێت کە لە مەرجەکانی ماددەی پێنجەمی ئەو یاسایە ئاماژەی پێکراوە و جێگیر کراوە و، وەڵامدانەوەشی هەر بەو زمانە دەبێت کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە.

**ماددەی هەشتەم:** لە قەزاکانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، دەبێ شێوەی زمانی کوردی ئەو شێوەیە بێت کە ئێستا بەکاردێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا خەڵکەکەی ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن، کە ئەمەش لەماوەی ساڵێك لە جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە پەیڕەو دەکرێ.

**ماددەی نۆیەم:** هەموو وەزیرەکان لە جێبەجێکردنی برِگە و ماددەکانی ئەم یاسایە بەرپرسن، هەریەکە بە گوێرەی ئەو ماددەیەی پەیوەستە بە ئەوەوە.

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٩٣١ بەرانبەر ڕۆژی (٦)ی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٣٥٠ کۆچی لە بەغدا نووسراوە.

دیارە ئەوکات زمانی کوردی تەنیا کرمانجی ناوەڕاست (شێوەی بابانی/ سلێمانی) بوو، کە لە سلێمانی پێی دەخوێندرا و لە هەولێریش بەشێوەیەکی زۆر کەم بەکاردەهێنرا، بەڵام لە دهۆك خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی بوو، هەروەکو تۆفیق وەهبی لە یاداشتێکی بۆ کۆمەڵەی گەلان دەڵێت: ((دەتوانرێ بگوترێ زمانی کوردی ڕەسمی تەنیا لە سلێمانی قەتیسکراوە، زمانی ڕەسمی لە لیوای موسڵ عەرەبییە، ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی عەرەب نین لە کەرکووك تورکی و عەرەبی بەکاردەهێنرێ، لە هەولێر زۆر کەم

کوردی بەکاردەهێنرێ، لە قەزا کوردییەکانی کووتدا زمانی عەرەبی ڕەسمییە، یاسای زمانی ناوچەیی بە ئاشکرا مەبەستی دروستکردنی ئاژاوەی زمانە))[1].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایە بۆ یەکەمجاربوو ڕێگەی بە کوردەکانی ناوچەی بادیناندا لەجیاتی زمانی باوی نووسینی ئەوکاتی کوردی عێراق کە کرمانجی ناوەڕاست بوو، دیالێکتی کرمانجی سەروو بەکاربهێنن، واتە زمانی کوردی لە ڕووی تیۆرییەوە بەسەر دوو دیالێکت دابەش کرد، ئەمەش بووە دابەشبوونی زمانی کوردی، نەوەك خزمەت بە ستانداردی زمانی کوردی بکات. دیارە ئەمەش زۆر بە ڕاشکاوانە لە ماددەی هەشتەم ئاماژەی پێکردووە، کە تیایدا هاتووە ((لە قەزاکانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، دەبێ شێوەی زمانی کوردی ئەو شێوەیە بێت کە ئێستا بەکاردێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا خەڵکەکەی ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن، کە ئەمەش لە ماوەی ساڵێك لە جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە پەیڕەو دەکرێ))[2]. لەم ماددەیەدا دوو شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یەکەمیان ئەو دیالێکتە کوردییەی کە لە کوردستانی عێراق ئەوسا بەکاردەهێنرا، کرمانجی ناوەڕاست بوو، دووەمیان لە لیوای مووسڵ، کە پارێزگای دهۆك دەکەوێتە نێو ئەو لیوایە، حکوومەتی ئەوسای عێراق مافی ئەوەی دانێ کە بە شێوەی کرمانجی سەروو (بادینی) لە دامودەزگاکان بەکاربێنن، چونکە سەربەستی بە خەڵکەکەدا لە

---

[1]- نەوشیڕوان مستەفا ئەمین (١٩٩٩)، کوردستانی عێراق ـ سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت ١٩٢٨ـ ١٩٣١، سلێمانی، ل١٧٨.

[2]- قانون اللغات المحلية، جريدة الوقائع العراقية، عدد (٩٨٩)، حزيران ١٩٣١.

بەکارهێنانی شێوەکانی (ناوەڕاست، سەروو)، کە ئەمەش جۆرێك بوو لە هەوڵدان بۆ لەتکردنی زمانەکەمان و دەستپێکی سەرهەڵدانی جووتساندارێی بوو لە زمانی کوردیدا، کەواتە لەم یاسایەدا دەڤەری بادینان لەڕووی زمانەوە لە بەشەکانی دی کوردستان دادەبڕێ و ئازادییان دەداتێ بەوەی دەتوانن شێوەیەك لە شێوەکانی زمانی کوردی بەکاربێنن[1]، بەڵام ئەمە تەنها باری یاسایی وەرگرت، چونکە لە پارێزگای دهۆك خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی مایەوە تاکو ساڵی ١٩٧٠، ئیتر لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆی شۆڕشی کورد خوێندن بە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست بوو.

دیارە ئەم جێبەجێ نەکردنەی یاسای زمانە ناوچەییەکان لە لیوای مووسڵ بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ئینگلیزەکان لە پشتەوەی ئەم کارە بوون، چونکە ئینگلیزەکان تەنیا لە ناوچەی سلێمانی ڕێگەیان بە چالاکی ڕۆشنبیریی و زمانی کوردی دەدا و لە شوێنەکانی تر بەتایبەتی دهۆك هەر خۆیان خەڵکیان هاندەدات لەیەك دووربن و پێکەوە نەلکێن و زمانی کوردی بەکار نەهێنن، دووەمیان هۆکارەکەی پەیوەست بوو بە کوردەوە، چونکە هەروەکو محەمەد ڕەسووڵ هاوار لەسەر زاری تۆفیق وەهبی دەگێڕێتەوە، کە لە بادینان ڕێگر هەبوو لەسەر بەکارهێنانی خوێندنی زمانی کوردی، هەروەکو دەڵێت:(( کە بڕیاردرا زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا لە قوتابخانەکان بخوێندرێت، لە بادینان هەندێ کەسی بێ

---

[1]- سەلام ناوخۆش، یاسای زمانە ناوچەییەکان ـ یەکەم هەوڵی حکومەتی عێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەتەوە، گ. ڕامان، ژ (١٦٨)، ٢٠١١/٥/٥، ل ١٠٦.

مێشکی ناوچەگەری خۆپەرست بۆ ئەوەی خۆیان لە مووسڵاوییە عەرەبەکان نزیک بکەنەوە، کە وەفدێك چوو بۆ ئەم ناوچانە بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا دەیانەوێ بە کوردی بخوێنن یان نا، تاقمێکیان دروشمێکیان هەڵکردبوو و بە عەرەبی نووسیبوویان نامانەوێ منداڵەکانمان بە کوردی بخوێنن و تۆفیق وەهبی بە پێکەنینەوە ناوی پیاوێکی هێنا، کە یەکێك بووە لەوانەی ئەو ڕۆژانە قوتابی بووە و ئەو دروشمەی هەڵگرتووە، کەچی ئەمڕۆکە ئەو پیاوە لە ئینگلتەرا دکتۆرای هەیە و شتێکی کوردی بە پیتی لاتینی چاپ کردووە و، لە نامەیەکدا بە عەرەبی بۆی نووسیبووم و دانەیەکی لە کتێبەکەی بۆ ناردبووم، لەگەڵ ئەوەشدا من سووڕ دەزانم ئەم پیاوە کوردی هەروەکو من دەزانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، یان هەر هیچ نەبوایە بە پیتە لاتینییەکە نامەکەی بۆ بناردمایە باشتر بوو))[1].

کەواتە وەکو دەردەکەوێت نەك بە کرمانجی سەروو، بەڵکو بە کرمانجی ناوەڕاستیش لە دهۆك خوێندن نەخوێندرا و هەر بە عەرەبی مایەوە.

[1]- م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل ٦٥٠.

## ٤ ـ ٢: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨

ڕۆژی ١٤/٧/١٩٥٨ سوپای عێراق بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم)، لە شۆڕشێکدا توانی زۆر بەخێرایی کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق بکات و کۆتایی بە حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا بهێنێ و سیستەمێکی کۆماریی دابمەزرێنێت[1]، دوای ئەوە ڕژێمی کۆماری لە بەیاننامەیەکدا، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە، لەکارخستنی یاسای بنەڕەتی (١٩٢٥)ی ڕاگەیاند و بۆ یەکەمجار کۆماری عێراق لە ١٤/٧/١٩٥٨ ڕاگەیەندرا[2].

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە نزیکەی دوای دوو هەفتە لە هەڵگیرساندنی شۆڕش، دەستووری کاتی کۆماری عێراق ڕاگەیەنرا، واتە لە ٢٧/٧/١٩٥٨ دەستووری کۆماری عێراق دەرچوو[3]. لەم دەستوورەدا جگە لە تەماشاکردنی دەستوورەکانی ئوستralیا و نیوزلەندا، هەروەها سەیری دەستوورەکانی ئێران و تورکیا و میسریان کردبوو و، سوودێکی زۆریان لە دەستووری میسر بینیبوو، کە ئەمەش کاریگەری بیری شۆڤینی عەرەبی باڵی بەسەر ئەم دەستوورەدا کێشابوو[4]، هەروەکو لە ماددەی (٢)ی دەستوورەکەدا دەردەکەوێ:((**عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب**))[5]. دیارە ئەم ماددەیەش پێچەوانەی ماددەی

---

[1]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

[2]- عبدالحق العانی(٢٠٠٥)، الارث الدستوری فی العراق، کتب الکترونی، ص ٣.

[3]- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل ٥٩.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

[5]- دستور ١٩٥٨ العراقي المؤقت الصادر في (٢٧) تموز ١٩٥٨.

(٣)ی دەستوورە، کە دەڵێت:**((کورد و عەرەب هاوبەشن لە نیشتماندا))**[١].

دیارە ئەم ماددەیەش بووە هۆی ناڕەزایەتی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی، لەم بارەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەکاتی خۆیدا ڕەخنەیەکی توندیان لەم ماددەیەدا گرت و ئیبراهیم ئەحمەد وەکو سکرتێری ئەوکاتی پارتی دەڵێت: ((کوردستان هەرگیز بەشێك نەبووە لە نیشتمانی عەرەب، بەڵکو بەشێك بووە لە کوردستانی گەورە، هەروەك عەرەبی عێراقیش بەشێك بووە لە نەتەوەی عەرەب))[٢].

هەروەکو ئاماژەمان بۆی کرد لە ماددەی (٣)ی دەستوورەکەدا هاتووە:**((عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان دەنێ بە مافەکانی نەتەوایەتی لەناو یەکێتی عێراقدا))**[٣]. هەروەها لە ماددەی (١٩)دا هاتووە **((نابێت جیاوازی لەنێوان هاونیشتمانان بکرێت لەسەر بناغەی ڕەگەز یا نەتەوە یا زمان یان ئایین یان بیروباوەڕ))**[٤].

لەم قۆناغەدا حکومەتی عێراق دانی بە نەتەوەی کورد داناوە وەکو نەتەوەیەك و شەریکێك لە حکومەتی عێراقدا، هەمدیسان دانی بە هەموو ماف و جیاوکەکانی زمانی کوردی داناوە، بۆیە یەکێ لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد کردنەوەی بەشی کوردی بوو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، هەروەها لە

---

[١]- هەمان سەرچاوە.

[٢]- شورش حسن عمر(٢٠٠٥)، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، ص ١٧٣ — ١٧٤.

[٣]- دستور ١٩٥٨ العراقي المؤقت الصادر في (٢٧) تموز ١٩٥٨.

[٤]- سعد ناجى جواد (١٩٩٠)، العراق و المسألة الكردية ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠، لندن، ص ٣٦.

بواری پەروەردەدا وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی بۆ کوردستانی عێراق کردەوە، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بوار بڕەخسێنێ بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە زمانی دایك بخوێنن[1].

هەروەها لە ماددەی (٩)دا دەڵێ:((**هاوولاتیان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن لەماف و ئەرکە گشتییەکاندا، نابێ جیاوازی لە نێوانیاندا بەهۆی بنەچە، ڕەگەز یان زمان و ئایین و بیروباوەڕ دابنرێ**)). لێرەدا ئاماژە بە کەمینەی نەتەوەیی تر جگە لە عەرەب دەکات، هەمان ئاماژە بە کەمینەی ئایینیش دەکات، واتە دان بە فرەنەتەوە و فرەئایینیدا دەنێ، بەڵام بەبێ دیاریکردن و ناوهێنانیان[2].

دەبێ ئەوەش بوترێت کە لەم دەستوورەدا کورد هەندێك دەسکەوتی دەستووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیری بەدەستهێناوە[3]، وەك:

**١ـ بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق و دەوڵەتانی تری ناوچەکە، دەستووری کاتی عێراق دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نا، هەروەکو لە ماددە (٣)دا هاتووە ((عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان دەنێ بە مافەکانی نەتەوایەتی لەناو یەکێتی عێراقدا)).**

**٢ـ یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەروەریی (المجلس السیادە) کوردبوو.**

**٣ـ لە کابینەی یەکەمی حکوومەتدا، وەزیرێك کورد بوو.**

---

[1] - خەلات مووسا یووسف (٢٠٠٦)، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرا رزگاریخوازا کوردی دا، نامەی ماستەر (بڵاوکراوە)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٥٤.

[2] - ڕێبین محەمەد سۆفی، ل ٦٣.

[3] - شورش حسن عمر، مصدر السابق، ص ١٧٧ — ١٧٨.

**٤ـ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو کورد دەرکرد، بەتایبەتی ئەوانەی ڕژێمی پاشایەتی ئاوارەی هەندەرانی کردبوون، هەروەها هەموو زیندانییە سیاسییەکانی ئازادکرد، جگە لەوەی (عەبدولکەریم قاسم) داوای لە (مەلا مستەفای بارزانی) و ٧٤٨ کەسی هاوڕێی کرد، کە ماوەی (١٢) ساڵ بوو لە سۆڤیەت دەژیان، بگەڕێنەوە عێراق.** مەلا مستەفاش کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە پێشوازی ئەو بانگهێشتنەوە هات و گەڕایەوە بۆ عێراق. شایانی باسە کاتێ مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە عێراق، گەورەترین پێشوازی جەماوەریی لە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق لێکرا.

**٥ـ جەژنی نەورۆز کرایە جەژنی فەرمی گەلی کورد.**

**٦ـ پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای مۆڵەتی تێکۆشانی ڕەسمی وەك حیزبێك دابووە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ڕەزامەندی لەسەر درا.**

لێرەدا دەبێ هەڵوەستەیەك لەسەر یاداشتنامەی پارتی بکەین، چونکە لە یاداشتنامەکەی پارتی هاتبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ فراوانکردنی مافەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەو مافە دەبێ لە دەستووری هەمیشەییدا بچەسپێنرێت.

**٧ـ لێژنەیەکی حکوومی پێکهات بۆ تەماشاکردنی حاڵەتی ڕۆشنبیریی کورد، وەك فراوانکردنی خوێندن بە کوردی، هەروەها ڕێگەیدا چەند ڕۆژنامە و**

**گۆڤارێك دەربچن، لەوانە ڕۆژنامەی (خەبات)، کە وەك یەکەم ڕۆژنامەی ڕەسمی بە زمانی کوردی دەرچوو، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.**

**٨ـ کردنەوەی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا و لە ساڵی ١٩٥٩ یەکەمین پۆڵی قوتابیانی وەرگرت.**

هەروەها ڕادیۆی کوردی بەغدا، کە لە ساڵی ١٩٣٩ەوە پەخشی بە زمانی کوردی دەستپێکرد، سەرەتا تەنیا بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەڵام لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ بە دوو شێوە بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨دا توانای ئەوە هەبوو خوێندن لە بادینانیش بکرێ بە کوردی، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٠سەری نەگرت و هەر بە زمانی عەرەبی مایەوە، بەهۆی ئەوەی برادەرانی بادینان خەریکی گفتوگۆی ئەوەبوون بە کام دیالێکت بنووسرێت، دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆ لە بادینانیش خوێندن کرا بە زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست[1].

[1] - عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ(١٩٧١)، هەمان سەرچاوە، ل ٥٠ — ٥٢.

## ٤ ـ ٣: یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣ – ١٩٦٤

### یەکەم: زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٦٣ ـ ژمارە (٢٥)[١]

ڕۆژی (٨)ی شوباتی ١٩٦٣ حیزبی بەعس بە هاوکاری لەگەڵ هەندێ ئەفسەری نەتەوەیی، لەسەرووی هەموویانەوە عەقید عەبدولسەلام محەمەد عارف لە کودەتایەکی سەربازیدا کۆماری یەکەمی عێراقیان ڕووخاند، پاش ئەم ڕووداوەش پلەی عەبدولسەلام محەمەد عارف تا ئاستی (مشیر ڕوکن) بەرزکرایەوە و بەمجۆرە بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق و لەلایەن بەعسیەکانەوە ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران[٢]. دەستووری کاتی کۆماری یەکەمی عێراق لە ١٩٥٨/٧/٢٧ پاش ئەو گۆڕانە سیاسییە هەڵوەشێندرایەوە[٣] و حوکمی ماوەی ڕێککەوتی ١٩٦٣/٢/٨ ـ ١٩٦٣/٤/٤ تەنیا پشتی بە بەیانەکانی سەرکردایەتی کودەتاوە دەبەست، کە بە ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەری دەکرد[٤]. لە (٤)ی نیسانی ١٩٦٣ دا یاسای ژمارە (٢٥)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو، کە لە (٢٠) ماددە پێکهاتبوو[٥]. ئەم دەستوورە، واتە دەستووری

---

[١] - دستور (٤) نیسان ١٩٦٤، المعروف بقانون المجلس الوطني لقیادة الثورة رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٣.

[٢] - محمد عمر مولود(د)(٢٠٠٣)، الفدرالیة و امکانیة تطبیقیها في العراق، طبعة الثانیة، مطبعة الوزارة التربیة، اربیل، ص ٧٥.

[٣] - ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

[٤] - هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

[٥] - احمد الموسوی(د)(٢٠٠٥)، الضمانات القانونیة لحقوق المواطن في الدساتیر العراقیة، الطبعة الاولی، الجمعیة العراقیة لحقوق الانسان، بغداد، ص ٢٩.

(٤)ی نیسانی ١٩٦٣ شتێکی تایبەت بوو، چونکە تەنیا باسی ڕێگەی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەکرد و دەتوانین بڵێین دەستووری ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش بووە نەك بۆ دەوڵەت[١].

سەبارەت بە کورد و زمانی کوردی و مافەکانی بەگشتی، ئەم دەستوورە لە هیچ ماددەیەکیدا ئاماژەی پێ نەکردووە، واتە کورد و مافەکانی هیچ پارێزگارییەکی یاسایی نییە[٢].

## دووەم: زمانی کوردی لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٦١)[٣]

عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ١٩٦٣/١١/١٨ بە کودەتایەك کۆتایی بە تەمەنی حوکمی بەعسی یەکەم و کۆماری عێراق هێنا و، لە ١٩٦٤/٤/٢٢ دا ڕژێمی نوێ یاسای ژمارە (٦١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دەرکرد، کە لەلایەن سەرۆك کۆمار و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئیمزا کرابوو[٤]، ئەم یاسایەش وەك ئەوەی پێشی خۆی دەکرێ ناوی دەستووری لەسەر دانێین، چونکە دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخست، بەم بۆنەیەوە بە دەستووری (٢٢)ی نیسانی ١٩٦٤ ناسرا.

---

١- هەمان سەرچاوە، ص ٢٩.

٢- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

٣- دستور ٢٢ نیسان ١٩٦٤، المعروف بقانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٦١ لسنة ١٩٦٤.

٤- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

ئەم دەستوورەش ئاماژەی بە کورد و زمانەکەی نەکردبوو، ئەگەرچی عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٤/٢/١٠بەیانێکی دەرکرد، کە بە بەیانی شوبات ناسراوە، لە بڕگەی یەکەمیدا دەڵێ: **((دان بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانمان دەنێین لەمیانەی گەلی عێراقدا، لە یەکێتی نیشتمانی یەکگرتوودا و لە دەستووری کاتیدا جێگیری دەکەین))**، بەڵام دواتر لە دەستووری کاتیدا، کە لە ١٩٦٤/٤/٢٢ دەرچوو، **هیچ** ئاماژەیەکی بە کورد و مافەکانی نەکردبوو[١].

## سێیەم: زمانی کوردی لە دەستووری کاتیی (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤

ئەم دەستوورە کە لە پێشەکییەك و (١٠٦) ماددە پێکهاتبوو[٢]، لە چەند شوێنێك باسی مەسەلەی زمانی فەرمی لە وڵات و باسی کورد دەکات. سەرەتا لە ماددە (٣)دا دەڵێت: **((زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە))**. لەم ماددەیەدا تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات وەکو زمانێکی فەرمیی وڵات، ئەمە لە حاڵەتێکدایە، کە پێشتر زمانی کوردی و زمانی تورکی(تورکمانی) لەمیانەی یاسای (زمانە ناوچەییەکان)ی ساڵی ١٩٣١ دا سەلمێنرابوون و لەڕێگەی کۆمەڵەی گەلانیشەوە ڕەوایەتی وەرگرتبوو، ئەگەرچی ئەم یاسایە نەسڕایەوە، بەڵام کاری پێ نەدەکرا.

---

١- محمد عمر مولو(د)، نفس المصدر، ص ١٦١.

٢- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.

بەڵام لە مادده (١٩)دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی عێراق، هەروەها باسی (فرەزمانی) لە عێراقدا دەکات، کە تیایدا هاتووە:

**((عێراقییەکان لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن، بەرانبەرن لە ماف و ئەرکە گشتییەکاندا، جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە لەبەر ڕەگەز، یا ڕەسەن یا زمان و ئایین، هاووڵاتیان هەموویان پێکەوە هاوکارن لە پاراستنی کیانی ئەو نیشتمانەدا بە عەرەب و کوردەوە، ئەو دەستورە دان بە مافە نەتەوایەتییەکانیاندا دەنێ لەچوارچێوەی یەکێتی عێراقدا))**[1]. لەم دەقەدا بەڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆیانە دان بەوە دادەنێت کە عێراق وڵاتێکی فرەئایین و فرەنەتەوە و فرەزمانە، واتە ئاماژە بە پێکهاتەکانی عێراق دەکات، بەجۆرێ نەتەوەی کورد وەك نەتەوەی عەرەب بە نەتەوەیەکی سەرەکی داناوە.

هەروەها لە ماددەی (٣٣)دا باسی مافی فێربوون دەکات، کە مافێکە بۆ هەموو هاوڵاتییەك، بەڵام بەبێ ئەوەی زمانی فێربوونەکە دیاری بکات، کە ئاخۆ دەبێ زمانی خوێندن و پەروەردە بە چ زمانێك بێت، لەم ماددەیەدا هاتووە: **((فێربوون مافی هەموو عێراقییەکانە، دەوڵەت پشتیوانی لێ دەکات بە پێکهێنانی جۆرەها قوتابخانەو زانکۆ و دامەزراوەی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی و فراوانکردنیان))**[2].

---

[1] - دستور العراقي المؤقت الصادرة في ٢٩ نيسان ١٩٦٤.

[2] - ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم دەستوورە لە ١٩٦٤/١٢/١٤ تا ١٧ی نیسانی ١٩٦٨ شەش جار هەموارکرا[١]، لە دووەم هەموارکردندا لە ١٩٦٥/٩/٨ دا، کە لەلایەن سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە مۆرکرابوو، هەندێ گۆڕانکاری بچووك لە ماددەی (١٩)ی هەموارکراودا ڕوویدا، ماددەکە گۆڕدرا و ئاوای لێهات: **((عێراقییەکان یەکسانن لە ماف و ئەرکە گشتییەکانیاندا بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ڕەسەنی یا زمان و ئایین و هەر هۆیەکی تر، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردەکاندا دەنێ لەناو گەلی عێراقدا، لە یەکێتی نیشتمانی و برایەتیدا))**[٢]، لێرەدا دەبینین گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ناوەڕۆکی ماددەکەدا نەکراوە، بەڵکو تەنها هەندێ گۆڕانکاری لە شێوەی داڕشتن و لابردنیدا کراوە، بەڵام باشتریشە لەوەی پێشووتر، چونکە هەندێ ڕاشکاوانەتر لە جاران باسی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات[٣].

---

١- عبدالخالق العانی(٢٠٠٥)، الارث الدستوری في العراق، بغداد،ص ٥ — ٦.

٢- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

٣- احمد موسوي(د)، نفس المصدر، ص ٥١.

## ٤ ـ ٤: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٦٨ [1]

کۆماری عێراق لە (١٧)ی تەمموزی ١٩٦٨ بە کودەتایەکی سەربازیی کۆتایی پێ هات، حیزبی بەعس و ژمارەیەك لە ئەفسەران و کەسانی مەدەنی بەشدارییان لەو کودەتایەدا کرد[2]. بەو جۆرە حکومەتی عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ڕووخا و ئەو دەستوورە کاتییەی کە دابنابوو هەڵوەشایەوە و دەستوورێکی تری کاتی لەلایەن بەعسییەکانەوە دانرا[3].

ئەم دەستوورە زۆربەی دەقەکانی خۆی لە دەستووری (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤ی کاتی و یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٣ی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش، وەرگرتبوو، بۆیە ئەم دەستوورە تاڕادەیەکی زۆر لە دەستووری هەموارکراوی (٢٩)ی نیسانی ١٩٦٤ دەچوو، دەستوورەکەش لە پێشەکییەك و (٩٥) ماددە پێکهاتبوو و بەسەر پێنج دەروازەدا دابەش کرابوو[4].

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، ئەوا بەداخەوە لە ماددەی (٦)ی ئەم دەستوورەدا زوڵم لە زمانی کوردی دەکات و تەنها ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات وەکو زمانێکی فەرمی وڵات، کە تێیدا هاتووە: **((ئیسلام ئایینی وڵاتە و**

---

[1]- الدستور العراقی المؤقت الصادر في ٢١ی ایلول ١٩٦٨.

[2]- صلاح محمد عزیز (٢٠٠٠)، مدخل الی حقوق الانسان فی کوردستان العراق، الطبعة الاولی، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ص ١٨.

[3]- محمد صدیق محمود (٢٠٠٥)، اوراق عراقیة – مشروع دستور جمهوریة العراق الاتحادیة، ص ٣.

[4]- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل ٨٠.

**سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دەستوورەکەی و زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە)).**

لە ماددەی (٢١)دا باسی یەکسانی هاووڵاتیانی عێراق دەکات و باس لە فرەزمانی و فرەنەتەوەیی و فرەئایینی دەکات، دواتریش ناوی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەب دەهێنێت وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی عێراق، کە تێیدا هاتووە: **((عێراقییەکان یەکسانن لە بەرانبەر یاسا و لە ماف و ئەرکەکاندا هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە بەهۆی ڕەسەنایەتی، عرق، زمان یا ئایین، هاوکارن لە پاراستنی کیانی نیشتمانی بە عەرەب و کوردەوە، ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوایەتییەکانیاندا لەناو گەلی عێراقدا دەنێت)).**

دیارە وەکو دەردەکەوێ حکوومەت لەڕووی یاساییەوە مافێکی ئەوتۆی بە کورد و زمانەکەی نەداوە، بۆیە گرژی لەنێوان بەعسییەکان و سەرکردایەتی کورد هاتە کایەوە، لەبەر ئەوە بەعسییەکان بە مەبەستی زەمینەخۆشکردن بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد، لە ئەیلوولی ١٩٦٩ حکوومەتی بەعس کەسایەتی ناسراو و نیشتمانپەروەر (عەزیز شەریف)ی ناردە لای سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و ئامادەیی حکوومەتی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد نیشاندا[١]. ئەوانیش وەڵامی پۆزەتیڤان دایەوە، بەمجۆرە زەمینەی گفتوگۆی خۆشکردبوو[٢]. ڕژێم بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی، هەندێ ڕێوشوێنی یاسادانانی گرتەبەر بۆ بەدیهێنانی هەندێ لە داخوازییەکانی بواری

---

[١]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٣.

[٢]- شورش حسن عمر (٢٠٠٥)، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، رسالة ماجستير، كلية القانون — جامعة سليمانية، ص ٢٥٥.

ڕۆشنبیری کورد، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت دەست بەکاربوو بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ لە بڕگەکانی کە پەیوەندی بە بەیانی (٢٩)ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ەوە بوو. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، بڕیاری ژمارە (٤٤٦)ی دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە ئەو مافە درایە هاووڵاتیانی کورد، کە لە ناوچە کوردییەکاندا مافی هەڵبژاردنی خوێندن بە زمانی کوردی هەبێ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تا قۆناغی دواناوەندی[1].

پاشان لە ١٩٦٩/١٢/٩ بڕیارێکی تر بە ژمارە (٤٨٤) دەرکرد، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو[2]:

**١ـ خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلەکانی کۆتایی (سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی) و هەموو زانکۆکان و پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازیی و پۆلیسی بخوێندرێ.**

**٢ـ ئەنجامدانی گۆڕانی ڕیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی.**

**٣ـ کتێبی کوردی زانستی، وێژەیی و سیاسی، کە گوزارشت لە خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد دەکات لە کتێبخانە گشتییەکان و قوتابخانەکان دابنرێ.**

**٤ـ دامەزراندنی ناوەند (خانە)ی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی.**

**٥ـ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.**

---

[1] - الوقائع العراقية، عدد ١٧٨٦، ١٩٦٩/١٠/٥.

[2] - الوقائع العراقية، عدد ١٧٩٢، ١٩٦٩/١٢/٢٥.

**٦ـ دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی.**

**٧ـ دانانی ناوی کوردی (مێژوویی و جوگرافی) بۆ هەموو قوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکانی ناوچە کوردییەکان.**

ئەگەر لەم خاڵانەی سەرەوە وردبینەوە، دەبینین بۆ یەکەمجاربوو زمانی کوردی لە عێراق بەم چەشنە فراوانە ڕێگەی پێ بدرێت و کاری پێ بکرێت و زمانی کوردی ببێتە زمانی نووسینی پرۆگرامی خوێندن لە ناوچەکانی کوردستان و دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە حکومەت دابمەزرێت، لەهەمووشی گرنگتر زیاتر گرنگی دان بوو بە زمانی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندن، کە ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی کورد منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە کوردییەکان و زیاتر متمانەیان بە زمانی کوردی لا دروست بێت.

کەواتە خوێندن بە زمانی دایك (کوردی) مافێکی لەمێژینەی کورد بوو، توانرا بەشێوەیەکی تیۆریی و پراکتیکی ئەم مافە بە کورد بدرێت و ڕۆڵەکانی کورد بتوانن لە قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆ وانە بە زمانی کوردی بخوێنن و، هەست بەوە بکەن کە زمانی کوردی زمانی قسەکردن و نووسین و خوێندنە هەروەك زمانی عەرەبی لە عێراقدا.

هەروەها حکوومەت چەند هەنگاوێکی تری هاویشت، کە بریتین لە:

**١ـ ڕۆژی نەورۆزی کردە جەژنی فەرمی (جەژنی نیشتمانی) بۆ کورد و کرایە پشووی ڕەسمی لەسەرانسەری عێراق[١].**

[١]- الوقائع العراقية، عدد ١٦٣١ ، ١٩٦٨/٩/٣٠ دا.

**٢ـ کۆڕی زانیاری کوردی دامەزراند[1]، جێگەی ئاماژەپێکردنە کە کۆڕی زانیاری کورد خزمەتێکی زۆری بواری زمان و وێژە و مێژوو و لایەنی ڕۆشنبیریی کوردی کرد.**

## ٤ ـ ٥: زمانی کوردی لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠

سەرەتاکانی کارکردن لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە بۆ لیژنەیەك کە لە سەرۆکی کاروباری یاسایی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامێتی دوو مامۆستای کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی بەغدا پێکهاتبوو، ئەم لیژنە سێ کەسییە چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا[2]، لە ١٩٧٠/٦/٩ دا ڕەشنووسی پڕۆژەیەکی دەستووری کاتی ئامادەکرد و بەرزیان کردەوە بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئەوسا (سەدام حوسێن) بوو، ئەویش دوای تاوتۆکردن و لێوردبوونەوە، ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوە لیژنەیەکی تری پێکهێنا، جگە لەو لیژنە سێ کەسییەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، لیژنەکە دوو مامۆستای تری کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی بەغدا و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری لەخۆ گرتبوو، پاش چەندین کۆبوونەوە، بەو جۆرەی کە بۆچوونی حیزبی بەعس دەیەویست، پڕۆژەی دەستووری کاتی ئامادەکرا و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە

---

[1] - الوقائع العراقية، عدد ١٩١٧، ١٩٧٠/٩/٨ دا.

[2] - ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.

بڕیاری (٧٩٢)ی لە ڕێککەوتی ١٩٧٠/١١/١٦دا پەسندی کرد[١]. ئەم دەستوورە (٢٤) جار هەموارکراوە، دوا هەموارکردنی بە بڕیاری ژمارە (٨٥)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵی ١٩٩٥ کراوە[٢].

ئەوەی پەیوەست بێت بە کورد و زمانەکەی، ئەوا لە ماددە (٥) لە بڕگەی (ب)دا لە پاڵ نەتەوەی عەرەب ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات، هەروەها دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی دەنێت، تێیدا هاتووە: **((گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکدێت، ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافە ڕەواکانی هەموو کەمینەکاندا دەنێ لەناو یەکێتی عێراقدا))**[٣].

هەروەها لە ماددەی (٧) لە بڕگەی (ب)دا، ڕاستەوخۆ زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانێکی فەرمی دادەنێت، بۆ ئەوەی لە بوارەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێت، هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە: **((زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا))**[٤].

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە کە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ بە یەکەم دەستوور دادەنرێت، کە لەڕووی تیۆرییەوە بەشێوەیەکی فەرمی دان بە زمانی

---

[١]- صالح جواد كاظم(د) و اخرون (١٩٩٠)، النظام الدستوري في العراق ١٩٨٠ — ١٩٨١، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد، بغداد، ص ٩٥ — ٩٦.

[٢]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٦ — ٨٧.

[٣]- الدستور العراقي المؤقت الصادرة في ١٦ تموز ١٩٧٠.

[٤]- هەمان سەرچاوە.

کوردیدا دەنێت وەك دووەمین زمانی فەرمی لە عێراق، بەڵام تەنها لە ناوچە کوردییەکاندا.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی گەلی کورد، چونکە بەهۆی شۆڕشی کورد توانرا (حوکمی زاتی) بۆ گەلی کورد بسەلمێندرێت و بچێتە نێو دەستووری عێراقەوە، هەروەکو لە ماددەی (٨) لە بڕگەی (جـ) هاتووە: **((دان بە ئۆتۆنۆمیدا دەنێ بۆ گەلی کورد لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن، کە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت))**[١].

بۆیە لێرەدا دەبێ هەڵوەستە لەسەر بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بکەین، چونکە یەکەمین خاڵی بەیاننامەکە سەبارەت بە ناسینی زمانی کوردی بوو لەعێراقدا.

بەیاننامەی (١١)ی ئادار کە لە ئەنجامی خەباتی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) بەدیهاتووە، لە مێژووی نوێی کورددا شوێنێکی پڕ بایەخی گرتووە و بە دەستکەوتێکی گەورەی سیاسیی لەقەڵەمدراوە، هەڵبەت بایەخی ئەو بەیاننامەیەش لەوەدابوو کە بۆ یەکەمجار لە بەڵگەنامەیەکی فەرمیی و یاساییدا لەلایەن یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانی لەتکراوی پێوە

---

١- دستور العراقي المؤقت الصادرة في ١٦ تموز ١٩٧٠.

لکێنراوە، لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا دان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورددا بنرێت[1].

کەواتە یەکەمجاربوو لەمێژووی تازەدا بە بەڵگەی یاسایی لەلایەن دەوڵەتەوە دان بە مافی سیاسی گەلی کورد هێنرا[2]، ئەم دانپێنانەش ئەوسا و ئێستاش بۆ کورد گەلێك گرنگە، چونکە خرایە نێو دەستووری عێراق.

ئەوەبوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٧٠/٣/١١ بە بڕیاری ژمارە (٢٨٨)دا، دانی بە مافی گەلی کورد نا لەچوارچێوەی عێراق، ئەم بەیاننامەیەش (١٥) خاڵ لەخۆوە گرتبوو، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**١ـ زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆربەی زۆری دانیشتوانیان کوردن و زمانی کوردیش لەو ناوچانەدا زمانی خوێندن و فێرکردن دەبێت و، زمانی عەرەبیش لەهەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێنرێت کە بە کوردی دەخوێنن، لەهەمان کاتیشدا زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لەو سنوورەی یاسا دایدەنێت لەهەموو لایەکی عێراقدا دەخوێندرێت.**

**٢ـ بەشداریکردنی برا کوردەکانمان لە حوکم و، جیاوازی نەکردن لەنێوان کورد و کەسانی تر لە فەرمانی گشتی گرتنە دەستدا، لەوانەش پایەی گرینگ و بایەخدار لە دەوڵەتدا وەك وەزارەت و سوپاو هی تریش... ئەوانە هەموویان لەو کارە گرینگانەن کە ئامانجی شۆڕش بوون بۆ وەدیهێنانیان و، حکوومەت لە**

---

[1]- فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق ـ ١١ی مارتی ١٩٧٠ ـ ١١ ی مارتی ١٩٧٤، نامەی ماستەر – بڵاوکراوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٨٠.

[2]- مسعود البارزاني(٢٠٠٢)، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ج ٣، مطبعة التربية، اربيل، ص ٥٤٩.

کاتێکدا کە دان بەو بنەمایە دادەنێت، جەخت لەسەر پێویستی کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو بنەمایە بە ڕێژەیەکی عادیلانە دەکاتەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بنەمای لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتوان و ئەو بێ بەشییەی برا کوردەکانمان لە ڕابردوودا دووچاری بوون.

٣ـ لەبەر ئەو دواکەوتووییەی کە لەڕابردوودا لەهەردوو لایەنی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی بەسەر نەتەوەی کورد هاتووە، پلانێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتووییە دادەنرێت لەڕێگەی:

أ ـ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەڕووی زمان و مافی ڕۆشنبیرییەوە بۆ گەلی کورد و، بەستنەوەی ئامادەکردن و ئاراستەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی.

ب ـ گەڕاندنەوەی ئەو قوتابییانەی دەرکراون بۆ قوتابخانەکانیان یان لەبەر بارودۆخی توندوتیژی لەناوچەکە ناچاربوون واز لەخوێندن بێنن، بەچاوپۆشی کردن لە تەمەنیان یان دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ گیروگرفتەکانیان.

جـ ـ کردنەوەی قوتابخانەی زۆر لە ناوچەی کوردیدا و بەرزکردنەوەی ئاستی پەوەردەو فێرکردن و قەبووڵکردنی قوتابیی کورد لە زانکۆ و کۆلێجی سەربازی و (بەعسە و زەمالە)ی خوێندن بە ڕێژەیەکی عادیلانە.

٤ـ فەرمانبەرەکان لەو یەکە کارگێڕییانەی کە بەشی زۆریان کوردن، دەبێ کوردبن، یان لەو کەسانە بن کە کوردی باش دەزانن، ئەگەر ژمارەی پێویستیان لێ پەیدابوو و، بەرپرسە بنچینەییەکان (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری

پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاسایش (ئەمن) و هی تری لەم جۆرە) دادەمەزرێن و دەسبەجێ دەست دەکرێت بە پەرەپێدانی دامودەزگای دەوڵەت لە ناوچەکە بە ڕاوێژکردن لەچوارچێوەی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی ئەم بەیاننامەیە، بەو شێوەیەی کە جێبەجێکردنی مسۆگەر دەکات و یەکێتیی نیشتمانی و ئارامی لە ناوچەکەدا بەتین دەکات.

٥ـ حکوومەت دان بە مافی گەلی کورد دادەنێت لە پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابییان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایانی تایبەت بە خۆیان و ئەو ڕێکخراوانە ئەندامی ڕێکخراوە نیشتمانییە عێراقییەکانی هاوشێوەی خۆیان دەبن.

٦ـ بڕگەی (أ): کارکردن بەهەردوو بڕگەی (١) و (٢)ی بڕیاری ژمارە ٥٩ی مێژووی ١٩٦٨/٨/٥ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەتا مێژووی دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە و ئەمەش هەموو ئەوانەی بەشدارییان لە کاری توندوتیژیی ناوچەی کوردیدا کردووە، دەگرێتەوە.

بڕگەی (ب): کرێکار و فەرمانبەر و خزمەتگوزارە مەدەنی و سەربازییەکان دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت و، ئەمەش بەبێ خۆبەستنەوە بە بوونی (میلاك) جێبەجێ دەکرێت و سوودیش لە خەڵکی مەدەنی لە ناوچە کوردییەکان بەپێی پێویستی ئەو ناوچانە پێیان، وەردەگیرێت.

٧ـ بڕگەی (أ) دەستەیەك لە کەسانی خاوەن تایبەتمەندایەتی پێك دەهێنرێت بۆ ئەوەی بەوپەڕی خێراییەوە ناوچەکە لەهەموو ڕوویەکەوە هەڵسێتەوە و قەرەبووی ساڵانی ئەم دواییەی بەسەرهاتەکانی بکرێتەوە و،

بودجەیەکی تەواویشی بۆ تەرخان بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە و، ئەو دەستەیەش سەر بە وەزارەتی کاروباری باکور دەبێت.

بڕگەی (ب) ئامادەکردنی پلانی ئابووری بەشێوەیەك کە پەرەسەندنی هاویەکی و یەکسانی لەهەموو لایە جیاجیاکانی عێراق دابین بکات بەچاودێریکردنی بارودۆخی دواکەوتوویی لە ناوچەی کوردیدا.

بڕگەی (جـ) تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانی ئەو کەسانەی لە بارودۆخی داخباری شەڕ لە بەشداربووانی بزاڤی چەکداریی کورددا شەهیدکراون و بۆ خەڵکی ترو بۆ ئەوانەی بەهۆی ئەو بارودۆخەوە تووشی شێواوی هاتوون، بەپێی یاسایەکی تایبەتی لەسەر شێوەی یاسا کارپێکراوەکان.

بڕگەی (د) کارکردنی خێرا بۆ فریاکەوتنی خەڵکی زیانلێکەوتوو و دەستکورت لە ڕێگەی تەواوکردنی پرۆژەی خانوو دروستکردن و شتی تر کە کار بۆ بێکاران دابین دەکات و پێشکێشکردنی یارمەتیی کەلوپەل و پارە بەشێوەیەکی گونجاو و قەرەبوویەکی ماقووڵ بدرێت بەو زیانلێکەوتووانەی پێویستییان بە یارمەتییە، ئەمەش بە لێژنەی باڵا دەسپێردرێ و ئەوانەی لێ هەڵدەهاوێژرێ کە بڕگەی پێشوو گرتوونییەوە.

٨ـ گەڕاندنەوەی دانیشتوانی گوندە عەرەبی و کوردییەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بەڵام ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی ناکرێ بکرێن بە ناوچەی لێ نیشتەجێ بوون، ئەوا حکوومەت بۆ مەبەستی سوودی گشتی بەپێی یاسا دەیانکات بە موڵکی خۆی و لەناوچەی نێزیك ئەوێ نیشتەجێیان دەکات و

هەر زەرەر و زیانێکیش بەهۆی ئەوەوە لێیان کەوتبێ، قەرەبوویان بۆ دەکاتەوە.

٩ـ پەلەکردن لە پیادەکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردی و هەموارکردنی بەشێوەیەك کە پاکتاوکردنی پێوەندیی دەرەبەگایەتی مسۆگەر بکات و، هەموو جوتیارەکانیش پارچە زەویی گونجاویان پێ ببڕێت و لەو باجە کشتوکاڵییەش کە لە ماوەی ساڵانی شەڕی داخبار لەسەریان کۆبووەتەوە، ببەخشرێن و لێیان خۆش بن.

١٠ـ ڕێککەوتن لەسەر هەموارکردنی دەستووری کاتی وەکو ئەمەی خوارەوە کرا:

أـ گەلی عێراق لەدوو نەتەوەی سەرەکی پێك دێت، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، ئەم دەستوورە دان دەنێ بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و مافی هەموو کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا.

ب ـ زیادکردنی ئەم بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی دەستوور:

((زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچە کوردییەکاندا شان بەشانی زمانی عەرەبی)).

جـ ـ چەسپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییدا.

١١ـ گەڕاندنەوەی ئێستگەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان بۆ حکوومەت و ئەمەش بەند دەبێت بەجێبەجێکردنی قۆناغە کۆتاییەکانی ڕێککەوتنامەکە.

١٢ـ جێگرێکی سەرکۆمار کورد دەبێت.

**١٣ـ یاسای پارێزگاکان بەشێوەیەك هەموار دەكرێت كە لەگەڵ ئەم بەیاننامەیەدا بگونجێت.**

**١٤ـ دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەكە، بە ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێكردنی بەیانەكە، كاری پێویست ئەنجام دەدرێت بۆ یەكخستنی ئەو پارێزگا و یەكە كارگێڕییانەی زۆربەی زۆری كوردیان تێدا دادەنیشن بەپێی ئەو ئامارە ڕەسمییانەی دەكرێن و، دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو یەكە كارگێڕییانە و قووڵكردنەوە و فراوانكردنیان، بۆ ئەوەی گەلی كورد پێڕەوی سەرجەم مافە نەتەوەییەكانی خۆی بكات بۆ دەستەبەركردنی شادبوونی بە ئۆتۆنۆمی، تا ئەو یەكە كارگێڕییەش دێتەدی، هاوئاهەنگیی كاروباری نەتەوەییی كورد لەڕێگەی كۆبوونەوەی دەوری دەكرێت كە لەنێوان لێژنەی باڵا و پارێزگارەكانی ناوچەی باكور دەبەسترێن و، لەبەر ئەوەی كە ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی كۆماری عێراقدا جێبەجێ دەكرێت، بێگومان وەبەرهێنانی هەموو سامانێكی سروشتی لەم ناوچەیەدا تایبەتە بە دەسەڵاتداریی ئەم كۆمارە.**

**١٥ـ گەلی كورد بە ڕێژەی دانیشتوانی لەچاو دانیشتوانی عێراق، بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانانەدا دەكات**[١].

ئەگەر سەیرێكی خاڵەكانی ئەم بەیاننامەیە بكەین، دەبینین بەپێی خاڵی (١)ی بەیاننامەكە، نایەكسانییەك لەنێوان بەكارهێنانی هەردوو زمانی كوردی و

---

[١]- مسعود بارزانی (٢٠٠٤)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧١، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٣٣٨ – ٣٤١.

عەرەبی لە قوتابخانەکاندا نیشان دراوە، زمانی عەرەبی لە هەموو قوتابخانە کوردییەکاندا لە پاڵ زمانی کوردییدا سەپێنراوە، بەڵام خوێندنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی تری عێراق وەك زمانی دووەم بەو ئاستەی کە یاسا دیاری دەکات، دانراوە[1].

دواتر پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان لە ١٩٧١/١/١٩ دەرچوو، کە لە (٢٠) ماددە پێکهاتووە، ماددەی (٢) تایبەت بە زمان کە تیایدا هاتووە[2]:

**ماددەی دوو:**

**أ ـ زمانی کوردی شان بەشانی عەرەبی زمانی فەرمی دەبێت لە ناوچەکەدا.**

**ب ـ زمانی کوردی بۆ کورد لە ناوچەکەدا زمانی فێرکردن دەبێت و خوێندنی زمانی عەرەبیش لەهەموو قۆناغەکانی فێرکردن و بەشەکانی، بەپێویست دادەنرێت.**

**ج ـ بەشی فێرکردن بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ناوچەکەدا پێك دەهێنرێت، کە فێرکردن تێیدا بە زمانی عەرەبی دەبێت و زمانی کوردیش بە پێویست دادەنرێت کە بخوێندرێ.**

**د ـ هەموو ڕۆڵەکانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانەیان هەیە کە دەیانەوێ تیاندا بخوێنن، بێ لەبەرچاوگرتنی زمانی دایکیان.**

---

[1]- فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ ـ ١١ی مارتی ١٩٧٤، ل ٨٠.

[2]- مسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ٣٤٥ – ٣٤٦.

**هـ ـ فێرکردن لەهەموو قۆناغێك لە ناوچەکەدا دەکەوێتە ژێر باری سیاسەتی پەروەردەیی و فێرکردنی گشتی دەوڵەت.**

پاشان لە ١٩٧٤/٣/١١، بڕیاری ژمارە (٢٤٧)ی هەموارکردنی دەستووری کاتی لەلایەن (ئەحمەد حەسەن بەکر) دەرچوو، کە تیایدا لە (٢٠) ماددەوە گۆڕدرا بۆ (١١٥) مادده. ماددەی (٢) کە تایبەتە بە زمان، گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەمشێوەیەی خوارەوەی لێهات[1].

**ماددەی (٢):**

**أ ـ زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچەکەدا.**

**ب ـ زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فێرکردن دەبن لەهەموو قۆناغ و بەشەکاندا و ئەمەش بەپێی بڕگەی (هـ)ی ئەم ماددەیە جێبەجێ دەبێ.**

**ج ـ بەشی فێرکردن لەناوچەکەدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب دادەمەزرێت و فێرکردن تێیدا بە زمانی عەرەبی دەبێت و کوردیی بەخورتی تێدا دەخوێنرێت.**

**د ـ هەموو ڕۆڵەکانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەیان هەیە، کە حەز دەکەن تێیدا بخوێنن، بەچاوپۆشی لەزمانی دایکیان.**

**هـ ـ فێرکردن لەهەموو قۆناغەکانی ناوچەکەدا، سەر بە سیاسەتی پەروەردەیی فێرکردنی گشتی دەوڵەت دەبێت.**

---

[1]- مسعود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ٣٦٥ ــ ٣٦٦.

هەروەها بەیاننامەی (١١) ئادار بوو بە کرانەوەی دەرگایەك بە ڕووی ڕۆشنبیریی کوردییەوە، چونکە شەپۆلێکی زۆر فراوانی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:

١ـ گۆڤاری بەیان. ٢ـ ڕۆژنامەی هاوکاری. ٣ـ گۆڤاری دەفتەری کوردەواری. ٤ـ گۆڤاری برایەتی. ٥ـ گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ. ٦ـ گۆڤاری زانیاری. ٦ـ گۆڤاری گێتی پوول. ٨ـ گۆڤاری خەباتی قوتابیان. ٩ـ گۆڤاری پەروەردە و زانست. ١٠ـ گۆڤاری نووسەری کورد. ١١ـ ڕۆژنامەی ڕێگای یەکێتی. ١٢ـ ڕۆژنامەی دەنگی جووتیار. ١٣ـ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان. ١٤ـ گۆڤاری ڕوانگە. ١٥ـ ڕۆژنامەی برایەتی. ١٦ـ ڕۆژنامەی بیری نوێ. ١٧ـ گۆڤاری هۆشیاری کرێکاران. ١٨ـ گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات. ١٩ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ٢٠ـ گۆڤاری ئامانج. ٢١ـ گۆڤاری خەباتی لاوان. و.....هتد[١].

ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی دیاریان لە پێشخستنی زمانی کوردیدا بینی، لەم بارەوە گۆڤاری (برایەتی) لە یەکەم ژمارەیدا (گۆشەی زمانەوانی) گۆشەیەکی بەردەوامی کردۆتەوە، یەکەم بابەتیش هی (د.نەسرین فەخرییە) لەژێر ناونیشانی (زمانی کوردی)دایە[٢]. هەروەها (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)یش بە زنجیرە وتارێك سەبارەت بە (شێوەی یەکگرتووی زمانی ئەدەبی) نووسیوە[٣].

---

[١]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید (د) (٢٠٠٧)، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردیی بەغدا ١٩٧٠ – ١٩٧٤ قۆناغێکی نوێ، (نامەی دکتۆرا ـ بڵاوکراوە)، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل ٨٤٢.

[٢]- ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٦ – ٢٠٧. گۆڤاری برایەتی، ژ (١)، ١٩٧٠/٦/١، ل ٢٤.

[٣]- ڕ. برایەتی، ژمارە (٧)، تشرینی یەکەمی ١٩٧٠، ل ٢٠.

هەروەها لەم سەردەمەدا چەندین خوولی ڕاهێنان و بەهێزکردنی زمانی کوردی بۆ مامۆستایان کرایەوە، ئەم خولانەش لە بنکە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە ئەدەبی و پیشەییەکانی کورد، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و وەزارەتی کاروباری باکوورەوە دەکرانەوە[1].

گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆژی کوردستان)... هتد. نەك درێخیان لە بڵاوکردنەوەی بابەتی زمانەوانی نەکردووە، بەڵکو گرنگی زۆریان پێداوە، هەر ئەوەشە زمانەکەمانی پێ خزمەت کراوە و ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ، نموونەیەکی بچکۆڵەی ئەو بایەخدانە لە وەڵامی گۆشەی (داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان) لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی کەندێناوە (حوسێن خۆشناو) کە بابەتێکی بە زمانی عەرەبی ناردووە، ڕۆژنامەکە لێدوانێکی بۆ نووسیوە و دەڵێت ((ئێمە لەکاتێکدا ئەو ڕوونکردنەوەیەی کاك حوسێن خۆشناو بڵاودەکەینەوە، داواکارین لەهەموو ئەو بەڕێزانەی لەکوردستانەوە ڕوونکردنەوەمان بۆ دەنێرن بە زمانی کوردی بنووسن، وە ئەگەر لەمەولا بە کوردی بۆمان نەنووسن دەیانخەینە پشت گوێ.. بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کە زمانی کوردی بووە بە زمانی ڕەسمی))[2].

---

[1]- بڕوانە: ئازاد عوبێد(٢٠٠٧)، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١ – ١٩٧٥، نامەی ماستەر ـ بڵاوکراوە، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ٢٠٦ – ٢٠٧ . جریدە التاخی، عدد ٥٥٦، ١٩٧٠/١٠/٥، عدد ٦٠٣، ١٩٧٠/١١/٢٩، عدد ٨١٨، ١٩٧١/٨/٢٥، عدد ١٠٧٧، ١٩٧٢/٧/٤، عدد ١١٧١، ١٩٧٢/١٠/٢٤.

[2]- بڕوانە: ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٨، ڕۆژنامەی نوێ، ژ (٣٨)، ١٩٧٣/٣/١٣.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد یەکێك لە دەستکەوتە گەورەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠، چەسپاندنی چەند مافێکی گرنگی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، لەوانە دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد)، کە بەپێی یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠ یەکێك بوو لە ڕووە هەرە دیارەکانی[١]. کۆڕی زانیاری کورد هەر لە دەستپێکی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستاکەش، چەندین جار ناوەکەی گۆڕاوە، لە دەستپێکدا ناوی (کۆڕی زانیاری کورد) بوو، دواتر ناوەکەی بۆ (کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد) گۆڕدرا، ئێستاکەش ناوەکەی بەمشێوەیە (کۆڕی زانیاری عێراق ـ لێژنەی کوردی)[٢].

یەکەمین کۆبوونەوەی کۆڕی زانیاری کورد لە ڕۆژی ١٩٧١/٣/٢٧ بوو، ژمارەی ئەندامانی کارا یازدە کەس بوون لە ناوەوەی کوردستان و عێراق و دوو کەسیش لەدەرەوە و چەندین ئەندامی شەرەف و ئەندامی یاریدەدەری هەبوون[٣].

کۆڕی زانیاری کورد هەر لە سەرەتای دەست بە کاربوونییەوە گۆڤارێکی دەردەکرد، ئەم گۆڤارە بەرگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ دەرچوو، دوا بەرگی (٣١)

---

١- ئیحسان شێرزاد (١٩٧٣)، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ل ٣.

٢- جێگای ئاماژە پێکردنە لە بەغدا تاکو ئێستا ئەم لیژنەیەی کۆڕی زانیاری کوردی هەر ماوە، بەڵام وەکو پێشتر کارا نییە، چونکە لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە کوردستان (کۆڕی زانیاری کوردستان) دامەزراوە، کە ئێستاکە ناوەکەی گۆڕدراوە و بووەتە بە (ئەکادیمیای کوردی)، وەکو ئەلتەرناتیڤێك بۆ کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا، و پەیوەندیشیان لەگەڵ ئەم کۆڕە نییە.

٣- کەمال مەزهەر(د)(١٩٧٣)، پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دووهەمیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، ل ٣٢٢ — ٣٢٤.

ساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو، کۆڕی زانیاری کورد بایەخێکی زۆریدا لەدانانی ڕێبازی نووسینی یەکگرتووی کوردی و هەڵبژاردن و دارشتن و داتاشینی زاراوە بەگشتی و زاراوەی بەگوێرەی مەرجەکانی زانستی نویٚ، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی تر[1].

کۆڕی زانیاری کورد لە مێژووی خۆیدا خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی گەیاند، چونکە چەندین کتێبی دەگمەنی لەسەر زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی و بابەتەکانی تری پەیوەست بە کورد دەرکرد، زمانی یەکەمی نووسینی کتێب و وتارەکانی نێو گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، زمانی کوردی - کرمانجی ناوەڕاست بوو، بە دەگمەن و بەتاك و تەرا وتارێك بە کرمانجی سەروو تێیدا دەدۆزییەوە، لەبەر ئەوەی زمانی نووسینی قوتابخانە و بەشی کوردی زانکۆی بەغدا ئەوسا تەنیا کرمانجی ناوەڕاست بوو، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە زمانی کوردی تاکو پێش ڕاپەڕین لە ناوچە کوردییەکاندا بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەو واتایەی زمانی نووسین تەنیا کرمانجی ناوەڕاست بوو.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، کە بە پێی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ دەبوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستاندا، لەوانە پارێزگای دهۆك، بە کوردی بێت. ئەوکاتە دەوڵەتی عێراق و دەستەیەکی دیالێکتپەروەری بادینان ویستیان خوێندن لەو دەڤەرە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بگۆڕن بۆ دیالێکتی کرمانجی سەروو شێوەزاری بادینانی، تاکو

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦.

بادینان لە ڕووی کولتوورەوە بە دابڕاویی لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بهێڵنەوە، بەڵام بارزانی وەك سەرکردەیەکی دووربین ئەو داواکارییەی ڕەتکردەوە[1]، پێشتریش کۆمەڵێ لە مامۆستایان و شارەزایانی زمانی کوردی سەردانی ڕەحمەتی (مستەفا بارزانی)یان کرد، داوایان لێکرد پاڵپشتیان لێبکات، لەم بارەوە (مستەفا بارزانی) گەرەنتی ئەوەی پێدان، کە شێوەی یەکگرتووی نووسینی ئێستای زمانی کوردی تەنیا ئەو شێوەیەیە، کە ئێستا بەکاردێت، کە ئەویش کرمانجی ناوەڕاستە، لە هەمان کاتیشدا (مستەفا بارزانی) دژی ئەوە بوو زمانی یەکگرتووی کوردی لەتبکرێت و ببێتە جووتستاندارد، بۆیە خوێندن لەم دەڤەرە هەر بە کرمانجی ناوەڕاست مایەوە، تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، دوای ئەم ساڵە دەڤەری بادینان گەڕانەوە سەر زمانی عەرەبی.

هەروەها ڕژێمی بەعسی ئەگەرچی لە دەستوور مافی ئەوەی بە کورد دابوو بە زمانی کوردی بخوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژێرەوە بە بەرنامە کاری دەکرد بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی، بۆ نموونە لە نووسراوی ژمارە (٧١) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/١٨، کە ئاڕاستەی ڕێکخستنی هەولێری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی کراوە، تێیدا داوا دەکات بۆ ساڵی ١٩٨٩ – ١٩٩٠ (٧٠٪) زمانی کوردی لەناوببرێت و بۆ ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ ڕێژەکە بگات بە ١٠٠٪، دیارە لە نووسراوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە حەفتاکان لە شاری دهۆك ئەم پڕۆژەیە جێبەجێکرا و سەرکەوتنی بەدەست

[1] - ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، هەمان سەرچاوەن ل ٤٦ – ٤٧.

هێنا، بۆیە دەبێت لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لە قۆناغی دووەم جێبەجێ بکرێت، هەروەکو لەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

**((بەناوی خوای گەورە و میهرەبان))**

**پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی**

**هەرێمی عێراق**

**نەتەوەی عەرەب یەکە**

**پەیامەکەشی نەمرە**

**سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور**

**ژمارە: ٧١**

**بەروار: ١١ی شەعبان ١٤٠٩ ك**

**بەرانبەر: ١٩٨٩/٣/١٨**

**زۆر نهێنی و زۆر بەپەلە**

**و لەلایەن هاوڕێ ئەمینداری**

**سەرکردایەتی لق دەکرێتەوە**

**بۆ / سەرکردایەتی لقی هەولێری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی**

**ب/ خوێندنی کوردی**

**سڵاوێکی هاوڕێیانە**

ئاماژە بە ڕاسپاردەکان و ئەو فەرمانانەی پێمانگەیشتووە و فەرمانەکانی هاوڕێ ئەمینداری سەرکردایەتی هەرێم (سەددام حوسێن) خوا بیپارێزێت لە کاتی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی هەرێم، ئەم بڕیارانەی دا:

١ـ ئەو ناوانەی کە لە خوارەوە هاتوون، هەڵدەستن بە پێداچوونەوە لە پڕۆژەی خوێندن، کە لە حەفتاکان لە پارێزگای دهۆك ئامادەکرا و جێبەجێکراوە بۆ گۆڕینی خوێندنی کوردی بۆ خوێندنی عەرەبی و، کۆبوونەوەکانیش دەبێت لە بارەگای نووسینگەکەمان ببەسترێت بە سەرۆکایەتی هاوڕێ ئەمینداری سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور، بە جۆرێك لەگەڵ بارودۆخی دەروونی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی بگونجێت، و لەسەر شێوازی تازە لە ساڵی ١٩٨٩ – ١٩٩٠ ڕێژەی (٧٠٪) جێبەجێبکرێت و بۆ ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ ڕێژەی (١٠٠٪) جێبەجێبکرێت، بە مەبەستی لەناوبردنی ڕەوتی ڕەگەزپەرستی شۆڤینی لە ناوچە کوردییەکان و دەرنەکەوتنیان لە دوارۆژدا، بە جۆرێك پرۆسەی ئەنفال ئەو بزووتنەوە سەربەخۆخواز و ڕەگەز پەرستییەی لەناوبرد و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم دووریانی خستەوە. لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نهێنی پاراستنی ئەم بابەتە، و پێویستە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی یەك مانگدا کۆتایی پێ بێت.

١ـ سوبحی محەمەد ڕەشید جاف

٢ـ نامیق ڕەقیب سورچی

٣ـ محەمەد سەعید عەبدولڕەحمان

٤ـ حوسام داود خدر

٥ـ حوسامەددین سادق

٦ـ خدر شەوکەت محەمەد

٧ـ غازی محەمەد ئیسماعیل

٨ـ حازم عەزیز عەبدوڵڵا

٩ـ حەکیم ئەنوەر مەولوود

١٠ـ خالس جەواد مەعروف

١١ـ ئیبراهیم محەمەد ئەمین

١٢ـ خەسرۆ عوسمان

١٣ـ عەبدوللەتیف جەلال

١٤ـ ئەحمەد عومەر شێروانی

١٥ـ ماجید حەیدەر

١٦ـ کاکل حەمەد

١٧ـ محەمەد پیرۆز ڕۆستەم

١٨ـ عەبدولڕەزاق مەرعی حەسەن

١٩ـ بورهان ئەحمەد وەحید

٢٠ـ حەسەن حوسێنەللا داود

٢١ـ حوسێن محەمەد قەدری عەبدولقادر

٢٢ـ غازی حەمید یونس

٢٣ـ ئەنوەر حەمەد باول

٢٤ـ عادل مستەفا ئیسماعیل

٢٥ـ حوسام شاکر

٢٦ـ ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئاکرەیی

٢٧ـ عەبدولڕەحمان ئەمین ساڵح

٢٨ـ ئیسماعیل حەمەسوور

٢٩ـ غەنی ڕەشید قۆجە

٢ـ بڕیاردرا بە بەخشینی پاداشتێکی باش، کە شایستەی ئەم کارەیە بە بەشداربووانی (١) لەسەرەوە و (٣) لە خوارەوە.

٣ـ ئەم ناوانەی کە لە خوارەوە هاتوون، لە کاتی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەکە لە هەردوو پارێزگاکە بەشداری دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی کە سەرکردایەتی لقی سلێمانی دەیانپالێوێت.

١ـ عەتا محەمەد ڕەشید

٢ـ مەجید نورەددین یونس

٣ـ گەلاوێژ سادق

٤ـ عومەر تاهیر مەعروف

٥ـ سەلاح ڕەشید

٦ـ نەوزاد جەمال

٧ـ قادر شەریف قادر

٨ـ سوڵتان عەبدوڵڵا

٩ـ محێدین نافیز ئیسماعیل

**١٠ـ عەبدولمونعم عەزیز عەلی**

**١١ـ بەکر سەعدی ئەسعەد**

**١٢ـ حەیدەر ئەیوب**

**١٣ـ محەمەد عومەر ئۆمەر**

**١٤ـ عەبدوڵلا موختار**

وەکو لە نووسراوەکە دەردەکەوێت، ئەم کارە بە هاریکاری کۆمەڵێ لە کوردە بەعسییەکانی ئەوکاتە ئەنجامدەدرێت، کە ئەگەرچی هەندێکیان لە نێو ئەم لیستە ئەمڕۆ پۆستی گەورەیان هەیە و هەندێکی تریشیان بە پۆستی گەورە خانەنشین کراون، واتە لەجیاتی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کەچی پاداشت کراون!

## ٤ ـ ٦ : زمانی کوردی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤

لە ٢٠٠٣/٤/٩ هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، توانیان حیزبی بەعس لە عێراق بڕووخێنن و دەوڵەتی عێراقیان لە چنگی بەعسی خوێنرێژ ڕزگارکرد و لە ٢٠٠٣/٥/٦ (پۆل بریمەر) بووە بەڕێوەبەری مەدەنی عێراق، ئەویش لە یەکەمین هەنگاویدا ئەنجوومەنی حوکمی لە عێراق پێکهێنا، کە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی هەبوو[1].

دواتر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠٣/٥/٢٢دا بڕیاری ژمارە (١٤٨٣)ی دەرکرد، بە پێی ئەم بڕیارە دەوڵەتی عێراقی بە داگیرکراو دانا و لێپرسراویەتی بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی کاتی خستە ئەستۆی هێزە هاوپەیمانەکان، تا ئەوکاتەی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی دیموکراتی دەگوازرێتەوە بۆ خودی عێراقییەکان[2].

جێگای ئاماژەپێکردنە ئەنجوومەنی حوکم لە ٢٠٠٣/٨/١٢دا لێژنەی ئامادەکاریی بۆ دانانی دەستووری دەوڵەت لە (٢٥) ئەندام پێکهێنا، و (د. فوئاد مەعسوم) وەکو کەسایەتییەکی کورد بە سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دەستووری عێراق هەڵبژێردرا[3]. دوای چەندین دانیشتن و سەردانی

---

[1]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٨.

[2]- قاضي نبيل عبدالرحمن حياوي (٢٠٠٦)، قرارات سلطة الائتلاف المؤقتة في الادارة والقانون والقضاء، بغداد، ص ٣.

[3]- حميد حنون خالد(٢٠٠٥)، دراسات دستورية عراقية، المعهد الدولي لحقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة ديبول، الطبعة الاولى، ص ٤٢٨.

کردنی پارێزگاکان، ئەوەبوو لە ٢٠٠٤/٣/١ یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی حوکمەوە دەنگی لەسەردرا. لە ٢٠٠٤/٣/٨ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوو، ئەم یاسایەش بە دەستووری کاتی دادەنرێت[١].

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە (٦٢) مادده پێکهاتبوو، و تەنیاش لە قۆناغی گواستنەوەدا کاری پێ کرا، و لە ٢٠٠٥/١٢/٣١ کۆتایی پێ هات[٢].

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، ئەوا لە ماددەی (٩)دا ئاماژەی پێ دەدا و دەڵێت: **((زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی ڕەسمین لە عێراقدا، مافی عێراقییەکان دەستەبەر دەکات تا ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی یان سریانی یان ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکارییەکانی حکوومیدا مسۆگەر دەکات بە پێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە تایبەتییەکانی فێرکردندا))**[٣]. ئەوەی لەم ماددەیەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە زمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی هەژمار دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە خوێندن بە زمانی دایك دەکات، کە ئەمەش مافێکی ڕەوای هاووڵاتیانی عێراقە.

هەروەها ئەو ماددەیە چوارچێوەی ڕەسمی بوونی زمانەکە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بە یاسا لەو بوارانەی، کە دەیانگرێتەوە باس دەکات، وەکو[٤]:ـ

---

[١]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ٩٨.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

[٣]- منذر الفضل(د)(٢٠١٠)، مشكلات الدستور العراقي، الطبعة الاولى، منشورات اراس، اربيل، ص ٢٨١.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨١.

**١ـ دەرچوونی ڕۆژنامەی فەرمی (ڕووداوەکانی عێراق ـ الوقائع العراقیە) بە هەردوو زمان.**

**٢ـ قسەکردن و لێدوان و گوزارشتکردن لە بوارە فەرمییەکاندا، وەك ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان بەهەر یەك لەم دوو زمانە بێت.**

**٣ـ داننان بە بەڵگەی فەرمی و نووسراوەکان و دەرکردنی بەڵگە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.**

**٤ـ کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەردوو زمان بە پێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان.**

**٥ـ هەر بوارێکی دیکە کە پرەنسیپەکانی یەکسانی تێدایە، وەك دراوی کاغەز و پاسپۆرت و پوول.**

**٦ـ دامەزراو و دەزگاکانی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردێنن.**

بە وردبوونەوە لەو ماددەیە جیاوازییەکی یەکجار گەورە دەبینرێ لە نێوان ئەوەی لە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری لێ درابوو، چونکە پێشکەوتنێکی گەورە دەبینرێ سەبارەت بە زمانی کوردی، سەرەڕای ئەو بنەمایانەی دەستوورەکانی پێشتر لە بارەی زمانی کوردی دانیان پێدانابوو، کە لە بوارێکی تەسك و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جێبەجێ کراون یان هەر نەکراون، بەوەش کورد هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا بۆ پێشکەوتنی زمانەکەی هاوشانی زمانی عەرەبی، لە هەمان کاتدا عێراقی کردە دەوڵەتێکی ناوچەکە، کە دوو

زمانی ڕەسمی هەبێ. لەگەڵ ئەو ئەرێنییەی لە ماددەی (٩)دا هەیە[1]، کەموکوڕییەکیشی تێدایە، چونکە دەبوایە دەقێکی ئەو یاسایە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق) بە زمانی کوردی بوایە، واتە دەقە ڕەسەنەکە، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەکدا لە نێوان دەقی هەردوو زمانەکە، تەنها بۆ زمانێك نەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەردوو زمان، یان ئەوکات ناچار دەبوون پەنا بۆ دادگا ببەن[2].

## ٤ ـ ٧: دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق کە لەلایەن ئەنجوومەنی حوکمەوە دانراوە تا ٢٠٠٥/١٢/٣١ کاری پێ دەکرێت، ئەوەبوو لە ٢٠٠٥/١/٣٠ دا هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق ئەنجامدرا، و لە ٢٠٠٥/٤/٦ (جەلال تالەبانی) بە سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرا و لە ٢٠٠٥/٤/٧ ئیبراهیم جەعفەرییان ڕاسپارد بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پێك بهێنێ[3].

لە ٢٠٠٥/٥/١٠ ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، کۆمیتەیەکی هەڵبژارد، کە ژمارەیان

---

[1]- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل ١١٧.

[2]- شەفیق حاجی خدر، ماددەی (٥٨)، ڕ. کوردستانی نوێ، ئۆرگانی (ی. ن. ك)، ژ. (٣٦٩٩)، ٢٠٠٥/٦/١٦، ل ٦.

[3]- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل ١٢٩.

(٥٥) ئەندام بوون[1]. دوای چەندین دانیشتن و ڕاوێژکردن، ئەوەبوو هەموو لایەنەکانی گفتوگۆ لە هەندێ ئیمتیازاتی خۆیان دابەزین و هەموو ئەندامانی لێژنەی نووسینەوەی دەستوور لە سەری ڕێککەوتن و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٢٢دا کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور، ڕەشنووسی دەستووریان تەواوکردو پێشکەش بە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق کرا و ئەویش ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا، دواتر پرۆژەی دەستوورەکە بۆ وەرگرتنی ڕەوایەتی لەلایەن گەلانی عێراقەوە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ لە ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریدا پەسند کرا[2].

دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)، لە ١٣٥ مادده پێکدێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی لەم دەستوورەدا، ئەوا لە ماددەی (٤)ی ئەم دەستوورەدا باسی زمانی کوردی دەکات وەك زمانێکی فەرمیی لەپاڵ زمانی عەرەبی.

**ماددەی (٤) لە دەستووری عێراق[3]**

**یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بەپێی یاسا پەروەردەییەکان یان بەهەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.**

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

[2]- کەریم بەحری برادۆست (٢٠٠٦)، چەند وێستگەیەك لە نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی بۆ عێراق، چاپی یەکەم، ل ١٢.

[3]- دەستووری کۆماری عێراق، ئابی ٢٠٠٥.

دووەم: چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو ماددەیەش بە یاسا دیاری دەکرێت و ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ ـ دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب ـ قسەکردن و وتوێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەر یەك لەم دوو زمانە، وەك ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

جـ ـ داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نووسراوەکان بە هەردوو زمان و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

دـ کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ ـ هەر بوارێکی دیکە، کە بنەمای یەکسانی بگرێتەوە، وەك دراو و پەساپۆرت و پوول.

سێیەم: دامەزراو و دەزگاکانی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانەدا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم یان پارێزگایەك مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوچەیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

ئەم ماددەیە گرنگی و کاریگەرییەکی بەهێزی یاسایی و سیاسی هەیە، چونکە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە عێراقیدا، هەروەها دەبێ هەردوو زمانەکە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەکاربێن، لێرەدا دەبینین زمانی کوردی لە پلە و ئاستدا و لە هەموو بوارەکاندا هاوتای زمانی عەرەبییە، ئەمەش ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە، کە کورد بە نەتەوەیەکی سەرەکی دانراوە، بەمەش لە عێراقدا لە ڕووی دەستوورییەوە گۆڕانێکی تری هێنایە ئاراوە بە بەراورد لەگەڵ دەستوورەکانی تردا، چونکە دەستوورەکانی پێشووتر، کە دانیان بە زمانی کوردیدا ناوە، تەنها بۆ ئەو ناوچانە بووە، کە زۆرینەیان کورد بوون. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ئەم ماددەیەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بە تەواوی جێبەجێ ناکرێت، ئەگەرچی چەند لایەنێکی جێبەجێ کراوە، لەوانە دەرکردنی پاسەپۆرت بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی، سوێندخواردنی ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زمانی کوردی، بەڵام قسەکردن بە زمانی کوردی لە نێو هۆڵی پەرلەمان تا هەنووکە جێبەجێنەکراوە. لەم بارەوە ڕێکخراوی زمانناسی[١] بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە گۆڤاری زمانناسی لە ژمارەکانی (٨) و (١١) داوای ئەوەیان کرد، کە ئەندامە کوردەکان لە پەرلەمانی عێراقدا بە زمانی کوردی بدوێن، و لەم بارەشەوە ئامێری وەرگێڕانی زیندی لە

---

[١]- ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ٢٠١٠/١/٢٥ وەکو ڕێکخراوێکی تایبەت بە بوارەکانی زمانی کوردی فەرمانی وەزاری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێ دەرچووە و ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێك بەناوی گۆڤاری (زمانناسی) دەردەکات، ئەم گۆڤارە هەموو بابەت و لێکۆڵینەوەکانی تایبەتە بە بوارەکانی زمان.

پەرلەمانی عێراق بەکاربهێنرێت، تاکو زمانی عەرەبی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، و بە پێچەوانەوە زمانی کوردی وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، دواتر هەریەك لە لیستەکانی کوردستانی و گۆڕان بە نووسراوی فەرمی داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد ئەم هەنگاوە جێ بەجێ بکات، و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ڕەزامەندی نیشاندا[1]. بۆ پەیڕەوکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەسەر سەرۆکۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێویستە بە زمانی کوردی قسە بکەن یاخود لێدوان بە زمانی کوردی بدەن، چونکە ئەگەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەرلەمانی عێراقی نەچەسپێ، ئەوا کورد (شەڕی زمانی) لە خولێکی تری پەرلەماندا بۆ دروست دەبێ، و لە کۆتایشدا دەبێ ئەوە بوترێت کە بەکارهێنانی زمانی کوردیمان کردۆتە هۆکارێك بۆ ساغکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی جێ ناکۆکەکان[2].

---

[1]- بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر ئەم باسە بڕوانە: گۆڤاری زمانناسی، ژ (٨)، شوباتی ٢٠١٠، و ژ. (١١)، ٢٠١١، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٣٦٧)، ٢٠١١/١/١٩ و ڕ. ڕۆژنامە، لە ٢٠١١/١/١٨.

[2]- سەلام ناوخۆش، دانانی ئامێری وەرگێڕی زیندی لە پەرلەمانی عێراقیدا نە پڕۆژەی لیستی کوردستانییە و نە لیستی گۆڕان، بەڵکو پڕۆژەی ڕێکخراوی زمانناسی کوردییە، گ. زمانناسی، ژ (١١)، ٢٠١١، ل ٣ – ٦.

## ٤ ـ ٨: زمانی کوردی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق ساڵی ٢٠٠٩

دوا بەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و کشانەوەی هێزەکانی حکوومەتی عێراق لە شارە کوردییەکانی کوردستان، هەڵبژاردن ئەنجامدرا، دواتر پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا، گەرەك بوو ئەم هەرێمە وەکو پێویستییەك دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، دوای چەندین خوولی پەرلەمان، ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستانی عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقی پەسندکرد، ئەم پرۆژەیە لە (١٢٢) ماددە پێکهاتووە، جێگەی داخە دەستووری هەرێم تاکو ئێستا پرۆژەیە و ڕیفراندۆمی لەسەر نەکراوە تاکو لە پرۆژەوە بگۆڕدرێت بۆ دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستان.

لە ماددە (١٤)ی ئەم دەستوورەدا ئاماژە بە زمانی کوردی وەکو زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ یەك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکات، کە ئاخۆ کامە دیالێکت یان شێوەزار لەنێو زمانی کوردیدا فەرمییە.

**ماددەی (١٤)ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە[1]:**

**یەکەم: کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستوورە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە**

---

[1]- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان – عێراق پەسند کراوە.

**فێرکردنی منداڵەکانیان لەدام و دەزگا فێرکاریەکانی حکوومەتدا بەپێی مەرج و ڕێککاریەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان، ئەمەش زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنیش دەگرێتەوە.**

**دووەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لەتەك زمانی کوردی و عەرەبییەوە، لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیشتووان پێك دێنن، ئەمەش بە یاسایەك ڕێکدەخرێ.**

**سێیەم: لەهەرێمی کوردستان کار بە حوکمەکانی ماددەی (٤)ی دەستووری فیدڕاڵی دەکرێت لە بارەی زمانی فەرمییەوە لەهەر جێیەك بواری یاسایی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی.**

کەواتە ئەم ماددەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە ماددەی (٤) دەستووری عێراقیش دەکات وەکو پابەندبوونێك بۆی، کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە زمانی عەرەبیش لە پاڵ زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەو واتایەی دەکرێ لە فەرمانگە میرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراو بە زمانی عەرەبیش بنووسرێت و کاری پێ بکرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم ماددەیەدا ئاماژە بە هیچ شێوەیەکی زمانی کوردی ناکات، واتە بە ڕاشکاوانە ناڵێت ئاخۆ زمانی ستانداردی حکومەتی هەرێم کرمانجی ناوەڕاستە یاخود کرمانجی سەروو، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە زمانی کوردی دەکات، کە ئەمەش ڕەنگە جۆرێك بێت لە خۆدزینەوە لە بڕیاردان لەسەر بە ستانداردکردنی زمانی کوردی بە شێوەیەکی دەستووریی و یاسایی،

یانیش حکوومەت دەزانێ کامە شێوە بەرەو ستانداردبوون ڕۆیشتووە، بۆیە بەمجۆرە ئاماژەی بۆ کردووە، بەو واتایەی ڕەنگە داڕێژەرانی ئەم یاسایە ئەوەیان لەلا ڕوون بێت، کە کرمانجی ناوەڕاست شێوەی ڕەسمی حکومەتە، بۆیە گەرەك ناکات ناوی بهێنرێت، کە ئەمەش بۆچوونێکە ڕەنگە ڕاست بێت یاخود هەڵە.

# بەشی پێنجەم

# زمانی ستانداردی کوردی لە میرنشین و حکوومەتە کوردییەکاندا

## ٥ ـ ١: زمانی ستانداردی کوردی لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان:

لە سەدەکانی ڕابوردوودا لە کوردستان چەند میرنشینێکی کوردی خاوەنی جۆرێك لە سەربەخۆیی هەبوون، (دێڤید ماکدال) لەبارەی ئەم میرنشینانەوە دەڵێت:((بە ڕووکەش سەر بە حکومەت بوون، بەڵام لە واقیعدا سەربەخۆ بوون))[١].

لێکۆڵینەوە لە میرنشینە کوردییەکان گرنگی لەوەدایە کە لە واقیعی میراتی مێژوویی خۆی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەوە، ڕەوایی خۆی وەرگرتووە[٢]، زۆر میرنشین و حکومەتی کوردی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا هەبوون، کە تا سەردەمی دەرکەوتنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی کیانی خۆیان پاراستبوو، دواتر ئەم دوو دەوڵەتە کەوتنە دژایەتی یەکتری کردن و لە ئەنجامی شەڕە وێرانکارییەکانیاندا وردە وردە کوردستان دابەش کرایە سەر دوو بەشی عوسمانی و سەفەوی[٣].

---

١- دێڤید ماکدال (٢٠٠٢)، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ل ٩١.

٢- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی(د)(٢٠٠٤)، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، چاپی دووەم، هەولێر، ل ١٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

ئەو میرنشینە کوردییانە لەنێوان سەدەکانی (١٦ – ١٩) زایینی ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر خاکی کوردستان بینی و بەشێك لە ڕووداوەکانی مێژووی نوێیان دروستکرد[١]، بەجۆرێك میرنشینە کوردییەکان، لەدوا دواکانی تەمەنیاندا، لەسەر دەستی هەندێ لە میرەکانیان دەستیان بە بزاڤی سەربەخۆیی خوازی کرد و، بە کەم یان زۆریش کەوتنە نێو ململانێ و ڕکابەرێتی کە لە نێوان زلهێزە ئەوروپاییەکاندا لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و پێگەی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا لەئارادابوو[٢].

لەڕووی زمانەوە دەتوانرێت بوترێت، کە پێش دامەزراندنی میرنشینەکان، گەلی کورد زمانێکی ئەدەبیی تایبەتی بەخۆی نەبووە، زانایان و هۆشمەندەکانی کورد ناچاربوون بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بنووسن، بەڵام لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا ئەوە گۆڕا، شێوەزاری بۆتانی بووە زمانی ئەدەبی کوردی لە بەشەکانی باکوور و ناوەڕاستی کوردستان، هەروەها شێوەزاری گۆرانیش وەکو زمانێکی ئەدەبی لە کوردستانی ئێران و بەشێکی بچووکی کوردستانی عێراق سەری هەڵدا و بووە زمانی ڕەسمی کۆشك و میرەکانی ئەردەلان لە سەدەی سێزدە تاکو سەدەی نۆزدە، لە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێراندا شێوەزاری (بابانی) سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بووە زمانی ئەدەبی زۆربەی کوردان، ئەمیش لە ئەنجامی هەوڵ و

---

[١]- کەیوان ئازاد ئەنوەر(د)(٢٠٠٩)، چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ١٠٣.

[٢]- سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)(٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، ل ١٧٧.

کۆششی میر عەبدولڕەحمان پاشای بابان بوو. دوای قەدەغەکردنی شێوەزاری گۆران لەلایەن قاجاریەکان لە کوردستانی ئێران، ئەوە شێوەزاری (بابانی) شوێنی شێوەزاری گۆرانی گرتەوە، بەمەش وردە وردە زمانی کوردی بوو بە زمانی سەرەکی ئەدەبی لەنێو هەڵبژاردە ڕووناکبیرەکان و شوێنی زمانی عەرەبی و فارسی گرتەوە(١).

لێرەدا بە کورتی باسی هەندێ لە میرنشینەکان دەکەین، بەتایبەتی لایەنی زمانی فەرمی میرنشینەکە دەخەینەڕوو:

## ١ـ میرنشینی سۆران:

ئەم میرنشینە لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمدا لەلایەن کەسایەتییەکی کوردییەوە بەناوی (کەوڵەس) دامەزراوە(٢)، دوای کۆچی دوایی کردنی، کوڕە گەورەکەی (عیسا) شوێنی گرتەوە و قەلای (دوین)ی کردە پایتەختی(٣). زۆر لە سەرچاوەکان (عیسای کوڕی کەوڵەس) بە دامەزرێنەری میرنشینەکە دادەنێن(٤). لە سەردەمی (عیزەددین شێر)یش هەولێر بۆتە پایتەختی ئەم میرنشینە(٥).

---

[١]- سەعد بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، ل ١٠ — ١١.

[٢]- کەیوان ئازاد، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٦ — ١٠٧.

[٤]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

[٥]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

ئەم میرنشینە بە درێژایی فەرمانڕەوایی خۆی، چەندین میر دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەوانە (کەوڵەس، عیسای کوڕی کەوڵەس، میر شکالی، عیزەددین شێر ، سلێمان بەگ، خانزاد خان، ئۆغز بەگ، مستەفا بەگ، میر محەمەد پاشا)[1]. هەروەها ئەم میرنشینە پتر لە پایتەختێکی بۆ خۆی هەڵبژارد، لەوانە خەلیفان و هەریر و هەولێر و دوین و ڕواندز[2].

میر محەمەد پاشا لە ساڵی ١٨١٣ لە میرنشینی سۆران دەسەڵاتی گرتە دەست و، دەستی کرد بەجێ بەجێکردنی بەرنامەی کارەکانی، کە قۆناغی یەکەمی کارەکانیشی بریتی بوو لە چەسپاندنی دەسەڵاتی میرنشینەکەی لە سالآنی سەرەتای فەرمانڕەواییدا[3]. فەرمانڕەواییەکەی تا ساڵی (١٨٣٦)ی خایاند، لەو ماوەیەدا شۆڕشێکی سەربەخۆخوازی بەڕووی دەسەڵاتدارانی قاجاری لە ئێران و عوسمانیدا بەرپاکرد[4]. نازناوی (پاشایەتی)ی لەلایەن والی بەغداوە (عەلی ڕەزا پاشا) پاش ڕەزامەندی ئەستانە پێی بەخشرا[5].

پرۆسەی دامەزراندنی میرنشینێکی فراوان و سەربەخۆ نزیکەی (١٢) ساڵی خایاند (١٨٢١ – ١٨٣٣)، کە بەهۆیەوە ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە[6]، لەوانە (هەریر، ناوچەی خۆشناوەتی، هەولێر، ئاڵتون کۆپری، کەرکووك،

---

[1]- بڕوانە: کامەران محەمەد حاجی(٢٠٠٧)، کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠ – ١٩٠٠، ل ١٣٠ – ١٤١. کەیوان ئازاد، ل ١٠٦ – ١٠٧. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ١٩ – ٢٢.

[2]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

[3]- کامەران محەمەد حاجی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

[4]- کەیوان ئازاد، ل ١٠٧.

[5]- حوسێن حوزنی موکریانی(١٩٣٥)، مێژووی میرانی سۆران، ڕواندز، ل ٧٩.

[6]- سەعد بەشیر(د)، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

دووزخورماتوو، ڕانیە، کۆیە، سەردەشت، شنۆ، شێخان، شنگار، قووش، ئامێدی، ئاکرێ،... هتد)[1]، کەواتە میر محەمەد توانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بابان و بادینان تاڕادەیەکی زۆر داگیر بکات، بەمەشەوە سنووری میرنشینەکەی زیاتر فراوان بکات.

لە ڕووی زمانەوە ناوچەی جوگرافی نێوان هەردوو زێی گەورە و زێی بچووک، کە شوێنی دەسەڵات و پێکهێنانی میرنشینی سۆران بووە، شێوەزاری سۆرانی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دروست کردووە[2]. هەروەها لەم سەردەمەدا میر محەمەد سکەی (پوول)یشی دەرکرد، کە لە یەکێك لە ڕووەکانی (پووڵ)ەکەدا مۆری میری محەمەد بەگ دیارە و لە دیوەکەی دیکەدا نووسراوە: (لە ڕواندز لێ دراوە)[3].

## ٢ـ میرنشینی بۆتـان

یەکێکە لە میرنشینە کوردییەکان کە لە جەزیرەی بۆتان دامەزرا و، لە ساڵی (١٨١٥) لەلایەن سوڵتان سەلیمی عوسمانییەوە دانی پێدانرا و، بەناوبانگترین میری لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەدرخانی کوڕی عەبدولخان بوو، کە پاش مەرگی باوکی لە (١٨٢١) حوکمی میرنشینەکەی گرتە دەست[4]، میر

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٩٦ — ١٩٧.

[2]- ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، ل ٦٧.

[3]- بڕوانە: عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ل ٢٠، حوسێن حوزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، ل ٥٠. جمال نبز(١٩٩٤)، الامیر الكردی، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ص ١٠٥.

[4]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی (٢٠٠٤)، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

بەدرخان بەر لە هەموو شتێك و جیا لە هەموو میرەكانی تری كورد، بیری لەوە كردەوە جۆرێك لە یەكێتی ناو ماڵی كورد بێنێتەكایەوە، بۆیە لەساڵی (١٨٢٩) پەیمانی پیرۆزی لەگەڵ میر و سەركردەكانی كورد بەست، ئەمەش لەو سۆنگەوە دەهات، كە میر بەدرخان جیا لە میرەكانی تر دركی بەوە كردبوو كە یەكێك لە هۆكارەكانی سەرنەكەوتنی بزاڤەكانی كوردی، بریتی بووە لە نەبوونی یەكێتییەكی نیشتمانی، بۆیە ئەم كارەی ئەنجامدا[١]، بەو واتایەی ئەم میرە هەر هەر لە سەرەتای حوكمڕانییەوە بە تەمای سەربەخۆیی و ڕزگاری كوردستان و بە ئاشكرا مەبەست و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی بوو[٢].

میر بەردخان لە ماوەی حوكمڕانیدا چەندین كاری گرنگی ئەنجامدا، لەوانە:ـ

**١ـ نەدانی باجی ساڵانەی ئاسایی بە دەوڵەتی عوسمانی[٣].**

**٢ـ هەندێ پۆست و پلەی بەخشییە كەسایەتییەكانی نێو میرنشینەكەی، لەوانە: دانانی پلەی شێخی ئیسلام و بەخشینی بە مەلا عەبدولقەدوس، كە ئەمەش جۆرێكە لە بەڵگەی سەربەخۆیی میرنشینەكە لە دەوڵەتی عوسمانی و، سپاردنی سەركردایەتی سوپا بە تاهیر ئاغا و، سپاردنی سەركردایەتی**

---

[١]- بڕوانە: كامەران محەمەد حاجی (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٣ – ١٥٧. شوكروڵلا بابان (٢٠٠٤)، مێژووی كورد و كوردستان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٢١١.

[٢]- عەبدوڵلا عەلیاوەیی (٢٠٠٤)، ل ٢٣.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

**سوارەکان بە حامید ئاغا و، سپاردنی چاودێری خەزێنەی دامەزرێنەران بە ئەفەندی ئاغا[1].**

**٣ـ دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و کارگەی بۆ دروستکردنی چەك و باروووت دامەزراند[2].**

**٤ـ بایەخدان بە لایەنی خوێندن و فێرکردن و، نیازی وابوو قوتابیان بۆ دەرەوە بنێرێت بۆ فێربوونی لایەنەکانی جەنگ و پیشەسازی، بەو شێوەیەی کە محەمەد پاشا لە وڵاتی میسر کردی[3].**

**٥ـ پێکهێنانی شانەی هەواڵگریی، بەهۆیەوە هەواڵگرەکانی دەنارده شوێنەکانی سوپای عوسمانی، بۆ هێنانی زانیاری و هەواڵ لە بارەی جموجۆڵی سوپای عوسمانییەکان[4].**

**٦ـ دانانی سندوقی بەخشین بۆ جەنگ و، خەڵکی هاندەدا بۆ بەخشش و کۆشش بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.**

**٧ـ بەخشینی پارە و پوول بەسەر بێوەژنان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.**

**٨ـ بایەخدان بە هاتوچۆی گۆمی (وان)، بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی و بازرگانی لەنێوان ئەو شارانەی دەکەونە ڕۆخی گۆمەکەوە[1].**

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

[2]- محمد توفيق وردی (١٩٥٩)، كردستان المناضلة، ج١، مطبعة اللواء، بغداد، ص ٢٥.

[3]- جەلال تالەبانی (٢٠١١)، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی ح. أ، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی، ل ٦٥.

[4]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی (د)، ل ٢٦.

**٩ـ لێدانی دراو، کە لە ڕوویەکیدا نووسرابوو (میر بەدرخان بۆتان) و لە ڕووەکەی دیکەیدا نووسرابوو (ساڵی ١٢٥٨ی کۆچی)[٢].**

دواجار ئەم میرنشینە لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ١٨٤٧ کۆتایی پێهات و، ئەوەی بەشداری لە ڕووخاندنی میرنشینەکە کردبوو، ئەوە لەلایەن سەرانی عوسمانییەوە، میدالیای تایبەتییان پێ بەخشرا، ئەم میدالیایەش بە (میدالیای شەڕی کوردستان) ناونرا و، لە یەکێك لە ڕووەکانیدا نووسرابوو (مەدالیای شەڕی کوردستان) و لە ڕووەکەی تریدا وێنەی (قەڵای ئارووخ) کرابوو[٣]، هۆکاری سەرەکی ڕووخاندنی ئەم میرنشینەش پەیوەست بوو بە لێکترازان و جیابوونەوەی ناوخۆیی و خیانەت و دەستێوەردانی داگیرکەری فەرەنسی بە بەڵگەی بەرگریکردن لە مەسیحیەت[٤].

ئەم میرنشینە لە بەشی باکووری کوردستان (ئێستای کوردستانی تورکیا) هەبووە و شاری جەزیرە پایتەختی بووە، ئەو زمانەی کە لەوێ بەکاردەبرا، زمانی کوردی شێوەزاری بۆتانی بوو، کە شێوەزارێکە سەر بە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردی و، ئەم شێوەزارە ئەوکات ببووە زمانی ستانداردی نووسین و ئەدەبیاتی شێوە و شێوەزارەکانی کوردیی باکوور[٥].

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

[٢]- انور المائی (١٩٦٠)، الاكراد فی بهدینان، مطبعة الحصان، الموصل، ص ٢٢٣.

[٣]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ل ٢٨.

[٤]- جەلال تاڵەبانی (٢٠١١)، هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

[٥]- ئەمجەد شاکەلی (٢٠١١)، زمانی کوردی ـ ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ١١.

ئەم میرنشینە لە ماوەی فەرمانڕەوایدا پەلی بۆ زۆربەی شوێنە کوردییەکاندا هاوێشتبوو، لەبەرانبەریشدا شێوەزاری بۆتانی لە سەردەمێکدا پەلی هاوێشتبوو بۆ ئەوەی ببێتە زمانی یەکگرتووی کوردی.

بەرهەمی شاعیرانی ئەم دیالێکتە باشترین گەواهیدەرن لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چونکە لەم سەردەمانەدا بەرهەمەکانی (مەلای جزیری، فەقێ تەیران، عەلی هەریری، ئەحمەدی خانی) بە شێوەزاری بۆتانی نووسراون، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەم دیالێکتە شێوەزاری بۆتانی کردبووە بناغە و بنکەی دەربڕین و، هەوڵی ئەوەشی دابوو سوود لە شێوەزار و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی ببینێ و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دروست بکات[١].

لەم بارەوە ئەحمەدی خانی[٢] لە لووتکەی دەسەڵاتی میرنشینی بۆتاندا، هاواری یەکێتی کوردستانی کردووە و هیوا و ئاواتی ئەوەی خواستووە، کە میرەکانیان ببنە پاشانشینێك بۆ هەموو کورد و هەموو کوردستان لەخۆوە بگرێت، هەروەکو دەڵێت:

**گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەك**

**صاحیب کەرەمەك، سوخەن نەوازەك**

---

[١]- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٧١)، ل ٢٠ – ٢١.

[٢]- خانی ناوی ئەحمەدە کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەمە، لە ساڵی ١٦٥٠ لە شاری بایەزید لەدایکبووە، یەکێکە لە شاعیرانی کرمانجی سەروو، شیعری بە شێوەزاری بۆتانی نووسیوە و، خاوەنی چەندین بەرهەمە، لەوانە (مەم و زین، نەوبەهارا بچووکان، عەقیدەی ئیمان)، ئەم شاعیرە هەر لە شاری بایەزید لە ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار (د)(٢٠٠٢)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم ـ سەدەکانی چوارەم ـ هەژدەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٣٠٧ – ٣٠٨.

**نەقدێ مە دبوو ب سککە مەسکووك**
**نەدما وەهە بێ ڕەواج و مەشکووك**
**هەرچەندی کو خالیص و تەمیزن**
**نەقدەین ب سککەیێ عەزیزن**
**گەردێ هەبوویا مە پادشاهەك**
**لایق بدییا خودێ کولاهەك**
**تەعیین ببوویا ژ بۆ وی تەختەك**
**ظاهیر ڤەدبوو ژ بۆمە بەختەك**
**حاصل ببوویا ژ بۆ وی تاجەك**
**ئەلبەتتە دبوو مەژی ڕەواجەك**(١)

(مەلای جزیری)(٢) شاعیریش لە قەسیدەیەکی بیست و سێ دێریدا بە ناونیشانی (ئەی شەهەنشاهێ موعەززەم)، ستایشی میری بۆتانی کردووە، لەوێدا گەورەی دەکات و دەیگەیەنێتە پلەیەك وەکو ئەوەی میری هەموو جیهان بێ، نەك تەنیا نیشتمانی خۆی کە کوردستانە، هەروەکو لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

---

١- ئەحمەدی خانی، مەم زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی: هەژار، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٢ — ٤٣.

٢- مەلای جزیری یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی باکووری کوردستان، ناوی ئەحمەدە کوڕی محەمەدە، لە بنەماڵەی (ئەنسارییان) بووە، کە یەکێکە لە بنەماڵە دیار و ناودارەکانی جزیرەی بۆتان، لە ساڵی ١٥٦٧ لە بۆتان لەدایکبووە و، هەر لەوێش لە ساڵی ١٦٤٠ کۆچی دوایی کردووە و لەوێش نێژراوە، بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ٢٤٣ — ٢٤٤.

**ڕایەتا فەتحێ ب نەصرا (لم یزل) مەنشوور بوو**

**شەهسوارێ فەڕڕێ سوبحانی عەلەمدارێ تەبی**

**نەی تنێ تەبریز و کوردستان ل بەر حوکمێ تەبن**

**سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەرواریێ تەبی**

**گەر چ دەر ئقلیمێ رابع هاتی تەختێ سەلطەنەت**

**پادشاهێ هەفت ئقلیمان سەلامکارێ تەبی**

**چیمەنا سولطانی یێ یەك لالەیەك باغێ تەبت**

**گولشەنا خاقانی یێ خارەك ژ گولزارێ تەبی**

**ئێ ژ ئەمرێ تەی موکەررەم سەرکەشی کت شوبهی شەمع**

**بەر سەرێ تیغێ تە و مەقتوولێ مووکارێ تەبی**

**شاهباز ئەر چەند پەروازێ ب بالا بێت و ڕەت**

**دێ دنێڤ تۆڕا تەبێت و صەیدێ شونقارێ تەبی**(1)

لەم شیعرەدا مەلا جزیری قسە لەگەڵ میری بۆتان دەکات، تێیدا دەڵێت: هیوادارم نەك هەر تەورێز و کوردستان، بەڵکو وەکو شاهی خوراسانیش ئەڵقە لە گوێی تۆ بن . تۆ ئەگەرچی لە هەرێمی چوارەم (ناوچەی بۆتان)

---

1 - دیوانا مەلایێ جزیری، ئامادەکردنی تحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠٠٠، ل ٢٦٥ – ٢٦٦.

تەختی سەڵتەنەتت دراوەتێ، بەڵام پاشاکانی هەر حەوت هەرێم[١] لە جیهاندا دەستی ڕێزیان خستۆتە سەر سینگ بۆ تۆ[٢].

گومانیش لەوەدا نییە کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لەبری زمانی ستانداردی ئەم سەردەمە بەکاردەهات، بە واتایەکی تر زاراوەی زمانی ستانداردی ڕۆژگاری ئەمڕۆکە، هەمان زمانی ئەدەبی یەکگرتووی سەردەمی جارانە. گەشەسەندنی دیالێکتی کرمانجی سەروو بەگشتی و شێوەزاری بۆتانی بەتایبەتی بە مێژووی پەرەسەندنی میرنشینی بۆتانەوە بەستراوەتەوە و لە ڕەگەزەکانی پەیدابوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد جیا ناکرێتەوە[٣].

## ٣ـ میرنشینی بادینان:

ئەم میرنشینە بە ناوی باپیرەی بنەماڵە و دامەزرێنەری میرنشینی بەهائەدینەوە ناونراوە[٤]، سەرەتاکانی ئەم میرنشینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش سوڵتان سەلیم[٥]، ئەم میرنشینە لە سێ هەرێم پێکهاتبوو، کە

---

[١] - بە پێی دابەشکردنی گۆی زەوی لەلایەن جوگرافیناسە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، هەموو زەوی بەسەر حەوت هەرێم دابەشکرا بوون، خاکی کوردستان بە بۆتانەوە لە هەرێمی چوارەمدابوو، بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ٢٨٠.

[٢] - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٩ — ٢٨٠.

[٣] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٧١)، ل ٢١.

[٤] - انور المائی(١٩٦٠)، الاكراد في بهدينان، الموصل، ص ١٢٢.

[٥] - عەبدوڵڵا عەلیاوەیی(د)(٢٠٠٤)، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢ — ٢٣.

ئەمانە بوون: (ئامێدی پایتەخت بوو، زاخۆ، ئاکرێ)[1]، ئەم میرنشینە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووبەڕووی چەند ململانێیەکی ناوخۆ بووە بۆ ڕێبەرایەتی کردنی میرنشینەکە، لەم نێوەندەشدا هەردوو ویلایەتی مووسڵ و بەغدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی بۆ خۆشکردنی ئەم ململانێیە، تا لە ساڵی ١٨٠٨ میرنشینی بادینان بووە قوربانی ئەم ململانێیە و کەوتە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی مووسڵەوە، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند، بۆیە یەکێك لە میرانی میرنشینەکە، بە ناوی زوبێر توانی ڕزگاری بکات[2].

دوا میری ئەم میرنشینە ئیسماعیل پاشا بوو، بەڵام ئەمیش ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر بووە، تا لە ساڵی ١٨٤٢ بە دەستی تورکەکان ڕووخا و کاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی تورکەکانەوە[3].

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمان، ئەوە ئەم میرنشینە لە ڕووی جوگرافیای زمانەوە دەچێتە نێو شێوەزاری بادینان سەر بە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردی، چونکە کرمانجی سەروو بەسەر چەند شێوەزارێك دابەش دەبێت، یەکێ لە شێوەزارەکان، شێوەزاری بادینانە، کە پارێزگای دهۆك و قەزاکانی ئامێدی و زێبار و ئاکرێ و شێخان و شەنگار دەگرێتەوە[4].

---

[1] - سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)(٢٠٠٤)، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، ل ١٠١.

[2] - انور المائی، هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣ — ١٦٥.

[3] - عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣ — ٢٤.

[4] - فوئاد حەمە خورشید(١٩٨٥)، هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت ئەوکات شێوەزاری بادینان پەرەی نەسەندبێت تاکو ببێت بە زمانی ئەدەبی، بەڵکو هەر شێوەزاری بۆتان کاریگەریی بەسەر ئەم ناوچانەش هەبووبێت، چونکە زمانی ئەدەبی بووە[١]، دەبێ ئەوە بوترێت کە بەشی گەورە و ڕەنگینی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو بە شێوەزاری بۆتانییە، هەرچەندە شاعیرەکان خۆیان خەڵکی بۆتان نەبوون، بەو واتایەی لە ئاخاوتندا شێوەزاری هەکاری، بایەزیدی، ئاشتایی، بادینانییان بەکارهێناوە، بەڵام شێوەزاری بۆتانی ئەوکات لە نووسیندا بەکاردەهات، بۆ نموونە مەلا جزیری لە بۆتان ژیاوە، فەقێ تەیران لە هەکاری ژیاوە، عەلی حەریری لە گوندی حەریری ناوچەی بۆتان ژیاوە، خانی لە بایەزید ژیاوە، شێخ محەمەدی مەغریبی و بەکر بەگی ئەرزی لە بادینان ژیاوە[٢]، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێوەزاری بادینانی بۆ ئاخاوتن بەکارهاتووە و نەبووەتە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی.

## ٤ـ میرنشینی بابان:

سەرەتاکانی دامەزراندنی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم، چونکە میر (پیربوداق)، کە نازناوی (بەبە، بابا) بوو و (بابان)یش لەوەوە وەرگیراوە، بە دامەزراندنی ئەم میرنشینە دادەنرێت[٣].

---

[١] - سەباح ڕەشید(د)، چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠١١/٨/٢٣.

[٢] - عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ (د)(١٩٧١)، ل ٤٧.

[٣] - عەبدوڵڵا عەلیاوەیی(د)، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

پیربوداق دیارترین کەسایەتی بابان بووە لە سەرەتای سەرهەڵدانی میرنشینەکەدا، کە بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانی لەلایەن شاعیرانەوە ستایش کراوە و، توانیویەتی بە زەبری هێز فراوانی بکات و گەلێ ناوچە و هەرێم لە لای باکوور و ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوا بخاتە سەر میرنشینەکەی، لەوانە (زێوە)ی لە میرنشینی سۆران و شارەزووری لە میرنشینی ئەردەلان وەرگرتووەتەوە[1].

میرنشینی بابان چەند پایتەختێکی هەبووە، کە بەپێی بارودۆخی سیاسی بۆ هەر یەکێکیان گواستوویەتییەوە، لەوانە: ماوەت و قەڵای بەکراوا و قەڵاچوالان و سلێمانی، کە برایم پاشا لەساڵی (١٧٨٤)دا دایمەزراند[2].

دەکرێ سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولڕەحمان پاشا (١٧٨٩ – ١٨١٣) بە سەرەتایەکی ئاشکرای سەرهەڵدانی بیری سەربەخۆیی نیشتمانی، نەك هەر لەسەر ئاستی میرنشینی بابان، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو کوردستان دابنرێت[3]. بابانەکان زۆر بیریان لەوە کردۆتەوە کە پایتەختەکەیان لە قەڵاچۆلانەوە بۆ شوێنێکی دی بگوێزنەوە، سەرەنجام بڕیاریاندا لە ناوچەی مەڵکەندی شارێکی نوێ دابمەزرێنن، ئەوەبوو لە ساڵی (١٧٨٠) لە سەردەمی

---

[1]- سەعد بەشیر(د)، هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

[2]- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ل ٣٠.

[3]- محەمەد ئەمین زەکی (٢٠٠٤)، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب ١ – ٢، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ل ١٥٨ – ١٥٩.

ئیبراهیم پاشا دەستکرا بە دروستکردنی پایتەختی نوێی بابان و دوای چوار ساڵ تەواوبوو، ئەم پایتەختە نوێیە ناونرا سلێمانی[١].

سەبارەت بە ناولێنانی شاری سلێمانی، کۆمەڵێ بیروبۆچوون هەن، بەڵام ئەوەی کە زۆرترین ڕێی تێدەچێ هەر ئەوەیە کە ئەم ناوە لەسەر ناوی میری پێشوو (سلێمان پاشای بابان) دانرابێ، ئەویش هەر لەبەر ئەوەنا، کە ناودارترین میری بابان بوو و تا ئێستاش کردەوەکانی لە دڵی خەڵکیدا زیندوون، بەڵکو لەبەرئەوە کە پڕۆژەی بنیاتنان یەکێك بووە لە خەونەکانی و ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ئەوی پێوە دیارە[٢].

ئەوڕەحمان پاشای بابانیش یەکێك بوو لە میرە بە تواناکانی میرنشینی بابان، ئەم میرە کاتێ لە تاراوگە گەڕایەوە، هەوڵیدا سلێمانی بکاتە ناوەندێکی ڕۆناکبیریی دیار، ئەوڕەحمان پاشا شاعیر و فەرمانبەرەکانی هاندەدا بۆ ئەوەی واز لە شێوە زمانی گۆرانی بێنن و شێوە زمانی کرمانجی ناوەڕاست (شێوەی بابانی) بەکاربێنن، هەر لە ئەنجامی سووربوونی ئەوڕەحمان پاشا (شێوەی بابانی) گەشەی کرد و بەخێرایی بووە زمانی ئەدەبی و فەرمی[٣].

ئەگەر نیازی سووربوونی ئەوڕەحمان پاشا بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی گەورە لەبەرچاو بگیرێ، دەکرێ بگوترێ لەپاش مردنی سلێمان پاشا، ئەحمەد پاشا (١٨٣٨ — ١٨٤٧) بوو بە میری بابان، بەپێی ئاماژەی سەرچاوەگەلێکی زۆر، ئەحمەد پاشا یەکێك بووە لەو کەسایەتییە ناودار و ئازا

---

[١]- سەعد بەشیر، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

و نیشتمانپەروەرانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە بزاڤی سەربەخۆیخوازی میرنشینی باباندا بینیوە[1]، کردنی شێوە زمانی بابانی بە زمانی ئەدەبی و لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خۆیدا، تەنیا هەوڵێکی لاساییکەرەوانەی میرنشینی ئەردەلان نەبووە، بەڵکو نیشانەی تێگەیشتن بووە بۆ گرنگی هەبوونی هارمۆنییەکی فەرهەنگی یەکڕەنگ لە ڕەعیەتەکەیدا، ئەم هارمۆنییەتەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەدەب و فەرهەنگەوە، دۆزینەوەی زمانێکی یەکگرتووی ڕەسمی بوو، یان بەرزکردنەوەی شێوە زمانی بابانی بوو، کە زۆرینەی کوردەکانی کوردستانی باشوور قسەیان پێ دەکرد بۆ زمانێکی ئەدەبی و ڕەسمی، کە بەلای زۆرینەی خەڵکەوە ئاشنابوو نەك هەر بە تەنیا لای چینە ئۆرستوکرات و هەڵبژاردە ڕووناکبیرەکە[2].

کەواتە ئەم میرنشینە شێوەی فەرمی میرنشینەکەی کرمانجی ناوەڕاست (شێوەی بابانی بوو)، ئەم شێوەیە دواتر لەلایەن شاعیرانی سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی) زیاتر پەرەی پێدرا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا بووە بناغەی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی، کە زۆربەی کوردەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لە کوردستانی عێراق و زۆری خەڵکی کوردستانی ئێران پێی دەنووسن.

---

[1]- کامەران محەمەد حاجی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

[2]- سەعد بەشیر، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩.

دانیشتوانی ئەم شارە تازەیەش زۆربەی زۆریان لە قەلاچۆلانەوە بە فەرمانی ئیبراهیم پاشا گوێزرابوونەوە بۆ شاری سلێمانی[1] و، بەشێوەیەك دەئاخاوتن کە زمانی حاکمەکانیشیان بوو، شێوەی (قەلاچۆلان) شێوەی ئاخاوتنی شاربازێربوو، کە ڕەنگە شێوەیەك بوو بێت سەر بە شێوەی (پشدەر) و، شێوەی پشدەریش تاوێکیش بووبێ لەسەر دروستبوونی شێوەی موکری[2]، کە ئەمەش نهێنی ئەو خزمایەتییەی نێوان شێوەی موکری لە کوردستانی ئێران و شێوەی سلێمانی لە کوردستانی عێراقە.

دەرکەوتنی شاعیرانی سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی) بووە هۆی زیاتر پتەوکردنی بناغەی زمانی ستانداردی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست، شێوەی بابانی / سلێمانی)، بەجۆرێ تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ ئەم شێوە زمانە ماوەتەوە و، سنووری میرنشینی بابانی بڕیوە و چۆتە شوێنەکانی تر ((شیعری ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە نوێیە، لە چوارچێوەی میرنشینی بابان دەرچووە و، بەناو هەرێمەکانی تری کوردستانی خواروو: ئەردەلان، (سنە) و سۆران (هەولێر) و موکریان (مەهاباد) بڵاوبوەوە))[3]. هەروەك لەم بارەوە عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: ((ئەگەر لەڕووی ناوەرۆکیشەوە گەلێك دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆماندا نەمابێ، ئەوا فۆرمی ئەدەبیی ئەو قوتابخانەیە بەتایبەتی

---

[1] - تۆفیق وەهبی (١٩٧٣)، ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ل ٩.

[2] - کەریم شارەزا (١٩٨٤)، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی (الادیب البغداد) بەغدا، ل ١٦.

[3] - کەریم شارەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتەکەی پێ دەنووسرێ، هەر ئەو زمانە تازە پتەوەیە کە ئەو قوتابخانەیە کردبووی بە کەرەسەی دەربڕینی ناوەرۆکەکەی و بەهۆی داڕشتنی فۆڕمی تایبەتی خۆی))[1]. ئەو گەشت و گەڕانەی (نالی)[2] بەناو هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەسەردەمی فەقێیەتیدا، وای لێکردووە شیعر بەجۆرە زمانێکی ئەدەبی بنووسێ، کە لە بنچینە و ستانداردا لقە دیالێکتەکەی (بابانی)بێ و لەبارەی وشە و موفرەداتیشەوە، شێوە زمانێکی موتوربەکراو بێ بە وشەی هەمەجۆری دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی بێ، واتە شیعری بەجۆرە زمانێکی ئەدەبی دانا، نە شێوەی شارەزووری زاینگەی خۆی بێ و نە شێوەی ئاخاوتنەکەی ناو شاری سلێمانی بێ، بەڵکو لەوساوە زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەکەی ئەو ناوچەیە جوداکردەوە[3].

---

1- عیزەددین مستەفا ڕەسوول (د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا، ل ٣٢.

2- نالی ناوی خدرە کوڕی ئەحمەد شاوێسی ئالی بەگی میکایەلییە، لە ساڵی ١٨٠٠ لە گوندی (خاك و خۆڵ) لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دونیاوە، سەرەتای خوێندنی قورئانی پیرۆز و کتێبی فارسی خوێندووە، دواتر چۆتە فەقێیەتی و لە پێناو وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا شار و دێهاتەکانی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە کۆتایی ساڵی (١٨٧٣) لە شاری ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (قەراجا ئەحمەد) تەرمەکە بە خاك سپێردراوە، بڕوانە:
١ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرس و فاتیح عەبدولکەریم، ل ٢٣ — ٢٤.
٢ـ عەبدوڵڵا حەداد(د)(٢٠٠٠)، نالی لە دەرەوەی کوردستاندا ١٨٤٨ — ١٩٧٣، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ل ٢٧.

3- کەریم شارەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩ — ٣٠.

نالی لە لوتکەی گەشەسەندن و ڕووخانی میرنشینی بابان لە ژیاندابووە، خۆی شاهێدی ڕووداوەکانی میرنشینەکە بوو، بۆیە (نالی) بە بۆنەی کۆچی دوایی (سلێمان پاشا)ی بابان و هاتنە سەر تەختی (ئەحمەد پاشا)ی بابان، پارچە شیعرێکی وتووە، ئەم پارچە شیعرە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە تاقە پارچە شیعرێکی نالییە، کە ئاماژە و ئیشارەت بە مێژووی ڕووداوێك بکات، کە دەڵێت:

**تا فەلەك دەورەی نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**
**کەوکەبەی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدا نەبوو**
**تا نەگریا ئاسمان و، تەم وڵاتی دانەگرت**
**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو**
**تا چەمەن پیرا لەسەر، ئەصڵی درەختی لانەدا**
**فەرعی تازە، خوررەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو**
**تا (سولەیمانان) نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت**
**(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو**[1]

دیارە گومانی تێدا نییە، کە (نالی) شاعیر شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی زمانی کوردییەوە هەبووە و کتێبی ڕێزمانیشی داناوە، هەروەکو ئەلیکساندەر خۆدزکۆ (١٨٠٤ – ١٨٩١) لە کتێبی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی

---

[1] - دیوانی نالی (١٩٧٦)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودرەس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ٣٧٠ – ٣٧٢.

فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی ـ دیالێکتی سلێمانی) ئاماژەی بۆ دەکات، کە نالی خۆی بۆ دیالێکتە هەمەچەشنەکانی نیشتمانەکەی (کوردستان) تەرخانکردبوو و پێشتریش ڕێزمانێکی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە ڕێگەی (ئەحمەد خان) وا بڕیاربوو یەکتری ببینن، بەڵام یەکترمان نەبینی[1].

(سالم)[2]ی شاعیریش هاوچەرخی میر و پاشاکانی بابان بوو، بەتایبەتی هاوچەرخی مەحموود پاشا، سلێمان پاشا، ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشا بووە، ئینجا لە نێو کانگەی ململانێکانیش دابوو، بەڵام لە هۆنراوەکانیدا شتێك لە لایەنگیری بۆ باڵێك و دژایەتی باڵێکی دیکە بەدی ناکرێت، تەنها ئەوە نەبێت، کە ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزی تەواوی بۆ وڵاتەکەی و بۆ بابانەکان هەبووە[3].

سالم کارەسات و ڕەنجەڕۆیی میللەتی کورد لە ڕووخانی میرنشینی باباندا دەبینێ، تێکشکانی کۆمەڵی کوردەواریی لە سلێمانی لە ڕۆژگاری

---

[1] - ئەلیکساندەر خۆدزکۆ(٢٠٠٥)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی ـ دیالێکتی سلێمانی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٦٢.

[2] - سالم ناوی عەبدولڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی قەرەج نەمی کوڕی ئەحمەد بەگە، کە بنەماڵەی ساحێبقرانە، لە ساڵی ١٨٠٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، سالم لە حوجرە خوێندوویەتی، بەڵام خوێندنی تەواو نەکردووە، بەشی زۆری ژیانی سالم لە سەردەمی سەربەخۆیی میرنشینی بابان بوو، لە ساڵی ١٨٦٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژراوە، بڕوانە: ـ مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠٣)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ١٨٠١ ـ ١٨٥٠، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

[3] - عوسمان دەشتی(د)(٢٠١١)، لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا (تێکست و لێکۆڵینەوە)، گ. ئەکادیمی، ژ (١٧)، ل ١١٦.

فەرمانڕەوایی (ئەحمەد پاشای بابان)بوو، چارەنووسی ئەوەبوو لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەودا میرنشین بڕووخێ، وێنەی ئەم ڕووخانەی لە ئەحمەد پاشا دیوە، چونکە دوا میری میرنشین بوو، هەروەکو دەڵێت:

**نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد**

**چ دڵ تەنگم بەبێ ڕوخساری ئەحمەد**

**سەری پڕ شۆڕشم سەودایی هیجران**

**دوو چاوم تا سەحەر بێداری ئەحمەد**

**دەرباریێ ئەشکی خوێن گول گول لە چاوم**

**وەکو لەعلی لەبی گوڵنازی ئەحمەد**

**بینابیم تار و ئەشکم سوور و ڕەنگ زەرد**

**دەروون پڕ نارو لەب پڕ باری ئەحمەد**(1)

کەواتە زمانی نووسینی شیعرەکانی (نالی) و (سالم) و شاعیرانی تری هاوسەردەمی، زمانی قسەکردن و نووسینی میرنشینی بابان بووە، بەجۆرێ ئەگەر هەموو میرەکانی بابان زمانی کوردییان نەکردبێتە زمانی ڕەسمی میرنشینەکە، ئەوە هەندێ لە میرەکان ئەم شێوە زمانەیان کردۆتە زمانی ڕەسمی ئەو سەردەمە، هەروەکو کەریم شارەزا دەڵێت: ((هەرچەندە میرەکانی بابان تاك تاکەیانی وەك عەبدولڕەحمان پاشا و ئەحمەد پاشای دوا میری سەربەخۆیی بابان نەبێ، کە هەستی نەتەوایەتی کوردییان بووە، دەنا بە زۆری میرەکانی تریان، لەبەر بەربەرەکانی یەکتری و شەڕی ناوخۆییان، چ نرخێکی

---

(1) - مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠٣)، هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، ل ١٤٤.

ئەوتۆیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی نەداوە و نەیانکردووە بە زمانی ڕەسمی میرنشینی یەکەیان!! بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری میری، یان زمانی فارسییان بۆ کاروباری میرات و ئەوقاف زمانی عارەبییان بەکارهێناوە))[1].

ئەم شێوەزارەی بابان توانی لە ماوەیەکی مێژوویی کەمدا ببێت بە زمانی ئەدەبی و بناغەی هەموو شێوەزارەکانی تری کرمانجی ناوەڕاست (سلێمانی، سۆران، موکریان، سنە، گەرمیانی)بگرێتەوە، ئەگەرچی لە سلێمانیش هەڵقوڵاوە و، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستانیش باڵادەستی خۆی سەپاندووە و زمانی ستانداردی خۆی ڕاگەیاندووە، چونکە بۆتە زمانی وەزارەتەکانی حکومەت و قوتابخانە و دادگاکانی هەرێمی کوردستان.

## ٥ـ میرنشینی ئەردەلان:

هەندێ کەس پێیان وایە ئەم میرنشینە لە سەدەی چواردەمی زاییندا لەلایەن دامەزرێنەرەکەی بابە ئەردەلان دامەزراوە[2]، کەچی هەندێ لە شارەزایانی تر بۆچوونی تریان هەیە، لەوانە محەمەد ئەمین زەکی پێی وایە بابە ئەردەلان لە کۆتایی سەدەی یازدەدا گەیشتۆتە شارەزوور، کاتێك بنەماڵەی مەڕوانییەکان نەمابوو، ناچار بابە ئەردەلان چووە لای گۆرانەکان و ماوەیەك لەگەڵیان ژیانی بەسەر بردووە و، لە کاتی هێرشی جەنگیزخاندا بۆ سەر ئێران،

---

[1] - کەریم شارەزا(١٩٨٤)، هەمان سەرچاوە، ل ٤٨.

[2] - هادی ڕەشید بەهمەنی(٢٠٠١)، پەیامی هەورامان، چاپخانەی ژین، هەولێر، ل ١٧١.

پشتگیری هێزەکانی مەنگۆلیانی کردووە و لە پاداشتی ئەمەشدا کراوە بە فەرمانڕەوایی شارەزوور[1].

ئەگەرچی وەکو دەردەکەوێت مێژووی سەرەتای پەیدابوونی میرنشینەکە تەواو ڕوون نییە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە بابە ئەردەلان ڕێبەری یەکەمی ئەم میرنشینە بووە و سەرەتای حوکمڕانێتییەکەشیان لە شارەزوور بووە، بابە ئەردەلانیش لە بنەماڵەی ئەحمەدی کوڕی مەڕوانی دیاربەکرییە، کە ئەمیش خۆی لەوەو پێش دامەزرێنەری دەوڵەتی مەڕوانی کوردی بووە لە باکووری کوردستان لە شاری دیاربەکر، بە هاتنی بۆ ناوچەی گۆران توانی بەردی بناغەی میرنشینی ئەردەلان دابنێت و گۆرانەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ[2].

ئەم میرنشینە خاوەنی زۆرترین میر بووە، ئەمیش بەهۆی زۆری سەردەمی حوکمیان، لەوانە (بابە ئەردەلان، کلۆڵ بەگ، تەیمور خان، سلێمان خان، خوسرەو خان، ئەمانوڵڵا خان، مستەفا خان، سەلیم پاشا... هتد)، هەریەك لەمانە لە کات و سەردەمێکی جیاجیادا حوکمی ئەم میرنشینەیان کردووە[3].

[1] - ی. ئی. ڤاسیلیەڤا(٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، و: ڕەشاد میران (د)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٤٤.

[2] - هادی ڕەشید بەهمەنی، ل ١٧١.

[3] - شێخ محمد مەردۆخی(٢٠١١)، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٣١٩.

لە سەردەمی ئەمانوڵڵا خان لە سەدەی حەڤدەهەمدا شاری (سنە) دەبێتە پایتەختی ئەم میرنشینە، چونکە ئەم شارە لەم سەردەمە بە جوانترین شێوە بنیاتنراوە و، بووە شوێنێکی ئابووریی و کەلتووریی بەهێز بۆ میرەکانی ئەردەلان[1].

ئەگەر بێینە سەر لایەنی زمان لەم میرنشینەدا، ئەوە لە سەردەمێکی مێژوویدا دیالێکتی گۆران وەك زمانێکی ئەدەبی لە بەشێکی فراوانی کوردستانی ئێران و لە هەندێ ناوچەی کوردستانی عێراق سەریهەڵدا و بووە زمانی ڕەسمی کۆشك و سەرای میرەکانی ئەردەلان، کە هانی شاعیرەکانیان دەدا پێی بنووسن[2]، کەواتە زمانی نووسین و زمانی ئەدەب لە سەردەمی میرنشینی ئەردەلاندا شێوەزاری گۆران بووە، ئەمە لە ڕووی سیاسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ئایینیەوە، بەتایبەتی کتێبی (سەرئەنجام)ی یارسانەکان[3]، کە بە شێوەزاری گۆرانی نووسراوە، هۆکارێکی ترە لە گەشەسەندنی شێوەزاری گۆران[4]، بە جۆرێك شێوەزاری گۆران زمانی ڕەسمی یارسانەکانە، کە کۆنترین و بەرزترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئایینی یارسانەکانە، تەنانەت ئەم بەشەی

---

[1] - سەعد بەشیر ئەسکەندەر(٢٠٠٤)، هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ١١.

[3] - ئایینی یارسان، یەکێکە لە ئایینە ڕەسەنە کۆنەکانی کورد، پێڕەوانی ئەم مەزهەبە باوەڕیان بە گەڕانی دۆنادۆن هەیە، هەروەها یارسانەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئایینیان کۆنترین ئایینی سەر ڕووی زەوییە، بڕوانە: بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ٥٤ — ٥٥.

[4] - بڕوانە: عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ(١٩٧١)، ل ٢٤. ب ـ ئەمجەد شاکەلی (٢٠١١)، ل ١١.

کورد زمانی خۆیان بە زمانی بەهەشت دەزانن و ڕۆژی مەحشەریش بەلای ئەوانەوە لە شارەزوور دەبێ[1].

کەواتە (سەرئەنجام)[2] کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە، لای یارسانەکان بە دەقەکانی ناو سەرئەنجام دەوترێت کەلام، واتە سەرئەنجام کتێبی کەلامەکانە، هەر کەلامێك لە کەلامەکانیش دەقێکی ئایینی سەربەخۆیە و لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا پەیدابووە و تۆمارکراوە و چووەتە ڕێزی دەقەکانی سەرئەنجامەوە[3].

شاعیرانی ئەم دیالێکتە نموونەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردین، لەوانە مەلا پەرێشان[4]، کە یەکێکە لە کۆنترین شاعیرانی کورد، کە بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی شیعری دانابێ، لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

**چون حەق ژ ئیجاد ماسیوا پەرداخت**

**ژ نووری ئەحمەد لەوح و قەلەم ساخت**

---

١- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ٥٥.

٢- سەرئەنجام ناوی کتێبێکی بەناوبانگی یارسانەکانە، ئەم کتێبە بە پەخشان دەست پێدەکات و بە شیعر دوایی دێت، بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی نووسراوەتەوە، یارسانەکان ئەم بەرهەمە بە بەرهەمی سوڵتان سەهاك دادەنێن، بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ل ٢٢٩.

٣- عرفان مستەفا حەمە ڕەحیم(٢٠٠٩)، کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین، ل ١٥٤.

٤- مەلا پەرێشان ناوی محەمەد ئەبولقاسمە، لە ساڵی ١٣٥٦ لە شاری دینەوەری ناوچەی کرماشان لەدایکبووە، نازناوی شیعریی مەلا پەرێشانە، شیعرەکانی هەموو بە دیالێکتی گۆرانی نووسیوە و بە پێچەوانەی شاعیرانی ئەوسای گۆران لەسەر تەریقەی یارسان نەڕۆیشتووە، لە ساڵی ١٤٢١ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ١٣.

**عەرش و کورسی هەم ژ نوور مورتەزا**

**ئاسمان و زەمین ژ نوور موجتەبا**

**ژ نووری حوسەین بە هەشت کرد بینا**

**جیلوگەری نوور بە تووڵی عەزرا**(1)

دیالێکتی گۆران لە سایەی میرنشینی ئەردەلاندا زۆر پەرەی سەند، تەنانەت لەلایەن میرەکانی ئەردەلانەوە زۆر پشتگیری لە خوێندەواران دەکران، تا بەم شێوەزارە بنووسن، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی دیاریی و پاداشتی دراوییەوە(2)، بەڵام کاتێ لە سەدەی نۆزدەهەمدا قاجارییەکان ئەم میرنشینەیان میرنشینەیان ڕووخاند، ئیتر شێوەزاری گۆران لە کوردستانی ئێران قەدەغەکرا، کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی، چونکە دواتر ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران، هەموویان دژی زمانی کوردی بوون و هەمیشە یەکێ لە کارەکانیان قەدەغەکردنی زمانی کوردی بوو.

لەسەر ئەو بنەمایەش ئەم دیالێکتە بۆ ماوەیەکی درێژ لەم میرنشینەدا شان بەشانی زمانی فارسی زمانی دادگا بووە، هەروەها بۆ ماوەیەکیش زمانی ئەدەبیی و دادگایی میرنشینی بابان بووە(3).

---

1- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل ١٤.

2- سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)، .ل ١٦٦.

3- سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ٢٩ .

## ٥ ـ ٢ : زمانی ستانداردی کوردی لە سەردەمی حکومەتە کوردییەکان

### ١ـ کۆماری باشووری کوردستان

دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێهات، دەستە و ڕێکخراو و کۆمەڵە نیشتمانییە کوردییەکان دەستیانکرد بە داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، هەروەك چۆن گەلەکانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داوای مافەکانیان دەکرد، لە ڕزگاربوون و سەربەخۆیی، لەمەشەوە داگیرکەری بەریتانی بەڕێکەوتن لەگەڵ فەڕەنسادا بەڵێنی دابوو، ڕێگە نەدات جارێکی تر دەسەڵاتی عوسمانی بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو گەلانەی کە تورك نەبوون، وەك کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر.

بۆیە نیشتمانپەروەرە کوردەکان ویستیان سوود لەو ڕەوشەی دوای جەنگ وەربگرن، بۆیە پەیوەندییان بە بەریتانیاوە کرد[1]، شێخ مەحموود سێ جار و لە سێ ماوەی جیا حوکمدارێتی کوردستانی کردووە، ماوە و ساڵانی دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی باشووری کوردستان لە ١٩١٨/١١/١٧ تا ١٩١٩/٦/٢٢ درێژەی کێشا، هەرچەندە بانگەشەی دامەزراندنی حوکمدارییەکە لە ١٩١٨/١١/١٧ لەسەر ڕەزامەندی گەورە لێپرسراوانی ئینگلیز بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی (مێجەر نوئێل) گەیشتە سلێمانی و[2]، نوئێل بە قسەی (ویڵس) کۆبوونەوەیەکی گەورەی لەناو شاری سلێمانی کرد و بانگهێشتی بۆ هەموو پیاو ماقووڵی ناو شار و سەرۆك عەشیرەتەکان کرد و لەوێدا بە ڕەسمی (شێخ

[1] - جەلال تاڵەبانی، هەمان سەرچاوە، ل ١٩١ — ١٩٢.

[2] - مەحموود مەلا عززەت (٢٠٠٦)، حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٢٠ — ٢٦.

مەحموود) بە (حوکمداری کوردستان) ناونراو و مێجەر نوئێل بوو بە (ڕاوێژکاری مەلیك) و (مێجەر دانلیس) بوو بە (ڕاوێژکاری سەربازیی) و شاری سلێمانی کرا بە پایتەختی کوردستان[1].

لەو ماوە کورتەی، کە شێخ مەحموود حوکمدارێتی کوردستانی کرد، نەیتوانی دەزگایەکی حوکمدارێتی ڕێکوپێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دروست بکات [2].

ماوەی دووەمی حکومەتی باشووری کوردستان لە ١٩٢٢/١٠/١٥ دەست پێدەکات و تا ١٩٢٣/٣/٢٣ درێژەی کێشا، یەکێك لە گۆڕانە گەورەکانی ئەم سەردەمە لە دوای بڵاوکردنەوەی فەرمانی حوکمداری بۆ دامەزراندنی کابینە لە ١٩٢٢/١٠/١٥دا، ئەوە لە ١٩٢٢/١١/١٥ لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) زمانحاڵی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود بە (مەلیکی کوردستان) نێوبرا[3]، ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی حکومەت لە شاری سلێمانی هەڵکرا و یەکەمین وەزارەتی کوردستان بەمجۆرەی خوارەوە دامەزرا[4]:ـ

**١ـ شێخ قادری برای شێخ مەحموود ـ سەرۆکی وەزیران و سوپاسالار**

**٢ـ عەبدولکەریم عەلەکە ـ وەزیری دارایی**

**٣ـ مستەفای پاشای یاموڵکی ـ وەزیری ڕۆشنبیری (فەرهەنگ)**

---

[1]- عەلائەدین سەجادی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.

[2]- م. ر. هاوار(١٩٩٠)، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ڕۆز، لەندەن ـ بەریتانیا، ل ٥٤٥.

[3]- مەحموود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە، ل ٢٤ — ٢٥.

[4]- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد، ل ٩٥.

**٤ـ شێخ حەمە غەریب ـ وەزیری ناوخۆ**

**٥ـ ساڵح زەکی ساحێبقران ـ وەزیری هێزی میللی**

**٦ـ ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ ـ وەزیری گومرگ**

**٧ـ حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا ـ وەزیری نافعە**

**٨ـ سەید ئەحمەدی بەرزنجی ـ سەرۆکی ئەمنی عام**

**٩ـ حاجی مەلا سەعید ـ وەزیری دادگا**

**١٠ـ سدیق ئەلقادری ـ موفەتیشی حکوومەتی کوردستان**

شێخ مەحموود لە کۆمارەکەیدا زمانی کوردی کردە زمانی ستاندارد و ڕەسمی حکوومەتەکەی، زمانی کوردیش لەم سەردەمەدا بناغەکەی لە شێوەزاری بابانی (سلێمانی) سەر بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی وەرگرتبوو، بەجۆرێك زۆربەی نووسراوەکانی شێخ مەحموود و حکوومەتەکەی بە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست بڵاودەکرانەوە، هەر بۆ وێنە دەربارەی دەزگاکانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود، ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)، کە ببووە ئۆرگانی ئەو دەوڵەتە، لە لاپەڕەی یەکەم و دووەمی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/١٥دا، ژمارە (٢)ی حوکمداری بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش دەقی ئەو فەرمانەیە دەربارەی کابینەکەی شێخ مەحموود بە ڕێنووسی ئەوکاتی زمانی کوردی:

**صورت اراده علیه حضرت حکمداری ـ عدد / ٢١٩ صفر الخیر ١٣٤١، ١٠ تشرین اول ١٩٢٢[١].**

**له مملکت سلیمانی دا نوسرا:**

**بو تشکیلات حکومت کوردستان نصب و تعین ام ذاتانه له قابینه حکومتدا مناسب دبی**

**سپهسالار شیخ قادر**

**رئیس داخلیه شیخ محمد غریب**

**رئیس مالیه عبدالکریم علکه**

**رئیس معارف میر لیوا مصطفی پاشا**

**رئیس شرع و عدل حاجی ملا سعید**

**رئیس گمرگ احمد بك فتاح بك[٢]**

**رئیس نافعه محمد اغا عبدالرحمن اغا**

**رئیس امنیت عمومیه سید احمد برزنجی**

**مفتش عموم حکومت کردستان میر لوا صدیق القادر پاشا**

**هر کسه مقام و وظیفه خویم پی راسپاردن و اراده اکم در حال دست به تدویر ماکنه حکومت بکن، ومن الله التوفیق**

**حکمداری کردستان**

**محمود**

---

[١]- م. ر. هاوار(١٩٩١)، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، بلارۆز، لەندەن ـ بەریتانیا، ل ٣٠٥ – ٣٠٦.

[٢]- ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ، ناوی تەواوی حەمدی ساحێبقرانی شاعیرە.

له ماوەی حوکمداری دووەمی حکومەتی شێخ مەحموود بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی بە زمانی کوردی بوژایەوە، بە جۆرێك بەر لە گەڕانەوەی شێخ مەحموود، لە شاری سلێمانی لەلایەن (جەمعیەتی کوردستان) ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە ناوی (بانگی کوردستان) دەردەچوو، دواتر ئەم ڕۆژنامەیە بوو بە ئۆرگانی دەوڵەتی کوردستان، هەتا ژمارە (١٣)ی ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٣ ئۆرگانی جەمعیەتی کوردستان و حوکمداریەتی شێخ مەحموود بوو، بەڵام دوا ژمارە ژمارە (١٤) لەلایەن ئینگلیزەکان دەرچوو[١].

دوای ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) بوو بە ئۆرگانی دەوڵەتی کوردستان، ئەم ڕۆژنامەیەش بە زمانی کوردی بوو و (١٥) ژمارەی لێدەرچوو، یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٢/١٠/١٥ و دوا ژمارەش لە ٣ مارتی ١٩٢٣ دەرچوو.

ئەگەر بێینە سەر بواری پەروەردە بە زمانی کوردی، ئەوە لە حوکمداریەتی شێخ مەحموود سێ قوتابخانە هەبوون، کە وانەکانیان بە زمانی کوردی بوو، قوتابخانەکانیش بریتی بوون لە (ئامادەیی مەحموود ـ کە پێشتر ناوی سەعادەتی نموونەیی بوو) (روفیەی سەرەتایی) و (لەتیفیەی سەرەتایی)، دیارە لەم سەردەمەشدا (مستەفا پاشا) کرا بە وەزیری پەروەردە، دەستی کرد بە ڕێکخستنی قوتابخانەکان، بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ خەڵك زیاتر بەرەو ڕووی

---

[١]- م. ڕ. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووهەم، ل ٣٢٤ — ٣٢٦.

خوێندن بووەوە و ڕوویان لە قوتابخانە و خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی کرد[1].

حوکمداریەتی سێیەمی شێخ مەحموود لە ١١ی تەممووزی ١٩٢٣ دەست پێدەکات و تا تەممووزی ١٩٢٤ بەردەوام دەبێت، لەم ماوەیەدا شێخ مەحموود کابینەی حکومەتی خۆی گۆڕی و ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)ی بە زمانی کوردی لە ئەیلوولی ١٩٢٣ دەرکرد و بوو بە ئۆرگانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود، ئەم ڕۆژنامەیە (٢٥) ژمارەی لێ دەرچوو، کە دوا ژمارەی لە ١٩٢٣/٨/١١ بوو[2].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر مەسەلەی زمانی کوردی، ئەوە پێش ڕاگەیاندنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموودیش، واتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، زمانی کوردی زمانی ئەدەب و زمانی ئایینی (حوجرە) بوو، بەڵام ئەو زمانە زمانی کارگێڕیی و حکومەت نەبوو، دواتر لە ئەزموونی یەکەم حوکمدارییەتی شێخ مەحموود لە شاری سلێمانی، زمانی کوردی پرسێکی ستراتیژی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە، لە ئەزموونی دووەم و سێیەمی حوکمداریەتیەکەیدا زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود و زمانی کوردی کردە ناسنامەی نەتەوەیی کورد[3].

---

[1]- م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل ٣٤١ — ٣٤٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل ٥٤٠ — ٥٤٢.

[3]- سەلام ناوخۆش(٢٠١١)، یاسای زمانە ناوچەییەکان، گ. ڕامان، ژ ١٦٨، ٢٠١١/٥/٥، ل ١٠٣.

دەرکردنی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی و دروستکردنی پوولی کوردستان بە زمانی کوردی و دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی حکومەت بە زمانی کوردی، گەواهیدەرن لەسەر ئەوەی کە حکوومەتەکەی شێخ مەحموود زمانی کوردی کردبووە زمانی ڕەسمی و ستانداردی وڵات، ئەو زمانەی ئەوکاتیش لە ڕۆژنامە و قوتابخانە و دامودەزگاکانی بەکاردەهات شێوەزاری سلێمانی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بوو، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی ئەوکاتیش باڵادەستی خۆی ڕاگەیاندبوو و لەلایەن خەڵك و حکومەتەوە بەرز ڕاگیراوە و خزمەتکراوە.

هەروەها لە بواری ئەدەبیشدا کۆمەڵێ شاعیر لەو سەردەمەدا ژیان و هەندێکیشیان لە حکوومەتەکەی شێخ پلەداربوون و، بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا شیعریان هۆنیوەتەوە، لەوانە کەمالی (١٨٨٦ — ١٩٧٤)، سەلام (١٨٩٣ ـ ١٩٥٩)، ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨ ـ ١٩٦٠)، حەمدی (١٨٧٨ ـ ١٩٣٦)، بۆیە لێرەدا دوو نموونەی دوو شاعیری ئەو سەردەمی شێخ مەحموود دەهێنینەوە، وەك بەڵگەیەك لەسەر زمانی ئەوسای سەردەمی شێخ مەحموود.

ڕەفیق حلیمی[1] نووسەر و شاعیر، یەکێك بووە لە کەسە نزیکەکانی شێخ مەحموود، بەجۆرێ لە یەکەم دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٨ لە

---

[1]- ڕەفیق حیلمی ناوی ڕەفیق کوڕی ساڵح کوڕی عەبدوڵڵایە، لە ساڵی ١٨٩٨ لە کەرکووك لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی لە کفری بووە، لە ساڵی ١٩٠٩ چۆتە سلێمانی و لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ڕوشدییە وەرگیراوە، دواتر چۆتە بەغدا، پاشان ١٩١٣ گەڕاوەتەوە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٣ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی مەحموود بوو و لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و لە چەندین

سلێمانی مامۆستای ئەفسەرە گەورەکانی ئینگلیز بووە و فێری زمانی فارسی و کوردی کردوون، دواتر لە ساڵی ١٩١٩ بە فەرمانی شێخ مەحموود بووە بە یاوەری ئەو ئەفسەرانە لە کۆیە و ڕواندز و لە ساڵی ١٩٢٣ ماوەیەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)ی ئۆرگانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە[١]. لەم بارەوە چەندین شیعری لەسەر شێخ مەحموود هۆنیوەتەوە، لەوانە لە شیعرێکدا وێنەی شێخ مەحموود بە گەلی کورد دەبینێ و، دەڵێت ڕاستە شێخ مەحموودیش بە لەش نامێنێ، بەڵام میللەتی کورد دەمێنێ، هەروەکو لە شیعرەکەدا دەڵێت:

**ئەو قارەمانە ئەو شێرە**

**قەت خوا نەکا کەم بێ لێرە**

**چەن جار گلا چەن جاریان کوشت**

**کەچی نەمرد نەمری کورد**

**جاری وابوو وورد و درشت**

**پشتی تێ کەن ئەو لێی ئەبورد[٢]**

---

ڕۆژنامە و گۆڤار کاری کردووە، لەوانە (بانگی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، ژیان، گەلاوێژ، شەفەق، پێشکەوتن، الایام)، لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، بەرگی شەشەم، ل ٤١٩ — ٤٢٠.

[١] - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، بەرگی شەشەم، ل ٤١٩ — ٤٢١.

[٢] - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، بەرگی شەشەم، ل ٢٤٩.

حەمدی[1] شاعیریش، یەکێك بووە لە کەسە نزیکەکانی شێخ مەحموود، بەجۆرێ لە سەردەمی حوکمداریەتییەکەی شێخ مەحموود ١٩٢٢ — ١٩٢٤ بۆتە وەزیری گومرگ، بەڵام ئەم پەیوەندییە باشەی تا سەر نەبوو، تا وای لێهات پەیوەندی لەگەڵ شێخ تێکدەچێت و بە شیعر کەوتە ڕەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەتی شێخ، بۆ وێنە لە شیعرێکیدا باسی کەموکوڕییەکانی حوکمدارێتییەکە دەکات و ڕەخنە لە هەندێ کەسی بەرپرس و پلەداری نێو حکومەتەکەی دەگرێت، کە دەڵێت:ـ

**باسی تەشکیلاتی سانی[2] هەر ئەکەم بۆ پێکەنین**
**کەمترین بوو گەورەتر هەم گەورەتر بوو کەمترین**
**ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس نەکەم عاجز مەبن**
**تا ببینن شکلی وەزیعەت بە جارێ قاریئین**
**کۆیلی مولازیم وەزیری خاسسەی قۆڵی یەسار**
**ئیبنی سەر مزگەوت وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین**
**کاتبی مابەین بوو تاهیر تەرجەمەی حاڵی بکەم**
**پیس ئەبێ دیوان لە پاشا موستەحەققە بۆ دڕین[1].**

---

[1]- حەمدی ناوی ئەحمەد کوڕی فەتاح بەگ کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگ کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقرانە، لە ساڵی ١٨٧٨ لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی لە حوجرە و مزگەوتدا بووە، دواتر چۆتە قوتابخانەی ڕوشدییە، پاشان لەگەڵ پێکهێنانی حوکمداریەتی کوردستان لەلایەن شێخ مەحموود، دەچێتە نێو حکوومەت و پلەی وەزیر وەردەگرێ، تا لە (١٢)ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦ بەهۆی وەستانی دڵ ماڵئاوایی کرد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان نێژرا، بڕوانە، مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی پێنجەم – ١٩١٤ — ١٩٤٥، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٢٧٣ — ٢٧٤.

[2]- تەشکیلاتی سانی، مەبەستی کابینەی دووەمی حکومەتەکەی شێخ مەحموودە.

## ٢ـ کۆماری کوردستان

حکوومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی (ڕەزا شا) لە ساڵی ١٩٤١ لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان تێکشکێنرا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئازادی دیموکراتی لە وڵاتەکەدا ببوژێنێتەوە[٢]، دوای ئەمە کۆمەڵێ گۆڕانکاری گەورە لە وڵات ڕوویاندا، لە ساڵی ١٩٤٤ پاش ئەوەی هێزی پۆلیسی ئێران لە مەهاباد وەدەرنرا، خەڵك بۆ خۆی حکوومەتی ئەو مەڵبەندەی گرتە دەست، لەوکاتەشدا ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دامەزرا، پاشان لە (١٦)ی ئابی ١٩٤٦ هەر لە شاری مەهاباد و هەر لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دامەزرا و هەر زوو ئەم حیزبە بوو بە حیزبی هەموو گەل و، گرنگترین بەندەکانی پەیڕەوپڕۆگرامی حیزبەکە بریتی بوو لە: ئازادی و خودموختاری بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا و، بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و کردنی بە زمانێکی ڕەسمی لە کاروباری کارگێڕیدا[٣].

---

١- مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٦ ـ ٢٩٧.

٢- عبدالرحمن قاسملو(د)(١٩٧٣)، کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل ٩٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٩٠ — ٩١.

لە (١٢)ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا جەعفەر پیشەوەری کۆماری ئازەربایجانی دیموکراتی خودموختاری ڕاگەیاند[1]. ئەمەش بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی کوردیش لە ناوچە کوردییەکان حوکمڕانی خۆی ڕابگەیەنێت، بۆیە لە (١٦)ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا ئالآی حکومەتی ئێران لەسەر دامودەزگا و باڵەخانەکان دابەزێنرا و ئالآی کوردستان لە شوێنی هەڵکرا و لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا، لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان و خەڵکی بازرگان و کاسبکار و جوتیارانی کوردستان، کۆماری کوردستان ڕاگەیەنرا و بەمە قەوارەیەکی سیاسی و (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا هاتەکایەوە[2].

قازی محەمەد کە سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و، سەرۆکی کۆماری مەهابادیش بوو، کە ئەمەش بەرزترین دەزگای (هەیئەتی ڕەئیسی میللی کوردستان) بوو، ئەم هەیئەتەش پێکهاتبوون لە[3]:

**١ـ حاجی بابە شێخ ـ سەرۆکی وەزیران (ڕەئیسی هەیئەت)**

**٢ـ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ـ جێگری سەرۆك / وەزیری بەرگری**

---

[1]- هیمداد حوسێن(د)(٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣ — ١٩٤٧، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٢٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

[3]- بڕوانە: عەلائەدین سەجادی (١٩٥٩)، شۆڕشەکانی کورد، ل ٢٧٢ — ٢٧٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٧)، حکومەتی کوردستان، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ل ١٤٧. جەلال تالەبانی (٢٠١١)، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ل ٢٦٠.

٣ـ مەناف کەریمی ـ جێگری سەرۆك / وەزیری فەرهەنگ

٤ـ محەمەد ئەمین موعینی ـ وەزیری ناوخۆ (کیشوەر)

٥ـ ئەحمەد ئیلاهی ـ وەزیری ئابووری

٦ـ کەریمی ئەحمەدین ـ وەزیری پۆست و تەلەگراف

٧ـ سدیقی حەیدەری ـ وەزیری ڕابەری

٨ـ عەبدولڕەحمان ئێلیخانی زادە ـ وەزیری دەرەوە

٩ـ ئیسماعیل ئاغا ئێلیخانی زادە ـ وەزیری ڕێگاوبان

١٠ـ خەلیل خەسرەوی ـ وەزیری کار

١١ـ مەلا حوسێن مەجدی ـ وەزیری داد

١٢ـ مەحموود وەلی زادە ـ وەزیری کشتوکاڵ

١٣ـ حاجی مستەفای داودی ـ وەزیری بازرگانی

١٤ـ محەمەدی ئەیوبیان ـ وەزیری تەندروستی

ئەم دەزگایە (دەزگای هەیئەتی میللی کوردستان) لە جیاتی کابینەی حکومەت یاخود ئەنجوومەنی وەزیران بوو، ناولێنانی بەمجۆرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، یەکەمیان چاولێکەری حکومەتی ئازەربایجان بوو، چونکە ئەوانیش هەمان ناویان لە دەزگای وەزارەتەکەیان نابوو، دووەمیان بۆ ڕەواندنەوەی ترسی دوژمنەکان بوو، بۆ ئەوەی بە جیابوونەوەخوازی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تۆمەتبار نەکرێن[1].

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین (٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

ئەم كۆمارە تا (١٥)ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٦ بەردەوامبوو، كاتێ هێزەكانی ڕژێمی ئێران بێ هیچ بەرگرییەك كە شایانی باسكردن بێت، گەیشتنە شاری مەهاباد و كۆماری كوردستانیان ڕووخاند[١].

لە ڕۆژی (٢٣)ی كانوونی دووەمی (١٩٤٧)دا دادگا حوكمی خنكاندنی بەسەر پێشەوا قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی و هاوڕێكانیاندا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو ڕۆژانە و گفتوگۆی مەلا مستەفای بارزانی لە تاران لەگەڵ ئێراندا، بڕیاری جێبەجێكردنەكەی تا ڕۆژی (٣١)ی مارتی (١٩٧٤) دواخرا، هەر ئەو ڕۆژە، شەو درەنگانێ لە مەیدانی چوارچرا، هەر لەو شوێنەی، كە ئاڵای كوردستانی تێدا هەڵكرا، لەوێ لەسێدارەدران[٢].

ئەگەر بێینە سەر زمانی ستانداردی كوردی لەم كۆمارەدا، ئەوە بۆ یەكەمین جار لەم بەشەی كوردستان زمانی كوردی بوو بە زمانی ستاندارد و ڕەسمی خوێندن و نووسین و قوتابخانە و فەرمانگەكانی حكوومەت، لەم بارەوە قازی محەمەد لە وتارێكیدا لە ڕۆژی هەڵكردنی ئاڵای كوردستان لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد، ئامانجی ئایندەی كۆماری خستەڕوو و بە شانازییەوە باسی لە كردنەوەی قوتابخانە بە زمانی كوردی كرد، ئەمە بەشێكە لە دەقی وتەكانی: ((چەند مەدرەسەی كچان و كوڕانمان كردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دابین كرد و كتێب بە زمانی كوردی تەرجەمە كران... كوڕ و كچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی كوردی دەخوێنن لە

---

[١]- جەلال تاڵەبانی (٢٠١١)، ل ٢٦٤.

[٢]- هیمداد حوسێن، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن، لە مانگێك و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێك دەخوێننەوە و دەنووسن، بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بەگوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کرا و دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان، گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاودەکاتەوە))[1].

ئەگەرچی ئەو حکوومەتە نیشتمانییە کەمتر لە ساڵێك خۆی ڕاگرت، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا قازانجی زۆری بە گەلی کورد گەیاند، زمانی کوردی بۆ یەکەمجار لەم بەشەی کوردستان بووە زمانێکی ڕەسمی و منداڵانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بە چەشنێکی بێ وێنە بڵاوکرانەوە[2].

لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، شێوەزاری موکریانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست زمانی ستانداردی حکومەتەکەی قازی محەمەد بوو، بەو واتایەی شێوەزاری موکریانی لە شێوەزارێکەوە پەڕییەوە بۆ زمانی ستاندارد و، لە شێوەزاری شاری مەهابادەوە تێپەڕی بۆ زمانی ستانداردی هەموو شارە کوردییەکانی سەردەمی کۆماری مەهاباد.

---

[1]- قازی محمد، جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان، کۆکردنەوەی سید محمد حمیدی، ڕ. کوردستان، ژ (١١)، ساڵی یەکەم، چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان ١٣٢٤ بەرانبەر (٦) فیوریە ١٩٤٦، ل ١.

[2]- عبدالرحمن قاسملو، هەمان سەرچاوە، ل ٩١ — ٩٢.

پێشتر لە شارەکانی کوردستان قوتابخانەی حکومەت یەکجار کەمبوو، بەشی هەرە زۆری خەڵك نەخوێندەواربوون، ئەمەش وەنەبێ ڕووداوێکی بەڕێکەوت بووبێ، بەڵکو ئەمە سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی ڕژێمی پەهلەوی بوو لە ئێران، لە بەرانبەردا کۆماری مەهاباد هەیئەتی فەرهەنگی دامەزراند، ئەم هەیئەتەش لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانیدا چەند بڕیارێکی گرنگی بەمجۆرەدا:ـ

**١ـ بڕیاردرا ئەو منداڵانەی بێکەسن و بە سواڵ مەشغوڵن، کۆبکرێنەوە، لە ناو میللەت دابەشبکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ کۆکردنەوەی ئەم هەژار و بێکەسانە بە شارەوانی فەرمان درا، کە کۆیان بکاتەوە و بیانداتە دەست ئاغایانی حوسێن فروهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەتدا بەشیان بکەن.**

**٢ـ بە زۆرینەی بۆچوون پەسندکرا ئاغایانی فروهەر و کەریمی خەڵکی بێ سەواد حازربکەن، کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوێنن.**

**٣ـ پەسندکرا هەموو نیشانەی (تابلۆ)ی ئیدارات و مەکتەب و تیجارەتخانان و عەمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنووسرێ.**

**٤ـ پەسندکرا ئەو منداڵانەی کۆدەکرێنەوە، تەمەنیان لە ٦ – ١٤ ساڵان زیاتر نەبێ.**

**٥ـ لە ئاخری جەلەسەدا پەسندکرا، کە جەلەسەی دیکە جۆری لیباسی شاگردی مەکتەب مەعلوم بکرێ[(١)].**

---

[١]- کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان، ڕ. کوردستان، ژ (١)، پێنج شەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠ بەرانبەر (١١)ی ژانویە ١٩٤٦، ل ١ ، ٤.

ئەگەر سەیری بڕیارەکانی (هەیئەتی فەرهەنگی ـ دەستەی ڕۆشنبیری) بکەین، ئەوە دەبینین بە کردەوە ستانداردکردنی زمانی کوردی دەچەسپێنێ، بەجۆرێ ئەم ستانداردکردنە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، چ لە کردنەوەی قوتابخانە بەو زمانە، یاخود گۆڕینی تابلۆی قوتابخانە و دوکان و فەرمانگە حکومییەکان بۆ سەر زمانی کوردی، کەچی ئەمڕۆکە لە کوردستانی عێراقدا دەزگایەکمان نییە بەم کارە هەستێت، چونکە دەیەها مۆڵ و خواردنگە کراونەتەوە، کە نووسینی تابلۆ و لیستی جۆری خواردن و خواردنەوەکان هەموو بە زمانی بێگانەیە، جا زمانەکان تورکی بێ یان ئینگلیزی یان فارسی... هتد، بەو واتایەی تەنیا بە زمانی کوردی نانووسرێن.

هەروەها ئەم بە ستانداردکردنەی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی تەنیا بواری خوێندن و گۆڕینی تابلۆکانی نەگرتەوە، بەڵکو چەندین بواری تری دیکەشی گرتەوە، لەوانە: حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیارێکی لەبارەی وتاری ڕۆژی هەینی دەرکرد، تیایدا ئەوەی ڕوونکردەوە، کە دەبێ لەمەودوا وتاری ڕۆژی هەینی بە زمانی شیرینی کوردی بخوێندرێتەوە، ئەم هەواڵەش لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە لە بەشێکیدا هاتووە:**((هەوەڵ جارە کە خوتبەی جومعە بە کوردی دەخوێندرێتەوە، وەکو برایان هەموو دەزانن ساڵێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابوو، کە خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوە، ئیمام لە پێشدا**

**خوتبەی بە کوردی دەخوێندەوە، پاشان بە عەرەبی، بەڵام دوێنێ ١٢ی ١١ی ١٣٢٤ ئیمام پاش بەسمەلە.. خوتبەی بەکوردی خوێندەوە))[1].**

هەر لەم سەردەمەدا ناوە فارسی و ناقۆڵاکانی قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان بە ناوی کوردی و خۆش کران، لەوانە هەندێ قوتابخانە بە ناوی (کوردستان) و (گەلاوێژ) و (پێشەوا) ناونران[2].

خاڵێکی گرنگیش هەیە دەبێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە دوای ئەوەی هەیئەی فەرهەنگی بڕیاریدا خوێندنی هەموو قوتابخانەکان بە کوردی بێت و فێربوونی منداڵانی کوڕ و کچی کردە شتێکی ئیلزامی، لەم حاڵەتەدا ژمارەی مامۆستایان کەمبوو، بۆیە هەندێ مامۆستای کوردی لە کوردستانی عێراق هاتن بۆ ئەوەی لە ڕەوتی گەشەپێدانی خوێندن و پەروەردە بەشداربن، لەوانە: محەمەد تۆفیق وردی، عەبدولقادر ئەحمەد، عوسمان دانش، جەمیل بەهائەدین[3].

دیارە ئەم گرنگیدانەی کۆماری مەهاباد بە ستانداردکردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی خوێندندا، پەیوەست بوو بە پەیڕەوپڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە جۆرێك قازی محەمەد خۆی گرنگی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە و لە بڕگەی سێزدەی فەسڵی سێیەم لە مەرامنامەی حیزبدا هاتووە: ((لە نێوان دانیشتوانی کوردستاندا بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و

---

[1]- هەوەل جارە کە خطبةی جمعە بە کوردی دەخوێندرێتەوە، ڕ. کوردستان، ژ (١٠) دووشەممە (١٥)ی ڕێبەندان ١٣٢٤ بەرانبەر (٤)ی فبوریە ١٩٤٦، ل ٣.

[2]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦ — ١٥٧.

مەعریفەت، خوێندنی ئیبتیدایی و ناوەنجی ئیجبارییە، لە مەدرەسەکاندا خوێندن بە زمانی کوردی دەبێ))[1].

وەکو دەردەکەوێت کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد لە دوای تەجروبەی حکومەتی کوردستان بە سەرکردایەتی شێخ مەحموودی حەفید زادە، دووەمین تەجروبەی حوکمڕانی کوردی بوو، هەردووکیان تازەبوون، بۆیە دەبوو لە نوێ خەریکی دانانی بناغەی زمانی دەوڵەت بن، بۆیە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیدا وازی لە زمانی فارسی هێنا و هەر لە سەرەتاوە هەنگاوێکی ئازایانەی هاوێشت بۆ دانانی بناغەی ئەو زمانە، لەم بارەوە کۆمیتەی مەرکەزی حیزب، بە کردەوە ئەرکی دانانی یاسا و هەیئەتی ڕەئیسی میللی و وەزارەتەکانیش ئەنجامدا، بەو واتایەی ئیدارەکان ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەبینی، هەمووی بە کوردی کارەکانیان ئەنجام دەدا.

کەواتە لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد زمانی ستانداردی کوردی بوونی هەبووە و شێوەزاری موکریانی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست زمانی ستاندارد و ڕەسمی وڵات بوو.

دوو لە دیارترین شاعیرانی موکریانیش، هەژار و هێمنن، کە شیعریان لەسەر شێوەزاری موکریانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی دەنووسی، ئەم دوو شاعیرە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد لەوێ بوون و بەم بۆنەیەوە شیعریان خوێندەوە.

---

[1]- مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی مەهاباد، سەرماوەرزی ١٣٢٩ (١٩٥٠)، ل ٣.

هەژاری شاعیر[1]، یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە چەندین شیعری جوانی لەسەر کۆماری مەهاباد هۆنیوەتەوە، یەکێ لەو شیعرانە، کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمارەکەدا خوێندییەوە، دواتر لە ڕۆژنامەی (کوردستان) بڵاوکرایەوە، کە دەڵێت:

**سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە**

**نیشتمانی ئەوڕۆ کوڕانت جێژنی ئازادی دەکەن**

**بوونەوە خێوی وەڵات تاڵانکرا و ڕوت و ڕەبەن**

**شیرنی خۆی گرتە نێو ئامێز و باوەش کوهکەن**

**ڕووتەنی کوێستانی کوردان بووە بژوێن و زەمەن**

**گەرچی ڕێبەندانە ئێستی پڕ گوڵ و بۆتە چەمەن**

**بۆتە جەنناتی عەدەن، چاو و بەدەن، دار و دەوەن**

**سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە**

**جێژنی ئازادی کوردستانە**

**خوێنی کوردانی شیمال و ئەشکی چاوی دایکەکان**

**شینی خوشکانی وەتەن بۆ لاوەکانی نەوجەوان**

[1]- هەژار ناوی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندییە لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی شەرەفکەندی سەر بە شاری بۆکانی ناوچەی موکریان لەدایکبووە، یەکێکە لە کەسایەتییە نزیکەکانی قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی، لە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد ڕوودەکاتە بەغدا، خاوەنی چەندین بەرهەمە، لەوانە (بۆ کوردستان، هەمبانە بۆرینە، قورئان وەرگێڕان بەکوردی، مەم و زین، ئەحمەدی خانی ـ گۆڕینی بۆ سەر شێوەزاری موکریان، دیوانی مەلای جزیری... هتد). هەژار لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کرد و لە مەهاباد بەخاك سپێردرا، بڕوانە: مارف خەزنەدار (د)(٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم – ١٩٤٥ ـ ١٩٧٥، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٣٧٧– ٣٧٨.

**چوونە داد بۆ لای خودا، دەریای تەرەحوم هاتەچۆش**
**لا گریکی بۆمە مەعلوم کرد نەبەرد و قارەمان[1]**

هەروەها دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، شیعرێکی بەناوی (هەر کوردم) نووسی، ئەم شیعرە باس لە دەربەدەری خۆی دەکات دوای تێکچوونی کۆمار، کە چۆن تووشی ئاوارەیی و سەرگەردانی بوو، هەروەکو دەڵێت:ـ

**هەر کوردم**

**بەدەر بەدەری یان لەماڵی خۆم — لە خاکی عەرەب لە ئێران و ڕۆم**
**کۆك و پۆشتەبم ڕووت و ڕەجاڵ بم — کۆشکم دەقات بێ، وێرانە ماڵ بم**
**ئازاو ڕزگاربم شادان و خەندان — یان زنجیر لەمل لە سووچی زیندان**
**ساغ بم جحێل بم بگرم گوێسوانان — یان زار و نزار لە نەخۆشخانان**
**دانیشم لەسەر تەختی خوونکاری — یان لە کۆلانان بکەم هەژاری**
**کوردم و لە ڕێی کورد و کوردستان — سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان**
**بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم — بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم**
**بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە — لەو دنیایش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە[2]**

(هێمن)[1]ی شاعیریش ئەمیش یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەوە چەندین شیعری لەسەر کۆماری مەهاباد و

[1] - هەژار، سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، ڕ. کوردستان، ژ. (١١)، چوارشەممە (١١)ی ڕێبەندان ١٣٢٤ بەرانبەر بە (٦)ی فیوریەی ١٩٤٦، ل ٤.

[2] - هەژار، بۆ کوردستان، انتشارات هەژار، سنە، ١٣٨٥ (٢٠٠٦)، ل ١٣.

کوردستان بە گشتی نووسیوە، یەکێ لەو شیعرانەی کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباددا خوێندوویەتەوە، ئەم شیعرە بە ناوی (جێژنی ئازادی)یە، کە دەڵێت:

**جێژنی ئازادی**

**نەوجەوانانی ژیر و وریای کورد**
**پیرە پیاوانی پیاو و ئازای کورد**
**بێچوە شێرانی چابك و بێباك**
**تازە لاوانی میللی و خوێنپاك**
**نەو نەمامانی باغچەی ئاوات**
**کار بەدەستانی حیزبی دیموکرات**
**ئەی ئەوانەی کە چاو بەگریان بوون**
**دژو داماو کز و پەرێشان بوون**
**بۆ وەتەن ڕۆژ و شەو دەگریان زار**
**دیتو لەو ڕێ یەدا هەزار ئازار**
**بەشبڕاو بوون لە خۆشی و شادی**

---

[١] - هێمن ناوی محەمەد ئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخولئیسلامی موکریانییە، لە ساڵی ١٩٢١ لە گوندی (لاچین) لە نزیك مەهاباد لەدایکبووە، یەکێك بووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ. ك) و، یەکێك بووە لە کەسایەتییە نزیکەکانی قازی محەمەد، بۆیە دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، ڕوو دەکاتە قەڵادزێ، پاشان دوای لێبوردنی گشتی دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران و، لە ڕۆژی (١٧)ی نیسانی ١٩٨٦ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی مەهاباد دەنێژرێ، بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، ل ٤٢٣.

**دەرکراو بوون لە باغی ئازادی**[1]

هێمن لە ساڵی (١٩٤٢) شیعرێکی بە ناوی (کوردم ئەمن) دەنووسێ، کە ئەوپەڕی بیروباوەڕی کوردایەتیی شاعیر دەردەخات و باوەڕی تەواوی بە شۆڕش هەیە، بۆیە دەڵێت:ـ

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**
**گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**[2]

لە بواری ڕۆشنبیریشدا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەردەچوون، کە هەندێکیان پێش دامەزراندنی کۆمار و هەندێکیشیان دوای دامەزراندنی کۆمار بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: (گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد)، هەروەها چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەی بۆکان لە بۆکان دامەزران و

---

[1] - هێمن، جێژنی ئازادی، ڕ. کوردستان، ژ. (١٢)، شەممە (٢٠)ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بەرانبەر (٩) فیوریەی ١٩٤٦، ل ١.

[2] - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣١ — ٤٣٢.

ڕادیۆی کوردی کە ڕادیۆی مەهابادبوو لە شاری مەهابادی پایتەختی حکومەتی کوردستان دامەزرا[1].

## ٣ـ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

### ١ـ شوێنی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق شوێنی جوگرافییەکەی بریتییە لەو بەشەی کوردستان، کە دەکەوێتە نێو سنووری دەوڵەتی عێراقەوە، کە دوا بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی دروستبووە، بە پلەی یەکەم هەرێمێکی مرۆییە سەرەڕای ئەوەی نیشتمان یان خاکی کوردانە و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، بەڵام لە ڕووی فرەنەتەوەیی و فرە ئایینییەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق جیایە، لە تەك کورددا عەرەب و تورکمان و ئاشوریش هەن، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە پاڵ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی هەرێم موسڵمانن، کەچی مەسیحیشی تێدایە. هەموو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە بەرزاییەکانی حەمرین سنووری سروشتیی باشووری کوردستان پێکدێنێت، سنووری هەرێم لەناو قەدی عێراقەوە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەدرە لە لە پارێزگای واست دەست پێدەکات بەرەو باکوور تا پردی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ لە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمرین تا فەتحە دەڕوات شانبەشانی ڕووباری دیجلە سەردەکەوێ و لە باکووری شاری مووسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە

---

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ١٦١ — ١٧٠.

بە ئاڕاستەی شارۆچکەی حەزەر، پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بە ئاڕاستەی سنووری عێراق - سوریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج، ڕووبەری هەرێم (٧٨٧٣٦کم٢)یە، کە دەکاتە زیاتر لە ١٨٪ی سەرجەمی ڕووپێوی عێراق، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە:-

١- پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك).

٢- هەموو ناحیە و قەزاکانی پارێزگای نەینەوا، جگە لە قەزاکانی مووسڵ و بەعاج و حەزەر.

٣- قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و کفری، جگە لە ناحیەی بەلەدرۆز لە پارێزگای دیالە.

٤- ناوەندی قەزای بەدرە لە پارێزگای واست (کوت)[1].

## ٢- مێژووی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت

دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس بەسەرۆکایەتی سەددام حوسێن لە ١٩٩٠/٨/٢ هەڵیکوتایە سەر وڵاتی کوێت و داگیری کرد، پاشان ئاڵۆزی و گرژییەکی زۆر لە ناوچەکەدا پەیدابوو و، لەو سەروبەندەدا لە ١٩٩١/١/١٧ سێ وڵاتی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا هێرشی (گەردەلوولی بیابان)یان دژی عێراق سازکرد و لە ئاکامدا لە ١٩٩١/٢/٢٧ هێزەکانی پیادەی سوپای هاوپەیمانان وڵاتی کوێتیان ڕزگارکرد بە دەرکردنی هێزەکانی سوپای هەڵاتووی ڕژێمی بەعس لەو

1- www.Perleman.org /default. Aspx? Page= sitecontents= Parliament – History.

خاکە[1]، تێکشکانی هێزەکانی سەربازیی عێراق، دەرفەتێکی زێڕینی بۆ پارتە بەرهەڵستکارە کوردستانی و عێراقییەکان ڕەخساند، بۆ ئەوەی دژی زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعس ڕاپەڕن، ئەوەبوو لە لەسەرەتادا بووە هۆی ڕاپەڕینی عەرەبی شیعە مەزهەب ١٩٩١/٢/٢٨ لە باشووری عێراق[2]، دوای ئەوە لە ١٩٩١/٣/٥ لە شاری ڕانیە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ چوار شاری گەورەی کوردستانی عێراق (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەرکووك) ئازادکران و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی[3].

بەڵام دواتر ڕژێمی سەددام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و دهۆکی داگیرکردەوە، بۆ دەربازبوون لە شاڵاوی کوشتنی دڕاندانەی ڕژێمی سەددام، گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و مەسیحییەوە لە ١٩٩١/٣/٣١ لە کۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، هاوکاتیش هێزی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکان لەهەردوو ناوچەی کۆڕێ لە هەولێر و چیای ئەزمەڕ لە سلێمانی سەنگەری بەرگریان قایم کرد و ئازایانە هێزی پەلاماردەری سوپای عێراقیان تێکشکاند، دواتریش لەسەر پێشنیازی فەڕەنسا و بەپشتیوانی ئەمەریکا و بەریتانیا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد، کە بەهۆیەوە ناوچەی (پەناگەی ئارام) بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنوورییەکان لە

---

[1]- عەلی کەندی(٢٠٠٧)، مێژوونامە، ل ٧٠١ – ٧٠٣.

[2]- دیڤید ماکداول (١٩٩٩)، فصول من کتاب التاریخ الکوردي المعاصر، ت. د. رزگار، دهوك، ص ٤٢.

[3]- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم(٢٠٠٨)، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١ – ١٩٩٨، ل ٩١.

دژی فڕینی فڕۆکەکانی سوپای عێراقی لەسەرووی هێڵی پانی (٣٦) پلە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاری کرا[1].

حکومەتی عێراق لە ١٩٩٢/٤/٢٦ دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك کشاندەوە، لەبەرانبەریشدا ئابلوقەیەکی ئابووری توندی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند، بەهۆیەوە بەرپرسیارییەکی گەورەی کەوتە ئەستۆی بەرەی کوردستانی، ئەویش بریتی بوو لە پاراستنی خەڵك و خاکی هەرێمەکە و بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی عێراق[2]، دیارە ئەو هۆکارەی کە لە پشتەوەی ئەوەبوو حکومەتی عێراق دەست لە کوردستان هەڵبگرێت، سەرنەگرتنی دانوستانەکان بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕژێمی بەعسی پڕۆژەی (ئەرکەکانی بەرەی کوردستانی) خستەڕوو، بەو پێیە نابێت هیچ جۆرە هاریکاری و پەیوەندییەك لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ئەنجام بدرێت، هەروەها دەبێت بەرەی کوردستانی لەژێر ئاڵای عێراقدا دژی سیاسەتی ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئێران بوەستێ، سەرەڕای ئەوەی دەزگای ئاسایش لە کوردستان دەبێت سەر بە دەستەڵاتی ناوەندی بەغدا بێت و پێشمەرگە چەکە قورسەکان بداتەوە دەست سوپای عێراق[3]، بۆیە لە ١٩٩٢/٤/٢٨ بەرەی کوردستانی کە لە حەوت حیزب پێکهاتبوو، وەك دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و کارگێڕی و یاساییەدابوو، کە ڕژێم لە

---

1- www.perleman.org.

٢- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم (٢٠٠٨)، ل ١٠١.

٣- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم (٢٠٠٨)، ل ١٠١.

کوردستان دروستی کرد، ئەوەبوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لە دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە، لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازاد و دیموکراتییەوە، بۆ ئەمەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لێژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە دادوەر و پارێزەر و مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهێنا، بەمشێوەیەی خوارەوە:ـ

**١ـ ڕەشید عەبدولقادر**

**٢ـ مەعروف ڕەئووف**

**٣ـ نازم حەوێزی**

**٤ـ حاکم ئەمیر حەوێزی**

**٥ـ شەمسەدین موفتی**

**٦ـ د. سەعدی بەرزنجی**

**٧ـ د. خورشید شەوکەوت ڕواندزی**

**٩ـ پارێزەر مستەفا عەسکەری**

**١٠ـ فەرسەت ئەحمەد**

**١١ـ د. قەیس دیوالی**

**١٢ـ حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی**

**١٣ـ بەختیار حەیدەری**

**١٤ـ قادر جەباری**

**١٥ـ فەرەنسۆ هەریری**

ئەم لیژنە تایبەتییە چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ – ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامدا، پڕۆژە یاسەیەکیان پێشکەش بە سەکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد و لەڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەردرا بە ناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق پەسند کرا[١].

## ٣ـ هەڵبژاردنی خوولی یەکەمی پەرلەمان و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (١)ی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەسەرپەرشتی و چاودێری نوێنەرانی چەندین ڕێکخراوی بیانی لە بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژنامەنووسانی بیان ئەنجامدرا، ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی پەرلەمان و ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەڕێگەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ ئەنجامدرا، کە (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر بەشدارییان تێدا کرد، و بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەر حزبێك دەبوایە (٧٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی کورسییەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات[٢].

بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کە لەلایەن دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیەندرا،

---

1- www.perleman.org.
2- www.perleman.org.

تەنیا لیستی (پ. د. ك) و لیستی هاوبەشی (ی. ن. ك و ح. ز. ك) هاتنە نێو ڕێزی پەرلەمان[1].

دواتر دەنگی پارتە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردن، بەسەر هەریەك لەو دوو پارتە دابەشکران و (پ. د. ك) ڕێژەی ٥٠.٨٪ و (ی. ن. ك) ٤٩.٢٪ بەدەستهێنا و هەریەکەیان (٥٠) کورسییان لە پەرلەمان وەرگرت و، مەسیحییەکانیش (٥) کورسییان بۆ تەرخانکرابوو، کە ئەمەش سەرجەمی کورسی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو، کە (١٠٥) کورسی بوو[2]، کە (٤) ئەندامیان لە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و (١) ئەندام لە لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکانی کوردستان، بۆیە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ یەکەم دانیشتنی خۆی بەست، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بە بڕیاری ژمارە (١) لە ١٩٩٢/٧/٥ بەرانبەر بە (١٤)ی پووشپەڕی ٢٦٩٢ کوردی، کە واژووی (جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقی لەسەرە، یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی (د. محەمەد فوئاد مەعسوم) و جێگیریەتی (د.ڕۆژ نوری شاوێس) پێکهێنا، کابینەی یەکەم لە سەرۆك و جێگیر و (١٤) وەزیر و (١٢) بریکار پێکهاتبوو[3].

---

1- www.Perleman.org.

٢- مايكل ميدو كروفت و زميله (١٩٩٧)، انتخابات البرلمان الكوردي في العراق وانتخابات قائد الحركة التحررية الكردية، ترجمة ونشر مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ص ٣٥ – ٣٨.

٣– المجلس الوطني لكوردستان العراق، رقم الامر (١)، ١٩٩٢/٧/٥.

ئەم کابینەیە تا ١٩٩٣/٤/١٠ بەردەوامبوو، دەربارەی ئەنجامی ڕاپەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیش، ئەوا مەسعوود بارزانی بە ڕێژەی ٤٧.٥١٪ و جەلال تاڵەبانی بە ٤٤.٩٣٪ و عوسمان عەبدولعەزیز بە ٣.٩٧٪ و مەحموود عوسمان بە ٢.٣٧٪ ڕێژەی دەنگدەرانی کوردستانیان بەدەستهێنا[1].

دەبێ ئەوەش بوترێت کە پەرلەمانی کوردستان یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی لەم قۆناغەدا، توانی لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری فیدراڵی بۆ گەلی کورد ڕابگەیەنێت[2].

## ٤ـ کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەم کابینەیە بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٢)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ڕێککەوتی ١٩٩٣/٤/١١، کە واژووی (جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی لەسەرە، ڕاگەێندرا، ئەم کابینەیە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا (کۆسرەت) ڕەسووڵ و جێگریەتی د.ڕۆژ نووری شاوێس پێکهێندرا، و بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ڕێککەوتی ١٩٩٣/٤/٢٥ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، متمانە بەخشرایە وەزیرەکانی ئەم کابینەیە، کە لە سەرۆك و جێگر و (١٥) وەزیر پێکهاتبوو[3].

---

[1]- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١.

[2]- بڕیاری ڕاگەیاندنی فیدراڵی - بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدراڵی، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، بڕوانە : www.perleman.org.

[3]- المجلس الوطني الكوردستان العراق، رقم الاقرار (٢٢)، ١٩٩٣/٤/١١، رقم القرار (٢٣)، ١٩٩٣/٤/٢٣.

دەبێ ئەوە بوترێت کە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، لە (٢)ی مایسی ١٩٩٤ نەتوانرا هەڵبژاردنی خوولی دووەم ئەنجامبدرێ، بەڵام لەم بارەوە پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکی زۆریدا، بۆ ئەوەی ڕێگا لە تەشەنەسەندنی ئاگری ئەو شەڕە ناوخۆییە بگرێ، بۆ ئەمەش هەڵوێستی خۆی لە ڕاگەیاندنێکی دیکۆمێنتیدا، کە لە (١٩) خاڵ پێکهاتبوو، دژی ئەم شەڕە دەرکرد و چەندین لیژنەی مەیدانیشی بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاگربەست و بڕیاردانی ئاشتی لە بەرەکانی شەڕدا پێکهێنا، هەروەها (٥٩) ئەندام بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ لە هۆڵێکی نێو پەرلەمان دژی شەڕی ناوخۆ پەناگیری خۆیان ڕاگەیاند، ئەم هەڵوێستەش لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان پشتگیریەکی زۆری لێکرا، لەم ڕۆژەوە ئەو هۆڵە ناوی لێنرا هۆڵی پەناگیری، تەشەنەسەندی گرژی شەڕی ناوخۆ و زیادبوونی مەترسییەکان بۆ سەر ئەو دیموکراسیەتە ساوایەی کوردستان، سەرەنجام پەرلەمانیشی کردە قوربانی شەڕی ناوخۆ و بۆ ماوەیەکی زۆر پەکی کەوت و نەیتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات[1].

## ٥ـ کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

---

[1]- www.perleman.org.

لە دوای ڕووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان دوو هەرێمی جوگرافی جیاواز دابەشبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتی خۆی لە هەولێر و دهۆك پتەوکرد و سێیەمین کابینەی حکومەتی بە سەرۆکایەتی د.ڕۆژ نووری شاویس و جێگیری سەرۆك نێچیرڤان بارزانی دامەزراند[1].

ئەم کابینەیە بەپێی بڕیاری ژمارە (٦)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، لە ڕێککەوتی ١٩٩٦/٩/٢٦ کە واژووی (جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقی لەسەرە، متمانە بەخشرایە (د. رۆژ نووری شاوێس) وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، (نێچیرڤان ئیدریس بارزانی) وەك جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و (١٤) وەزیر[2].

بەهەمان شێوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری سلێمانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە سایەی سەرۆك وەزیران کۆسرەت ڕەسووڵ و جێگری سەرۆك وەزیران د. کەمال فوئاد دامەزراند[3].

کەواتە لەم قۆناغەدا هەر حیزبەو کابینەکەی خۆی بە ئەندامەکانی خۆیان یان حیزبە هاوپەیمانەکانیان پڕکردەوە، هەرچەندە هەڵومەرجەکە لە ئیدارەی سلێمانی تاڕادەیەك جیاوازبوو، ئەو سیستەمە سیاسییەی کە سێیەمین

---

[1]- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق – پەرەسەندنی سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراسی، و: د.یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ل ٣٤٩.

[2]- المجلس الوطني الكوردستان العراق، رقم القرار (٦)، ١٩٩٦/٩/٢٦.

[3]- گەراس ئاڕ. ڤی (٢٠١٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٩.

کابینەی کۆسرەت ڕەسووڵی لێ شینبوو، لە چوارچێوەی هەڵسوڕانی تەشریعیدا کاری نەدەکرد، لەکاتێکدا سێیەمین کابینەی هەولێر بەشێکی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هێشتبووەوە، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەشێکی لێدابڕا بەهۆی هەڵاتنی ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی لە شاری هەولێر، بەڵام بە بوونی پەنجا ئەندامی پارتی لەگەڵ پێنج نوێنەرەکەی کریستیانی، توانرا ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بپارێزرێت[1].

دەبێ ئەوەش بوترێت کە کابینەکەی حکوومەتی یەکێتی لە سلێمانی کارەکانی ئەنجامدەدا و کابینەکەشی لە کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و د. کەمال فوئاد وەك جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن و (١٤) وەزیری لەخۆوە گرتبوو[2].

## ٦ـ کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەم کابینەیە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٥) ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ڕێککەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٠ کە واژووی (جەوهەر نامیق سالم)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی لەسەربوو، متمانەی بەخشییە هەریەك لە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و محەمەد (سامی) مەحموود عەبدولڕەحمان وەك جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم کابینەیە جگە لە سەرۆك و جێگرەکەی، (٢١)

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٩ – ٣٥٠.

[2] - گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٣ – ٣٦٥.

وەزیریشی لەخۆوە گرتبوو[1]. ئەم کابینەیەش لەسەردەمی دوو ئیداریيدا درێژی درێژی بە کارەکانیدا.

هەروەها ڕێککەوتنامەی ئاشتی (واشنتۆن) لە ساڵی ١٩٩٨ بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا (خاتوو مادلین ئۆلبرایت) و لەنێوان (جەلال تالەبانی) و (مەسعوود بارزانی) ئیمزا کرا، لەهەمان کاتیشدا پەرلەمانی کوردستان یەکیگرتەوە و، لە ٢٠٠٢/١٠/٤ یەکەم کۆبوونەوەی یەکگرتنەوەی لە هەولێر کرد و هەفتەیەکیش دوای ئەوە، کۆبوونەوەی دووەمی یەکگرتنەوەی پەرلەمان لە سلێمانی گرێدرا، بەمەشەوە پەرلەمانی کوردستان یەکیگرتەوە و بەشێکی زۆری ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی گۆڕدران و بەپێی بڕیاری ژمارە (٢) ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ی پەرلەمانی کوردستان، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی کورسییە چۆلەکانی، (٢٣) پاڵێوراوی بۆ ئەم کورسییانە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کرد و سوێندی یاساییان لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ خوارد و بوونە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان[2].

---

[1] - المجلس الوطني الكوردستان العراق، رقم القرار (٣٥)، ١٩٩٩/١٢/٢٠.

[2] - www.perleman.org.

## ٧ـ هەڵبژاردنی خوولی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥) و پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

لە ڕۆژی (٣٠)ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ خوولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، ئەم هەڵبژاردنە هاوتابوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام لە کوردستان و عێراق ئەنجام درا.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دانیشتوانی کوردستان جیا لە دانیشتوانی ناوچەکانی تری عێراق، لەیەك کاتدا دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی (٣) ئەنجوومەنی جیادا، ئەوانیش ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، کە لە سنووری پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك) ئەنجامدرا، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان. پێویستە بگوترێت کە لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، لە هەر سێ پارێزگای (کەرکووك، نەینەوا، دیالە) ڕێگەیان پێنەدرا دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن، لەبەرئەوەی چارەنووسی گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم یەکلایی نەکرابۆوە، وەك چۆن لە ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق ناسراوە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە دواتر بووە ماددەیەکی دەستووری لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بە ماددەی (١٤٠)[1].

---

1- www.perleman.org.

لە هەڵبژاردنی خوولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (١٣) لیستی جیاواز بەشدارییان لە ململانێکاندا کرد، کە بە سیستمی (نوێنەرایەتی ڕێژەیی) بەڕێوەچوو، تیایدا (١.٧٥٣.٩١٩) کەس لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە (١٠٥) ئەندام بۆ (١١١) ئەندام بەرزکرایەوە، لە ئەنجامدا تەنها سێ لیست لەکۆی (١٣) لیست، کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردبوو، توانیان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش لیستی (نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) کە (١٠٤) کورسی و لیستی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق) بە (٦) کورسی و لیستی (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان) بە (١) کورسی[1]. بۆیە کابینەی پێنجەم بە پێی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٥/٧ و دواتر بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٥/٧، کە واژووی (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، دامەزرا و متمانە بەخشرایە سەرۆك وەزیران (نێچیرڤان ئیدریس بارزانی) و جێگری سەرۆك وەزیران (عومەر فەتاح حوسێن)، جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم کابینەیە لە سەرۆك و جێگر و (٣٩) وەزیر پێکهاتبوو[٢].

ئەم کابینەیەش بە گەورەترین کابینەی حکوومەتی هەرێم دادەنرێت، لەڕووی ژمارەی زۆری وەزیرەکانەوە، هەروەها ئەم کابینەیە هەوڵدان بوو بۆ

[1]- www.perleman.org.

[٢]- رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق، قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٠٦.

نەهێشتنی سەردەمی دوو ئیدارەیی و یەکخستنی ناو ماڵی کورد، بۆیە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

## ٨ـ هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پەرلەمان (٢٠٠٩) و کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

بەر لە ٢٠٠٩/٦/٤، کە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خوولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بوو، عەدنان موفتی سەرۆکی خوولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٥ دەرچووە و ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە، تیایدا پێشنیازی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ ی کردبوو بۆ هەڵبژاردنەوەی خوولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژەشی بۆ ئەوە گەڕاندبۆوە، کە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان لە ١٩٩١/٥/١٩ ئەنجامدراوە، لە نووسراوێکی تریشدا کە ئاڕاستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کردووە و مێژووی ٢٠٠٩/٣/٢٦ی بەسەرەوەیە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر جەخت لەسەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ کردۆتەوە، کە هەڵبژاردنی تیا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە نووسراوەکەدا داوای لە کۆمسیۆن کردووە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن تەنسیق لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆیە دواجار ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بە ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری کرا و لەم ڕۆژەدا هەڵبژاردن لە کەشێکی ئازاد و بە ئامادەبوونی چەندین چاودێری نێودەوڵەتی و بیانی و عەرەبی و

ناوخۆیی سەرکەوتووانە بەڕێوەچووە[1]، لەم هەڵبژاردنەدا (٢٤) لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بۆ کێبڕکێ لەسەر (١١١) کورسی و تیایدا (١١) لیست توانیان ڕێژەی یاسایی بەدەست بهێنن و بێنە ناو پەرلەمان، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەش وەك لە نووسراوی ژمارە (خ/٩/١٤٣١ لە ٢٠٠٩/٨/١٨)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان لە عێراق هاتووە و ئاراستەی پەرلەمانی کردووە و تیایدا موسادەقەی کۆتایی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کردووە، کە بەو پێیە (مەسعوود بارزانی) وەك سەرۆکی هەرێم بە ڕێژەی ٦٩.٦٠ هەڵبژێردراو و لیستە براوەکانی ناو پەرلەمانیش بریتی بوون لە: لیستی کوردستانی ٥٧.٣٧٧٪ و لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ٠.٨٠٪ و لیستی گۆڕان ٢٣.٧٢٪ و لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی ١.٤٥٪، لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ١٢.٨٤٪ و لیستی ڕافیدین ٠.٣٠٪ و لیستی ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووریی ٠.٥٦٪، لیستی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی ٠.٩٨٪ و لیستی تورکمانی هەولێر ٠.٢١٪ و لیستی چاکسازی تورکمانی ٠.٣٨٪ و لیستی ئارام شاهین ٠.٢٢٪ بەدەستهێنا و چوونە نێو پەرلەمان[2].

بەپێی بڕیارەی ژمارە (٢٦) لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨ ی سەرۆکایەتیی هەرێم، کە واژووی (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی لەسەرە، کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی پێبەخشرا و دامەزرا، ئەم کابینەیە بە

1- www.perleman.org.
2- www.perleman.org.

سەرۆکایەتی (د. بەرهەم ئەحمەد سالْح) و جێگریەتی (ئازاد محەمەد بەرواری) و (١٨) وەزیری لەخۆوە گرتبوو[١].

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی یەکەم کابینەی حکومەت و هەتا ئەمڕۆکە، زمانی کوردی کردە زمانی ڕەسمی دامودەزگاکانی، ئیتر ئەم زمانە ڕۆژ دوای ڕۆژ جێگای خۆی پتەوترکرد و توانی زمانی عەرەبی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم دوورخاتەوە، لە هەمان کاتیشدا زمانی کوردی لە هەرێمدا بووە زمانی خوێندن و فێرکردن و لە سەرەتای سالْی خوێندنی (١٩٩٢ – ١٩٩٣) فەرمانی وەزاری بۆ دەرکرا، کە ئەم خالانەی خوارەوەی لەخۆوە گرتبوو[٢]:ـ

**١ـ لە قوتابخانەکانی کوردیدا، هەموو وانەکان بە زمانی کوردی دەخوێندرێن، زمانی کوردیش وەکو وانەیەکی تایبەتی:ـ**

**أ ـ لە قۆناغی سەرەتاییدا لە پۆلەکانی ١ و ٢ و ٣ هەر هەفتەی یازدە وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێ، لە پۆلی چوارەم هەفتەی حەوت وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێت و پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم لەهەر یەکیان چوار وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێ.**

**ب ـ لە قۆناغی ناوەندیدا، لە هەر سێ پۆلەکانیدا هەفتانە چوار وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێت.**

---

١- رئاسة الاقليم، الرئيس، قرار رقم (٢٦)، ٢٠٠٩/١٠/٢٨.

٢- ناسیح غەفوور ڕەمەزان(د)(١٩٩٣)، زمانی کوردی لە سەرەتای سالْی ٢٠٠٠دا، کۆنفراس، پاریس، ٢٨ و ١٩٩٣/١١/٢٩، وەرگیراوە لە:ـ چنار سەعد عەبدوللا(٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، ل ١٨٦.

**ج ـ هەروەها لە قۆناغی دواناوەندیشدا هەفتانە لە پۆلەکانی چوارەمی گشتی و پێنجەم و شەشەمی زانستی و وێژەیی چوار وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێن.**

**٢ـ لە قوتابخانەکانی عەرەبیش جگە لە وانەیەکی کوردی، وانەکانی تر بە زمانی عەرەبی دەخوێندرێت.**

هەروەها حکوومەتی هەرێم لەپاڵ ئەوەی کە زمانی کوردی کردە زمانی ڕەسمی هەرێمەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبواری پەروەردەدا ڕێگەی بە زمانی کەمینەکانی تری ناو چوارچێوەی هەرێمدا بۆ ئەوەی بە زمانی خۆیان بخوێنن، هەروەکو لە یاسای ژمارە (١٥)ی ٢٠٠٦ی یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە، کە ژمارە (٤)ی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە:ـ

ماددەی چوارەم:

بڕگەی (٤) لە ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و، بڕگەیەکی دیکەش بۆ مادەکە زیاد دەکرێ و دەبێتە بڕگەی (٥) و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:ـ

**٤ـ زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لەو ناوچانەدا دەکرێت بە زمانی فێرکردن، کە ئەوانەی بەم زمانانە دەدوێن چڕپیەکی نیشتەجێ پێکدەهێنن، بە پێی ڕێککاری پەروەردەیی، بەمەرجێ فێرکردنی زمانی کوردی و عەرەبی ئیلزامی دەبێت.**

**٥- گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن، بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە پێی داخوازییەکانی سەردەم، بەجۆرێك لەگەڵ سیاسەتی پەروەردەیی و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان گونجاو بێت[١].**

لە هەمان کاتیشدا دوو بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆ بە ناوەکانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی تورکمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سریانی) دامەزرا، بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی خوێندن بەم دوو زمانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زمانی کوردی، ئەوە هەر لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەت هەرێمی کوردستان، سەرەتا هەر شێوەی سلێمانی کرمانجی ناوەڕاست زمانی دامودەزگاکانی حکومەت بوو، بەو واتایەی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان و پەروەردە و دادگاکان بە دیالێکتی ناوەڕاست بوو، بە جۆرێك لە هەموو شار و شارۆچکە و شوێنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، یەك شێوەی زمانی کوردی لە بواری خوێندن و فەرمانگەکانی حکومەت بەکاردەهات، ئەو شێوەیەش کرمانجی ناوەڕاست بوو، ئەم حاڵەتە چەند ساڵێك بەردەوام بوو، بەڵام دوا بەدوای شەڕی ناوخۆیی و سەردەمی دروستبوونی دوو ئیدارەیی (ئیدارەی هەولێر ـ ئیدارەی سلێمانی)، پرسی کرمانجی سەروو بووە باسێکی گەرموگوڕ، سەرەتا لە پارێزگای دهۆك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان شێوەی بادینی کرا بە زمانی نووسراوەکانیان، تا وای لێهات پڕۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان کرا بە کرمانجی سەروو ـ شێوەزاری بادینی.

---

[١] - طارق جامباز(٢٠١١)، مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان ـ خوێندن بە زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی کوردستاندا، گ. K21، ژ. (١٠ – ١١)، ٢٠١١/٤/٢٢، ل ١٦٣ – ١٦٤.

دیارە دەستپێکی ئەم لەتکردنە لە عێراق، دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، چونکە حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٣١) کاتێ یاسای زمانە ناوچەییەکانی دەرکرد، کە تیایدا مافی بە زمانی کوردیدا، بۆ ئەوەی لە قوتابخانە و دادگاکان بە کوردی بخوێندرێت، بەڵام بەداخەوە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا لە لیوای مووسڵ، کە ئەوکاتە دهۆك لە نێو ئەم لیوایە بوو، زمانی کوردی لەتکرد و بۆ دوو شێوە دابەشی کرد، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە ((لە قەزاکانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێر کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، دەبێ شێوەی زمانی کوردی ئەو شێوەیە بێت کە ئێستا بەکاردێت، بەڵام لە قەزاکانی لیوای مووسڵ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا خەڵکەکەی ئازادن لەوەی چ شێوەیەکی زمانی کوردی هەڵدەبژێرن)). لیوای مووسڵیش ئەوکاتە بریتی بوو لە (ئامێدی، ئاکرێ، دهۆك، زاخۆ، زێبار)، کەواتە ئەم یاسایە بۆ یەکەمجار بوو ڕێگەی بە کوردەکانی ناوچەی بادیناندا لە جیاتی زمانی باوی نووسینی ئەوکاتی کوردی عێراق، کە کرمانجی ناوەڕاست بوو، شێوەی بادینی کرمانجی سەروو بەکاربهێنن، بەو واتایەی زمانی کوردی بەسەر دوو دیالێکت دابەشکرد، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك زمانی کوردی شێوەی کرمانجی ناوەڕاست بوو و، لە شاری دهۆك زیاتر زمانی عەرەبی باڵادەست بوو، ئەگەرچی وانەی کوردی بەشێوەی کرمانجی ناوەڕاست و قوتابخانەی کوردیش هەبوو بە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست، واتە شێوەی کرمانجی سەروو نەکرا زمانی نووسینی کتێبی قوتابخانەکان.

وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە شەڕی ناوخۆ و سەردەمی دوو ئیدارەیی هۆکاری سەرەکی بوون لە هەوڵدان بۆ لەتکردنی زمانەکەمان تاکو بەرەو ئاڕاستەی جووتستاندارد بڕوات، دیارە ئەمەش بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو بوو، لێرەدا هەوڵدەدەین لە بواری پڕۆگرامەکانی خوێندن ئەمە ڕوون بکەینەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی بەڵگەی ڕەسمی، چونکە وەکو دەردەکەوێت سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەروەردە و ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك و کۆڕی زانیاری کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك هەوڵدەدەن زمانی کوردی لە تاکستاندارد و یەکشێوەییەوە بگۆڕن بۆ جووتستاندارد و دوو شێوە، کە دیارە ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر یەك پارچەیی نەتەوەیی کورد، چونکە دواجار لەوانەیە زمانی کوردی ببێتە دوو زمان و هەریەك لە کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست بەرەو دوو زمانی جیاواز بڕۆن و نەتەوەی کوردیش بەسەر دوو نەتەوەی تر دابەش بکات، کە (سەروو ـ ناوەڕاست)ە.

لە پارێزگای دهۆك تا ساڵی ١٩٧٠ خوێندن لەم شارە هەروەك شارە کوردییەکانی تری عێراق بوو، بەو واتایەی بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەڵام دواتر بە هەوڵی هەندێ کەسی نابەرپرس و دژی کورد،زۆربەی قوتابخانەکانی ئەم شارەیان کردە زمانی عەرەبی. دوای ڕاپەڕینیش خوێندن لە هەرێمی کوردستان بە پارێزگای دهۆکیشەوە هەمووی بە یەك شێوە بوو ، ئەویش شێوەی کرمانجی ناوەڕاست، ئەم حاڵەتە لە کابینەکانی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێم وەك خۆی مایەوە، بەڵام لە کابینەی سێیەمدا و بەتایبەتی لە

سەردەمی دوو ئیدارەییدا ، لە ئیدارەی هەولێر دەنگۆی بە کرمانجیکردنی پرۆگرامەکانی خویندن لە پارێزگای دهۆك سەریهەڵدا.

سەرەتا وەزارەتی پەروەردە کە ئەوکات (د.جەرجیس حەسەن) وەزیر بوو، لێژنەیەکیان بەنێوی (لێژنەی دیراسەتکردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی سەروو لە پارێزگای دهۆك) دامەزراند، ئەو لێژنەیەش بەپێی فەرمانە وەزارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەییەکانی ژمارە (٦٠٣٦) و (٢٣٣) و (٢٣٤) لە ١٩٩٧/٩/٢٤ و ١٩٩٨/١/١٧ و ١٩٩٨/١/١٧ دامەزرا . ئەم لێژنەیەش (مستەفا حەسەن شەعبان) ڕاوێژکاری وەزارەتی پەروەردە سەرۆکایەتی دەکرد و دوو کۆبوونەوەیان سازدا و،لەم دوو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازی ئەوەیان کرد، پرۆگرامی خوێندن لە سنووری ئیدارەی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی یەکەم تا پۆلی چوارەم لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست بگۆڕدرێت بۆ کرمانجی سەروو شێوەزاری بادینی،ئەم کارەش وەك خۆیان پێشنیازیان کردووە دەبێ بە قۆناغ ئەنجامبدرێت، بەشێوەیەك بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٩٨ـ١٩٩٩ دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت .

**بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە**

**مەحزەری یەکەمی کۆبوونەوەی لێژنە**

**هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا مەحزەری کۆبوونەوەی (لێژنەی دیراسەتکردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی ژووروو لە خوێندنی قۆناغی سەرەتاییدا لە ناوچەکانی پارێزگای دهۆك و ئەو شوێنانەی بەو شێوەیە دئاخڤن).**

کە بەفەرمانە وەزاریەکانی - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان ژمارە (٦٠٣٦ و ٢٣٣ و ٢٣٤ لە ١٩٩٧/٩/٢٤ و ١٩٩٨/١/١٧ و ١٩٩٨/١/١٧) دامەزرا.

کۆبونەوەیەکی فراوانی لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە کرد لە رۆژی یەکشەممە رێککەوتی ١٩٩٨/٢/٨ کرد، دەربارەی ئەو بابەتەی سەرەوە.

تکایە دیراسەتی ئەو پێنشیارانە و بڕیارانەی لێژنە بکەن و، ڕەزامەندی بەڕێزتان ئەساسە بۆ بەجێهێنانی هەر کارەك لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ سوپاس و رێزماندا..

سەرۆکی لێژنە

مصطفى حسن شعبان

راوێژکاری وەزارەتی

پەروەردە

## مەحزەر و بڕیارەکانی دووەم کۆبوونەوە

لە ڕۆژی یەك شەممەی ڕێککەوتی ١٩٩٨/٢/٨ دا (لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی سەروو لە خوێندنی قۆناغی سەرەتاییدا) لە ناوچەکانی پارێزگای دهۆك و ئەو شوێنانەی بەم شێوەیە دەئاخڤن کە بە فەرمانە وەزارییەکانی ژمارە ٦٠٣٦ ، ٢٣٣ ، ٢٣٤ لە ١٩٩٧/٩/٢٤ ، ١٩٩٨/١/١٧ ، ١٩٩٨/١/١٧ دامەزرا.

کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە کرد کە تیایدا بە ووردی و بە تیر و پری باس و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەو بابەتەی سەرەوە کرد، لە ئەنجامدا گەیشتە ئەم بڕیاردانەو پێشنیارانەی خوارەوە:

١ـ لێژنە لەرووی زانستی و پەورەردەییەوە وای بە پەسەند زانی کە بەرنامەکانی خوێندنی سەرەتایی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی کە بە قۆناغی (بەرایی) دەناسرێت، بخرێنە سەر شێوە زمانی کرمانجی سەروو بۆ ئەوەی لەو قۆناغەدا قوتابیانی قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆك و ئەو ناوچانەی کە شێوە زمانی زگماکییان کرمانجی سەرووە پێی بخوێنن، هەروەها لەسەر ئەوە رێك کەوتن کە ئەم کارە بەم جۆرە ئەنجام بدرێ:

أ ـ بەرنامەکانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووەم لەلایەن چەند لێژنەیەکی پسپۆر و شارەزا و لێهاتووەوە بخرێنە سەر شێوەی کرمانجی سەروو، بەمەرجێك لە دەسپێکی ساڵی خوێندنی ١٩٩٩/١٩٩٨ ئامادەبن و هەر لەو ساڵەدا کاریان پێ بکرێ.

ب ـ بەرنامەکانی پۆلی سێیەمی سەرەتاییش هەر بەهۆی لیژنەی پسپۆڕ و شارەزاوە بخرێنەسەر شێوەی کرمانجی سەروو، بۆ ئەوەی لە دەسپێکی ساڵی ١٩٩٩ / ٢٠٠٠ ئامادەبن و لە ناوچە ئاماژە بۆ کراوەکانی سەرەوە سوودیان لێ وەربگیری.

ج ـ بەرنامەکانی پۆلی چوارەمی سەرەتاییش هەر لەلایەن لیژنەی شارەزاوە بخرێنەسەر شێوەی کرمانجی سەروو، بۆ ئەوەی لە دەسپێکی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠ / ٢٠٠١ ئامادەبن و بەکاربێن.

٢ـ لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی و پۆلەکانی دواتر، خوێندن لەهەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا (بە پارێزگای دهۆکیشەوە)، بەو شێوەیە دەبێ کە ئێستا لە قوتابخانەکاندا بەکاردێت (کرمانجی خواروو)، بەڵام پێویستە ئەم خالانە رەچاو بکرێن:

أ ـ دانانی چەند لیژنەیەکی پسپۆر و شارەزا لەهەموو بوارەکانی زانست و ئەدەبیاتدا بۆ پێداچوونەوەو سەر لەنوێ دارشتن و بژارکردنی پەرتووکە بەکارهاتووەکان لەرووی زمان و زاراوەوە، بە مەبەستی لێك نزیك کردنەوەی شێوەکان و موتوربەکردنی کتێبەکان بەشێوەی کرمانجی ژووروو، تا بەهۆی ئەم کارەوە ڕێ خۆش بکرێ لەبەردەم هاتنەدی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو لەدوا ڕۆژدا.

ب ـ لیژنە پێك هاتووەکان پێویستە شارەزا و لێهاتوویان لە هەردوو شێوە زمانەکە تێدابێت، بۆ ئەوەی یارمەتی پسپۆرانی بوارە جۆربەجۆرەکان بدەن لەرووی دارشتنی زمانەوە.

**جـ - پەسند وایە ئەم لیژنانە لەرووی دارشتن و بەکارهێنانی زاراوەدا لەهەموو بوارەکانی زانست و ئەدەبدا ئاگاداری یەکدی بن و کارێکی وا بکەن کە زاراوەکان لەهەموو قۆناغەکان و لەهەموو بابەتەکاندا وەکو یەك بن.**

**د- وا بەباش دەزانی کە پەلە بکرێ لە دانانی ئەو لیژنانە بۆ ئەوەی دەست بەکارین و سالّ بە سالّ بەرنامەکان ئامادە بکەن.**

**٣- پێشنیار دەکەین لە بەشەکانی زمانی کوردی سەر بە کۆلێجەکان و پەیمانگەکانی مامۆستایانی بایەخ بدرێ بە خوێندنی شێوەی کرمانجی سەروو بە پلەی یەکەم و شێوەکانی تر بە پلەی دووەم، بۆ ئەوەی دەرچووانی ئەم بەشانە شارەزای شێوەکانی زمانەکەیان بن.**

**٤- پێشنیار دەکەین خوێندن لە پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان لە دهۆك بکرێ بە کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێ هاریکاری لە پەیمانگەی مەڵبەندی هەولێر وەربگیرێ.**

**٥- هەموو ئەو لیژنانەی کە باسکران و ناویان هێنرا، پێویستە یەك جۆرە دەستوور و بنەما لە (ڕێنووس)دا بەکاربێنن.**

پاشان (د.ڕۆژ نوری شاوێس) سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٤٥٠٨) لە بەرواری ١٩٩٨/٦/٢٧ ، کە ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەیی کردووە، تێیدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە، کە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی کتێبەکانی دەڤەری دهۆك بخرێتە سەر شێوەی دیالێکتی

کرمانجی سەروو، واتە سەرۆکی حکومەت یەکەم کەس بوو پرسی بە کرمانجیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی لە پارێزگای دهۆك خستە بواری جێبەجێکردن و بەشێوەیەکی یاسایی ڕێگەی پێدا و، زمانی کوردی کردە دوو لەتەوە.

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی دیوان / ئەنجومەن**

**ژمارە: ٤٥٠٨**

**بەروار: ١٩٩٨/٦/٢٧**

**بۆ وەزارەتی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەیی**

**م / ڕوونکردنەوە**

**نووسراوتان ٣١٦٨ لە ١٩٩٨/٦/٢ کە ئاماژە بە نوسراومان ژمارە ٣١٧٤ لە ١٩٩٨/٤/٢٨ کردووە دەربارەی ڕەزامەندیتان لەسەر کۆنووسی کۆبونەوەی لێژنەی (دیراسەت کردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی ژووروو) بۆتان ڕوون دەکەینەوە کە ڕەزامەندی ئێمە بەم شێوەیی خوارەوەیە:**

**١ـ تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی قۆناغی (بەرایی) بخرێتە سەر شێوەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو لە ناوچەکانی بەم دیالێکتیکە (لەهجەیە) دەئاخڤن بەم قۆناغە وەك لە کۆنوسەکە هاتووە، بەڵام پێویستە دانەرەکانی ئەم پەرتووکانەش بۆ**

ئەم قۆناغە بەکاردێت ڕەچاوی ئەوە بکەن کە پەرتووکەکان موتربە بکرێت بەچەند وشەییێك و زاراوەیەکی دیالێکتی کرمانجی خواروو بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی داهاتوو ببێت بەشتێکی ئاسایی بۆ قوتابی و هەروا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کەوا لە شێوەی گشتی ڕێزمانی ئێستای کوردی زۆر دەرنەچن.

٢ـ خوێندن لە پاش پۆلی چوارەمی سەرەتای دەبێت بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە وابێت وەك لە کۆنوسەکە هاتووە.

٣ـ دانانی چەند لێژنەیەك لە بواری زانستی و ئەدەبیات بۆ پێداچوونەوەی پەرتووکەکان بۆ دارِشتن و بژارکردنەوەی لەنوێ دوا بخرێت تا کۆڕی زانیاری دادەنرێت، ئەوکاتە کۆڕ لایەنێکی پسپۆریە لەم بوارەدا.

٤ـ بڕگەی سێیەم بۆ خوێندنی باڵا زانکۆکان پێویستە بایەخ بدەن بەهەموو لەهجەکانی کوردستان.

٥ـ ڕەزامەندیمان لەسەر ئەوە هەیە کەخوێندن لە مەلبەندی مامۆستایان لەهەموو کوردستان بکرێت بەکوردی.

٦ـ بۆ بڕگەی پێنجەمی کۆنووسەکە پێویستە هەر هەمان ڕێنووس (املاء) بەکاربێت کە ئێستا بەکار دێت دەسکاری کردنێك کە دوا بخرێت تا کۆڕی زانیاری دادەنرێت.

د. ڕۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

وێنەیەك بۆ/

*** بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی باڵا بۆ کاری پێویست / دەربارەی خاڵی چوارەمی سەرەوە.**
*** وەزارەتی پەروەردە.**

پاشان وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە (٤٤٧) لە ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٠ کە واژووی (د.جەرجیس حەسەن)ی وەزیری پەروەردەی لەسەرە، تێیدا داوایان لە هەریەك لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و سەرۆکایەتی دیوان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کردووە، بڕگەی سێیەمی بڕیارەکانی (لیژنەی دیراسەتکردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی سەروو) جێبەجێبکەن، کە تێیدا هاتووە دەبێت لە بەشە کوردییەکانی زانکۆی سەلاحەددین گرنگی بدرێت بە دیالێکتی کرمانجی سەروو،تاکو لە داهاتوودا ئەو قوتابیانەی لە بەشە کوردییەکان دەردەچن و دەبنە مامۆستا لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کوردستان ، ئاشنا و شارەزای کرمانجی سەروو بن، کەواتە وەکو دەردەکەوێت کارەکانیان زۆر بە بەرنامەداڕێژراو و زۆر بە وردی ئەنجامداوە، لە سەرێکەوە قۆناغ بە قۆناغ کتێبی سەرەتایی دەگۆڕن و لەسەرێکی تریشەوە بەشە کوردییەکانی زانکۆی سەلاحەدین ئاگاداردەکەنەوە بۆ خوێندنی دیالێکتی کرمانجی سەروو.

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**وەزارەتی پەروەردە**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەییەکان

ژمارە: ٤٤٧

ڕێکەوت: ١٩٩٨/٨/١٠

ب/ پرۆگرامەکان

بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر / سەرۆکایەتی دیوان

ب/ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی لێژنەی دراسەت

هاوپێچی نووسراومان دەقی مەحزەرو بڕیارەکانی (لێژنەی دراسەت کردنی بەکارهێنانی شێوەی کرمانجی ژووروو لە پەرتووکەکانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان)دا بۆتان ڕەوانە دەکەین، پاش ئەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراوی ژمارە (٤٥٠٨) لە بەرواری (١٩٩٨/٦/٢٧) پەسندی کردووە و ڕەزامەندی لەسەر بووە بۆ زانین و جێ بەجێ کردنی بڕگەی سێیەم لە بڕیارەکانی لێژنەی ناوبراو لە زانکۆدا.

لەگەڵ ڕێزماندا

د. جرجیس حسن

وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ/

* نووسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە.
* نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت.
* سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆك/ بۆ هەمان هۆی سەرەوە لەگەڵ ڕێزماندا.

*** بەڕێز مصطفی حسن شعبان/ سەرۆکی لێژنەی ناوبراو/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.**

*** بەڕێوەبەری پڕۆگرامەکان ـ لەگەڵ سەرەتاییەکان.**

*** بەڕێوەبەری پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان لە /هەولێر/ دهۆك/ بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی سێیەم و چوارەم لە بڕیارەکانی لێژنەی ناوبراو لەگەڵ ڕێزماندا.**

*** بەڕێوەبەری پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان و کوڕان لە /هەولێر / دهۆك/ بۆ هەمان هۆی سەرەوە (بڕگەکانی سێیەم و چوارەم) لەگەڵ ڕێزماندا.**

*** خولاو.**

پاشان کۆڕی زانیاری کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٦/١٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١/١٦ کە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی کردووە و واژووی (د.شەفیق قەزاز)ی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستانی لەسەرە، تیایدا لە خاڵی دووەم ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە، کە بابەتەکانی خوێندنی پۆلی (٥ ، ٦) لە پارێزگای دهۆك بخرێتە سەر شێوەی دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردی، وەکو لە نووسراوەکە هاتووە ((وەك چارەسەریەکی کاتی، چەند لێژنەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایان پێك بێن، تا بابەتەکانی خوێندنی پۆلی (٥ ، ٦)ی سەرەتایی پارێزگای دهۆك بخەنە سەر شێوەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو بە وشە و زاراوەی دیالێکتی کرمانجی خواروو تێهەڵکێش بکرێن)).

**حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

**کۆڕی زانیاری کوردستان**

**ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری**

**ژمارە: ٦/١٢**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٢/١/١٦**

**بۆ/ وەزارەتی پەروەردە**

**ب/ بڕیار**

لەبەر تیشکی کۆبوونەوەکانی (٤ ، ٥)ی ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان لە ڕێککەوتی ٥ ، ٢٠٠٢/١/١٢، لەسەر داوای لێژنەی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکانی وەزارەتەکەتان، بۆ دۆزینەوەی چارەی گرفتی بەرنامەکانی قوتابیانی پۆلی (٥ ، ٦)ی سەرەتایی پارێزگای دهۆك، کە بەتەنیا ئەرکی کۆڕی زانیاری کوردستان نییە، لەڕووی ئەوەی ئامانجی هەرە سەرەکیی کۆڕی زانیاری کوردستان: "کارکردنە بۆ هەڵبژاردنی وشەی یەکگرتوو لەناو شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بۆ گەیشتن بە شێوەزارێکی ڕەسمی و یەکگرتوو" (یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان، مادەی چوارەم. بەندی أ).

ئەنجوومەنی کۆڕ هێنانەدی ئەو ئامانجەی لە پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەییدا دەبینێت بۆ ئەوەی زمانی ستانداردی خوێندن بینێتە کایەوە، بۆ چارەی ئەم کێشەیەش ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١ـ چەند لێژنەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایانی هەموو بوارەکانی زانست پێك بێن بە مەبەستی پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بۆ هێنانەکایەی زمانی ستانداردی خوێندن، تا هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگرێتەوە، کارەکەش لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بە زووترین کات (بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٢ / ٢٠٠٣) ئەنجام بدرێت.

٢ـ وەك چارەسەریەکی کاتی، چەند لێژنەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایان پێك بێن، تا بابەتەکانی خوێندنی پۆلی (٥ ، ٦)ی سەرەتایی پارێزگای دهۆك بخەنە سەر شێوەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، بە وشە و زاراوەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو تێهەڵکێش بکرێن.

٣ـ ئەو کەسەی خۆی بە شایستەی ئەم کارە بزانێت، مافی پڕکردنەوەی ئەم فۆرمەی دەبێت، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆڕەوە ئامادە کراوە.

٤ـ لەژێر چاودێری کۆڕی زانیاریدا و بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتان هەیئەتێك دەستنیشان دەکرێت، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو لێژنانەی کە لەم نامەیەدا باسیان هاتووە.

٥ـ ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی تەواو یەکگرتووە، واتا پێویستە هەموو بەندەکانی لەیەك کاتدا پڕاکتیك (تطبیق) بکرێن.

تکا لە وەزارەتی بەڕێزتان دەکەین، کە بەزووترین کات وەڵاممان بدەنەوە تا بەرنامەی کار دەست پێ بکرێت. لەگەڵ ڕێزماندا.

د. شەفیق قەزاز

سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستان

دیارە وەکو دەردەکەوێت کۆڕی زانیاری کوردستانیش کارێکی نازانستی و نائەکادیمی کردووە، لەبەرانبەر ڕازیبوونی بە گۆڕینی کتێبی خوێندنی پۆلەکانی (٥-٦)ی سەرەتایی لە کرمانجی ناوەڕاست بۆ کرمانجی سەروو.

پاشان وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە (٦٤) لە بەرواری ٢٠٠٢/٣/١٧، کە واژووی (محەمەد ئیسماعیل)ی بریکاری ئەوکاتەی وەزارەتی پەروەردەی لەسەرە، تیایدا داوای پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی کردبوو لە شارەزا و پسپۆڕان، بۆ ئەوەی پەرتووکەکانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بخەنە سەر شێوەی کرمانجی سەروو.

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان**

**بەرێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان**

**ژمارە: ٦٤**

**بەروار: ٢٠٠٢/٣/١٧**

**بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك/ ب. نەخشەکێشان/ پرۆگرامەکان**

**ب/ پێکهێنانی لیژنە**

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٨٢) لە (٢٠٠٢/٢/٢٨)

داواکارین چەند لێژنەیەکی پسپۆر و شارەزا و لێهاتوو پێك بهێنن بۆ ئەوەی پەرتووکەکانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بخەنە سەر شێوەی کرمانجی ژوورو (بادینی) بەو مەرجانەی خوارەوە:

١ـ ئەندامانی لێژنەکان پێویستە شارەزایی باشیان لەهەر دوو شێوەی زمانی کوردی هەبێت، بۆ ئەوەی پەرتووکەکان بە پەیڤ و وشەو رستەی شێوەی سۆرانی تێهەڵکێش بکرێن.

٢ـ بەکارهێنانی زاراوەی (زاراڤ) یەکگرتوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پشت بە پەرتووکەکانی شێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) ببەستن.

٣ـ تا دەکرێ رستەکان و دەربڕینەکان ئاسان و سووك بن، بۆ ئەوەی نەبنە ئاستەنگ لەبەردەم قوتابیان.

٤ـ پەرتووکەکان کە تەواو دەکرێن، دەدرێن بە شارەزایان لە دیوانی وەزارەت، بۆ ئەوەی پێیاندا بچنەوە و ئینجا بدرێن بە چاپ.

٥ـ لێژنەکان بەزووترین کات پێك بهێنن، بۆ ئەوەی دەست بەکاربن و لە پێشان پەرتووکەکانی پۆلی پێنجەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣) ئامادە بکرێن، بەزووترین کات ئاگاداریمان بکەن بە ناوی لێژنەکان و ئەندامانی بۆ دەرهێنانی فەرمانی وەزاری پێویست. لەگەڵ رێزماندا..

محمد اسماعیل

بریکاری وەزارەت

**وێنەیەك بۆ/**

*** نووسینگەی بەرێز وەزیری پەروەردە.**

*** نووسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت.**

*** ب. گ. پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەییەكان.**

*** بەڕێز شارەزای زمانی كوردی لە دیوانی وەزارەت.**

*** ب. پرۆگرامەكان لەگەڵ هاوپێچ.**

*** خولاو.**

دوای ئەوەی كتێبەكانی قۆناغی سەرەتایی بە كرمانجی كران، هەریەك لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك و پارێزگای دهۆك و بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك بە نووسراوەكانی ژمارە (٥٧) لە ٢٠٠٨/٧/٢٩، و ژمارە (١٠٥٧ ج) لە ٢٠٠٨/٩/١٥، و ژمارە (٩) لە ٢٠٠٩/٢/١٧، و ژمارە (٢٨) لە ٢٠٠٩/٣/٤ و ژمارە (٣١) لە ٢٠٠٩/٣/٣ داوای ئەوەیان لە وەزارەتی پەروەردە كردبوو، كە كتێبی پۆلەكانی (٧ ، ٨ ، ٩)ی بنەڕەتی لە پارێزگای دهۆك لە كرمانجی ناوەڕاست بگۆڕدرێت بۆ سەر كرمانجی سەروو، بەو واتایەی دوای ئەوەی توانیان كتێبەكانی پرۆگرامی بنەڕەتی لە قۆلەكانی(١ـ٦) بخەنە سەر دیالێكتی كرمانجی سەروو _ شێوەزاری بادینی، ئیتر دوای ئەوە كۆمەڵێ بیانووی تریان دۆزییەوە بۆ گۆڕینی كتێبی پرۆگرامی (٧ـ٩)، چونكە وایان پیشاندەدا كە قوتابیانی پارێزگای دهۆك كێشە و گرفتێكی زۆریان لەگەڵ

دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەیە و، بە هیچ شێوەیەك ئەم شێوەیە نازانن و لێی تێناگەن، بۆیە دەبێت بگۆڕدرێتە سەر شێوەی کرمانجی سەروو.

**حکومەتا هەرێما کوردستانێ ـ عێراق**

**ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزارەتا پەروەردێ**

**رێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا پارێزگەها دهوکێ**

**رێڤەبەریا پلان دانانێ**

**هوبا / پرۆگرام**

**ژمارە: ٥٧**

**ڕێکەفت: ٢٩/٧/٢٠٠٨**

**نهێنی**

**بو / وەزارەتا پەروەردێ / نڤیسینگەها بەرێز وەزیرێ پەروەردێ**

**ب/ خواندن بزارێ کرمانجی**

**جەنابێ وەیێ ئاگادارە کۆ خواندن لقوتابخانێت پارێزگەها دهۆکێ بزارێ کرمانجییە ل پۆلێن (١ ـ ٦) ێ بنەڕەتی و پۆلێن (٧ ـ ٩)ێ دبنە ئاستەنگ د رێیا فێربوونا قوتابییان هۆیەکە بۆ نزمبوونا ئاستێ زانستی و رێژا دەرچوونێ و ڤەقەتیانا زۆر قوتابییان ژ خواندنێ و لدویف سیستەمێ نوێ یێ خواندنا تەوزیمی گەهشتییە پۆلا (٩)ێ بنەڕەتی، داخوازێ دکەین رەزامەندی بهێتە کرن لسەر وەرگێڕانا پرۆگرامێت بابەتێن خواندنێ ل پولێن (٧ – ٩)ێ بنەڕەتی بۆ**

**زارێ کرمانجی و هەر دەمەکێ رەزامەندی هاتە کرن لسەر بکارئینانا زمانەکێ ستاندەرد بۆ گشت کوردستانێ ئەم دێ پێگێریێ پێ کەین.**

**دگەل رێزگرتنێ**

**وارتکیس موسیس سرکیسیان**

**رێڤەبەرێ گشتی**

**٢٠٠٨/٧/٢٩**

**وێنەیەك بو/**

*** پروگرام.**

*** پێنووسێ نهێنی.**

بۆیە وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە(١٠٥٧ج) لە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٩/١٥ کە واژووی (د.دلشاد عەبدولڕەحمان)ی وەزیری پەروەردەی لەسەرە، داوا لە ئەکادیمیای کوردی دەکات ڕای خۆی لەسەر بەکرمانجیکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی (٧ـ٩) دەربڕێت.

**هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان**

**ژمارە: ١٠٥٧ج**

**رێکەوت: ٢٠٠٨/٩/١٥**

**بۆ / ئەکادیمیای کوردی**

**بابەت/ خوێندن بە زاری کرمانجی**

**هاوپێچ دەقی نوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك (نهێنی// ژمارە ٥٧ لە ٢٠٠٨/٧/٢٩) کە بە پێی سیستەمی نوێی خوێندن کە قۆناغی بنەڕەتی لە ١ تا ٩ دەگرێتەوە وە خوێندن لە قوتابخانەکانیان لە ١ تا ٦ی بنەڕەتی بە زاری کرمانجیە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە ٤٥٠٨ لە ١٩٩٨/٦/٢٧ وە ڕەزامەندی کۆڕی زانیاری کوردستان ژمارە ٦/١٢ لە ٢٠٠٢/١/١٦ وە ٢٠٠٢/٨/٢٣ تیایدا داوا دەکەن ڕەزامەندی وەربگیرێت لە بەردەوام بوون بە خوێندن بە زاری کرمانجی لە قۆناغی ٧ تا ٩ تکایە دیراسەتی ئەم داواکارییەیان بکرێت و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە وە ئامادەین هاوکاریتان بکەین لە بەشداریکردنی نوێنەرمان لە دانیشتنەکانتان**

**لەگەڵ ڕێزدا..**

**د. دلشاد عبدالرحمن محمد**

**وەزیری پەروەردە**

**وێنەیەك بۆ/**

*** سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / دیوان لەگەڵ ڕێزدا.**

*** بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لەگەڵ ڕێزدا.**

*** بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکانی دیوانی وەزارەت لەگەڵ ڕێزدا.**

*** دەستەی شارەزایان بۆ دیراسەتکردن.**

*** ب. پرۆگرام بۆ کاری پێویست.**

*** خولاو.**

لەهەمان کاتیشدا وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە(٧٣) لە ٢٠٠٩/٤/٢٦ و نووسراوی ژمارە (١٠٩) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٦/١٧ ، کە لە هەردووکیان واژووی (د.دلشاد عەبدولڕەحمان)ی وەزیری پەروەردەی لەسەرە، ئاڕستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە تاوەکو ڕای خۆیان دەرببڕن سەبارەت بە گۆڕینی کتێبەکانی پۆلەکانی (٧ ، ٨ ، ٩) و ئەوەش دەخاتەڕوو، کە لە سەردانی کردنی بەڕێزیاندا بۆ شاری دهۆك، لەوێ پێیانڕاگەیاندووە کە قوتابیانی پارێزگای دهۆك کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست هەیە، بۆیە داوای گۆڕینی بەپەلەی کتێبەکانی ئەم قۆناغانەی خوێندن دەکەن.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پەروەردە**

**نووسینگەی تایبەت**

**ژمارە: ٧٣**

**رێکەوت: ٢٠٠٩/٤/٢٦**

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان**

**بابەت/ خوێندن بە زاری کرمانجی**

**لەسەر داوای بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك و ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك کە خوێندن بکرێتە شێوەزاری کرمانجی لە دەڤەری بادینان بۆ پۆلەکانی (٧ ، ٨ ، ٩) بە نوسراومان ژمارە (٣٩١٨) لە ٢٠٠٩/٢/١٩ داوای ڕای ئەکادیمیای کوردیمان کرد بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام بە نوسراویان ژمارە (١٥٩) لە ٢٠٠٩/٤/٨ (کە هاوپێچە) داوای بە مەبەستی کۆنفراسێکی پەروەردەیی لە پسپۆران و شارەزایان دەکەین لەلایەن دەستەیەکی هاوبەشەوە ئامادەکاری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە و پەیوەندی بە ئایندە و چارەنووسی کورد و ڕەوتی پەروەردە هەیە لە کوردستان و بەتایبەتی لەو دەڤەرە... بۆیە داوا لەبەرێزتان دەکەین کە لە ڕای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە بۆ دانانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو بابەتە.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**هاوپێچ/**

**نووسراوی ئەکادیمیای کوردی**

**ژمارە (١٥٩) لە ٢٠٠٩/٤/٨**

**د. دڵشاد عبدالرحمن محمد**

**وەزیری پەروەردە**

**وێنەیەك بۆ/**

*** نوسینگەی تایبەت.**

*** ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك.**

* نووسینگەی ڕاوێژکاران.
* بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام.
* بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك.
* خولاو

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ئەنجوومەنی وەزیران

وەزارەتی پەروەردە

نووسینگەی تایبەت

ژمارە: ١٠٩

ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٦/١٧

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان

بابەت/ خوێندن بە زاری کرمانجی

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٠ لەسەردانێکی پارێزگای دهۆکدا، لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگادا کۆبووینەوە و دوای باسکردنی ڕەوشی پەروەردە و هەماهەنگی نێوان پارێزگا و وەزارەت بۆ پێشکەوتنی ئەو بوارە، تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەن ئەو داخوازیەیان دووبارە کردەوە کە پێشتر بە نووسراو هەموو لایەکیان لێ ئاگادار کردبوو، ئەویش گۆڕینی کتێبەکانی خوێندن لە قۆناغەکانی (٧ ، ٨ ، ٩)ی بنەڕەتی بۆ سەر

**زاری کرمانجی ژووروو، و ئەوەی تا ئێستا هەیە خوێندن بەو زارە لە (١ ، ٦)ی بنەڕەتی یە.**

**دوای گفتوگۆ ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە ئەم بابەتە دەخەینە بەردەست سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تا گفتوگۆی لەسەر بکرێت وە بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی و پرۆسەی پەروەردە و بۆ ئاگاداری بەرێزتان ئێمە بە نوسراومان ژمارە (١٠٥٧) لە ٢٠٠٨/٩/١٥ ئەم داوایەمان بۆ کۆڕی ئەکادیمیای کوردی ناردووە.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**د. دلشاد عبدالرحمن محمد**

**وەزیری پەروەردە**

**وێنەیەك بۆ/**

*** ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.**

*** کۆڕی ئەکادیمیای کوردی / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.**

*** بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان لەگەڵ بەرابیەکان.**

هەروەها وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە(٣٩١٨) لە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٣/١٩، کە واژووی (د.دلشاد عەبدولرەحمان)ی وەزیری پەروەردەی لەسەرە، ئاڕاستەی هەریەك لە پارێزگای دهۆك و ئەنجوومەنی پارێزگای کردووە و تیایدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە ئەوان چاوەڕێی وەڵامی ئەکادیمیای کوردی دەکەن .

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران**

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان**

**ژمارە: ٣٩١٨**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٣/١٩**

**بۆ / پارێزگای دهۆك / ئەنجوومەنی پارێزگا**

**بابەت/ خوێندن بە زاری کرمانجی**

**ئاماژە ب نووسراوی ب. گ. پ. دهۆك ژمارە ٩ لە ٢٠٠٩/٢/١٧ کە داوای وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندن دەکەن لە قۆناغەکانی (٧ ، ٨ ، ٩) بۆ سەر زاری کرمانجی، هەروەها ئاماژە بە ڕەزامەندی بەڕێزتان لەسەر داواکەیان بە نووسراوتان ژمارە ٢٨ لە ٢٠٠٩/٣/٤ بەپێی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا ژمارە ٣١ لە ٢٠٠٩/٣/٣ ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە:**

**بڕیاری خوێندن بە زاری کرمانجی لە قوتابخانەکانی سەر بە ب. گ. پ. دهۆك لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە و لە ڕێگەی ئەکادیمیای کوردی و پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری خوێندن بە زاری کرمانجی دەدرێت، لە قۆناغی (١ تا ٦)ی بنەڕەتی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نیشانداوە بە نووسراوی ژمارە ٤٥٠٨ لە ١٩٩٨/٦/٢٧، هەروەها کۆڕی زانیاری کورد بە بڕیاری ژمارە ٦/١٢ لە ٢٠٠٢/١/١٦ ، ٢٠٠٢/٣/٢٨ بۆ جێبەجێکردنی خوێندن بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو (بادینانی)**

به قۆناغ بێت تا پۆلی شەشەمی بنەڕەتی وەڵامی نووسراوەکانی ژمارە ٦٠٣٦ ، ٢٢٤ ، ٢٣٣ ، له ١٩٩٧/٩/٢٤ وه ١٩٩٨/١/١٧ ، ١٩٩٨/١/١٧ ی وەزارەتی پەروەردەیان داوەتەوە کە بۆ ئەم مەبەستە بەرزکراوەتەوە.

له بارەی خوێندنی قۆناغەکانی (٧ ، ٨ ، ٩) بە زاری کرمانجی ب. گ. پ. دهۆك بە نووسراویان ژمارە ٥٧ لە ٢٠٠٨/٧/٢٩ ئەو داواکارییەیان پێشکەشی ئێمە کردووە وە لەلای خۆمانەوە بە نووسراومان ژمارە ١٠٥٧ لە ٢٠٠٨/٩/١٥ ناردوومانە بۆ (ئەکادیمیای کوردی)، کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم نووسراومانە و لە چاوەڕوانی وەڵام داین بۆ ئاگاداری و چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی لەو بارەیەوە لە ئەکادیمیا و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ڕێزدا

هاوپێچ/

ـ نووسراوی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە.

د. دلشاد عبدالرحمن محمد

وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ/

* سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ڕێز و پێزانین.
* ئەکادیمیای کوردی بۆ کاری پێویست و بەدواداچوون لەگەڵ ڕێز.
* بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام بۆ کاری پێویست.
* بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك/ داواکاری لەم جۆرە لە ڕێگەی وەزارەتەوە کاری بۆ دەکرێت.

پاشان ئەنجوومەنی وەزیران بە بە نووسراوی ژمارە (١٣٨٠٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٠/٥ ، کە واژووی (محەمەد قەرەداغی) سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی لەسەرە، داوا لە ئەکادیمیای کوردی دەکات دیراسەی ئەم بابەتە بکات.

**هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران**

**سکرتاریەتی ئەنجومەن**

**ژمارە: ١٣٨٠٢**

**رێکەوت: ٢٠٠٩/١٠/٥**

**بۆ / ئەکادیمیای کوردی**

**ب/ خوێندن**

**ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (١٠٩) لە ٢٠٠٩/٦/١٥ سەبارەت بە گۆڕینی کتێبەکانی خوێندن بۆ سەر زاری کرمانجی ژووروو لە قۆناغەکانی (٧ ، ٨ ، ٩)ی بنەڕەتی لە پارێزگای دهۆك، تکایە دراسەتی ئەو بابەتە بکەن و لە ڕای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**هاوپێچ:**

**نووسراو**

**محمد قەرەداغی**

**سکرتێری ئەنجومەن**

**وێنەیەك بۆ:**

*** وەزارەتی پەروەردە/ نووسراوتان لەسەرەوە لەگەڵ ڕێزدا.**

*** سکرتاریەتی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەکادیمیای کوردی بە نووسراوی ژمارە(١٥٩) لە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٨، کە واژووی (د. شەفیق قەزاز)ی سەرۆکی ئەکادیمی لەسەرە، ڕەزامەندی لەسەر نیشان نادات، و ئەم پرسە بە ئایندە و چارەنووسی کورد دەبەستێتەوە و ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە ئەم پرسە پێویستی بە سازدانی کۆنفراس هەیە، تاکو بڕیاری لەسەر بدرێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ئەکادیمیای کوردی**

**ئەنجومەن**

**ژمارە: ١٥٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٤/٨**

**بۆ/ وەزارەتی پەروەردە**

**بابەت/ وەڵامی نووسراو**

**پاش ڕێز و سڵاو:**

**ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٣٩١٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٢/١٩، بۆچوونی ئەکادیمیای کوردی دەربارەی پرسی خوێندن بە شێوازی کرمانجی لە پارێزگای دهۆك، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:**

١ـ ئەمە پرسێکی پەروەردەییە و دەبێ کۆنفرانسێکی پەروەردەیی پسپۆڕ و شارەزا لێی بکۆڵنەوە و ڕاسپاردەی پەروەردەیی و زانستی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

٢ـ ئەم پرسە پێوەندی بە ئاییندە و چارەنووسی کوردەوە هەیە بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم کۆنفرانسە، بە هەموو واتای وشە پەروەردەیی و زانستی بێ و بەشدارانی شارەزا و توانا بەم پرسە پێوەندیداربن.

٣ـ بۆ ئەوەی ئەو کۆنفرانسە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، ئێمە وەك ئەکادیمیای کوردی پێشنیار دەکەین، کە پێویستە دەستەیەکی ئامادەکاری هاوبەش لە هەردوو لامان پێکبهێندرێت بە زووترین کات، بۆ دیاریکردنی میکانزم و تەوەرەکان و بەشدارانی کۆنفرانسەکە.

لەگەڵ ڕێزماندا...

د. شەفیق قەزاز

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

وێنەیەك بۆ/

* نووسینگەی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
* کارگێڕی.
* فایلی گشتی
* خولاو.

ئەوەی ئەمڕۆکە جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە، کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆك بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە و ئەکادیمیای کوردی کتێبەکانی پرۆگرامی پۆلەکانی (٧ ـ ٩)ی بنەڕەتییان لەسەر شێوازی کرمانجی ناوەڕاست گۆڕیوەتە سەر شێوەزاری بادینی کرمانجی سەروو، بەجۆرێك لە خوێندنی ساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٢ قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی لەسەر شێوەی کرمانجی سەروو دەخوێندرێت، بەو واتایەی بڕیار لە دەست خۆیان و هەر خۆشیان لە دهۆك کتێبەکانیان کردووتە کرمانجی سەروو و هەر لەوێش چاپیان کردوون، بەبێ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بیبینێت یان سەرپەرشتی چاپکردنی بکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر لە ژێرەوە حکوومەت و حیزب لەگەڵیان نەبێت، چۆن دەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن و بودجەی بۆ تەرخان بکەن، ئیتر دوای سێ ساڵی تر دەگاتە پۆلی (١٢)ی بنەڕەتی، بەمشێوەیە پرسی بەکرمانجیکردنی زمانی کوردی دەگاتە قۆناغی کۆتایی لە وەزارەتی پەروەردە، چونکە لە زانکۆکانی دهۆك و زاخۆ دەمێکە خوێندن بە کرمانجی سەرووە و هەموو بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاکانی پارێزگای دهۆکیش هەمووی بە کرمانجی سەروو نووسراو ئاڕستەی وەزارەتەکانی حکومەت لە هەولێر دەکەن، دیارە ئەمەش لە دواڕۆژدا کورد بەسەر دوو نەتەوەی جیاواز دابەش دەبێت، چونکە دابەش بوونی زمانی کوردی بەسەر دوو زمان دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو نەتەوە، ئیتر هیچ یەك لە دوو قسەپێکەرانی ئەم دوو دیالێکتە لەیەکتری ناگەن و دەبنە دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاواز.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە لە هیچ زمانێکی جیهاندا نەبووە و نابێ دوو دیالێکتی سەر بە یەك زمان بکرێتە زمانی ستاندارد، بەڵکو دەشێ دوو زمان یان زیاتر ببنە زمانی ستاندارد و یەکگرتووی وڵات، دیارە ئەمەش هەریەك لە زمانەوانان( ئینار هۆگن و بارچ و گارڤین و هدسن) و چەندین زمانەوانی تر خەتری جووتستانداردیان لە نێو میللەتان باسکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەزاری بادینانی ناتوانێ ململانێی شێوەزاری سلێمانی بکات.

## ٥ـ٣: هەوڵەکانی ستانداردکردنی زمانی کوردی

تاکو ئێستا چەندین هەوڵدراون، بۆ ئەوەی شێوەزارێك یان دیالێکتێکی زمانی کوردی یان زیاتر ستاندارد بکرێت، بەو واتایەی هەوڵدانەکان بۆ بە ڕەسمی کردنی زمانی ستانداردی کوردی بووە، لەم بارەوە چەندین هەوڵی گەلەکۆمە و تاکە کەسی ئەنجام دراون، چ بە سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانس و سمینار یاخود بە نووسینی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە.

لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێکیان بە نموونە بهێنینەوە و ڕاوبۆچوونی خۆشمان لەسەری بخەینەڕوو:

### یەکەم: هەوڵی گەلەکۆمە لەبارەی زمانی ستانداردەوە

#### ١ـ کۆنگرەی کوردناسی

ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی (١٩٣٤)دا بە بەشداری کۆمەڵێك لە کوردناسەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بڕیاردرا کرمانجی سەروو بکرێتە شێوەی ڕەسمی بۆ هەموو کورد[١]. دیارە کارپێکردنی ئەو بڕیارە لە سنووری کوردەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەتی جاران زیاتر نەترازاوە، چونکە نووسینی کوردی و خوێندن لە ئاستێکی کەمدا، لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە سلێمانی زیاتر نەبووە، سەبارەت بە ناوچەکانی تری خودی

[١]– جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، ل ٨.

دیالێکتی کرمانجی سەرووش بە هەموو لایەکییەوە، کوردی نووسین لە ئاستێکی دەگمەندا نەبێت نەبووە[1].

## ٢ـ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە (١٠)ی ئەیلوولی ١٩٥٩ یەکەمین کۆنگرەی خۆی سازدا، لەم کۆنگرەیەدا چەندین پێشنیاز لەبارەی زمانی کوردی خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە لە یەکێ لە خاڵەکان داوای ئەوەی کردووە کە وشەی هەموو شێوەکانی زمانی کوردی لە کتێبە کوردییەکان پەیڕەو بکرێت، بەو واتایەی وشەی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە کتێبە کوردییەکان دابنرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە ئاخۆ کامە دیالێکت و شێوەزاری کوردی بکرێتە بنچینە و بناغە، دواتر لە ڕێگەی ئەم دیالێکتەوە وشە و زاراوەکانی تری زمانی کوردی لەگەڵی بەکاربهێنرێت، پێشنیازەکانیش بەمشێوەیەی خوارەوە بوون:ـ

**١ـ دامەزراندنی کۆڕی زمانەوانی کورد بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی.**

**٢ـ مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراقدا بخوێندرێ.**

**٣ـ دانانی دەستووری زمانی کوردی لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ.**

---

[1]ـ هۆگر مەحموود فەرەج(د)(٢٠٠٧)، زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، کۆنگرەی دووەمی زانستی زمان، ل ٢٢٩.

٤ـ قوتابی کورد خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی دەست پێ بکات و زمانی عەرەبی لە پۆلی سێیەمەوە بخوێنێ.

٥ـ لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییدا دەبێ ژمارەی وانەکانی کوردی و عەرەبی وەك یەك بن.

٦ـ لە زانکۆی بەغدا بەشێك بۆ زمانی کوردی بکرێتەوە.

٧ـ زمان و ئەدەبی کوردی بە فەرمی لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان و خانەی مامۆستایان بخوێندرێ.

٨ـ لە باخچەی ساوایانی کوردستان دەبێ زمانی فێرکردن هەر کوردی بێ.

٩ـ هەر کتێبێکی کوردی دابنرێ دەبێ وشەی هەموو شێوەکانی کوردی تێدا بێ.

١٠ـ ناردنی قوتابی زیرەك و هەڵکەوتوو بۆ دەرەوە، بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی و تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

١١ـ یارمەتیدانی ئەدەبیاتی کورد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان.

١٢ـ دامەزراندنی چاپخانەی هەمەجۆر و هاندانی جولانەوەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان(١).

---

١ـ وشیار حەمەد حاجی(١٩٩٨)، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ـ چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢ ــ ١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٢٢ ــ ٢٣.

### ٣ـ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد

ئەم کۆنگرەیە لە ١٥ — ١٧ی ئابی ١٩٦٠ لە شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێوەچوو، کە نوێنەرانی شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، دهۆك، کوت، دیالە، بەغدا، مووسڵ) ئامادەبوون، کە تیایدا کۆمەڵێ بڕیاری دەرکرد، هەندێکیان پەیوەست بوون بە زمانی کوردییەوە، بە جۆرێك لەم کۆنگرەیەدا یەکێ لە پێشنیازەکانی پەیوەست بوو بە زمانی ستانداردی کوردی، کە تێیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە شێوەزاری سۆرانی لە کرمانجی ناوەڕاستدا بکرێتە بناغە و بنچینە و بەشێوەزار و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی موتوربە بکرێت، بڕیارەکانیش بەمشێوەیەی خوارەوەن[1]:ـ

**بڕیارەکانی لێژنەی زمان**

١ـ أ ـ زاراوەی سۆرانی بکرێت بە بنچینە بۆ زمانی کوردی لە عێراقدا و موتوربە بکرێت بە زاراوەکانی تری کوردی لە بارەی ڕێزمان و وشەوە.

ب ـ بڕیاردرا بە زووترین کات لێژنەیەك لە شارەزایانی زاراوە کوردییەکان پێکبهێنرێت، کە لە دەسەڵاتدا بێت بۆ مەبەستی ناوبراو.

٢ـ پێکهێنانی کۆزمانێك تاکو بەو ئیشانەی خوارەوە هەڵسێت:

أ ـ ئێستا خوێندن و نووسین بە پیتە عەرەبییەکان دەبێت لەگەڵ هەندێ دەسکاری کردنی بەپێی ئەو دەنگانە کە زمانی کوردی لێ پێکهاتووە.

ب ـ دانانی دەستووری تایبەتی بۆ نووسینەوە ڕێنووسی کوردی.

---

١– کۆنگرەی دووەمی مامۆستا و وێژەوانانی کورد لە شەقڵاوە، گ. هەتاو، ژ (١٨٥)، ساڵی حەوتەم، پێنج شەممە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٠، ل ٢٨ — ٤٢.

ج ـ دانانی وشە زانستییەکان.

د ـ بڕیاردرا کە فەرهەنگێکی گشتی دابنرێت بە زمانی کوردی و بۆ ئەم مەبەستە کەلك لە فەرهەنگە چاپ کراو و دەستنووسەکان وەربگیرێت.

هـ ـ بڕیاردرا کە گۆڤارێکی زانیاریی و وێژەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی دەربهێنرێت.

**بڕیارەکانی لێژنەی وێژە**

١ـ بڕیاردرا کە لێژنەیەك بۆ دانانی مێژووی وێژەی کوردی لەسەر بناغەیەکی زانیاری ڕاست پێکبهێنرێت.

٢ـ أ ـ ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوە بۆ پسپۆری لە وێژەدا.

ب ـ یارمەتی پارە بۆ وێژەوان و نووسەرەکانی کورد.

ج ـ گرەو لەنێوانیاندا ڕێك بخرێت و خەلاتیان پێشکەش بکرێت.

دـ کەلك لە نامەخانە گشتییەکان وەربگیرێت بە تەرخانکردنی بەشێك بۆ ئەو پەرتووکانەی بەکوردی چاپ کراون یان ئەوانەی کە لە کوردی دەدوێن.

هـ ـ دامەزراندنی چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی.

و ـ هاندانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان.

ز ـ کۆکردنەوەی وێژەی خۆماڵی کوردی.

٣ـ کۆنگرە پێشنیاز دەکات کە وێژەی کوردی لە قوتابخانەکانی عێراقدا بخوێنرێت.

٤ـ کۆنگرە پێشنیاز دەکات کە لقێك لە کۆزانیاری (کۆڕی زانیاری ـ المجمع العلمی) بۆ کاروباری خوێندنی کوردی تەرخان بکرێت.

**٤ـ کۆنگرەی قوتابیان**

لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق، لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق بەسترا، چەند پێشنیازێکی گرنگ لە بارەی زمانی کوردی و ستانداردی زمانی کوردی خرانەڕوو، لەوانە:ـ

١ـ خوێندنی مێژووی کورد لە قوتابخانە کوردییەکان و لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی.

٢ـ زمانی کوردی ببێتە زمانێکی فەرمی لە هەموو قوتابخانە کوردییەکانی عێراق، لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٠ – ١٩٦١) دەست بکرێت بە جێبەجێکردنی.

٣ـ کردنەوەی هەندێك پەیمانگای باڵا لە کوردستان.

٤ـ دانانی پلانێکی گشتی بۆ هەبوونی زانکۆی کوردی و دەستکردن بە ئامادەکاری کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ لە دایکبوونی.

٥ـ زیادکردنی ژمارەی ئەو قوتابییە کوردییانەی کە بۆ خوێندنی زەمالە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، دەبێت بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی (پەروەردە) کوردی سەرپەرشتی ئەم بوارە بکات.

٦ـ خوێندنی دەقی وەرگێڕدراوی کوردی لە قوتابخانە عێراقییەکاندا، لەمیانەی پڕۆگرامی خوێندنی ئەدەبی.

ئەگەر سەیری خاڵی دووەمی پێشنیازەکان بکەین، دەبینین داوای ئەوەی کردووە زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە هەموو قوتابخانەکانی عێراق، دیارە ئەو زمانەش ئەوکات گومانی تێدایە نییە شێوەی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بووە، چونکە پێشتر لە عێراق تەنیا کرمانجی ناوەڕاست زمانی نووسین بووە.

**٥ـ کۆنفرانسی زمان و ئەدەب**

ئەم کۆنفرانسە ساڵی ٢٠٠٠ لە دەرەوەی وڵات، لە (ماڵی ئەدەب) لە شاری بەرلین ئەنجامدرا. ئەم کۆنفرانسە بە سەرپەرشتی (کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ـ کەنەکە) ئەنجامدرا، کۆنفراسەکەش بە بەشداری پسپۆڕان و شارەزایانی بواری زمان و ئەدەب لە گشت پارچەکانی کوردستان بەڕێوەچوو[1]، ئەم کۆنفرانسە لەکۆتایدا هیچ ڕاسپاردە و ئەنجامی نەخستە بەردەم ئامادەبووان، تەنیا لەمیانی خوێندنەوەی وتارەکان ئەوەیان خستەڕوو، کە بۆشاییەك لە نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست دروست بووە، هەروەها نووسینەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان هەمووی بە سۆرانییە (کرمانجی ناوەڕاست) نەك بادینی(کرمانجی سەروو).

---

١ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سەروەر عەبدوڵڵا، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١١/٦/١٠.

### ٦ـ کۆنفرانسی زمانی کوردی

ئەم کۆنفرانسە ساڵی ٢٠٠٨ لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بەرلین بەسەرپەرشتی (کەنەکە) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەنجامدرا[١]. لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەك پسپۆڕ و شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئامادەبوون، لەوانە (د.سەروەر عەبدوڵڵا، د.وریا عومەر ئەمین، د.ئازاد باخەوان، د.نازەنین جەلال، د.شوکریە ڕەسووڵ، د.زرار سدیق، حوسێن خەلیقی، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، د.عەبدولوەهاب خالید، د.کامەران بەرواری، موئەیەد تەیب، حەسەن سلیڤانەیی، ڕۆژان حازم، مەدەنی فەرحۆ، عەبدوڵڵا درێژ، گوندی دڵبەرز، دەروێش فەرحۆ، حەیدەر ئیشق، جان دڵبرین، مونزر جەن...). لەم کۆنگرەیەدا هەندێ هەڵچوون و مشتومڕی توند لە نێوان بەشداربووان پەیدابوو. لە کۆتایدا کۆنگرەکە هەندێ ڕاسپاردەی خستەڕوو، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کە کۆمەڵێ کەس لە (زازا ـ سۆرانی)یەکان لەسەر ڕاسپاردەکان واژوویان نەکرد، بۆیە نەیانهێشت ئەم ڕاسپاردانە بڵاوبکرێنەوە.

ڕاسپاردەکانیش بریتی بوون لە:ـ

١ـ هەر دیالێکتێك لە ناوچەی خۆی بەکاربێ و ڕێی لێ نەگیرێ و پەرەی پێبدرێت.

٢ـ هەوڵبدرێ یەك ڕێنووس بۆ کوردستان بەکاربێت (بەڵام ڕێنووسەکەیان دیاری نەکرد).

٣ـ هەوڵبدرێت پەروەردە بە زمانی کوردی بێت لە پارچەکانی تری کوردستان.

---

[١]ـ هەمان سەرچاوە.

### ٧ـ بانگەوازی نووسەر و ئەدیب و ئەکادیمیانی کورد

له ٢٠٠٨/٤/١٥ له شاری سلێمانی بانگەوازێك، که واژۆی (٥٣) نووسەر و ئەدیب و مامۆستایانی زانکۆی لەسەره، داوای (ستاندەرایزی زمانی کوردی) دەکەن[1]، لەم بانگەوازەدا داوا له سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆك و ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری پەروەردە و خوێندنی بالاو ڕۆشنبیریی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك) (پ. د. ك)، یەکگرتوو ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و پارتە کوردستانییەکان دەکەن، هەوڵ بدەن کرمانجی ناوەڕاست وەك زمانی فەرمی و ستانداردی کوردی بناسن، به هۆی ئەوەی کرمانجی ناوەڕاست ئەمڕۆکە زمانی ڕۆشنبیریی و پەروەردەییه له هەر سێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستان( هەولێر، سلێمانی، کەررکووك).دیاره ئەم بانگەواز و پەیامە ئەگەرچی لەلایەن ڕۆشبینرانی کوردەوه پشتگیریی لێکرا، بەڵام لایەنە حکوومی و حیزبببەکان بێدەنگییان نواند و هیچ هەڵوێستییان نەبوو.

### ٨ـ کۆنفرانسی زمانی فەرمی

ڕۆژانی ٢١ – ٢٠٠٩/١٢/٢٣ له شاری هەولێر، ئەکادیمیای کوردی له هۆڵی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) کۆنفرانسی (زمانی فەرمی له هەرێمی کوردستان) سازکرد، ئەم کۆنفرانسە به بەشداری کۆمەڵێ ئەکادیمیناس و زماننناس و شارەزایان له ناوەوه و دەرەوەی کوردستان بەڕێوەچوو.

---

[1]– بانگەوازی ستاندەرایزی زمانی کوردی، ڕ. هاوڵاتی، ژ (٤١٥)، یەکشەممە ٢٠٠٨/٤/٢٠.

لەم کۆنفرانسەدا دوو بۆچوونی دژ بەیەك هەبوون، یەکەمیان داوای ئەوەیان دەکرد کە پێویستە یەك دیالێکت، کە ئەویش کرمانجی ناوەڕاستە بکرێتە زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، دووەمیان داوایان دەکرد پێویستە دوو دیالێکت، کە ئەویش کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەرووە بکرێتە زمانی فەڕمی لە هەرێمی کوردستاندا.

جێگای ئاماژە پێکردنە لەم کۆنفرانسەدا مشتومڕێکی زۆر توند لە نێوان لایەنگرانی ئەم دوو بۆچوونە سەری هەڵدا، دواجار کۆنفرانس هیچ پێشنیاز و ڕاسپاردەی دەرنەکرد، بەو واتایەی چۆن لە یەکەم ڕۆژ چوونە ژووری کۆنفرانس، ئاوهاش هاتنە دەرەوە.

ئەگەر سەیرێکی یاسای ئەکادیمیای کوردی بکەین، ئەوا دەبینین لە ماددەی چوارەم لە برگەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەکادیمیای کوردی گەیشتنە بە زمانێکی ڕەسمی یەکگرتوو، هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە: ((کاردەکات بۆ یەکخستنی وشە زمانییەکانی کوردی نێو دیالێکتە جۆراو جۆرەکانی، بە مەبەستی گەیشتن بە زمانێکی ڕەسمی یەکگرتوو)). دیارە لەم نێوەندەشدا هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە ئامادەکاری بۆ کرا تاکو لە ٢٠٠٩ ئەم کۆنفڕانسەی ئەنجامدا.

## ٩ـ کۆنگرەی زمان و پەروەردە

ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی ٢٠١٠ لە دەرەوەی وڵات لە شاری برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بەسەرپەرشتی (کەنەکە) و پەرلەمانی بەلجیکی ئەنجامدرا. ئەم کۆنگرەیە لەناو پەرلەمانی بەلجیکی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوامبوو[1].

لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێ پسپۆڕ و شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کردبوو، لە کۆتایی کۆنگرەکەدا هەندێ ڕاسپاردە لە بارەی زمانەوە خراونەڕوو، لەوانە:

١ـ پێویستە کورد لە تورکیا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٢ـ زمانی دایك زمانی ئەساسی بێ لەو شوێنانەی کە کوردی تێدا دەژیت.

٣ـ هەوڵبدرێت یەك ئەلفوبێی بەکاربهێنرێت.

## ١٠ـ کۆنفرانسی کلتووریی کوردی

ئەم کۆنفرانسە ساڵێ ٢٠١١ لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە ناو پەرلەمانی وڵاتەکە بۆ ماوەی یەك مانگ بەردەوامبوو. لەم کۆنفرانسەدا (چل) ڕێکخراوی کوردی ـ ئەڵمانی بەشدارییان تێداکردبوو، کۆنفرانسەکە لە ژێر سەرپەرشتی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو[2].

---

[1]ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سەروەر عەبدوڵڵا، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١١/٦/١٠.

[2]ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سەروەر عەبدوڵڵا، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١١/٦/١٠.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە، لەم کۆنفرانسەدا بۆ یەکەمین جار، سێ ڕەوت و جەبهەی دژ بە یەك پەیدابوون، بەو واتایەی سێ بۆچوونی جیاواز لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی هاتە ئاراوە، کە بەمشێوەیە بوون:ـ

أـ مونزەر جەن (نوێنەری زازاییەکان)، ئەمانە باوەڕیان بە جووتستاندارد هەبوو، بە مەرجێ یەکێ لە ستانداردەکان دیالێکتی زازایی بێت.

ب ـ د.سەروەر عەبدوڵڵا (نوێنەری سۆرانییەکان ـ کرمانجی ناوەڕاست)، ئەمانە باوەڕیان وابوو کە یەك دیالێکت ستانداردبوونی هەیە و بەرەو ستانداردبوون ڕۆیشتووە، ئەویش سۆرانییە (کرمانجی ناوەڕاست).

ج ـ ڕۆژان حازم (نوێنەری کرمانجی سەروو ـ کوردانی تورکیا و دەرەوەی وڵات)، ئەمانە باوەڕیان وابوو، کە پێویستە زمانی کوردی جووتستاندارد بێت، ئەویش کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست، بۆیە لەم کۆنفرانسەدا چەندین بۆچوونی توند و مشتومڕی گەورە سەری هەڵدا. دواجار کۆنفرانسەکە بە چەندین ڕاسپاردە کۆتایی پێهات، کە ڕاسپاردەکانیش زیاتر شتی گشتین لە بارەی زمانی کوردییەوە، لەوانە:

١ـ زمانی کوردی زمانێکە پێویستە بپارێزرێت.

٢ـ نابێ دژی پەرەسەندنی هیچ دیالێکتێك بین.

## ١١ـ کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی

کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی لە ٢٠١١/٩/١٩ لە هەولێر دەستی بە کارەکانی کرد و ٢٠١١/٩/٢٢ کۆتایهات، ئەو کۆنفرانسە لەلایەن وەزارەتی

ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.
لە کۆنفرانسەکەدا چەندین پسپۆڕی زمانی کوردی تێیدا بەشداربوون، تێیدا (٢٤) لێکۆڵینەوە پێشکەشکران، کە بەسەر پێنج تەوەر دابەشکرابوون: ڕەوشی زمانی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان، زەمینەسازییەك بۆ نزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئارێشەکانی فەرهەنگ و زاراوەسازی، ئەزموونی خوێندنی بابەتە زانستییەکان بە زمانی کوردی، ڕەوشی زمانی خوێندن و نووسین لە هەرێمی کوردستاندا.

**لە کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا چەند ڕاسپاردەیەك بڵاوکرانەوە، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:**

١ـ کۆنفرانس داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات پرۆژەی ( یاسای زمان ) ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ پەسەندکردن و پیادەکردنی .

٢ـ دانانی ( جڤاتی باڵای زمانی کوردی ) لە هەرێمی کوردستان لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی پارچەکانی کوردستان و کوردانی دیاسپۆڕا، کە لە ( ٢٠ )بیست ئەندام پیکهاتبێ و لە کاروبارەکانی سەربەخۆیی خۆی هەبێت.ئەمە بەهاوکاری ڕاستەوخۆی زانکۆکانی کوردستان و ئەکادیمیای کوردی و ئەنستیۆتەکانی زمانی کوردی پێکبێت .

٣ـ پیشنیازی ئەوە دەکەین ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری و پشتگیریی بکات بۆ دانانی فەرهەنگێکی کوردی — کوردی بە هەردوو ئەلفوبی عەرەبی و لاتینی وشە و زاراوەی هەموو دیالێکتەکان لەخۆبگریت .

٤ـ هەردوو ئەلفوبێی کوردی لە بوارەکانی زانست و پەروەردە و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندندا بەکار بهێنرێت تا ڕێنووسێکی کوردی یەکگرتوو پیادە دەکرێت.

٥ـ دامودەزگا ئەکادیمیی و زانستیی و ڕۆشنبیرییەکان زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیـــــــــــــــــــــــــــــــــدا.

٦ـ زمانی کوردی لە هەموو کاروبارە بازرگانی و ڕێکلام و گەشتیارییەکاندا زمانی سەرەکی بێت و هەوڵبدرێت تابلۆکانی سەر شەقام بە هەردوو ئەلفوبێ بێـــــــــــــــــــــــــــــــــت .

٧ـ بەپێی دەستوور، زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی لە عێراقی فیدراڵدا زمانی ڕەسمییە، بۆیە پێویستە لە ناوەوەی وڵات و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بەکاربێت .

٨ـ داوا دەکەین دەوڵەتەکانی ( تورکیا و ئێران و سوریا ) لە دەستوورەکانیاندا دان بە زمانی کوردی بنێن و بخرێتە ناو سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتەوە .

٩ـ کاربکرێت بۆ ئەوەی زمانی کوردی وەك زمانەکانی تر لە بواری تەکنەلۆجیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت کاری پێبکرێت.

١٠ـ میدیا کوردییەکان بەرنامەی تایبەت بە زمان بە هەردوو ئەلفوبێ ئامادە و پێشکەش بکەن، بەو مەرجەی ڕێنووسەکانیان یەکبخەن.

١١ــ کۆنفرانس لیژنەیەك پێکبهێنێت بۆ بە دواداچوون و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان .پیشنیاز دەکەین کە لەم بەڕێزانە پێکبێت:
١ـ پ.د.یوسف شەریف سەعید ٢ـ پ.ی.د بەکر عومەر عەلی ٣ــ م. ڕۆژان حازم ٤ـ پ.ی.د.عەبدولوەهاب خالید موسا ٥ــ م .نەوزاد عەبدولعەزیز نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان. .
١٢ـ کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردیی ببێتە نەریتێکی ساڵانە و بە چاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازبکرێت .
١٣ــ کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی خوازیارە کە کۆنفرانسی یەکێتی نەتەوەیی کوردستان پێکبێت.
١٤ــ زەمینەسازی بکرێت بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکارانی پارچەکانی کوردستان لە خوێندنی باڵا لە پسپۆریی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان.

**١٢ـ کۆنفرانسی زانستیی بەکارهێنانەکانی زمان**

کۆنفرانسی زانستیی بەکارهێنانی زمان بەدروشمی (زمان سامانێکی نەتەوەییە پێویستە زانستیانە بەکار بهێنرێت) بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ڕانیە، لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چالاکی وێژەیی سلێمانی بە هاوکاری زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕۆژانی ٢٢–٢٠١٢/٩/٢٤ لە شارۆچکەی قەڵادزێ سازکرا ، و تێیدا (١٥) توێژینەوە پێشکەش کرا و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان خرانەڕوو .
کۆنفرانس بەم چەند ڕاسپاردەیە کۆتایی بەکارەکانی هێنا :

١- کۆنفراس رادەسپێرێت، پەرلەمانی کوردستان زمانی کوردی بکاتە بنەما بۆ دارِشتنی یاساکان سەرەرِای ئەمەش یاسایەك ئامادە بکات میدیاکانی کوردستان پەیوەست بکات، پابەندی دروست بەکارهێنانی زمانی کوردی بن و لیژنەی (زمان) پێکبهێنێت، بۆ رِێنمایی و جێبەجێکردنی یاساکە.

٢- وەزارەتی پەروەردە بەسەرجەم پرۆگرامەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا بچێتەوە، هەروەها چاو بەزمانی کتیبەکانی خوێندندا بخشێنێتەوە، بەشێوەیەك کە قوتابیان بەخۆشەویستی خاك و زمان گۆش بکات و لەم رِووەوە رِەچاوی چەشە و گەشەی هۆشەکی قوتابیان بکرێت .

٣- کۆنفرانس رادەسپێرێت، نوسینگەی رِاوێژکاری زمانی لە وەزارەتی شارەوانی دابمەزرێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی چوارەم لەرِاسپاردەکان .

٤- وەزارەتەکانی( ناوخۆ، شارەوانی و رۆشنبیری) بەرپرسیارێتی دروستی ناونیشانی ( دوکان، کۆمپانیا، گەرِەك و فەرمانگەکان) بگرنە ئەستۆ و نوسینی هەر تابلۆیەك پێویستی بە رِەزامەندی نوسینگەی راوێژکاری زمانی وەزارەتی شارەوانی هەبێت .

٥- وەزارەتەکانی ( بازرگانی و تەندروستی) بەرپرسیاربن، لەوەی هەر دەرمان و کاڵایەکی هاوردە بۆ هەرێم دەبێت زانیاری پێویستی بە

زمانی کوردی لەسەر تۆمارکرابێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی مافی بەکاربەر .

٦- دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە فەرهەنگی کوردی( هاوشێوەی دامەزراوەی ئۆکسفۆرد) کە ئەرکی دانانی فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگە پسپۆڕییەکانی بکەوێتە ئەستۆ.

٧- وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا رابسپێردرێ، کە بایەخی زیاتر بە تەکنۆلۆژیای زانیاری بدەن، لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا .

٨- وەزارەتی خوێندنی باڵا کاربکات بۆ ناردنی قوتابی و خوێندکارە لێهاتووەکانی دەرچووی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی هەرێم بۆ خوێندنی زمانە کۆنەکانی هیندۆ ئێرانی لە بەرنامەی تواناسازیدا.

## دووەم: هەوڵە تاکە کەسییەکان لە بارەی زمانی ستاندارد

دەمێکە کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوە و کتێب لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی نووسراون، ئەم نووسینانە چوار ڕەهەندییان وەرگرتووە:

### ڕەهەندی یەکەم:

کرمانجی ناوەڕاست بە پشت بەستن بە تەجروبەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، یان بەرەو ستانداردبوون دەچێت، بەو واتایەی لایەنگیرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە دەبێ لە بڕیاردان لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی، تەنها تەجروبەی کوردستانی عێراق ڕەچاوبکرێت، چونکە لەم هەرێمەدا زمانی کوردی زمانی ڕەسمی حکومەتی هەرێمە و لە عێراقیشدا لە دەستوور ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە زمانەکانی عەرەبی و کوردی زمانی ڕەسمی وڵاتن، بۆیە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە تەنها پشت بە کرمانجی ناوەڕاست ببەسترێت، تاکو بەرەو ستانداربوون بڕوات، کەواتە ئەم ڕەهەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کورد پێویستی بە یەك زمان و یەك ئەلفوبێ هەیە، ئەویش کرمانجی ناوەڕاست و ئەلفوبێی کوردییە.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئەوە دەخەنەڕوو، کە کرمانجیی ناوەڕاست لە میرنشینی بابانەوە، دواتر حکومەتەکانی (باشووری کوردستان، کۆماری مەهاباد) زمانی ئەدەبی یەکگرتوو و زمانی ڕەسمی وڵات بووە و، لەسەردەمی حکوومەتی هەرێمیشدا کرمانجی ناوەڕاست باڵادەستی خۆی ڕاگەیاندووە.

ئەو زماننناس و پسپۆڕ و شارەزایانەی کە لەسەر ئەو بۆچوونەن:

د.محەمەد مەعروف فەتتاح[١]، د.ڕەفیق سابیر[٢]، کامیار سابیر[٣]، سەلام ناوخۆش[٤]، سوداد ڕەسووڵ[٥]، غازی عەلی خورشید[٦]، جەمال عەبدوڵ[٧]،

---

١– بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتتاح(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەسنووس، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ل ٢ – ١٠.

٢– بڕوانە: ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣– بڕوانە: أ ـ کامیار سابیر(٢٠٠٩)، لینگوا فرانکای کوردیی – زمانی ستاندەرد و فەرمی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی. ب ـ کامیار سابیر و هەندرێن(٢٠٠٩)، کورد پێویستی بە یەك زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی. ج ـ کامیار سابیر(٢٠١١)، ئەنسرۆ پۆلۆجیای زمانی کوردیی ـ پرۆسێسی ستاندەربوونی، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی.

٤– بڕوانە: أ ـ سەلام ناوخۆش(٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی سیاسەتی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر . ب ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، لە لاپەڕە ٥٥ –١٥٢.

٥– بڕوانە: أـ سوداد ڕەسووڵ(٢٠١٠)، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکەی، هەفتانەمەی فەرهەنگ، ژ.(٤١)، (٣٠)ی تەمموزی ٢٠١٠، ل ٣ – ١٨. ب ـ سوداد ڕەسووڵ(٢٠١١)، زمانی تاك ستاندارد، پێویستییەکی حەتمی بۆ کوردستانی باشوور، وەرگیراوە لە: ـ www.dengekan.com/8-1-2011 .

٦- بڕوانە: أـ غازی عەلی خورشید(٢٠٠٦)، پڕۆژەی ستانداردکردنی زمانی کوردی، گ. ئەکادیمی، ژ(٤)، ل ٢٢١ – ٢٥٠، ب ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١١)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، ڕ. ئاسۆ، ژ. (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤. ج ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١١)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەسنووس. د ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧– أ ـ جەمال عەبدول(٢٠٠٨)، دەربارەی زمانی ستاندارد، دەسنووس، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ل ٣٥ – ٣٩. ب ـ ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)، ئەلفبێی لاتینی ـ زمانی ستاندارد ـ ئاسۆی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گۆڕانە مێژوویی و زانستییەکاندا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٢٠١ – ٢١٤.

**محەمەدی مەلا کەریم[١]،              د.یوسف شەریف[٢]،   د.فوئاد حەمە خورشید[٣]، ناسری ڕەزازی[٤]، شێرکۆ بێکەس[٥]،   ئەمجەد شاکەلی[٦]، د.مارف د.مارف خەزنەدار[٧]، هەندرێن[٨]، موحسین جوامێر[٩]، د.محەمەد مەحوی[١]،**

---

١- بڕوانە: أ- محەمەد مەلا کەریم(٢٠٠٨)، لە پێناوی یەکخستنی زمانی پێخوێندندا لە کوردستان، دەسنووس، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ل ٤٠ — ٤٤. ب - ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)، ئەلفبێی لاتینی - زمانی ستاندارد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٢١٥ — ٢٢٧.

٢- بڕوانە: یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١٠)، کورد لەو بارودۆخەی ئێستایدا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە زمانێکی ستاندەر هەیە، سازدانی چاوپێکەوتن: گۆڤاری زمانناسی، گ. زمانناسی، ژ (٧)، شوباتی ٢٠١٠، ل ١٣٤ — ١٤٢.

٣- بڕوانە: أ - فوئاد حەمە خورشید(١٩٨٥)، زمانی کوردی - دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل ٨٥ — ١٠٠. ب - فوئاد حەمە خورشید(د)(٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی - شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٨٢ — ١٠٤.

٤- ناسری ڕەزازی: زاراوەی سۆرانی لە ئەمڕۆدا بووەتە زمانحاڵی بەشێکی زۆر لە کوردستانی گەورە، سازدانی ئاکۆ مەجید، بڕوانە: www.helwist.com.

٥- بڕوانە: ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)، ئەلفبێی لاتینی... زمانی ستاندارد، ل ١١١ — ١٢٢.

٦- ئەمجەد شاکەلی(٢٠١١)، زمانی کوردی - ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٧- بڕوانە: ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)، ئەلفبێی لاتینی... زمانی ستاندارد، ل ١١ — ٧٨.

٨- هەندرێن و کامیار سابیر(٢٠٠١)، کورد پێویستی بە یەك زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩- بڕوانە: أ - موحسین جوامێر(٢٠٠٨)، کێ بەرپرسی یەکەمی ئەم ئاژاوەیەی زمانە؟ لە بارەی قسەکانی قسەکانی سیپان سەرکەهی یەوە بڕوانە: www.dangekan.com/22-10-2008 . ب. موحسین جوامێر: زمانی مەلا مستەفای بارزانی، زمانی یەکگرتووی کوردی بووە، ڕ. ئاسۆ، ژ (٧٢٧)، ٢٦/٥/٢٠٠٨، ل ١٠. ج - موحسین جوامێر، هەڤپەیڤینی زمانەوانی، ڕ. ڕۆژنامە، ژ (٢٥٤)، یەکشەممە ٦/٧/٢٠٠٨، ل ١٦.

مەحوی[1]، د.هۆگر مەحموود[2]، فەرهاد شاکەلی[3]، د.ڕەفیق شوانی[4]، د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ[5]، د.بەکر عومەر عەلی[6]، نەریمان عەبدوڵڵا

---

د ـ موحسین جوامێر(٢٠٠٨)، فرە لەهجەیی و نەزەرییەی فشەی بنەسڵاوە، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە: ـ www.dangekan.com /13-8-2008.

[1]– بڕوانە: أـ محەمەد مەحوی(د)(٢٠٠٥)، زمانی باڵا– ئەگەر و بنەماکانی، کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان ١٥– ١٧/٥/٢٠٠٥،گۆڤاری ژمارە(١)، هەولێر، ل٣١–٤٨. ب ـ محەمەد مەحوی(د)(٢٠١١)، بەستانداردکردنی زمانی کوردیی، گ. کۆڕ، ژ. (٤)، ل ٦ – ١٨. ج ـ محەمەد مەحوی(د)(٢٠١١)، ستانداردکردنی زمانی کوردیی کاری هەندێك دەزگای حیزبیی نییە کە بە ناوی ئەکادیمییەوە دروستیانکردووە، سازدانی چاوپێکەوتن: سەروەر محەمەد، ڕ. ڕۆژنامە، ژ (٦٤٣)، سێشەممە ١٩/٧/٢٠١١. پاشکۆی پەیك، ل ٤.

[2]– بڕوانە:ـ أ ـ هۆگر مەحموود(د)(٢٠٠٧)، زمانی ستانداردی کوردی، گ. بابان، ژ(٢)، شوباتی ٢٠٠٧. ب ـ هۆگر مەحموود فەرەج(د)(٢٠٠٧)، زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، کۆنگرەی دووەمی زانستی زمان ـ لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، گۆڤاری ژمارە (٢)، ل ٢٠٣ – ٢٥٤. ج ـ هۆگر مەحموود فەرەج(د)(٢٠٠٦)،لە پەراوێزی زمانی ئەدەبی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردیدا،کۆنگرەی جیهانی لەبارەی خوێندنی کوردی،٦–٩/٩/٢٠٠٦،هەولێر،ل١٤٩–١٧٨.

[3]– فەرهاد شاکەلی(٢٠٠٩)، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

[4]– ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ل ٦٥ – ٩٣.

[5]– بڕوانە: أ ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا. ب ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

[6]– بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین(٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

خۆشناو[١]، د.شێرکۆ بابان[٢]، ڕەهبەر مەحموود زادە[٣]، ئاسۆ بیارەیی[٤]، د.سەلیم ڕەشید[٥]......هتد.

**ڕەهەندی دووەم:**

---

١- بڕوانە: أ ـ نەریمان خۆشناو(٢٠٠٧)، کورد و زمانی ستاندەر، ڕ. نوێ، ژ. (٤٧)، چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/١، ل ١٧. ب ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠٠٨)، ئایا کورد زمانی یەکگرتووی هەیە؟، ڕ. زانکۆ پرێس، ژ. (٢)، سێشەممە ٢٠٠٨/٤/١٥، ل ٥. ج ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١١)، لەتکردنی زمانی کوردی بۆ جووت ستاندارد لە هەرێمی کوردستان بەرنامە داڕێژراو بوو، گ. لڤین، ژ (١٦٨)، (٢٠)ی تەممووزی ٢٠١١، ل ٣٢ — ٣٩. د ـ نەریمان خۆشناو: هەژموون و دەسەڵاتی کرمانجی ناوەڕاست خۆی سەپاندووە و ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، سازدانی هەرێم عوسمان، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٨/٩، پاشکۆی ئەدەب، ل ٥. هـ ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٣٨٣ — ٣٨٧. و ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: کورد بەکردار هەوڵی بەدەوڵەت بوون و یەکپارچەیی نەداوە و پرۆگرامی خوێندنیش لە خزمەتی ئەو پرسەدا نەبووە، ڕ. هاوڵاتی، بەشی یەکەم، ژ (٨٠١)، چوارشەممە ٢٠١٢/١/١٨، ل ٦. بەشی دووەم، ژ. (٨٠٢)، یەك شەممە ٢٠١٢/١/٢٢، ل ٦. ز ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاوپێکەوتن لەسەر کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، ڕ. داهێنان، ژ (٢١٧)، دووشەممە ٢٠١١/١٢/١٩، ل ٥.

٢- شێرکۆ بابان(د)(٢٠٠٨)، زمانی یەکگرتووی کوردی بە (تێگەیشتنی هاوبەش) پەیدا دەبێت، دواتر شێوەزارێك دەکرێت بە تەوەر و بە شێوەزارەکانی تر خزمەت دەکرێت، سازدانی چاوپێکەوتن: نەرێمان خۆشناو، ڕ. (بارزان)، ژ (٩٢)، یەکشەممە ٢٠٠٨/١١/١٦، ل ١٨.

٣- أ: ڕەهبەر مەحموود زادە(٢٠١٠)، جووتستانداردبوون بۆ زمانی پێوەر، دۆخی تێپەڕینە نەك مانەوە، بەشی یەکەم، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ. (٤٣)، ئابی ٢٠١٠، ل ١٣ — ٢٦. ب ـ بەشی دووەم و کۆتایی، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ. (٥٨)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، ل ٢٢ — ٢٤.

٤- ئاسۆ بیارەیی(٢٠٠٨)، کەیسەکانی زمانی یەکگرتوو ـ دید و بۆچوون، سوید، کتێبی ئەلیکترۆنی.

٥- سەلیم ڕەشیدساڵح(د)(٢٠١١)، پڕۆژەی زمانی یەکگرتوو و پەروەردەیی کوردی، گ. زانکۆ، زانکۆی کۆیە، ژ (١٩)، ٢٠١١، ل ١٣٣ — ١٤٦.

کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو هەردووکیان ستانداردبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە یاخود بەرەوستانداردبوون دەچن، بەو واتایەی لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە دەبێ لە بڕیاردان لە بارەی زمانی ستانداردی کوردی، پەنا بۆ کوردستانی گەورە ببەین، یاخود هەموو کوردستان لەبەرچاوبگرین، تەنانەت لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئەوەش دەخەنەڕوو، کە کورد دوو زمانی ستاندارد و دوو ئەلفوبێی هەیە، کە ئەوانیش کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو و، ئەلفوبێی عەرەبی و ئەلفوبێی لاتینییە.

ئەو زمانناس و پسپۆڕ و شارەزایانەی کە لەسەر ئەو بۆچوونەن:

ئەمیری حەسەنپوور[١]، حەسەنی قازی[١]، جەعفەر شێخولئیسلام[٢]، د.عەبدولوەهاب خالید مووسا[٣]،موئەید تەیب[٤]،... هتد.

---

[١]– بڕوانە: أ ـ سەیری دکتۆراکەی ئەمیری حەسەنپوور بکە، کە بە ناونیشانی (نەتەوایەتی و زمان لە کوردستاندا ١٩١٨ – ١٩٨٥)، ئەم نامەیەش بە زمانی ئینگلیزییە، کە ناونیشانەکەی بەمشێوەیە:ـ Amir Hassanpour(1992), Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985, P. H. D, Mellen Resarch University press San Francisco. ب ـ ئەمیری حەسەنپوور(٢٠١٠)، شۆفینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکەی، بەشی یەك، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ( ٢٢)، ئاداری ٢٠١٠. ج ـ ئەمیری حەسەنپوور(٢٠١٠)، شۆفینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکەی، سەیری ئەم سایتە بکە:ـ www.ruwange.blogspot.con/2010-03/blog - post. htm . د ـ ئەمیری حەسەنپوور، کوردی وەك زمانێکی جووتستاندارد، بڕوانە ماڵپەڕی:ـ www.kurdishacademy.org/?9=node/22. هـ ـ ئەمیری حەسەنپوور، زمان و زاراوە، چاوپێکەوتنن بڕوانە ماڵپەڕی:ـ www.hedih.blogspot.com/2004/02/blg-post-07.htm. و ـ ئەمیری حەسەنپوور، لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی، ڕابردوو و ئێستا پێداچوونەوەیەکی گشتی، سەیری ئەم ماڵپەرە بکە:ـ www.ruwange.blogspot.com. ز ـ ئەو دوو نامەیەی نەخوێندرانەوە، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:ـ www.ruwange.blogspot.com. ر ـ ئەمیری

## ڕەهەندی سێیەم:

**بە تێکەڵکردنی هەردوو دیالێکتەکە زمانی ستانداردی کوردی دروست دەبێت، بۆ ئەوەی مافی دیالێکتەکان بپارێزرێ و کەسیان هەست بە نامۆیی**

---

حەسەنپوور(٢٠١٠)، پێشکەوتووبوونی سۆرانی و دواکەوتووبوونی کورمانجی یەکێك لە ئەفسانەکانی شۆفینیسمی سۆرانییە، سازدانی ناسر منبەر، گ. مەتین، ژ. (١٩٠)، ٢٠١٠.

[١] – بڕوانە:أ- حەسەنی قازی، کورمانج لە کۆنفڕاسی زمانی ڕەسمی دا سەرکەوتن. سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.kulturname.com. ب - حەسەنی قازی، زۆربەی زمانە زیندووەکان فرە ستاندارد و فرە ناوەندن، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.ruwange.blogspot.com. ج - حەسەنی قازی، هەلاواردن و پەراوێزکردنی شێوازەکانی کوردی، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.ruwamge.blogspot.com. د - حەسەنی قازی، سێ تێچن و دوو وەلام، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.ruwange.blogspot.com . هـ - حەسەنی قازی، زەلەی (ئەکادیمی)، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.ruwange.blogspot.com.

[٢] - بڕوانە:أ- جەعفەری شێخولئیسلامی، کوردی زاراوەیە یان زمان؟ سازدانی هێدی، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.carleton.ca/jsheyhol . www.ruwange.blogspot.com. ب - جەعفەری شێخولئیسلامی، زمانی کوردی و سیاسەتی زمانی لە ئێران، وتارەکانی کۆنفڕاسی زمانی لە زانکۆی کالیفۆرنیا - لوس ئەنجلوس، هەینی (٥)ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠، سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:- www.ruwange.blogspot.com.

[٣] - بڕوانە: أ - عەبدولوەهاب خالید مووسا(د)(٢٠٠٩)، پرسا زمانی فەرمی د هەرێما کوردستانێدا، وەلام نامە بۆ ئەکادیمیای کوردی، دەسنووس، ٢٠٠٩/٩/١١، دهۆك. ب - عەبدولوەهاب خالید(د)(٢٠٠٨)، ئێمە لەبەرانبەر کۆمەڵێك هەڵچوونی دەروونی و کۆمەلایەتی حەز دەکەین دیالێکت ببێتە زمانی ستاندارد، ڕ. چاودێر، ژ (١٣٠)، دووشەممە ٢٠٠٨/٨/٢٥، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ل ٧.

[٤] - موئەید تەیب(٢٠٠٨)، کورد و پرسا زمانێ ستاندارد، دەسنووس، ئەکادیمیا کوردی، هەولێر، ل ٤٥ – ٥٠.

نەکات، وەك پرەنسیپی هاوبەش. (د.جەمال نەبەز)[1]، لە سەرووی ئەمانەیە و باس لە جیاوازییە ڕێزمانییەکانی هەردوو دیالێکتەکە دەکات و پێشنیازی تێکەڵکردنی هەندێ باری ڕێزمانی هەردوو دیالێکتەکە دەکات و، لەم بارەشەوە لە کۆتایی کتێبەکەی خۆیدا (زمانی یەکگرتووی کوردی) چەند دەقێکی بەو زمانە پێشنیاز کراوە نووسیوە[2].

## ڕەهەندی چوارەم:

زمانی ستانداردی کوردی بە تێکەڵکردن و هەڵبژاردن و دیاریکردن دروست نابێت، بەڵکو بەخۆی دروست دەبێت، سەرمەشقی ئەم بۆچوونەش، (د.وریا عومەر ئەمین)ە، ئەو پێی وایە کە (زمانی ستاندارد دروست دەبێت، دروست ناکرێت)، بەجۆرێك د.وریا عومەر ئەمین پێی وایە لەم قۆناغەی ئێستا دیاردەیەکی ئاساییە بەهەردوو دیالێکتەکە بە هەردوو دیالێکتەکە بنووسرێ و بخوێندرێ، بەردەوامبوونیشی هیچ ترسی لەسەر نییە، بەڵکو مێژووی خۆی سەروبەری دەکات و یەکلایی دەکاتەوە. د.وریا دەڵێت زمان دیاردەیەکی ڕەمەکییە لەژێر ڕکێفی یاسا سروشتییەکاندا کاردەکات و هەڵدەسوڕێ... هەرگیز هیچ هێز و دەسەڵاتێك ناتوانی دەسکاریی بکات و دوارۆژەکەی

---

[1] - جەمال نەبەز(د)(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بامبێرگ، ئەڵمانیا.

[2] - قەیس کاکڵ(د)(٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی (ڕوانینێك)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ل ٥١ — ٥٢.

دەستنیشان بکات، هیچ ئەکادیمیاییێك و ناوەندێکی دەسەڵات ناتوانێ بڕیار لەسەر دەستنیشانکردن و هێنانە ئارای زمانی ستاندارد بدەن[1].

بە لای منەوە ڕەهەندی یەکەم لە هەموویان لەبارترە و لە ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە، چونکە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا حکومەتێك بە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق بوونی هەیە و حکومەتێکی فیدراڵییە لە نێو حکومەتی عێراقی فیدراڵیدا، لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە هەموو عێراقدا زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمی و ڕێگە پێدراوە، ئەم زمانەش سەرچاوەکەی بە پلەی یەکەم لە کرمانجی ناوەڕاست وەرگرتووە، بەهۆیەوە لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە سەرۆکایەتی هەرێم و لە پەرلەمانی کوردستاندا هەموو نووسراوەکان بە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست دەردەچن، هەروەها لە سایتی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەشی کوردییەکەی بە کرمانجی ناوەڕاستە، هەمدیسان پاسپۆرت بە کرمانجی ناوەڕاستە، قوتابخانە کوردییەکانی بەغدا و ناوچە کوردییەکان سەر بە پارێزگای دیالە هەموو بە کرمانجی ناوەڕاستن.

---

[1] - بڕوانە ئەم سەرچاوانە: أ ـ وریا عومەر ئەمین(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندارد دروست دەبێت، دروست ناکرێت، دەسنووس، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ل ١١ — ١٢. ب ـ وریا عومەر ئەمین(د)(٢٠٠٨)، ستاندارد دروست دەبێت دروست نابێت، ڕ. بارزان، ژ. (٥٩)، ٢٠٠٨/٣/١٦. ج ـ وریا عومەر ئەمین(د)(٢٠٠٨)، زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و کێشەکانی، چاوپێکەوتن، ڕ. چاودێر، ژ. (١٨٥)، ٢٠٠٨/٧/١٤. د ـ وریا عومەر ئەمین(د)(٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

کەواتە وەکو دەردەکەوێت لە کوردستانی عێراق کرمانجی ناوەڕاست بە تەنها ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، بەو واتایەی زۆربەی قۆناغەکانی ستانداردکردنی تێپەڕاندووە، بەجۆرێك قۆناغی هەڵبژاردە و قۆناغی بە سیستمەکردن و قۆناغی فراوانکردنی لە ئەرکدا بەجێ گەیاندووە، بە ڕاستەوخۆ قۆناغی پەسندکردنی کۆمەڵگای ماوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم قۆناغەشی تێپەڕاندووە، چونکە زۆرینەی کوردی ئەم هەرێمە لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستن، واتە لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە نووسراوی فەرمی ئەوەی دەرنەخستووە، کە کامە شێوە شێوەی ستانداردی کوردییە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ و ناچاری دانی بە کرمانجی ناوەڕاست ناوە، وەك شێوەیەکی ستانداردی کوردی.

دەربارەی ڕەهەندەکانی تر، ئەوە ئەمڕۆ لە واقیعدا ڕەنگە جێگەی نەبێتەوە، چونکە لە کوردستانی تورکیا زۆرینەی کورد زمانی خۆیان لە بیر کردووە و، حکومەتی تورکیا تا ئێستا ڕێگەی نەداوە قوتابخانە بە زمانی کوردی بکرێتەوە، لە سوریاش ئەوە هەر زمانی کوردی قەدەغەیە و ڕێگەی پێنادرێت لە هیچ بوارێکدا بەکاربێت، هەمدیسان ئەو شێوەیەی کە کوردانی تورکیا قسەی پێدەکەن، شێوەزاری بۆتانییە، کە جیاوازە لەگەڵ شێوەزاری بادینانی، بەو واتایەی ئەگەر باسی جێبەجێکردنی تەوەری دووەمیش بکەین، ئەوە بادینانی ناتوانێ لە کوردستانی گەورە بەکاربێت، چونکە کوردانی تورکیا و سوریا شێوەزاری بۆتان بە پلەی یەکەم و بە پلەی دووەم (زازاکی) بەکاردێنن، کە ئەمەش زۆر جیاوازە لەگەڵ شێوەزاری بادینانی، بەو واتایەی

شێوەزاری بادینانی نەك بە تەنها لە کوردستانی عێراق و ئێران ناتوانێ ململانێی کرمانجی ناوەڕاست بکات، بەڵام لە کوردستانی تورکیا ناتوانێ ڕکابەری شێوەزاری بۆتانی بکات، هەمدیسان شێوەزاری بادینانی لە کوردستانی عێراق تا ئێستا شێوەیەکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو چەندین شێوەی جیا جیای هەیە، کە خۆشیان زۆرجار لە یەکتر ناگەن، بە نموونە (د.سەباح ڕەشید) زۆرجاران کە لە گفتوگۆی نامەکانی ماستەری زانکۆی دهۆك بەشداری دەکات بۆی گێڕامەوە، کە زۆر جاران وشەی وا دێتە پێش چاومان، واتاکەی نازانین، بۆیە پرسیار لە سەرپەرشتیارەکەی دەکەین، کەچی ئەویش دەڵێت من نایزانم، ئەوە هی شێوەزاری ئامێدییە یان زاخۆییە یا... هتد.

ئەگەر بێینە سەر خزمەتکردنی شێوەزارەکانیش، ئەوا دەبینین شێوەزاری سلێمانی سەر بە کرمانجی ناوەڕاست گەلێ پەرەی سەندووە و لە بواری فەرهەنگ و نووسیندا زۆر دەوڵەمەندە و چەند میرنشین و حکومەتێك لە ڕابردوو و ئێستادا بۆ کاروباری فەرمی بەکاریان هێناوە، کە ئەمە بەڵگەی باڵادەستی و زمانی باڵا دەگەیەنێت، کەچی شێوەزاری بۆتانی سەردەمانێك بەهۆی شاعیرانی وەك مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و ڕۆژنامەی کوردستان و بوارەکانی تری ئەدەبی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام دواتر کزبۆوە و ڕێچکەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو و ستانداردی بەردا، بۆیە ناکرێ تازە بە تازە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە، یاخود چاوەڕێ بکەین کەی تورکیا ماف دەدات بە کورد و دواتر کورد سەربەخۆیی وەردەگرێ و دواتر لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان یەکدەگرێتەوە، ئینجا بڵێین با لەگەڵ کرمانجی

ناوەڕاست هەردووکیان ببن بە ستاندارد، چونکە مەسەلەی ساغکردنەوەی ستانداردی کوردی تەنها دەبێ لە کوردستانی عێراقدا بڕیاری لەسەر بدرێت و وەکو وترا تاڕادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ساغبۆتەوە.

دەربارەی شێوەزاری بادینانی، ئەوە لە ئەزموونی نووسیندا زۆر هەژارە و بەرهەمی زۆر بە دەگمەن بەم شێوەزارە نووسراوە، چونکە ئەوانی پێشتر وەکو وتمان شێوەزاری بۆتانییە، نەك شێوەزاری بادینانی، بۆیە ناتوانێ بەهۆی ئەو هەوڵە ئەمڕۆ لە پەروەردەدا دەیکەن بتوانن سەرکەون و شوێن بە کرمانجی ناوەڕاست لەق بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە و دەبێ هەر ڕاست بکرێتەوە، تەنانەت مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی پارتی و براقی ڕزگاریخوازی کورد، ئەوکاتە ڕێگەی نەداوە دیالێکتچێتی سەرهەڵبدات و کرمانجی ناوەڕاستی بە زمانی فەرمی دامودەزگاکانی و پێشمەرگە و شۆڕش زانیوە و خۆیشی هەر بەو زمانە بەشێوەیەکی گشتی دواوە، تەنانەت نامە و بڕیارە سیاسییەکانی و چاوپێکەوتن و دیدارەکانی ئەگەر بە کوردی کردبێتی، ئەوە بە زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) بووە، ئەمە لە ڕاستیدا لایەنێکی زۆر گەورەی نیشتمانییە بۆ مستەفا بارزانی، کە ئەو پیاوە لەو سەردەمەدا لە بەهای کولتووریی و سیاسیی نووسین گەیشتووە[1].

لەهەمان کاتیشدا (مستەفا بارزانی) ئەو نامە و نووسراوانەی کە بەزمانی کوردی نووسیوە، ئەوە بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بووە، ئەمەش بەڵگەی ستانداردی ئەم دیالێکتە دەسەلمێنێ.

---

[1] - کامیار سابیر(٢٠١١)، ئەنسرۆپۆلۆجیای زمانی کوردیی، ل ٣٣.

لە سەردەمی ئەمڕۆکەماندا (مەسعوود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان و (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات قسەکردن و لێدوان و نووسینیان هەمووی بە کرمانجی ناوەڕاستە، دیارە ئەمانە هەمووی بەڵگەی زیندوون لەسەر باڵا دەستی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی.

ئەگەر بێینەوە سەر ڕەهەندی دووەم، کە باس لە جووتستاندارد و فرەستانداردی دەکات لە زمانی کوردیدا، دیارە ئەمە دەبێتە پارچەبوونی نەتەوەی کورد، بە نموونە بۆچوونەکانی (د.ئەمیری حەسەنپوور) و (جەعفەری شێخولئیسلام)، بە جۆرێ ئەمیری حەسەنپوور ڕەوایەتی بە هەموو دیالێکتەکانی کوردی دەدات و داوای بەرەو ستانداردبوون دەکات، بەو واتایەی کورد ببێ بە خاوەنی چوار ستاندارد، هەروەکو دەڵێت: ((ڕەسمیکردنی سۆرانی و کورمانجی کۆتایی بە نابەرابەری نێوان لەهجەکان ناهێنێ، لە کوردستانی عێراقدا، زۆربەی خەڵك بە سۆرانی و کرمانجی قسە دەکەن و ئاخێوەرانی لەهجەکانی دی دەبێ مافی زمانی وەك خوێندن و نووسین بە لەهجەی خۆیان هەبێ، لە کۆمەڵگەیەکی فرە لەهجەییدا ڕەسمیکردن، چ ئی یەك لەهجە بێ چ دوو لەهجە، دابەشکردنی نابەرابەرانەی دەسەڵاتی زمانیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییە و، لە بنچینەدا کارێکی نادیموکراتییە))[(١)] .

---

[١] - ئەمیری حەسەنپوور(د)، کوردی وەك زمانێکی جووتساندارد، بڕوانە:
www.kurdishacademy.org.

ئەمە لە ڕوانگەی زمانناسییەوە نابێ، چونکە دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانیدا نەك فرەدیالێکت، زیاتر لە زمانێك بکرێتە ستاندارد، وەك سویسرا، کەنەدا... هتد، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی تەنیا پێویستی بە تاکستانداردە نەوەك فرەستاندارد، چونکە وەکو لە قسەکانی (د.ئەمیری حەسەنپوور) دەردەکەوێ، پێویستە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆ بەدەست هێنانی مافی یەکسانی بۆ خوێندن و نووسین بەکاربێن، لە هەمان کاتیشدا بە ستاندارد بکرێ، ئەوە پێویستە هەموو دیالێکتەکانی تریش ئەو مافەیان بۆ بڕەخسێ وەك کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو، گۆران، بەم پێیە ئەوا تەنیا لە کوردستانی عێراق ئێمە دەبینە خاوەنی چوار ستاندارد!!

ئەم دیالێکتانە ئەگەر هەموو بکرێ بە ستاندارد، ئەوە گومانی تێدا نییە لەدوارۆژدا هەریەکەیان دەبنە زمانێکی سەربەخۆ، واتە دەبنە چوار زمانی جیاواز، دواجار میللەتەکەشمان دەبێتە چوار نەتەوە! کە ئەمەش زەنگێکی خەتەرناکە، بۆیە هەمیشە دەبێ ڕێگری لەم جۆرە کارانەدا بکرێت.

لەهەمان کاتیشدا خۆشبەختانە ئەم جۆرە بیرۆکانە تا ئێستا سەری نەگرتووە و لە دوارۆژیش ئومێد بەخوا سەرناگرێت.

پرسێکی تریش کە زۆرجار دەبێتە کۆسپ لەبەردەم زمانی ستانداردی کوردی، ئەوە ئەلفوبێیەکەیەتی، چونکە ئەمڕۆکە لە کوردستانی عێراق و ئێران، ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردەهێنرێ و، لە کوردستانی تورکیا و سوریا ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێ، پێش ئەوەی باسی ئەم پرسە بکەم، وا دەخوازێ بە کورتی باسی هەردوو ئەلفوبێیەکە بکەم.

دەربارەی ئەلفوبێی عەرەبی لە نێو کوردا، ئەوە ئەم ئەلفوبێیە لەلایەن خەلیل خەیالی (١٨٧٦ — ١٩٢٦) بناغەکەی بۆ دارێژراوە، چونکە ئەم کەسایەتییە لە ساڵی ١٩٠٩ کتێبێکی بە ناوی (ئەلفبای کرمانجی) نووسیوە، کتێبەکە (٢٧) لاپەڕەیە و هەموو باسی پیتەکانی زمانی کوردی و چۆنیەتی نووسین و درکاندنیان دەکات[1]، دواتر (تۆفیق وەهبی) توانی چەندین گۆڕانکاری بەسەر پیتەکاندا بهێنێت و لەگەڵ زمانی کوردی بیگونجێنێت[2]، بەجۆرێك ئەمڕۆ دەکرێ بەو ئەلفوبێیە بوترێت ئەلفوبێی کوردی نەوەك عەرەبی، چونکە چەندین پیت لە کوردیدا هەیە، کەچی لە عەرەبیدا نییە و بە پێچەوانەوە، واتە ئەم ئەلفوبێیە ئەگەرچی گەلی کورد وەك گەلەکانی تری موسلمان لە ئیسلام و عەرەب وەریانگرتووە، بەڵام توانییان مۆرکێکی کوردی بە بەریدا بپۆشن و بیکەن بە ئەلفوبێیەکی کوردی.

ئەلفوبێی لاتینی، کە دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە چاکەکەی بۆ (جەلادەت بەدرخان) دەگەڕێتەوە، چونکە تورکەکان کاتێ لە ساڵی ١٩٢٨ ڕایانگەیاند کە پیتی عەرەبی لابەرن و لە جیاتی پیتی لاتینی بەکاربێنن، ئیتر ئەم ڕووداوە وای لە (جەلادەت بەدرخان) کرد بیر لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بکات، دواتریش کە کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە ساڵی ١٩٣١ بڕیاریاندا ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردیدا بەکاربێنن، ئیتر جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٢ لە گۆڤاری هاوار لە دیمەشق ئەم ئەلفوبێیەی خستە

---

[1] - هۆگر تاهیر تۆفیق، هەمان سەرچاوە، ل ٢٢ — ٢٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ٥٤ — ٥٦.

بواری جێبەجێکردنەوە[1]، کە ئەمەش بووە دابڕانێکی گەورە لە کەلەپووری نووسینی پێشووتری کورد، چونکە هەمووی بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسرابوو.

ئەمڕۆکە لە کوردستانی عێراق ئێمە کێشەی ئەلفوبێمان نییە، چونکە یەك ئەلفوبێ بەکاردێنین، ئەویش ئەلفوبێی عەرەبییە، ئەگەرچی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردی زۆرجار پەنا دەبەنە بەر ئەلفوبێی لاتینی، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیوە شوێنی خۆی بکاتەوە، چونکە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار هەمووی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرێت.

گەر ئێمە بیر لە گۆڕینی ئەم ئەلفوبێیە بکەینەوە و پەنا بۆ ئەلفوبێی لاتینی بەرین، ئەوە تووشی گرفتی گەورە دەبین، چونکە بەکاربردنی ئەلفوبێی لاتینی دەبێتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی نووسین و فەرهەنگی کوردی، کە بە ئەلفوبێی عەرەبی بە دیالێکتەکانی سەروو و خواروو و گۆران نووسراوەتەوە، کە ئەمەش زەنگێکی ترسناکە، تۆ هێڵ بەسەر هەموو نووسینەکانی خۆتدا بهێنیت، واتە بەرهەمە شیعرییەکانی مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێ تەیران، نالی، سالم، مەلای پەرێشان، مەولەوی... هتد. یاخود ڕۆژنامە کوردییەکان وەك ڕۆژنامەی کوردستان، بانگی حەق، ڕۆژی کوردستان ئومێدی ئیستقلال...، گۆڤارەکانی (هەتاوی کورد، ڕۆژی کورد... هتد. هەموو کتێبە کوردییەکان... کە ڕەنگە ژمارەیان چەند ملیۆن کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بێت، کە ئەمەش زۆر زەحمەتە، تەنانەت لە ڕوانگە ئابوورییەوە، کە پێویستی بە داهاتێکی یەکجار زۆر و خەیاڵی هەیە بۆ

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦ – ٧٨.

وەرگێڕان و گۆڕینی ئەم بەرهەمانە و، لە هەمان کاتیشدا ئەو هەموو کادیرە چۆن دابین دەکەی، بەهەرحاڵ وەکو کورد گۆتەنی (گەر سەرت ناهێشێ پەڕۆکی تێ مەئاڵێنە))، واتە ئەم ئەلفوبێیە لە هەموویان باشتر و بێ کێشە ترە، تەنانەت ئەو کەموکوڕییەی ئەمڕۆکە لە ئەلفوبێیەکەمان هەیە، لە چاو میللەتانی تر هەر حسێب ناکرێت، چونکە گرنگترین خاسییەتی ئەم ئەلفوبێیە ئەوەیە کە چۆن دەخوێنییەوە، ئاوهاش دەینووسیت، کە ئەمەش زۆر بە دەگمەن لە ئەلفوبێیەکانی تر دەبینرێن، بە تایبەتی ئینگلیزی کە خوێندنەوە و نووسین زۆر جیاوازە.

# ئەنجام

١ـ زمانی کوردی تەنها لە کوردستانی عێراق وەك زمانێکی فەرمی دانی پێنراوە. لە دوای دەستووری ساڵی ١٩٢٥ لە یاسای زمانە ناوچەییەکانی ساڵی ١٩٣١دا، ئەم زمانە مۆرکێکی یاسایی و دەستووریی وەرگرت. زمانی کوردی لە هەموو دەستوورەکاندا وەك زمانێکی فەرمی دانی پێنراوە، کەچی لە پارچەکانی تری کوردستاندا، زمانی کوردی تاڕادەیەك زمانێکی قەدەغەکراوە.

٢ـ لە میرنشینەکانی بابان و سۆران و لە حکومەتەکانی باشووری کوردستان و کۆماری کوردستان، کرمانجی ناوەڕاست زمانی فەرمی بووە، لە سەردەمی هەر شەش کابینەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زمانی وەزارەتەکانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان بووە و تا ئێستا بەردەوامە.

٣ـ بەرهەمە شیعرییەکانی مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و نووسینەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و نووسینەکانی دواتریش هەمووی

بە شێوەزاری بۆتانی نەوەك بادینانی نووسراون، واتە شێوەزاری بۆتانی لە سەردەمی میرنشینی بۆتان و لە کوردستانی تورکیا لە ماوەیەکی دیاریکراو و سنووڕێکی تەسکدا بەکارهاتووە، بەڵام شێوەزاری بادینانی تەنها لە دوای ڕاپەڕین بەتایبەتی لەسەردەمی دوو ئیداریی لە دوای ساڵی ١٩٩٨ تەنها لە پارێزگای دهۆك بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت.

٣ـ لە کۆمەڵگای تاکزمانیدا تەنها یەك زمان دەبێتە زمانی ستاندارد، بەڵام لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا دەشێ زمانێك یان زیاتر ببێتە زمانی ستانداردی وڵات.

٤ـ وڵاتی نەرویج دوو زمانی ستانداردی هەیە، نەك دوو دیالێکتی ستاندارد، چونکە (بۆکمۆل) لە بنەڕەتدا زمانی دانیمارکییە و، (نینۆڕشك) سەر بە نەرویجییە، واتە نەرویج دوو زمانی ستانداردی هەیە، نەك دوو دیالێکتی ستاندارد، کەواتە ناکرێت کورد دوو دیالێکتی ستانداردی هەبێ، چونکە ئەمە زۆر ئەستەمە و نازانستییە.

٥ـ لە دەستووری زۆربەی وڵاتان زمانی ستاندارد و شێوازی کارکردنی و سیاسەتی زمانی خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئینگلیزی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەبێ ئەوەی لە دەستووری وڵاتەکە بە زمانی ستاندارد بناسرێت، کەچی هەژموونی زمانەکە خۆی سەپاندووە و لە واقیعدا بۆتە زمانی ستانداردی وڵات.

٦ـ زمانی ستاندارد بە دوو ڕێگەی سەرەکی دروست دەبێت: بێپلان، بە پلان، خێراترین ڕێگە، ڕێگەی بێپلانە، کە هۆکاری سیاسی و ئایینی ڕۆڵی

سەرەکی دەبینێ لە سەپاندنی شێوەزارێك بەسەر شێوەزارەکانی تر، یان سەپاندنی زمانێك بەسەر زمانەکانی تر.

٧ـ ڕێگەی بە پلان بە (٥) قۆناغ دروست دەبێت: قۆناغی هەڵبژاردن، قۆناغی بەسیستەمکردن، قۆناغی فراوانکردن، قۆناغی پەسندکردن، قۆناغی پاراستن.

٨ ـ چەند شێواز و نەخشەیەکی جۆراوجۆر هەن لە بارەی قۆناغەکانی ستانداردکردنی زمان، بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە باشترینیان شێوازەکەی ئینار هۆگنی نەرویجییە.

٩ـ کرمانجی ناوەڕاست هەموو قۆناغەکانی ستانداردی بڕیوە، تەنیا پێویستی بە بڕیاری سیاسی هەیە .

# پێشنیاز

١ـ پێویستە شێوەزاری بادینانی لە پارێزگای دهۆك لە نێو كتێبی زمانی كوردی بخوێندرێت و تەنها لە قۆناغی سەرەتایش بخوێندرێت، نەوەك ئەمڕۆكە هەموو كتێبەكانی خوێندن تاكو قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی بەم شێوەزارە نووسراوە و دەخوێندرێت، چونكە ئەمە هەڕەشەیە لەسەر زمانی ستانداردی كوردی.

٢ـ ئەگەر ئەم خاڵە جێبەجێ نەكرا، ئەوە دەشێ لە قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی پرۆسەكە ڕابگیرێت، تاكو قۆناغەكانی تری خوێندن بە یەك شێوە بێت.

٣ـ پێویستە ئەكادیمیای كوردی (یاسای زمان) دەربكات، كە ئەمە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هەڕەشەكانی ناوەوە و دەرەوە بۆ سەر زمانەكەمان، یاخود ڕێگری دەكات لەو سەرپێچییانەی ئەمڕۆكە لە هەرێمی كوردستان دەكرێت، بە جۆرێك ڕێگا نادات قونسلییەی وڵاتان یاخود كۆمپانیای وڵاتان

یاخود چێشتخانە و هۆتێل و مۆڵ بە زمانی بێگانە بنووسرێت، بەڵکو ئەم یاسایە وا دەکات زمانی کوردی لە هەموو ئەو شوێنانە بەکاربێت.

٤- دەبێ ئەنجوومەنی زانستیی زمانی کوردی دابمەزرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی زمانەکەمان، چونکە لە وڵاتان جگە لە کۆڕی زانیاری یان ئەکادیمیای زانیاری، کۆڕی زانستی زمانی وڵاتەکەش هەیە، کە زیاتر بۆ بەرەوپێشچوونی زمانەکە بەکاردێت.

٥- ئەکادیمیای کوردی کاراتر بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا لە هەڵە بەکارهێنانی زمانی کوردی بگرێت، بە تایبەتی ئەو هەڵانەی لە بواری نووسینی کتێبی پرۆگرامی خوێندنی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەکرێت.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**١ـ کتێب و وتار و نامەی زانکۆیی**

**١ـ ئاراس فەریق زەینەڵ(٢٠١٠)**، مێژووی ئەمەریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

**٢ـ ئازاد عوبێد(٢٠٠٧)**، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**٣ـ ئاسۆ بیارەیی(٢٠٠٨)**، کەیسەکانی زمانی یەکگرتوو ـ دید و بۆچوون، سوید، کتێبی ئەلیکترۆنی.

**٤ـ ئەحمەدی خانی(٢٠٠٨)**، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**٥- ئەلیکساندەر خۆدزکۆ(٢٠٠٥)**، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی - دیالێکتی سلێمانی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

**٦- ئەمجەد شاکەلی (٢٠١١)**، زمانی کوردی - ناسنامە و نیشتمانی کوردە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

**٧- ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید(٢٠٠٩)**، ناسیۆنالیزمی ئێران (١٩٠٦ — ١٩٤١)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین.

**٨- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(د)(٢٠٠٧)**، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردیی بەغدا ١٩٧٠ - ١٩٧٤ قۆناغێکی نوێ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

**٩- ــــــــــــــــــــ (٢٠١١)**، ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەب دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

**١٠- ئەمیری حەسەنپوور(د)(٢٠١٠)**، شۆفینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکەی، بەشی یەك: سەرەتاکان، هەفتانامەی فەرهەنگ، ژ (٢٢)، چوارشەممە ٣ی مارسی ٢٠١٠.

١١- ــــــــــــــــ(٢٠١٠)، پێشکەوتووبوونی سۆرانی و دواکەوتووبوونی کورمانجی یەکێك لە ئەفسانەکانی شۆفینیسمی سۆرانییە، سازدانی ناسر منبەر، گ. مەتین، ژ. (١٩٠)، ٢٠١٠.

**١٢- ئیحسان شێرزاد(١٩٧٣)،** دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا.

١٣- **ئیسماعیل ئیبراهیم بادی(١٩٨٩)،** جەلادەت بەدرخان، گ. (دەنگێ مە)، ژ (٤)، دهۆك.

**١٤- بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین(٢٠٠٧)،** زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

**١٥- بیار مصطفی سیف الدین(٢٠٠٩)،** کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا ـ تورکیا، و: سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

١٦- بانگەوازی ستاندەرایزی زمانی کوردی، ڕ. **هاوڵاتی**، ژ (٤١٥)، یەکشەممە ٢٠٠٨./٤/٢٠

**١٧- بدرخان سندی(د)(١٩٩٤)،** میللینی یا گۆڤارا هاوار، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٣٣).

**١٨- بەدرەدین ساڵح(٢٠٠٠)،** بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران، مێزگرد، گ. ڕامان، ژ (٥١)، (٥)ی ئەیلوولی ٢٠٠٠.

**١٩- پەیمان محمد سلیم(٢٠١٠)،** پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

**٢٠- تۆفیق وەهبی(١٩٧٣)،** ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا.

**٢١ـ جەلال تالەبانی (٢٠١١)**، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی ح. أ، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی .

**٢٢ـ جەمال نەبەز(١٩٧٦)**، زمانی یەکگرتووی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

٢٣ـ ـــــــــــــ **(١٩٨٥)**، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ عەلی، ستۆکهۆڵم.

٢٤ـ **چنار سەعد عەبدوڵلا(٢٠١٠)**، پەروەردە و نەتەوایەتی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**٢٥ـ حەسەن ئەحمەد مستەفا(٢٠٠٩)**، گرفتە بنچینەییەکانی تورکیا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٢٦ـ حوسێن حوزنی موکریانی(١٩٣٥)**، مێژووی میرانی سۆران، ڕواندز .

**٢٧ـ خەلات مووسا یووسف(٢٠٠٦)**، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرا ڕزگاریخوازا کوردی دا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**٢٨ـ دیوانا مەلایێ جزیری(٢٠٠٠)**، بەرهەڤکردن و ڤەوژارتنا تەحسین ابراهیم دۆسکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆك.

**٢٩ـ دیوانی نالی(١٩٧٦)**، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

**٣٠ـ دیوانی مەولەوی(١٣٧٨)(١٩٩٩)**، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرس، انتشارات کردستان.

**٣١ـ دێرك كینان(٢٠٠٧)**، كورد و كوردستان لە نێو بەرداشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چاپی سێیەم، هەولێر.
**٣٢ـ دێڤید ماكدال(٢٠٠٢)**، مێژووی هاوچەرخی كورد، و: ئەبوبەكر خۆشناو، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
**٣٣ـ ڕەسووڵ سوڵتانی(٢٠١١)**، زمانی زگماك لە ئێراندا، ڕ. هەولێر، ژ (٩٨٩)، ٢٠١١./٣/٩
**٣٤ـ ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)**، بەستانداردكردنی زمانی كوردی و ئەلفوبێی كوردی، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری ئایندە، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
**٣٥ـ ڕەفیق شوانی(د)(٢٠١٠)**، چەند بابەتێكی زمان و ڕێزمانی كوردی، دەزگای چاپ و پەخشی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
**٣٦ ـ ڕەوشت محەمەد(٢٠٠٨)**، ئەلفبێی لاتینی ـ زمانی ستاندارد ـ ئاسۆی گەشەكردنی زمانی كوردی لە ڕوانگەی گۆڕانە مێژوویی و زانستییەكاندا، بەرگی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٢٠١ — ٢١٤.
**٣٧ـ ڕێبین محەمەد سۆفی(٢٠٠٧)**، مافەكانی گەلی كورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە ـ كۆلێجی یاسا.
**٣٨ـ ڕەهبەر مەحموود زادە(٢٠١٠)**، جووتستانداردبوون بۆ زمانی پێوەر، دۆخی تێپەڕینە نەك مانەوە، بەشی یەكەم، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ. (٤٣)، ئابی ٢٠١٠، ل ١٣ — ٢٦.

٣٩ـ ـــــــــــــــــ **(٢٠١٠)**، جووتستانداردبوون بۆ زمانی پێوەر، دۆخی تێپەڕینە نەك مانەوە، بەشی یەکەم، **هەفتەنامەی فەرهەنگ**، بەشی دووەم و کۆتایی، **هەفتەنامەی فەرهەنگ**، ژ. (٥٨)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠.

**٤٠ـ زوبێر بیلال اسماعیل(١٩٨٤)**، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، بەغدا.

**٤١ـ سەردار عەزیز خۆشناو(١٩٩٨)**، **هەرێمی کوردستان بڕیاری فیدڕاڵی و نەبوونی دەستوور**، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، **هەولێر**.

**٤٢ـ سەعد بەشیر ئەسکەندەر(د)(٢٠٠٤)**، سەرهەڵدان و ڕووخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و: جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

٤٣ـ **سەلام ناوخۆش (٢٠٠٤)**، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی .

**٤٤ـ ـــــــــــــــــ (٢٠١٠)**، ستانداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، **هەولێر** .

**٤٥ـ ـــــــــــــــــ (٢٠١٠)**، زمانی کوردی لە ناو دەستووری عێراق ـ پڕۆژەیەك بۆ پەرلەمانتارە نوێیەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گ. زمانناسی، ژ (٨)، شوباتی ٢٠١٠.

**٤٦ـ ـــــــــــــــــ (٢٠١١)**، دانانی ئامێری وەرگێڕی زیندی لە پەرلەمانی عێراقدا نە پڕۆژەی لیستی کوردستانییە و نە لیستی گۆڕان بەڵکو پڕۆژەی ڕێکخراوی زمانناسی کوردییە، گ. زمانناسی، ژ (١١)ی ٢٠١١.

**٤٧- ـــــــــــــ (٢٠١١)**، یاسای زمانە ناوچەییەکان - یەکەم هەوڵی حکومەتی عێراقی بۆ دابەشکردنی کوردی باشوور بۆ دوو نەوە، گ. ڕامان، ژ (١٦٨)، ٥/٥/٢٠١١.

**٤٨- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)**، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

**٤٩- ـــــــــــــ (٢٠١١)**، زمانەوانی، بەرگی هەشتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٥٠- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا(٢٠١٠)**، کۆردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**٥١- سەلیم ڕەشید ساڵح(د)(٢٠١١)**، پرۆژەی زمانی یەکگرتوو و پەروەردەیی کوردی، گ. زانکۆ، زانکۆی کۆیە، ژ (١٩)، ٢٠١١.

**٥٢- سوداد ڕەسووڵ(٢٠١٠)**، جووت ستانداردەکەی ئەمیری حەسەنپوور و ئەفسانەکەی، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ (٤١)، تەمموزی ٢٠١٠.

**٥٣- ـــــــــــــ (٢٠١٢)**، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢.

**٥٤- شەفیق حاجی خدر(٢٠٠٥)**، ماددەی (٥٨)، ڕ. کوردستانی نوێ، ئۆرگانی (ی. ن. ک)، ژ (٣٦٩٩)، ١٦/٦/٢٠٠٥.

**٥٥- شێرکۆ بابان(د)(٢٠٠٨)**، زمانی یەکگرتووی کوردی بە (تێگەیشتنی هاوبەش) پەیدا دەبێت، دواتر شێوەزارێك دەکرێت بە تەوەر و بە

شێوەزارەکانی تر خزمەت دەکرێت، سازدانی چاوپێکەوتن: نەریمان خۆشناو، ڕ. (بارزان)، ژ (٩٢)، یەکشەممە ٢٠٠٨/١١/١٦.

٥٦ـ **شوکروڵلا بابان (٢٠٠٤)**، مێژووی کورد و کوردستان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

٥٧ـ **طارق جامباز(٢٠٠٣)**، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری کەنەدا و سویسرا و بەلجیکادا، گ. پارێزەر، ژ (٥ – ٦).

٥٨ـ **ـــــــــ (٢٠٠٥)**، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری ویلایەتە فیدڕاڵییەکاندا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی.

٥٩ـ **ـــــــــ (٢٠٠٧)**، یاسای بنەڕەتی کاتالۆنیا ٢٠٠٦، و: محمد کاکەیی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٦٠ـ **ـــــــــ (٢٠٠٧)**، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا، و: مەجید ئاسنگەر، لە بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٦١ـ **ـــــــــ (٢٠١١)**، مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان ـ خوێندن بە زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی کوردستاندا، گ. K21، ژ. (١٠ – ١١)، ٢٠١١/٤/٢٢ .

٦٢ـ **طاهر صادق(١٩٦٩)**، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک.

٦٣ـ **عبدالرحمن قاسملو(١٩٧٣)**، کوردستان و کورد، و: عبداللە حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا.

**٦٤- عرفان مستەفا حەمەڕەحیم(٢٠٠٩)**، کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

**٦٥- عەبدوڵڵا حەداد(د)(٢٠٠٠)**، نالی لە دەرەوەی کوردستاندا ١٨٤٨ — ١٩٧٣، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر .

**٦٦- عەبدوڵڵا عەلیاوەیی(د)(٢٠٠٤)**، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، هەولێر.

**٦٧- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠٠٩)**، ئەتڵەسی زمانی - هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین.

**٦٨- عەبدولواحد ئەلوافی(د)(٢٠٠٧)**، زانستی زمان، و: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم(د)، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**٦٩- عەبدولوەهاب خالید(د)(٢٠٠٨)**، ئێمە لەبەرانبەر کۆمەڵێك هەڵچوونی دەروونی و کۆمەڵایەتی حەز دەکەین دیالێکت ببێتە زمانی ستاندارد، ڕ. چاودێر، ژ (١٣٠)، دووشەممە ٢٠٠٨/٨/٢٥، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

**٧٠- عەلی مەحموود جوکل(د)(٢٠١١)**، چەمکەکانی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، گ. ڕامان، ژ (١٧١)، ٢٠١١./٨/٥

**٧١- عەلی کەندی(٢٠٠٧)**، مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

٧٢ـ ـــــــــ (٢٠٠٨)، ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٧٣ـ **عەلائەدین سەجادی (١٩٥٩)**، شۆڕشەکانی کورد، چاپخانەی مەعارف، بەغدا .

٧٤ـ **عوسمان دەشتی(د)(٢٠١١)**، لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم)دا (تێکست و لێکۆڵینەوە)، گ. ئەکادیمی، ژ (١٧) .

٧٥ـ **عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل(٢٠٠٩)**، کورد لە سوریا ١٩٢٠ ـ ١٩٤٦، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٧٦ـ **عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)**، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا.

٧٧ـ ـــــــــــــــــــ (٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٧٨ـ **غازی عەلی خورشید(٢٠٠٦)**، پرۆژەی ستانداردکردنی زمانی کوردی، گ. ئەکادیمی، ژ (٤)، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

٧٩ـ ـــــــــــــــ(٢٠١١)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩ .

٨٠ـ ـــــــــــــ (٢٠١١)، زمانی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

٨١ـ **فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا(٢٠٠٨)**، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق ـ ١١ی مارتی ١٩٧٠ — ١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٨٢ـ **فەرهاد شاکەلی(٢٠٠٩)**، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٨٣ـ **فوئاد حەمە خورشید(١٩٨٥)**، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیه)، بەغدا.
٨٤ـ ــــــــــــــــ **(٢٠٠٨)**، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی ـ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٨٥ـ **قادر فەتاح ئەحمەد(٢٠١٠)**، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی ـ کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین.
٨٦ـ **قازی محمد**، جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان، کۆکردنەوەی سید محمد حمیدی، ڕ. کوردستان، ژ (١١)، ساڵی یەکەم، چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان ١٣٢٤ بەرانبەر (٦) فیوریە ١٩٤٦ .
٨٧ـ **قەیس کاکل تۆفیق(د)(٢٠٠٧)**، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٨٨ـ **کامل حسن بصیر(د)(١٩٨٤)**، زمانی نەتەوایەتیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

**٨٩ـ کامەران محەمەد حاجی(٢٠٠٧)**، کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠ — ١٩٠٠، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**٩٠ـ کامیار سابیر(٢٠٠٩)**، لینگوا فرانکای کوردیی — زمانی ستاندەرد و فەرمی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

**٩١ـ ـــــــــــ (٢٠١١)**، ئەنسرۆ پۆلۆجیای زمانی کوردیی - پرۆسێسی ستاندەربوونی، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی.

**٩٢ ـ کامیار سابیر و هەندرێن(٢٠٠٩)**، کورد پێویستی بە یەك زمانی نووسینی نیشتمانی هەیە، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**٩٣ـ کەریم ئەحمەد محەمەد داودی(٢٠١٠)**، کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**٩٤ـ ـــــــــــــــــ (٢٠١٠)**، کورتە ئینسکلۆپیدیای جوگرافیای وڵاتانی جیهان، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**٩٥ـ کەریم بەحری برادۆست(٢٠٠٦)**، چەند وێستگەیەك لە نووسینەوەی دەستووری فیدڕاڵی بۆ عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر.

**٩٦ـ کەریم شارەزا(١٩٨٤)**، نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی (الادیب البغدادی)، بەغدا.

**٩٧ـ کەریم یەڵدز(٢٠٠٩)**، کورد لە سوریا، و: شاهۆ قادر خانزاد، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**٩٨ـ کەمال فوئاد(د)(١٩٧١)**، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا.

**٩٩- کەمال مەزهەر(د)(١٩٧٣)،** پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دووهەمیدا، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا.

١٠٠- ـــــــــــــ **(١٩٧٨)،** تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

**١٠١- کەمال میراودەلی(د)(٢٠٠٧)،** فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

**١٠٢- کەیوان ئازاد ئەنوەر(د)(٢٠٠٩)،** چەردەیەك لە مێژووی کورد، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**١٠٣- کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان،** ڕ. کوردستان، ژ (١)، پێنج شەممە ٢٠/١٠/١٣٢٤ بەرانبەر (١١)ی ژانویە ١٩٤٦ .

**١٠٤- کۆمەڵێك نووسەر(٢٠١٠)،** دەربارەی ئەمەریکا - دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەرنج و ڕاڤەکاری، و: حەسەن حوسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

**١٠٥- کۆنگرەی دووەمی مامۆستا و وێژەوانانی کورد لە شەقڵاوە،** گ. هەتاو، ژ (١٨٥)، ساڵی حەوتەم، پێنج شەممە (١٥)ی ئەیلوولی ١٩٦٠.

**١٠٦- گەراس ئاڕ. ڤی. ستانسفیلد (٢٠١٠)،** کوردستانی عێراق - پەرەسەندنی سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراسی، و: د.یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

**١٠٧ـ م.ئە.حەسرەتیان(٢٠٠٧)**، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، و: د.دلێر ئەحمەد حەمەد، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

**١٠٨ـ م. ر. هاوار(١٩٩٠)**، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، بلاك ڕۆز، لەندەن ـ بەریتانیا .

**١٠٩ـ ـــــــــــ (١٩٩١)**، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، بلاك ڕۆز، لەندەن ـ بەریتانیا .

**١١٠ـ مارف خەزنەدار(د)(٢٠٠١)**، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم ـ لە سەرەتاوە تا سەدەی چوارەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**١١١ـ ـــــــــــ (٢٠٠٢)**، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم ـ سەدەکانی چوارەم ـ هەژدەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**١١٢ـ ـــــــــــ (٢٠٠٣)**، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم ـ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ١٨٠١ ـ ١٨٥٠، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**١١٣ـ ـــــــــــ (٢٠٠٥)**، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم ـ نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم ١٩١٤ـ ١٩٤٥، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

۱۱٤ـ ــــــــــــ (۲۰۰٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ـ ۱۹٤٥ ـ ۱۹۷٥، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

۱۱٥ـ ــــــــــــ (۲۰۰٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم ۱۹٤٥ — ۱۹۷۰، دەزگای ئاراس، هەولێر.

۱۱٦ـ **مسعود بارزانی(۲۰۰٤)**، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ۱۹٦۱ — ۱۹۷۱، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

۱۱۷ـ **محمدی خاڵ (۱۳٦۷) (۱۹۸۸)**، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، کتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول.

۱۱۸ـ **محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور(د)(۲۰۰٤)**، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا (۱۹۲۱ـ ۱۹٥۳)، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

۱۱۹ـ **محمد معروف فتاح(۱۹۸٥)**، هێماکاری و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ (۲۸)، هەولێر.

۱۲۰ـ ــــــــــــ (۱۹۸٦)، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (۱۱۲) .

۱۲۱ـ ــــــــــــ (۱۹۹۰)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمە)، بەغدا.

۱۲۲ـ ــــــــــــ (۱۹۹٦)، زمانی نەتەوایەتی ـ چەند سەرنجێك، گ.مەتین، ژ(٥۳)، دهۆك.

**١٢٣ـ محەمەد ئەمین زەکی(٢٠٠٤)**، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ب ١ـ ٢، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی.

**١٢٤ـ محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١)**، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد، چاپی یەکەم، بەغدا.

**١٢٥ـ محەمەد مەردۆخی(١٩٩١)**، مێژووی کورد و کوردستان، و: عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا.

**١٢٦ـ ـــــــــــــ (٢٠١١)**، مێژووی کورد و کوردستان، و: زانەر محەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر .

**١٢٧ـ محەمەد محەمەد یونس عەلی(٢٠١٠)**، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**١٢٨ـ محەمەد مەحوی(د)(٢٠٠١)**، زمان و زانستی زمان ـ سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

**١٢٩ـ ـــــــــــــ (٢٠٠٥)**، زمانی باڵا– ئەگەر و بنەماکانی، کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان ١٥ـ ١٧/٥/٢٠٠٥،گۆڤاری ژمارە(١)، هەولێر، ل٣١ـ٤٨.

**١٣٠ـ ـــــــــــــ (٢٠١١)**، بەستانداردکردنی زمانی کوردیی، گ. کۆڕ، ژ. (٤)، ل ٦ – ١٨.

**١٣١ـ ـــــــــــــ (٢٠١١)**، ستانداردکردنی زمانی کوردیی کاری هەندێك دەزگای حیزبیی نییە کە بە ناوی ئەکادیمییەوە دروستیانکردووە، سازدانی

چاوپێکەوتن: سەروەر محەمەد، ڕ. ڕۆژنامە، ژ (٦٤٣)، سێشەممە ٢٠١١/٧/١٩. پاشکۆی پەیك.

**١٣٢ـ مەحموود مەلا عززەت (٢٠٠٦)،** حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

**١٣٣ـ موحسین جوامێر(٢٠٠٨):** زمانی مەلا مستەفای بارزانی، زمانی یەکگرتووی کوردی بووە، ڕ. ئاسۆ، ژ (٧٢٧)، ٢٦/٥/٢٠٠٨.

**١٣٤ـ ـــــــــــــ(٢٠٠٨)،** هەڤپەیڤینی زمانەوانی، ڕ.ڕۆژنامە، ژ.(٢٥٤)، یەکشەممە ٦/٧/٢٠٠٨.

**١٣٥ـ میر شەرەفخانی بدلیسی(٢٠٠٦)،** شەرەفنامە ـ مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**١٣٦ـ نەریمان خۆشناو(٢٠٠٧)،** کورد و زمانی ستاندەر، ڕ. نوێ، ژ. (٤٧)، چوارشەممە ١/٨/٢٠٠٧.

**١٣٧ـ ـــــــــــــ(٢٠٠٨)،** ئایا کورد زمانی یەکگرتووی هەیە؟، ڕ. زانکۆ پرێس، ژ. (٢)، سێشەممە ٢٠٠٨/٤/١٥.

**١٣٨ـ ـــــــــــــ (٢٠١٠)،** ڕێزمانی کوردی ـ بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر .

**١٣٩ـ ـــــــــــــ (٢٠١١)،** لەتکردنی زمانی کوردی بۆ جووت ستاندارد لە هەرێمی کوردستان بەرنامە داڕێژراو بوو، گ. لڤین، ژ (١٦٨)، (٢٠)ی تەمموزی ٢٠١١ .

١٤٠ـ ـــــــــــ **(٢٠١١)، هەژموون و دەسەڵاتی کرمانجی ناوەڕاست خۆی** سەپاندووە و ستانداردبوونی خۆی ڕاگەیاندووە، سازدانی چاوپێکەوتن هەرێم عوسمان، ڕ. ئاسۆ، ژ. (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٨/٩، پاشکۆی ئەدەب، ژ (١٨) .

١٤١ـ ـــــــــــــــ **( ٢٠١١)**، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاوپێکەوتن لەسەر کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، ڕ. داهێنان، ژ (٢١٧)، دووشەممە ٢٠١١./١٢/١٩

١٤٢ـ ــــــــــــــــ **(٢٠١٢)**، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو: کورد بەکردار هەوڵی بەدەوڵەت بوون و یەکپارچەیی نەداوە و پرۆگرامی خوێندنیش لە خزمەتی ئەو پرسەدا نەبووە، ڕ. هاوڵاتی، بەشی یەکەم، ژ (٨٠١)، چوارشەممە ٢٠١٢/١/١٨. بەشی دووەم، ژ. (٨٠٢)، یەك شەممە ٢٠١٢./١/٢٢

١٤٣ـ **نەوشێروان مستەفا ئەمین(١٩٩٩)**، کوردستانی عێراق ـ سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت ١٩٢٨ — ١٩٣١، سلێمانی.

١٤٤ـ ــــــــــــــــــــ **(٢٠٠٧)**، حکومەتی کوردستان، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی .

١٤٥ـ **نوری تاڵەبانی(د)(٢٠٠٦)**، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی، بەشی یەکەم، ڕ. ئاوێنە، ژ (١٥)، ڕۆژی ٢٠٠٦./٤/١٨

١٤٦ـ **هادی ڕەشید بەهمەنی(٢٠٠١)**، پەیامی هەورامان، چاپخانەی ژین، هەولێر.

**١٤٧ـ هاوکار جەعفەر حوسێن(٢٠١٠)،** یاسای زمانە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٩٣٠، گ. ڕۆشبیری کوردستان، ژ (٥)، ئایاری ٢٠٠١.

**١٤٨ـ هەژار١٣٦٩ (١٩٩٠)،** بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هەژار، سنە.

